# ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی
# و چەندپرسێک

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

٢٠٢٥

## ناسنامەی کتێب

-------------------------------

**ناوی کتێب:** ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و چەند پرسێک

**ژانر:** فیکریی

**نووسین:** عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

**تایپ و هەڵەچن:** عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

**بەرگ و ناوەڕۆک:** عیسا عوسمان

**نۆبەی چاپ:** یەکەم

**تیراژ:** ٣٠٠ دانە

**ساڵی چاپ:** ٢٠٢٥

-------------------------------

مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) پارێزراوە.

ئەم کتێبەم پێشکەشە بە هەموو ئەو نووسەرانەی کە بەردەوام لە خەمی چینایەتی کرێکاراندان و لەسەنگەری خەباتی ڕەوای کرێکارانەوە دژ بە سیستەمی سەرمایەداری دەجەنگن و وشە دەکەنە مەشخەڵی ڕێگای ڕزگاری یەکجارەکی ئینسانییەت. هەروەها بەو هەوڵە جوانانەی ئەو نووسەر و ڕەخنەگرانە پێشکەشە کە ئەدەب و ئیستاتیکا لە دیدگای کۆمەڵایەتی - چینایەتییەوە دەبینن و هەڵدەسەنگێنن.

## پێڕست


له پێشدا دەڵێم ........................................................................ ٧
نیولیبڕالیزمی کورد و پەیامی شیعر! ........................................... ١١
نۆزده تێز سەبارەت بە خوێنەر و خوێندنەوه ............................... ١٧
سەبارەت بە پرسی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیرانی کورد ........................... ٢٧
وردبوونەوەیەک لە ڕەوتی شیعری کرێکاریی و سۆشیالیستیی له
کوردستان، ............................................................................ ٣٥
خوێندنەوەیەکی شیکاریی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە ئەدەبی ئیسلامیی ..... ٩٣
پەروەردەی ئیسلامی سیاسی و کاریگەریی لەسەر ژیان ئینسانەکان ... ١٠٩
خوێندنەوەیەک بۆ ڕەهەندی جوانیناسی هێربێرت مارکوزه ................ ١١٩
وردبوونەوەیەک لە ئەدەبی نیو لیبراڵی کوردی ................................ ١٢٩
ڕۆشناییەک بۆ سەر ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی ............................ ١٤٣
شیعری شۆڕشگێڕانە و پەرجووی هەمیشە زیندووبوون ...................... ١٥٠
مانیفێستی ئەدەبی کرێکاریی ........................................................ ١٧١
چەند وشەیەک دەربارەی نووسەرانی کۆنەپەرست .............................. ٢٠٣
نیولیبراڵیزم و ئەدەبی پرۆلیتاریای کوردی .................................... ٢١١
خوێندنەوەیەک بۆ ئیستاتیکا ........................................................ ٢٦٧
بەرەو ئاراستەی بەهێزکردنی ئیستاتیکای مارکسیزم ......................... ٢٦٧
زمان لەڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیدا ............................................ ٢٧٧
ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە کوردستان ...................................... ٢٩١
زمان و ئەرکەکانی زمان لەدەقی ئەدەبیدا ....................................... ٣٠٩
گرێژنەکان و چەند کورتە بابەتێکی تر ........................................... ٣١٥
ئەدەبی بەرز .......................................................................... ٣١٧
ئەفسانە و ئەدەب ..................................................................... ٣١٩
ڕۆشنگەری کرێکاریی ................................................................ ٣٢١

نەفرەتە گەورەکەی ئایدیۆلۆجیا ........................................................ ٣٢٥
گرێی لیبڕالیست بوون! ............................................................ ٣٢٧
گەردوونگەرایی، وەک جادوویەکی مۆدێرن ................................. ٣٣٠
ئەدەب و خۆتەنگەتاوکردن ......................................................... ٣٣٣
ئێمە لەکوێی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا وەستاوین؟.......................... ٣٣٦
ڕیاڵەتی ئەدەبی کوردی و گرێی نوخبەوییەت .............................. ٣٣٩
خوێندنەوە و کتێب..................................................................... ٣٤٢
ڕەسەنایەتی و گەڕان بەدوای شوناسدا ....................................... ٣٤٤
کایەی ڕۆشنبیری کوردی و فریادڕەسانی .................................. ٣٤٧
ناساندنی کتێب یان نائامادەیی ڕەخنەی ئەدەبی.............................. ٣٥٠
میدیای کۆمۆنیستی و ئەدەب....................................................... ٣٥٢
ئیلتزام کردن لە ئەدەب؛ شوناسە! ............................................... ٣٥٤
ئەدەب و فۆبیای تەحەزوب .......................................................... ٣٥٧
ئەدەب و ڕێکخراوبوون ................................................................ ٣٦٠
جەنگی کلتوورەکان..................................................................... ٣٦٢
ژیریی دەستکرد و چارەنووسی ئەدەب ........................................ ٣٦٥
ئەدەب و ئازادی.......................................................................... ٣٦٧
زمان و شوناس .......................................................................... ٣٧٠
بەندبێژی و هونەری گۆرانی......................................................... ٣٧٣
ئۆرسۆگرافی.............................................................................. ٣٧٦
تەقینەوەیەکی تر، گلەییەکی کەرکووکیانە بەڵام خۆشەویستانە!!! .......... ٣٧٩
ماسک و نووسین ........................................................................ ٣٨١
ئەفسانەی پیرۆزکردن و بەتاڵکردنەوە ........................................... ٣٨٣
پرسیارەکە ئەمەیە!...................................................................... ٣٨٥
ترسی جوان ............................................................................... ٣٨٧

# لە پێشدا دەڵێم

ئەدەبی چینایەتی کرێکاران لە ئەمڕۆی دنیای سەرمایەداریدا؛ پاشەکشەیەکی زۆری بەخۆوە بینیوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤایەتی چ بە ویستی خۆی یان نا. درەنگ یان زوو، دەگات بەو قەناعەتەی کە ئەم سیستەمە زاڵمانەیەی ئەمڕۆ دونیای پێ ئیدارە دەدرێ، تا سەرئێسک نقوومی تەنگەژە و ناکۆکییە دەروونییەکانی خۆی بووە و بەمانای وشەکە بۆگەن بووە. ئینسانیش بۆ مانەوەی خۆی، بۆ ڕێزگرتن لە ئیرادەی خۆی؛ پێویستی بە بەرەنگاربوونەوە و خەبات هەیە دژ بەم سیستەمە نادادپەروەرانەیە. یەکێکیش لەو هۆکارانەی ئینسان دەستی بۆ دەبات ئەدەب و شیعر و هونەرە. ئەدەب و هونەر ڕەنگدانەوەی واقیعی مادیی کۆمەڵگەن. ئەدەب و هونەر هەرگیز ناکەونە ئەودیو کێشە چینایەتییەکانەوە. چینی کرێکار هەمیشە بە میکانیزمی گونجاو خەباتی چینایەتی خۆی دژ بە بۆرژوازی درێژە پێدەدات. ئەدەب و هونەرەکەشی دەبێت ڕەنگدانەوەی خەون و خولیا و ئارەزووەکانی ئینسانی کرێکار بێت لە ژیان و خەبات لەپێناو داهاتوویەکی گەش و ڕووناکدا. سیستەمی سەرمایەداری ساڵانە بە ملیۆنان دۆلار خەرج دەکات و بەوپەڕی تواناوە لە هەوڵ بەهێزکردن و پتەوکردنی ئەدەب و هونەری خۆیەتی و بە هەزاران نووسەر و هونەرمەند لە دەیان فێستیڤاڵ خەڵات دەکات و ڕێزیان لێدەگرێت، تا بتوانێت درێژە

بەو دونیا پێچەوانەیە بدات و قازانج پەرستییەکەی باڵا دەست بێت. لەبەرامبەریشدا نووسەران و هونەرمەندان و ئەدیبانی چینی کرێکار دەبێت ئەدەب و هونەرەکەیان وەک چەکێک، چەکێکی کاریگەر بۆ بردنەپێشەوەی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا بەکار بهێنن. لەم سۆنگەیەشەوە دەبینین لە واقیعی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا، بەدەیەها ڕۆژنامە و گۆڤار دەردەچن و ساڵانە بە هەزارەها کتێب چاپ دەبن، بێ ئەوەی ئەو بەرهەمانە کێشەیەکیان لەگەڵ نایەکسانی و نا دادپەروەری لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەبێت. تەنانەت لە چەند دەیەی ڕابردوودا، ئەدەبی کرێکاریی لە کوردستان لەژێر هێرشی گەلێ دەزگا و گروپی ئەدەبی و فیکریی بوون و تەنانەت نەوەی تازە کە دەست بە خوێندنەوە دەکەن، هەر لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەدیبانی بۆرژوازی دەست و پەنجە نەم دەکەن، بێئەوەی ئاگاییەکی ئەوتۆیان هەبێ لەسەر ئەدەبی کرێکاریی و ئەرکی کۆمەڵایەتی ئەو ئەدەبە لە خەبات لەپێناو ئینسانییەتدا. تەوەرەیەک کە ئەم کتێبە لەسەری وەستاوە بریتییە لە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و چەند پرسێکی کلتووری و ئیستاتیکی. ڕەخنەی ئەدەبی کوردی گەرچی لەئاست خوێندنەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی و دەق و داهێنانی ئەدەبی نەیتوانیوە بەپێی پێویست بە ئەرکەکانی خۆی هەستێت، لەهەمان کاتیشدا ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیش نەیتوانیوە بەپێی پێویست بوونی خۆی لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی بسەلمێنێت و پێشڕەوی بەرچاو بگێڕێت. لەم سۆنگەیەوە کەمی بابەتی ئەدەبی و فیکری و ڕەخنەیی لەڕوانگەی مارکسیزم لە کتێبخانەی کوردیدا هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی بێ دوودڵی دەست بۆ ئەم کارە بەرم. ئەم کتێبە

بەرهەمی چەندین ساڵ لە هەوڵ و شەونخوونییە و چاپبوونیشی یەکێک لە ئومێدەکانم بوو.

بابەتەکانی ئەم کتێبە لە کۆمەڵە نووسینێک پێکدێن کە سەرجەمیان سەبارەت بە ڕەخنە و ئیستاتیکان و ئامانج لەم کارە پەرەدانە بە هۆشیاری سۆشیالیستی و پتەوکردن و بەهێزکردنی بزاوتی ئیستاتیکا و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییە لە کوردستان. ئەم کتێبە هەوڵێکی بچووک بەڵام جیددی منە لەم بوارەدا بۆ ناسینی ڕووخسار و جەوهەری ئیستاتیکا و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و ڕۆڵیان لە خەباتی چینایەتی کۆمەڵگەی کوردستان. شایانی وتنە لە یەک دوو نووسینی نێو ئەم کتێبەدا، نووسینەکانی پێشووتری خۆمم وەکو سەرچاوە بەکارهێناوە، بۆیە دەبینین هەندێ کۆپلە و پەرەگراف لێرە و لەوێ دووبارە بوونەتەوە. هەروەها دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە بەشێکی زۆری ئەم بابەتانەی نێو ئەم کتێبە پێشتر لە گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان بڵاو بوونەتەوە. بابەتەکان هەر هەموویان لەسەر یەک ڕاستە هێڵ دەڕۆن کە ئەویش هەوڵدانە بۆ بەهێزکردنی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و ئیستاتیکای ئەدەبی چینایەتی کرێکاران. بەو ئومێدەی توانیبێتم خزمەتێک بە ئیستاتیکا و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیم کردبێت.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

کەنەدا / ٢٠٢٥

# نیولیبڕالیزمی کورد و پەیامی شیعر!

ساڵانە لە ڕۆژی جیهانی شیعردا (١)بە سەدان شاعیر لەنەتەوە جیاجیاکانی سەر ئەم گۆی زەوییە, پەیامی شیعر دەنووسن و ڕایدەگەیێنن. لەو ڕۆژەدا شاعیرانی نوخبە، ئەوانەی خۆیان بەپێشڕەو دەزانن، شیعر پیرۆز دەکەن و پەیامی شیعر دەدەن بەگوێی خوێنەران. شاعیرانی کوردیش(٢) ئەوە چەند ساڵێکە، ڕوونتر لە جاران، ئەو پەیامە دەنووسن کە ستراتیژ و هێڵە گشتییەکانی ئیشکردن و بەرژەوەندی چینایەتیان دەیخوازێت. ئەگەر جەستەی پەیامەکانی شاعیرانی کورد لەو چەند ساڵەی ڕابردوو وەربگرین و شیبکەینەوە، دەبینین کە:

یەک: شاعیران خۆیان وەک نوخبە و سەردەستە نیشان دەدەن.پێیانوایە ئەوەی ئەوان دەینووسن، کەس لەتوانایدا نییە بینووسێت. واتە هێزێک یان خۆیان وتەنی ئەو ئیلهامە نەفرەتییەی کە ئەوان وەکو خاڵی جیاکەرەوەی خۆیان و خەڵکی تر نیشان دەدەن،دەکەنە بەردەباز بۆ پەرینەوە بەسەر پردی جیاوازی نێوان ئەوان و خەڵکی تر، وەکو ئەوەی پیرۆزییەکیان تیا بێت و خەڵکیش لەسەریانە ئەو پیرۆزییە بناسن و بپارێزن.

دوو: لەشوێنێکی خەیاڵیی بەرزەوە قسە دەکەن، وەک ئەوەی پەیامبەرێک بن و لە ئاسمان دانیشتبێتن. وەکو ئەوەی مەقامی ئەوان بەرزتر بێت لە مەقامی خەڵکی ئاسایی و زەحمەتکێشی

کوردستان. ئەم خۆ بەرز بینینە نەک هیچ پەیوەندییەکی بە کلتووری سۆشیالیستیی و کرێکارییەوە نییە، بەڵکو سەر بە کلتووری بۆرژوازی و پارێزەرانی دەسەڵاتی ستەمکارە.

سێ: بەڵێن دووبارەکردنەوە بۆ چین و بەرژەوەندییە چینایەتییەکان. لەو پەیامانەدا خاڵی جەوهەری جگە لەوەی بە زمانێکی وێکنەهاتوو لەگەڵ زمانی گشتی ئینسانەکانی ئەم سەرزەمینە نیشان دەدەن و جەغد لەوە دەکەنەوە کە تا دوا هەناسەیان ئامادەن بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار بپارێزن و دژ بە گەشەی هۆشیاری سیاسیی خەڵک بووەستنەوە. ئەمەش ناڕاستەوخۆ بەشێوازی جیاجیا لە پەیام و نووسینەکانیاندا هەست پێدەکرێت و ڕەنگی داوەتەوە.

چوار: خەڵک و جەماوەری بەشمەینەت هیچ جێگەیەکیان نییە لە ئیعرابی ئەو پەیامانەدا. چونکە پەیامەکان ناڕاستەوخۆ ڕوو بە دەسەڵاتداران و چینە چەوسێنەرەکانە و لەدیدی ئەو پەیامنووسانەوە خەڵکی هەژار هیچ جێوشوێنێکیان نییە لە جیهانبینی و دیدگای هونەری و ئەدەبیی ئەوان. دەق و نووسینی ئەوان، دەق و نووسینی سەروو خەڵکیین و ئەوەندە لە ماتریاڵی خەڵک سوود وەردەگرن کە بتوانن بیکەنە خزمەت دەقەکانیانەوە نەک دەقەکانیان بکەنە خزمەت خەڵکەوە. نووسەرانی نیولیبڕالیزمی کوردی، وەکچۆن لە سێ دەیەی ڕابردوودا کۆشاون لەسەر ڕاستەهێڵی کوشتنی ئیرادەی خەڵکی شۆڕشگێڕی کورد و بێبەها نیشاندانی مارکسیزم و خەباتی سۆشیالیستی کرێکاران لە کوردستان و جیهان و چاندنی بێئومێدی لەناو دڵی خوێنەر وەک بونیاد و شوناسی کاریان،

بـڕۆن و بـۆ پێكـانی ئامانجەكانیشـیان، بەمـوو لەم میتـۆدە لایـان نەداوە. بۆیە كاتێك لەناوەڕۆكی كۆمەڵایەتی ئەو پەیامانە دەگەین و لێیـان ورد دەبیـنەوە، دەبینـین هەمیشـە بەئاراسـتەی شـەپۆڵە پۆزەتیڤەكانی كۆمەڵگەوە نووسران و لەسـەر ئەو هـێڵە فیكرییە ئـیش دەكەن كە بونیـادی پەیـامەكەی لەسـەر بنیـاد نـراوە. سەرباری ئەمەش خـوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەقێك، نووسـینێكی نووسـەرێكی نیـولیبراڵی كـوردی، پێویسـتی بە پاشـخانێكی مەعریفی وا نییە، بۆ تێگەیشتن لە دەق و ناسینەوەی كۆدەكانی نووسـین، بەڵكـو لە سـێ دەیەی رابـردوودا هەلومەرجێـك گوزەراوە و دەسـەڵاتی كوردایەتی كـایەی نووسین و ئەدەبیـاتی دووچاری پاشاگەردانییەك كردووە، كە نووسەران لەڕاستەهێڵی نووسـین و داهێنـان لابـدەن و جـۆرە شـێوازێك لە نووسـیندا بگـرنەبەر كە بتـوانن بە ئاسـانی بـگەن بە مەبەسـتەكانیان. كەئەویـش گەیشـتنە بە ئامـانجی چینـایەتی نووسـین. ئامـانجی چینـایەتی نووسـینیش لای زۆربەی هەرە زۆری نووسـەران و ئەدیبانی نیولیبراڵ بریتی بووە لە خستنە بەرچاوی دەقێك كە لەلایەكەوە وا بنـوێنێ كە نـوێیە و ئەفرێنـراوە و لەلایەكـی تریشەوە خوێنەر چەند فرسەخ لە واقیعی ژیان و كۆمەڵگە دوور بخاتەوە. ئەم هەوڵانە گەرچی دیماگۆجییەتێكی دیار و ناسراون، لەهەمـان كاتیشـدا ماسـكێكن و پـۆترەیتی كـۆمەڵایەتی و كـانزا ئەسـڵییەكەی نووسـەری نیـولیبراڵ دەشـارنەوە. ئەوەی وای كردووە كە ئەو دۆخە بەوجۆرە بچێتە سـەر، سـادەیی خـوێنەرە لەهەمبەر مەسـەلە فیكریی و سیاسییەكان. بـۆرژوازی كـوردی ڕێك عەودالـی ئەو دۆخە پڕ لە شكستەی نووسینە تـا لەلایەك نووسەرانێك بهێنێتە پێشـەوە كە وەفا و وەلائیان بۆ دەسـەڵاتی

شکســـخواردووی کــوردایەتی هەبێــت و لەلایەکـــی تریشـــەوە ســـوپایەک لە خـــوێنەر ڕابهێنێــت لەســـەر شـــکاندنی جەوهەری نووسین و ئیرادە، لەتەواوی جومگە هەستیار و ناهەستیارەکانی کۆمەڵگە و ژیـان بە ئەدەب و ڕۆشنبیریشـەوە. بۆیە دەبینـین کە نووســەران و شــاعیران و نووســەرانی نــوخبەی کــوردیش بــۆ ئەوەی پشکێکی فیکریی و ئەدەبیی و سیاسییان لەو کەمپینە دژە خەڵکیــیە لە ڕۆژی شــیعردا بەر بکەوێــت، دێــن ژەهــری دژە خەڵکیی و دژە شۆڕش و دژە کرێکاریی خۆیان دەڕێژن لەژێر ناوی نوێگەریی و ڕەهاوە چاوبەستەگیی لە خەڵک دەکەن و ئەو ڕێــگە دروســـتەی کە شــیعر دەبێــت بیگرێــت وەک چەکێکـــی کـاریگەری نووسـین دژ بە سـتەم و نـادادپەروەریی کۆمەڵایەتی ژیان، لەبەرچاوی خەڵک دەشێوێنن. بەمەش پەیامی بۆرژوازیی لە ڕۆژی شـــیعردا، بەنـــاوەڕۆکێکی کۆنەپەرســـتانە دەخەنە بەر دیــدەی خــوێنەر و وا لەخەڵکـی عەوام و خــوێنەری ناهۆشــیار دەگەیێنن کە بەشـداریکردن لە ئەرکـی هۆشـیارکردنەوەی خەڵک ســەبارەت بە پرســـە سیاســییەکانی وەک خەبـات و شــۆڕش و گۆڕینی دونیای پڕ لە چەوسانەوە ئەرکی شیعر و شاعیر نییە و ئەدەب نابێت بەو ئەنـدازەیە خـۆی بچـووک بکـاتەوە و خـۆی لە قەرەی ئەم باسانە بدات و ئەم ئەرکانە بخاتە سەر شانی شیعر.! لەکاتێکدا پەیامی ڕاستەقینەی شیعر هۆشیاکردنەوەی خەڵکە بە بەرژەوەنـدییە چینایەتییەکانیـان و بەشـداری جیـددی شـیعر و شاعیرە لەو خەباتە بۆ گۆڕینی دونیای پڕ لە ستەمی بۆرژوازی و هەنگاونـان بەرەو ڕزگـاری یەکجـارەکی. خـوێنەری زیـرەک و هۆشیار و خەڵکی بەشمەینەت دەبێت بزانن ئەو جۆرە پەیامانەی کە میــدیای بــۆرژوازی کــوردی پیــرۆزانە نمایشــیان دەکــات،

هەوڵگەلێکن بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی ستەملێکراو لە خەباتیان بۆ ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی!.(٣)

پەراوێزەکان:

(١)لە ساڵی ١٩٩٩ وە بە فەرمی لەلایەن یۆنسکۆوە ٢١ی ئازاری هەموو ساڵێک، وەک ڕۆژی جیهانیی شیعر ناسێنراوە. ئامانج لەم دیاریکردنەش پەرەدانە بە خوێندنەوە و نووسین و بڵاوکردنەوەی شیعرە لەسەرتاسەری جیهان.

(٢)لەشاعیرانی کوردیش بەنموونە دلاوەر قەرەداغی و بەختیار عەلی لەڕێگەی ناوەندی باڵندەوە ئەو پەیامەیان لەساڵەکانی ٢٠١٩ و ٢٠٢١دا نووسیوە.

(٣)ئەم نووسینە دەبووایە لە دەوروبەری ٢١ی ئازار ٢٠٢١ دا بڵاوبووایەتەوە، بەڵام بەداخەوە لەبەر چەند هۆیەک دوواکەوت.

تێبینی: ئەم نووسینە لە گۆڤاری تی ڤی ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاو بۆتەوە.

## نۆزدە تێز سەبارەت بە خوێنەر و خوێندنەوە

*نیوەی دووەمی ٢٠١٩*

ئەم تێزانە وێناکردنی گشتی بۆچوونی منن سەبارەت بە خوێنەر و قەیرانی خوێنەر و خوێندنەوە لە کۆمەڵی بۆرژوازی کوردیدا کە دەتوانرێت هەندێکیان گشتی بکرێنەوە، بەوپێیەی کە تایبەتمەندی کۆمەڵی بۆرژوازی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا تا ئاستێک نزیکن لەیەکەوە. بەڵام هەندێ تایبەتمەندیش هەیە کە خوێنەری کورد لە خوێنەرێکی تر جیا دەکاتەوە. ئەم تێزانە بڕیاری کۆتایی نین و دەکرێ پێبەپێی گەشە و بەرەوپێشچوونی هێزە مادییەکانی کۆمەڵگە گۆڕانیان بەسەردا بێت.

### یەک

سەقەتترین خوێنەر ئەو خوێنەرەیە کەوا حاڵی کراوە هەر بەرهەمێک خوێنەر تووشی گێژی (نەک سەرسامی) نەکات، بەرهەمێکی لاوازە و ئاستی هونەری ئەو بەرهەمە لەخوارە. لێرەشەوە خوێنەری بەرهەم یان دەقە ئەدەبییە شۆڕشگێڕەکان بە فکر بەتاڵ ناوزەد دەکەن . ئەم خوێنەرانە پێبزانن یان نا، تووشی پەتای لیبراڵییەت بوونە و کۆششێکی زۆریان دەوێ تا بتوانن خۆیان لەو پەتایە ڕزگار بکەن.

## دوو

ئەو خـوێنەرەی کە گومــان فریـوی دەدات و وا تێگەیێنـراوە کە گومان لە هەموو شتێک بکات، لەڕاستیدا لە خوێنەرێکی چالاک و پرسیارکەرەوە دەبێت بە خوێنەرێکی بێبڕوا بە گەشەی مێژووی ئەدەب و هونەر، خوێنەرێکە لە دەریای ناحاڵیبوونی خۆیدا مەلە ئەکات. ئەم جۆرە لە خوێنەر گومان لە مێژوو و داهێنان و کردە شۆڕشــــگێڕییەکان و دەقە تەحریزییەکـــان دەکەن و تەنهـــا لە گۆشەیەکی تەسکەوە دەق دەخوێننەوە بێئەوەی بتوانن جیهانی بەرینی دەق ببینن.

## سێ

خوێنەری پاسیف ئەو خـوێنەرەیە کە پێی وایە دەقی ئەدەبی و هـونەری بەرهەمـی زاتـی ئینسـانە و دەکەوێـتە ئەودیـو یاسـای گەشەی مێژوویی هێزەکانی بەرهەمهێنـان. ئەوە راسـتە نووسـین زادەی بیرکردنەوەی نووسەرە، بەڵام خۆ نووسـەریش نـاکەوێتە دەرەوەی بـــازنەی گەشـــەی پەیوەنـــدییەکانی کـــۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی سەرمایەداری.

## چوار

لە دوو دەیەی رابردوودا و لەسەردەستی دەسەڵاتدارێتی حیزبە قەومـــی و دینییەکان،سیاســـەتێکی ئێجگـــار ناشـــرین بەڕووی

نووسـەراندا پیـادەکرا، ئەویـش کرێنـی قەڵەم و هەڵویسـت و بەخشینی پاداشت و خانوو و ئەرز و خەڵاتی ماددی و سەفەر بـۆ دەرەوەی وڵات تـا دەگـات بە سیاسـەتی خانەنشـینکردنی نووسـەران و ئەدیبـان و ڕۆشـنبیران. ئەم هەلـومەرجە دۆخێکـی هێنـایە ئـاراوە کە نووسـین و ئاسـتی نووسـین هێنـدە هـاتە خوارەوە و ناشرین کرا، بووە هۆی دروستکردنی لەشکرێک لە خـوێنەری نـا ئـاکتیڤ و بێدەربەسـت سـەبارەت بە دۆخـی کۆمەڵگەو ژیانی ئینسانەکان.

## پێنج

سادەترین خوێنەر ئەو توێژەن کە کەوتوونەتە دوای کاریزما و لەدواشیکردنەوەدا لەئاست بینینی ڕووی واقعی ژیان تووشـی نابینـایی دەبـن. ئەم جـۆرە لە خـوێنەر نە دەتـوانن قـووڵ بیربکەنەوە و نە دەشتوانن لەسەر هەر ئاریشەیەکی ڕۆشنبیریی بڕیـار بـدەن. ئەم خـوێنەرانە وا ڕاهێنـراون کە دەبـێ کەسـێک لەبری ئەوان بیر بکاتەوە. هەر بۆیە تا کاریزماکە لەمەیدان بێ ئەمـانە چـالاکن و هەر کە کاریزمـاکە لەمەیـدا نەمـا، ئەمـانیش تووشـی شـلبوونەوە و خـاوبوونەوەی فیکری دەبن و لەشـوێنی خۆیان هەر مراوەحە دەکەن.

## شەش

خوێنەری چالاک ئەو خوێنەرەیە کە بە بەرنامەوە دەخوێنێتەوە و دەزانێ چی دەخوێنێتەوە و چۆن خۆی بە زانیاری دروست

بارگـاوی دەکـات. ئەم خـوێنەرە ئەکتـیڤە لەخوێنـدنەوەی هەر دەقێکدا بەپلەی یەکەم پەیامی کۆمەڵایەتی دەقی بەلاوە گرنگە و ئینجـا لە پانتـایی دەقـدا بەدوای تەکنیـک و دواجـاریش لەهەوڵـی ناسینی نووسەر و دەقنووسدا دەبێ.

**حەوت**

خراپتـرین جـۆری خـوێنەر ئەوانەن کە بەدوای شـەپۆڵی خەڵـک (عـامە) دەکەون و خۆیـان هـیچ لێکـدانەوەیەکیان نیـیە بـۆ خوێنـدنەوە و نووسـین و نووسـەر و هەلـومەرجی رۆشـنبیری کۆمەڵگە. ئەمانە وەکو ئەو کڕیارانەن کە ناوبانگی چێشتخانەیەک پەلکێشـیان دەکـات بـۆ خـواردن نەک کـوالێتی خـواردنەکە. ئەم خـوێنەرانە هەر کە بیسـتیان فـلانە نووسـەر میـدیای بـۆرژوازی فووی پیا دەکەن، نابینایانە دەکەونە هەمان دۆخەوە و ساویلکانە دەکەونە فـوو کـردن بە هەمـان زوڕنـانی بـۆرژوازی بێـئەوەی هەسـتی پێـبکەن. بـۆیە ئەمجـۆرە خـوێنەرە زیـاتر قوربـانین و توانای خۆ دەربازکردنیشیان زەحمەتە لەو دۆخە ناهەموارە بە ئەنقەست چێکراوەی بۆرژوازی.

**هەشت**

نووسەر هەمیشە بۆشـاییەک(بوارێک) بـۆ خـوێنەر دەهێڵێتەوە تـا بتـوانی بەشـداری بەئاکـام گەیانـدنی پرۆسـەی گەیانـدنی پەیـامی کـــۆمەڵایەتی نووســـین بێـــت.ئەمەش بەو مانـــایە نیـــیە کە خوێنەر(وەرگر)یەکســـان بکەیـــن بە نووســـەر(نێرەر). نەخێـــر،

نووسـەر و خـوێنەر دوو کـاراکتەری نـاو پرۆسـەی نووسـینن و هەریەکەیان ئیش و بەرپرسیارێتی خۆی هەیە.

**نۆ**

ئەو خوێنەرانەی لەسـەر متمـانە هەڵسـەنگاندنیان بۆ دەق لەسـەر بنچینـەی هاوشـاری و هـاوڕێیەتی و هـاو حیزبـی و تـاد، بنیـاد دەنـێن، هەمیشــە غەدرێکـی گەورە لە دەق و نووسـین دەکەن و خۆشـیان دەزانـن چ بێمانـاییەک نمـایش دەکەن و بێکەڵکتـرین پێوەریـان بەدەسـتەوە گرتـووە. ئەم شـرۆڤەکارانە دەبـێ ئەوە بـزانن کە بەو کارەیـان نەک نـابنە داهێـنەر، بەڵکـو درکەزیـیەکن بەجەستەی ڕەخنەی ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەوە.

**دە**

نووسین نە پەرجووە و نە کـاری لەکارنەهاتووشـە. دیـارە هێنـدە سـانایە کە هەرکەس بـیەوێ بنووسـێ، دەتـوانێ بنووسـێ. ئیتـر قەبەکردنی پرۆسەی نووسین و هێنانە ئاراوەی کۆد و نهێنـی کە لیبرالیزمـی بـۆرژوازی پەرەی پێـدەدا و سـەپۆرتی دەکـا، هـیچ خزمەتێـک بە خـوێنەر نـاگەیێنێ جـگە لەسەرلێشـێواندن و بەلارێدابردن. خـوێنەری زیـرەک دەبـێ لەدەقـدا بەدوای پەیـامی کـۆمەڵایەتی و شۆڕشـگێرانەدا بـگەڕێ لەوێشـەوە نووسـەر و دۆخی نووسین هەڵسەنگێنێ و قەزاوەت بکات.

## یانزە

بەدەستەوەگرتنی کتێب بەمانای خوێندنەوەی کتێبەکە نییە. وێنەگرتن لەگەڵ کتێب و پۆستکردنی لە سۆشیال میدیادا، ئەگەر ڕێژەیەکی دڵسۆزبوون و پەرۆشی بێت بۆ کتێب، ئەوا ڕێژەی زۆری پۆز و خۆدەرخستنە تا لەو ڕێگەیەوە پەیامی کەسێتی خۆیان بگەیێنن و ئامانجی شەخسی خۆیان بپێکن. ئەم جۆرە مرۆڤانە نەخۆشن و هەرگیز ناتوانن ببنە خاوەن مەعریفە تا عەقڵێکی ئاوا ڕێبەرییان بکات.

## دوانزە

بوونی کتێبخانە لە ماڵەکان، جگە لە لایەنە مەعریفییەکەی، جوانییەکیش دەبەخشێ بەو ماڵە. بەڵام کتێبخانە چ سوودێکی هەیە لە ماڵ کە کتێبەکانی تۆزی لێ بنیشن و هەرگیز شوێن ڕەفەکانی خۆیان جێنەهێڵن. خۆدەرخستن لەبەردەم میوان و کەسوکار لەڕێگەی کتێبخانەوە گوایە دەخوێنێتەوە، جگە لەوەی نەزانییە، جێی بەزەییشە. کۆمەڵگە زۆرێک لەو جۆرە کارەکتەرانە لەخۆ دەگرێ.

## سیانزە

وەکچۆن هەموو کتێبێک مەعریفەی ئینسانی تێیا بەرجەستە نەبۆتەوە، ئاوا خوێنەریش هەیە کە نە نرخی کات دەزانێ و نە لە ئازاری نووسەری جیددی دەگات. خوێندنەوەی جیددی کتێب

مــــرۆڤ لەبەردەم بەرپرســــاریتیەکی کــۆمەڵایەتی و سیاســـی دادەنــــێ. خـــوێنەری جیـــددی نـــاتوانێ ئەو مەعـــریفە جـــوانە ئینسانییەی لە کتێبەوە فێری دەبێت تەرجەمەی ژیانی پراکتیکی خۆی نەکات و بێدەربەست بێت لە ئاستیدا.

## چواردە

هەمـوو خوێنـدنەوەیەک گەرچـی جیـددیش بێـت دەبێـت دواجـار مەعـریفەی نـاو کتێـبەکە بریـار دەدات ئـاخۆ خـوێنەر بەرەو چ ڕەهەنــدێکی ئاراســتە دەکــا و لەدوا شــیکردنەوەدا چ جــۆرە گیانەوەرێکی لێدەردەچێ. کتێبە ناواخنە ڕەشـەکان ئەوانەی ئیش لەسـەر تێکدانی بەهـا مرۆییەکـان دەکەن، بـێ دوودڵـی دەتـوانم بڵێـم مـرۆڤ بەرەو تراژیـدیا ئاراسـتە دەکەن و دواجـار لەبـری ئینساندۆستی توخمێکی زیانبەخشی لێدەردەچێت.

## پانزە

ئەوەی خـــوێنەری لە کتێـــب تۆرانـــدووە و گـــاپێکی خســـتۆتە نێوانیانەوە، بریتییە لە دۆخی ماددی کۆمەڵگە. ئەمە پەیوەندی بە سەلیقەی خوێندنەوە و ئاستی بەرزی دەقەوە نییە. لاواندنەوەی لە چەشنی ئاشتکردنەوەی خـوێنەر و کتێب و بە کلتوور کردنی خوێندنەوە جگە لە فێڵ لەخۆکردن هیچی تر نین. هەرکات دۆخی گەشـەی مـاددی کۆمەڵگە بەرەو سـەر هەنگاو بنـێ ، خوێندنەوە دێتەوە نێو کۆڕی خێزان و باوەشـی خوێنەران کتێب بەخۆوە دەبینێ.

## شانزه

لەمڕۆدا کتێب و خوێندنەوە و خوێنەر بوونەتە کاڵا و بازارێکی نیمچە گەرمیان لێ پێکهێنراوە کە کۆمەڵێ بازرگان و چەرچی خەریکی ساتوسەودان پێیانەوە. کۆمەڵێ دەزگای چاپ و پەخش پەیدا بوون کە خەریکی ئەفزەڵییەت فرۆشتنن بەسەر خوێنەران و نووسەراندا.ئەم بازاڕە هێندە بێتامە کە دەرگا داخستن بەڕووی هەندێک و فووپیاکردنیش بەهەندێکی تردا بووەتە کلوورێکی ناشرین و کۆمەڵێ نووسەری چڵێسی هێناوەتە پێشەوە کە خوێنەر هەر بە ناوەکانیان تووشی ژانەسەر دەبێ، چ جای خوێندنەوەی کتێبەکانیان.

## حەڤدە

ئەمرۆ جیهانی زانست و تەکنەلۆژیا پێشڕەفتی کردووە و سۆشیال میدیا خۆی خزاندۆتە هەموو شوێنێکی ئەم دونیایە. ئەنتەرنێت بۆتە شوێنی گەڕان و سۆراخی کتێب و تا دێت خوێنەری ئۆن لاین زیاتر دەبێت. وەکچۆن بەهەزاران کتێبخانە لەسەر ئۆن لاین هەس، ئاواش بە ملیۆنان خوێنەر ڕۆژانە سەردانی ئەو کتێبخانانە دەکەن و کتێب دەخوێننەوە کە هەندێجار بە پارەیە و زۆربەی جاریش بە خۆڕاییە. ئەم واقیعە تازەیەی خوێندنەوە لە جیهان وای کردووە کە خەریکە تەنگ بە کاغەز هەڵدەچنێ و میزاجی خوێنەری لە دۆخی وەرگرێکی ئاساییەوە گۆڕیوە بۆ وەرگرێکی خێرا .

## هەژدە

خـوێنەر هەمیشـــە لە خوێنـدنەوەی دەقــی ئەدەبیـدا بەتـایبەتی ئومێدی ئەوە دەخـوازی کە دەقەکە لە ئاسـت چاوەڕوانییەکانیـدا بێت. خـوێنەر کـاتی خـۆی تەرخـان دەکـات بـۆ ئەوەی پەیامێـک، مەعریفەیەکـی تـایبەت وەربگرێـت. دەقـی ئەدەبـیش دەبێـت هەم نـاوەڕۆکێکی ئینسـانی بەرز و هەمـیش تەکنیکێکـی بەرز لە خـۆ بگرێت تا لەئاست چاوەڕوانییەکانی خوێنەر دا بێت.

## نۆزدە

وەکچـۆن بـانکخواز و مەلا و مـوبەلیغە ئاینییەکـان بـۆ مەرامـی سیاسـی خۆیـان و پاراسـتنی بەرەژەوەنـدی چینـایەتی دەسـەڵات، ئـایین بەکـار دێنن و سـوود لە نەخوێنـدەواری و نەزانـی خەڵکـی سـتەمدیدە وەردەگـرن، ئـاواش نـاوە دیارەکـانی نێـو کـایەی ڕۆشـــنبیریی و ئەدەبـــی کـــوردیش ســـوود لە هەژاری فیکـــری خـــــوێنەری کـــــورد وەردەگـــــرن و لەڕێگـــــای نووســــــین و بەرهەمەکانیـانەوە خوێنەریـان لە گرنگتـرین ئەرکـی خـۆی دوور خســـتۆتەوە، کە ئەویـــش تێگەیشـــتنە لە پەیـــامی کـــۆمەڵایەتی نووســــین و بەکـــردەوە دەرهێنـــانی ئەو پەیـــامەیە لەژیـــانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگە.

تێبینی: ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە ١٢٥٤ ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاو بۆتەوە.

## سەبارەت بە پرسی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیرانی کورد

کۆتایی شوبات و سەرەتای ئازاری ٢٠٢٤

پرسی ڕۆشنبیر بە تێگەیشتنە چینایەتییە ڕادیکاڵەکەی مارکسیزم و لەڕوانگەی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی ستەملێکراوانی ململانێی نێوان کار و سەرمایە، پرسێکی کلتووری و کۆمەڵایەتییە فرە ڕەهەند و ئاراستەیە. هیچ کەسێکی ڕۆشنبیر نییە لەدەرەوەی ئایدیۆلۆژیای چینێکی دیاریکراوەوە بتوانێت ڕاڤەی ژیان و کۆمەڵگە بکات. ڕۆشنبیر ناتوانێت لەسەررووی کێشمەکێشە چینایەتییەکانەوە هیچ هەڵوێست و تێڕوانینێکی هەبێت. لەڕوانگەی مارکسیزمەوە ڕۆشنبیر واتا کەسێکە توانای بینینی دیوە هەڵگێڕدراوەکەی ژیانی هەیە، مرۆڤێکە دەتوانێت پنتکە تاریک و تەریکەکانی ژیان ببینێت و لەوێشەوە بەو سەرمایە مەعریفییەی کە هەیەتی، هەوڵی ڕۆشنکردەوەیان بدات. ڕۆشنبیر ئەرکییەتی نهێنییەکانی پشت سەری بڕیارەکانی چینی دەسەڵاتدار بخوێنێتەوە و ئەوەی لە خزمەتی خەڵکی ستەمدیدە نییە، بیداتە بەر ڕەخنە. ڕۆشنبیر واتا ڕەخنەگری جیددی لە ناشرینییەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازی و کلتوور و نەریتە بێبەهاکانی ژیان. ڕۆشنبیر پەیامبەرێک نییە لەسەررووی چینەکان و خەڵک و کۆمەڵگە و لەدەرەوەی ململانێی چینایەتی – کۆمەڵایەتییەوە لەسەر کورسی مەعریفە دانیشتبێت و فەرمایشت بدات، بەڵکوو ڕۆشنبیر کەسێکە یان هاوڵاتییەکی

ئاسـاییە و مـرۆڤێکە وەک هەر مرۆڤیکـی تـر. ئەوەی کەسـی ڕۆشـنبیر لە کەسـێکی ئاسـایی جیـا دەکـاتەوە ئەوەیە کە ئاسـتی رۆشـنبیریی و ئاگـایی لە بـارودۆخ و دیاردەکـان و کـۆمەڵگە لەئاستێکدایە کە دەتوانێت بەرژەوندییە چینایەتییەکان ببینێت و بپارێزێت و شوناسی مەعریفی خۆی هەر لەو بەرژەوەندییانەوە دیـاری بکـات. وابەسـتەبوون بە بەرژەوەنـدییە چینایەتییەکـانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری دیاریکەری هەڵوێستی شۆڕشگێڕبوون و نـا شۆڕشـگێڕبوونە. ڕۆشـنبیر ئەگەر ئەم هەڵوێسـتەی لێدەربکێشـرێت، ئەوا کـارەکتەرێکی بەتـاڵ لەشۆڕشـگێڕییەتی و پڕاوپـڕ لە دیمـاگۆجییەتی لـێ دەمێنێـتەوە. ئەوەی کە ڕۆشـنبیر سڵی لێناکـاتەوە، سیاسـەتە، سیاسـەتی رادیکـاڵ و کۆمۆنیسـتی، سیاسەتی سۆشیالیستانەی پرۆلیتاریا لەخەبات بۆ سۆشیالیزم. بەواتـایەکی تـر ڕۆشـنبیری مارکسیسـتی واتە قسـەکردن لەسـەر سیاسـەت، بەرژەوەندی چینـایەتی، دەسـەڵاتی سیاسـی، شۆڕش، ئـازادی و یەکسـانی و ڕزگـاری یەکجـارەکی. خـۆلادان لەم ڕاسـتییە، لادانە لە حەقیقەتێکـی سۆسـیۆ - مێژوویـی گرنـگ کە دەیەهـا سـاڵە بـۆرژوازی دەهـۆڵی بـۆ دەکووتێـت و دەزگـا زەبەلاحەکانی میدیایی بۆ خستووەتە گەڕ. سیاسـەت بۆ کەسی ڕۆشـنبیر وەک ئۆکسـجین وایە لەپرۆسـەی هەناسـەدان. ئەمڕۆ لەسـایەی بەرهەمهێنـانی ئـابوورییەوە ئەو غەدرە گەورەیەی لە مـرۆڤ و سیاسـەت دەکرێـت لەم سیسـتە چەوسـێنەرەی سەرمایەداری، لەڕاستیدا غەدرە لە ئازادی و بەها ئینسـانییەکانی ژیـان و بـوون. ڕۆشـنبیر دەبێت بە هۆشـیارییەکی ڕەخنەیـیەوە بڕوانێتە دیاردەکان و کۆمەڵگەی ئینسـانیی. مەعـریفەی ڕەخنەیـی ئەو توانـایە بە ڕۆشـنبیر دەدات کە هەمیشـە ڕەخنەگـرانە بیـر

بکاتەوە و ئامادەیی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەبێتە هۆی سازکردنی زەمینەی دژەباو و ڕەتکردنەوەی کۆن و ناسینی نوێ. کایەی چالاکی ڕۆشنبیر تەنها مەیدانیکی تایبەت نییە، بەڵکوو سەرجەم کایەکانی ژیان شوێنی چالاکی بیرکردنەوە و ڕەخنەگرانەی ئەون.

شوناسی نەتەوەیی و ئیشکردن لەسەر بەها کلتووری و فەرهەنگییەکان لەسەر بنەمای نەتەوە، ناتوانێت ڕۆڵی پۆزەتیڤ بگێڕێت لە نزیکردنەوەی ڕۆشنبیر لە ئەرکە ئینسانییەکەی. چونکە ناسیونالیزم هەمیشە شۆڤینیزمێک لەناخیدا نووستووە و ئەم شۆڤینیزمە ڕێگرە لە بەردەم ئەرکە مرۆییەکان. بۆ ڕۆشنبیرێکی کوردزمانی تەقلیدیش کە ژینگە سیاسی و کلتوورییەکەی هەمان ژینگەی سیاسی سەرمایەدارییە، تا ئەو جێگەیە تەکان دەدات و قسە دەکات کە دڵی بۆرژوازی نەڕەنجێنێ و بەرژەوەندی چینایەتی سەرمایەداری نەکەوێتە مەترسییەوە . کایەی ڕۆشنبیری کوردی، گەرچی کەم تا زۆر بارگاوییە بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، وەلێ نەیتوانیوە خۆی لە پرسە گرنگەکانی ژیان بدات و قسەی مێژوویی خۆی بکات. کۆمەڵگەی کوردیش بۆیە ناتوانێت بچێتە پێش، چونکە ڕۆشنبیرەکانی لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی ڕۆشنبیر لایان داوە و سەرقاڵی هەندێ کارن کە ڕۆشنبیربوونەکەیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. زۆربەی هەرە زۆری ڕۆشنبیرانی کورد مووچەخۆری دەسەڵاتن و بە دەیان ڕێکەوتنی ژێربەژێرییان لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی واژوو کردووە و ئیمتیازات و دەستکەوتە شەخسییەکانیان بەرچاویانیان تاریک کردووە. یان باشتر بڵێم ڕۆشنبیرانی کورد(کە من بە لاستیکترین

دەستەواژەی دەزانم) خۆیان لە ئەرکە گرنگەکانیان دەدزنەوە. لە سی ساڵی ڕابردوودا تەنها و تەنها خەریکی مکیاجکردنی ڕووی دزێوی دەسەڵاتی کوردی بوونە و بۆیە دەبینین لەبری ڕەخنەگری بوێر و ڕاستگۆ، سوپایەک لە ڕۆشنبیری حیزبیی و چاودێری سیاسی و ڕۆژنامەنووس و ئەدیب و نووسەری بەمانای وشە بەکرێگیراو و دواکەوتوو دەبینین کە مووچەکانیان لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ خەرج دەکرێ و تەنانەت زۆربەیان دەبڵ مووچە و خانەنشینن بە پلەی سەربازی جیاجیا. ئەم نەریتی کڕین و سەودایەی کایەی رۆشنبیری لە کوردستان، پەروەردە و فێرکردنیشی گرتۆتەوە. سیستەمی چینایەتی سەرمایەداری داهێنەری ئەم مۆدێلە لە ڕۆشنبیرانی ئەنتی هەژاران و ئەنتی شۆڕش و ئەنتی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگەن. بۆ وەستانەوە بەرامبەر بەم مۆدیلە لەڕۆشنبیری کۆنەپەرستی لیبڕاڵ لە کوردستان، دەبێت خەباتی چیانایەتیمان دژ بە سیستەمی سەرمایەداری و بۆرژوازی کوردستان توونددتر و چڕتر بکەینەوە. بۆیە بەبۆچوونی من:

یەک: ڕۆشنبیر فیرعەونی دانایی نییە و فەرمایشت بدات و لەسەرووی خەڵک و لەسەر کورسی مەعریفە دابنیشێت، بەڵکوو ڕۆشنبیر کەسێکە یان هاوڵاتییەکی ئاساییە و مرۆڤێکە وەک هەر مرۆڤێکی تر. ئەوەی ڕۆشنبیر لە کەسێکی خاکی جیا دەکاتەوە ئەوەیە ئاستی رۆشنبیریی و ئاگایی لە بارودۆخ و دیاردەکان و کۆمەڵگەیە بەبەراورد بە کەسێکی خوێندەواری ئاسایی بەرزترە.

دوو: ڕۆشنبیر هەڵوێستی چینایەتی لێ دەربکێشێت بەتاڵ دەمێنیتەوە. من سەیرم بەم ڕۆشنبیرانەی کورد دێت تەنها ئەو

کاتە هەڵویست وەردەگرن کە مەترسی جیدیی هەبێت لەسەر دەستکەوتە شەخسییەکانیان، وەکو گەرخەڵکی هەژار و ستەمدیدەی کورد بەقوڕی ڕەشدا بچنە خوارێ، ئەم ڕۆشنبیرانە هەر خەریکی سەفسەتەبازی و گەمەکردن لەگەڵ خوێنەر و خۆڵکردنە چاوی خەڵکەوەن و کێشە و گرفتی خەڵکی هەژار بە گرفت و کێشەی خۆیان نازانن.

سێ: زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد،ڕۆشنبیرانی مۆدێلکن لە فریودان و دیماگۆجییەت و خەریکی شاردنەوەی راستییەکانن لەژێر ناوی فکر. ئەم تەیفە لە ڕۆشنبیران ئەمڕۆ کەسیان ئەو جورئەتەیان نییە لەدەرەوەی لێکدانەوەی ڕەهەندییەکان پێناسەی خۆیان بکەن. هیچ ڕۆشنبیرێک ئامادە نییە لە وتارێکدا بۆچوونی خۆی بنووسێت بێ گەڕانەوە بۆ فۆکۆ یان نیتشە یان هایدگەر..تاد. وەک ئەوەی بڵێی ئەم ناوانە بنەمای ڕۆشنبیرییان دانابێ. ڕەهەندییەکان ڕۆڵیان هەبوو لە گەورەکردنەوەی قەڵشتی نێوان خەڵک و ڕۆشنبیر. ڕۆشنبیری کورد خۆی لە جێگەیەکی بڵندتر لە خەڵک دەبینێ و لەوێوە خەریکە ناشرینترین ڕۆڵ دەگێڕێت لەمێژووی هاوچەرخدا. نەک هەر ڕۆشنبیر، بەڵکە هەر تاکێکی کۆمەڵ پێویستە لەسەری بخوێنێتەوە و ئاگاداری بیر و بۆچوونی فەیلەسوفان و سیاسەتمەداران و بیرمەندانی جیهان بێت،، بەڵام نەک هێنانی تێروانینی هەرچی بیرمەندی کۆنەپەرستە بۆ نێو کایەی ڕۆشنبیری کوردی.

چوار: ڕۆشنبیریی کورد باسی دەردە قێزەوەنەکانی کۆمەڵگە ناکەن، خۆیان لە گەلێ دیاردە دەبوێرن. بۆ ئەوان کۆمەڵگەی چینایەتی وەک ئەوەیە بوونی نەبێت، باسی مارکسیزم تووشی

هیستریا و سەرئێشەیان دەکات. مەسەلەی ژن و منداڵ و قوتابخانە و پەروەردە و بێکاری و..تاد بەکاری خۆیان نازانن. شۆڕش و ڕزگاری لە ستەمی چینایەتی بە ئاسنی سارد کوتین دەبینن. وەک ئەوەی ئەو ڕۆشنبیرانە لە کۆمەڵگە نەژین. من وای دەبینم قسەکردن هەر لە سیستەمی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەوە تا دەگاتە چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاک ئەرکی ڕۆشنبیرانە.

پێنج: پێویستە ڕۆشنبیر پردی نێوان کۆمەڵگە و کلتورە جیاوازەکان بێت. بەواتایەکی تر، ڕۆشنبیر دەبێت پرد بێت لەنێوان خوێنەرانی کورد زمان و بزووتنەوە فیکری و ئەدەبیی و هونەرییە پێشکەوتووخوازەکانی جیهان. ڕۆشنبیر دەبێت ئەڵقەی نێوان فەرهەنگە جیاوازەکان بێت. ڕۆشنبیر دەبێت دەستکەوتە فیکریی و زانستی و هونەرییە پێشکەوتووەکانی مرۆڤایەتی لەڕێگە جیاوازەکانی بەریەککەوتنی لەگەڵ کۆمەڵگەدا بگوازێتەوە و بتوانێت وەک گەیەنەرێکی بێخەوش ئەو ئەرکە ئەنجام بدات، نەک بە ویستی خۆی و بەپێی بەرژەوەندی چینایەتی خۆی دەستکاری ئەو دەستکەوتانە بکات و بۆ ئافەرین و دەست لەپشتدان و خەڵاتێک ناپاکی لە کۆمەڵگە بکات.

شەش: ڕۆشنبیری کوردی تا ئێستاش هەر ڕۆڵی وەرگر دەبینێت و زۆر کەم دەبەخشێت. ئەمەش جگە لە هۆکارە سیاسییەکەی، ئاماژەی نائامادەیی داهێنانە لەو کایە گرنگەی ژیانی کۆمەڵگەدا. کۆمەڵگەی کوردی نەک بیرمەند ناهێنێتە دەرەوە، بەڵکوو بەهۆی ناکارابوونی پەروەردە و فێربوونەوە، تواناکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی لەکار خستووە و لەبری ئەوە دووبارەبوونەوەیەکی بێمانا بەرهەم دێنێتەوە کە زیان بە داهێنان دەگەیێنێت. لێرەوە

فیکر لە چالاکی دەکەوێت و ناتوانێت بەهاکان وەکوو خۆی ببینێت و بخوێنێتەوە.

حەوت: ئێستا زۆربەی ڕۆشنبیران و ئەڵقەی یەکەمی ڕەهەندییەکان خەریکی سیاسەتمەدارانی کوردن و هەریەکەیان خۆیان خزاندووەتە حیزبێکی بۆرژوازی نەتەوەیی یان ئاینیی و بوونەتە مفتەوێژی ئەو سیاسییە نەخوێندەوارانەی کە ڕۆژانێک لاپەڕەیەکی کتێبێکی ئەم ڕۆشنبیرانەیان نەخوێندۆتەوە. ئەویش تەنها و تەنها لەپێناو ئەو پارە و دەستکەوتە مادییانەی کە وای لێکردوون وەکو لێبوک بکەونە شوێن ئەو سیاسەتمەدارانە. ئەمەش سەلمێنەرێکی واقیعی جوانی هەر ئەو ڕەخنە چینایەتییە جیددییەی ئێمە بوو کە ساڵەهایە لە رەهەندییەکانمان گرتووە و ناوەڕۆکە چینایەتییەکەیمان بەپێی توانا دەرخستووە.

بەم پێیە و لەژێر سێبەری ئەم واقیعیەتەی کۆمەڵگەی کوردی، دەسەڵاتی کوردی لە سێ دەیەی ڕابردوودا، پرسی ڕۆشنبیری وەکو پرسێکی جیددی تەماشا کردووە و بودجەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان کردووە تا ڕۆشنبیرانی کورد لەڕێگەی میدیای نووسراو و بیستراو و بینراوەوە بتوانن بەئەرکی خۆیان هەڵبسن. بتوانن ئیرادەی شۆڕشگێرانە لە خەڵکی کوردستان دامالن و دووریان بخەنەوە لە ڕێبازی شۆڕش و خەبات. نەک هەر ئەوەش تەنانەت شۆڕش و خەباتیان لەلا بێبەها بکەن و باوەڕی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بۆ ئاڵوگۆڕ پیدانی ژیان بگۆڕن بە باوەڕی تاکگەرایی و وەستانەوە دژ بە کاری دەستەجەمعی و لەهەمووشیان گرنگتر دژایەتیکردنی مارکسیزم و سۆشیالیزم و خەباتی کرێکارانە. لەمەشدا ڕۆشنبیران بەگشتی و ڕەهەندییەکان

بەپلە یەک لەئەنجامی غیابی هێزی شۆڕشگێڕ و پاشەکشەی مارکسیزم و چینی کرێکار لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، توانیان سەرکەوتنی مێژوویی بۆ چینی بۆرژوازی و کۆنەپەرستانی کوردستان و ناوچەکە تۆمار بکەن.

خوێنەران و ڕۆشنبیرانی کورد دەبێت جارێکی تر لەڕوانگەی شۆڕشگێرانەی مارکسەوە پرسە هەرە گرنگەکانی ژیان و کۆمەڵگە لێکدەنەوە و بزووتنەوەیەکی ڕۆشنگەری چینایەتی وەگەڕ بخەن و ستۆپێکی گەورە بە کۆنەپەرستی بکەن و ڕەوڕەوەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی کوردستان ڕووەو داهاتوویەکی ڕووناک و گەش بجووڵێنن. ئەمە ئەو ئەرکەیە کە ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ و مارکسیستی کورد نابێت بۆ ساتێک چییە فەرامۆشی بکەن.

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٢٩ ی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە.

# وردبوونەوەیەک لە ڕەوتی شیعری کرێکاریی و سۆشیالیستیی لە کوردستان،

لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ

## سەرەتاکانی سەرهەڵدان و پەیدابوونی شیعری کوردی

سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شیعری کوردی(**شیعری هۆرمۆزگان) بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی ئەوەڵی کۆچیی ئەگەڕێتەوە کە باس لە دۆخی شڵەژاو و کارەساتاوی ئەودەم ئەکات**(١)**. پیاوە ئایینییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی (مەلا و شێخ و سەید و فەقێ و میرزا)** کە لە حوجرەکانی کوردستاندا و لەژێر سێبەری خوێندنی ئەدەبی فارسیی و عەرەبیی و تورکیی خەریکی هۆنینەوەی شیعری غەزەل و ستایش و موناجاتی ئایینی بوون، سەرچاوەکانی فێربوونیان بریتی بوون لە شیعرەکانی حافزی شیرازی و گوڵستانی سەعدی و سەرف و نەحو و بەلاغە بە زمانەکانی فارسیی و عەرەبیی و تورکیی ...تاد..شیعری کوردی ئەو سەردەمە زیاتر چاولێکەری و تەقلیدی شیعری کلاسیکی میللەتانی تورک و عەرەب و فارس بووە. شیعری کلاسیکی کوردی لەڕووی زەمەنەوە دەگەڕێتەوە بۆ باباتاهیری هەمەدانیی تا دەگاتە لوتفی شاعیر. باباتاهیری هەمەدانی وەک یەکێک لە بەراییترین شاعیرە کلاسیکییەکانی

کورد جوان وەسفی ژیانی قەڵەندەری وناڵەباری خۆی کردووە. بابەتاهیر شاعیرێکی دەربار نەبووە بۆیە بەشمەینەتانە ژیاوە.

من ئەو ڕندەم کە ناوم قەڵەندەرە

نە ماڵم هەیە، نە سامانم هەیە، نەڵەنگەر

کە ڕۆژ دادێ لەسەر زەوی دەسوڕێمەوە

کە شەو دەکشێ سەرم لەسەر خشتێک دادەنێم(٢)

بابەتاهیر جگە لە وروژاندنی پرسیارە فەلسەفییەکان لەسەر مردن و ژیان و بوون و ئایین، لەهەمان کاتیشدا دۆخی ناڵەباری ژیانی خستۆتە ژێر نیگای شیعرەوە. واتە لەمێژووی شیعری کوردیدا بابەتاهیر یەکەمین شاعیرە پرسیاری چینایەتی بکات. ئەوەتا لە چوارینەیەکیدا دەڵێ:

ئەگەر دەستم بگات چەرخی گەردوون

دەپرسم لێی کەوا ئەم چوونە ئەو چوون

یەکێ پێت داوە سەد جۆر ناز و نیعمەت

یەکێکیش نانی جۆی ئاوێتەیی خوون(٣)

پرسیاری ئەوەی بۆ یەکێ برسی و یەکی تێرە، بۆ یەکێ نانی جۆ بخوات و یەکێ سەد جۆر نیعمەتی لەبەردەستدا بێ، خۆی بایەخێکی گرنگی ڕەتکردنەوەی واقیعی تاڵی ژیانە، دیارە لای بابەتاهیری هەمەدانیش کە لە ٩٦٠ ی زاینیدا لە هەرەتی گەنجی دابووە، واقیعی ژیانی لە دیدی ئایینەوە بینیوە. جیاوازی چینایەتی لای بابەتاهیر بینراوە و هەستی پێکراوە، هەڵوێستەکەشی بەپرسیار داڕشتووە. بابەتاهیر جگە لەپرسیار

کارێکی تری نەکردووە. یان باشتر وایە بڵێم هۆکارەکەی ئەو سەردەمە هەرچییەک بووبێت، نەیتوانیوە هیچ کارێک بکات و وەڵامی پرسیارەکانی خۆی وەربگرێتەوە. بەڵام لای فەقێ تەیرانی شاعیر بە ئاشکرا هەڵوێستەکە دیارە و لایەنگیری خەڵکی هەژار و جووتیاران دەکا دژ بە دەرەبەگ. تا کار دەگاتە ئەوەی دەیگرن و دەیخەنە زیندانەوە و ئازاری زۆری دەدەن، فەقێ تەیران لەسەر باوەرەکەی خۆی سوور دەبێ کە دژی زۆرداران بجەنگێ(٤).باری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە(لە بابەتاهیرەوە تا شاعیرانی سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم) هەم پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەرەبەگایەتی بوون و هەمیش کوردستان لەژێر بەرداشی ڕۆمەکان و عەجەمەکاندا بوو. ئەو دۆخە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر لە دوا بوو. ئەدەبی کلاسیکی کوردیش هەر ئەو دۆخە دواکەوتووەیان عەکس کردۆتەوە. عیشق و موشتەقاتەکانی عیشق لەلایەک و ئایین و موشتەقاتەکانی ئایین لەلایەکی تر توانیویانە بنەماکانی شیعری کلاسیکی پێک بێنن. ئەم دۆخە گەلێ شاعیری هێناوەتە بەرهەم، هەر لە بابەتاهیری هەمەدانییەوە تا دەگاتە ئەحمەدی خانی و عەلی بەردەشانی و وەفایی و مەولەوی تاوەگۆزی و نالی و مەحوی و سەیید یاقوبی ماهیدەشیتی و مستەفا بەگی کوردی و بێسارانی و دەشتی و فەقێ قادری هەمەوەند و مەستوورە خانی ئەردەڵانی و مەلایێ جزیری و و مەلای جەباری و ئەسیری و سالم و خالۆ و کامیل و حەریق و حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و شێخ نورەدینی بریفکانی و ئەحمەد ناڵبەند و ڕەنجوری و صەیدی و ناری و ئەدەب و ئەختەر و ..تاد. لەو سەردەمە واتە لە دەیەی دەیەمی زاینی تا

کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەهەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم هـیچ ئـاڵوگۆڕیکی ئـابووری کە جێـی سـەرنج بێـت، ڕووی نەداوە. پیشەسـازی بـوونی نەبـووە. ئەوەی هەبـووە کـۆمەڵی پیشـەی دەستکرد هەبوونە کە پێداویستییەکانی ژیانی ئەو سەردەمەیان پڕ کردۆتەوە. ئەم پیشانەش بریتی بوونە لە مسگریی و جۆلایی و ناڵبەنـدیی و سـەراجیی و سـابون دروسـت کـردن و ڕسـتن و چنین و دارتاشی و ..تاد، بۆیە هـیچ شـوێنەوارێکی کرێکار(بەمانا سیاسـیی و سـەردەمییە چینـایەتییەکەی) لە گـۆڕێ نەبـووە. کۆمەڵگە، کۆمەڵگەی فیوداڵی بووە. جیوپۆلیتیکی کوردستان لەو قۆناغەدا زۆر جیاواز بووە لە ئەمڕۆ. ئەو سەردەمە (سـەرەتای سـەدەی بیست) نە وڵاتـانی عێـراق و تورکیا و سوریا بوونیان هەبـووە و نە کوردسـتانیش دابەشـکراوەتە سـەر ئەو چـوار دەوڵەتە. کـوردیش وەکـو نەتەوە نەیتوانیـوە خـۆی بناسـێنێ و نەشـیتوانیوە خـۆی بنوێنێ. پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانی کـورد زیاتر پەیوەندییەکی خێڵەکیی بووە. زیاتر ژمارەیەک هۆز و خێڵ و تیرە بوونە و یان گەرمیان و کویستانیان کردووە، وەیان لە شارەکان و گوندەکانی کوردستان نیشتەجێبوونە.واتە بنەماکانی نەتەوە بـوون، بـوونی نەبـووە. ئەم گـروپە کـوردانە گەرچـی زمانیان کوردی بووە بەڵام بە چوار تا پێنج شێوەزار دواون و گفتوگۆیـان کـردووە و لە زمـانی سـتاندارد بێـبەش بـوونە. ڕێژەیەکی گەلێ زۆریان نەخوێنەوار بوونە و خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بوونە. بەکورتی ستایلی ژیانی کورد لەو سەردەمە دواکەوتـووانە و پەیوەنـدییەکانی بەرهەمهێنـانیش دەرەبەگـایەتی بـووە. حـوجرە و مـزگەوت و خانەقاکـانیش لەپـاڵ پەرسـتگاکانی جوولەکەکـان و زەردەشـتییەکان و کڵێسـاکانی مەسـیحییەکان و

کلـدانی و ئاشـوورییەکان لەژێـر هەژمـوونی دەرەبەگ و میـر و ئاغا و فەرمانڕەواکانی ئەو سەردەمە بوونە. کوردیش سـەرباری مەســـــیحی و جــــوولەکە و یارســــانی، زۆربەی هەرە زۆری موسـوڵمان بـوونە، بـۆیە جێگاکـانی پەیڕەویـی ئـاینی ئیسـلام کە بـریتین لەحـوجرە و مـزگەوت و خانەقاکـان، بـوونەتە شـوێنی فێربوونی خوێندەواری. فەقێ و مەلا و سـوختە و میرزاکـان هەر هەموویان دەرچووی ئەو جێگایانەن. هەندێکیان هەر بە موعینی و مەلایــی نەدەوەســتان و بەردەوام دەبــوون لە خوێنــدن تــا دەبـوونە دوانـزە عـیلم. نـابێ ئەوەشـمان لەبیـر بچێـت کە ئەو مـزگەوت و خانەقـا و حـوجرانە لەژێـر چـاودێری و تەنـانەت تەمـوینی ئاغـا و دەرەبەگەکـان بـووە. دیـارە ئەوانـیش درێغیـان نەکردووە لە ستایش و پشـتیوانی زوڵـم و چەوسـانەوەی ئاغـا و دەرەبەگەکـــان. پرۆگرامـــی خوێنـــدنیش بەگشـــتی لە زۆربەی ناوچەکـانی کوردسـتان چـوونیەک بـوونە و هەموویـان هەر ئەو سـەرچاوانەیان لەبەردەسـتدا بـووە کەلەو سـەردەمەدا ڕەواجیـان هەبـووە چەشـنی نەحـو و سـەرف و شـەرحی جـامی و فـیقهە و تەفسـیر و تەجویـدی قورئـان و ئەدەبیـاتی فارسـی و زانسـتی شــەرعیی و ئەدەبــی عەرەبیــی و فەرمـوودەو کەلام و بەلاغە و سیرە. فەقێ و مەلاکانیش هـاتوون تەقلیـدی شـاعیرانی فارسـی و عەرەبیــان کــردۆتەوە و بە زمانەکــانی عەرەبــی و فارســی و کوردی وتورکی شیعریان نووسیوە. شاعیرانی کلاسیک زمـانی کوردی بۆیـان ئەولەویەت بـووە و هەوڵیـان داوە ئەسـپی خۆیـان لەو مەیـدانەدا تـاو بـدەن، لەهەمـان کاتیشـدا پەرەپێـدانی زمانیـان نەکردۆتە ئەسڵ ئەوەندەی خەریکی بەلاغە بوونە، ئەوەندە بەلای داهێنــان و داتاشــینی وشــەی کــوردیەوە نەبــوونە. بەڵام نــابێ

ئەوەشـمان بیـر بچێت کە شـاعیری کلاسـیک بەرچـاو ڕوون و خوێندەوار و ڕۆشـنبیری سـەردەمی خۆیەتی، چونکە "شـاعیری کلاسیک هەڵکەوتەی سەردەمی خۆیەتی کە دواجـار دەبێتە هـزر و ئاوەزی خەڵک وئـاوێنەی باڵانومـای خواست و خەونـی خەڵک هەر بـۆیە شـیعری شـاعیر بەر لەوەی بەرهەمـی شـکۆمەندیی شـاعیرانە و دەسـتکردی سـیحراویی سـاحیرانەی خـۆی بێـت، دەربـڕی هەسـتی جەمـاوەری و دەرخەری خەون و خواسـتی گشتییە"(٥). ئێمە لەڕێگەی شیعری کلاسیکەوە دەتوانین پەی بە پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان و خۆشەویسـتی و جێـوڕێی ژن و ڕۆڵی ئایین و هەروەها ڕۆڵـی دەسـەڵاتی سیاسـی ئەو سـەردەمە بـبەین. لێرەشـەوە دەتـوانین پەیوەنـدییەکانی بەرهەمهێنـان و هەروەهـا هێزەکـانی بەرهەمهێنـان و دژایەتـی نێوانیـان ببینـین و بتوانین ئەو وێنەیە نیشان بدەین کە کۆمەڵگەی کوردی چلۆن دژ بە دەسـەڵاتی دەرەبەگـی ئەوکـات ململانێکـانی خـۆی بـردۆتە پێشەوە. دەوری مەلاکان چی بووە لەم ململانێیەدا؟ شـاعیران کە زۆربەیـان مەلا بـوون چ تەرەفێکیـان هەڵبـژاردووە و لایەنگیـری کێیـان کـردووە؟ چینـی جووتیـار وەک چینـی بەرهەمهێـنەری کۆمەڵگە بۆ باشتربوونی هەلومەرجی ژیانی دژ بە دەرەبەگ چی کـردووە و شـاعیرانی ئەو سـەردەمە چ ڕۆڵێکیـان گێـڕاوە لەو بـوارەدا؟ بەهەرحـاڵ وەڵامـدانەوەی ئەم پرسـیارانە ئەرکـی ئەم نووسینە نییە تەنها یەک ئاماژە نەبێت ئەویش ئەوەیە شـاعیرانی کلاسـیک بەگشـتی (دیـارە هەموویـان نـا) لە ئەتمۆسـفیری دەرەبەگەکانـدا ژیـاون (دوور لە کـوێرەوەری و چەوسـانەوەلە کۆمەڵگـایەکی تێر و تەسـەل و بەختیـاردا، لە کۆمەڵگـای پاشـا و میر و سەردارانـدا ژیاون.تەنیا باس باسی زوڵفی درێژ و چاوی

بە خەو وگەردنـــــی زەرد و ســــینگی بلـــووورین بـــووە، هەڵبەســـتەکانیان بـۆ ڕابـواردن و ســوودی دەســتە و چینـی کاربەدەستان بووە. وەک بڵێی میللەتی کوردمان لەو سـەردەمەدا مەلەوانـی کردبـێ لەنـاو دەریـایەکی پـڕ لە خێـر و خۆشـی و بەختەوەریـــدا. بەڵام ئایـــا ئەوە ڕاســـت بـــووە و ئەو جـــۆرە شیعرانەیان باری ژیانی ڕاستەقینەی زۆربەی میللەتی کوردی نوانـدووە و ئـێش و ئـازاری ژیـانی ناسـۆری چینـی جووتیـاری چەوسـاوەی دەربڕیـوە؟ لەوەڵامـدا پـڕ بەدەم دەڵـێم: نەخێـر!!(٦) واقیعیەتـی ئەم (نەخێـره!) لە مێـژووی تۆمـارکراوی ئەدەبـی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ. نموونەش مەحوی شاعیر کە بە شیعر بەشان و باڵی سـەرکەوتنی سوڵتان عبدولحەمید هەڵگوتووە و ستایشـــی شـــایەکی ســـتەمکاری وەک حەمەعەلـــی قاجـــاری کـردووە(٧). بـۆیە ئەگەر لێـرە و لەوێ وەک حـاڵەتێکی دەگمەن ببینین کە شاعیرێک لە داب و نەریتی چینایەتی هەڵگەڕابێتەوە و لە خـــانەوادەیەکی نـــیمچە ئەرســـتۆکراتی بووبێـــت و ژیـــانی هەژارانەی بـــۆ خـــۆی هەڵبژاردبێـــت(٨). ســـەلامی شـــاعیر بە جورئەتەوە هەڵدەستێ بە هەڵگەڕانەوەی چینایەتی و هەڵبژاردنی ژیانێکی تر جیاواز لەوەی تیایدا پەروەردە بووە.

ئەی دوژمنی قەومی هەژار

برسیکەری گشت کرێکار

خاوەن پارەی هەموو ئەعمار

گەلت سووتان تۆ بەیەک جار

پارەت هەمووی چەشنی ڕاوە

حیله و فێڵ و بەن و باوە(٩)

یان دەڵێ:

خەریکی ئیش و کار ئەبم

کرێکاری بەکار ئەبم

دوور لە دەرد و ئازار ئەبم

پشتیوانی هەژار ئەبم

ناچمە سجن و ناچمە زیندان

خزمەت ئەکەم بۆ نیشتمان(١٠)

ئەم هەڵوێستە چینایەتییە هەر لای سەلامی شاعیر ڕەنگ نەداتەوە، بەڵکو ژمارەیەک شاعیری تر بەر لە سەلام و دوای سەلام هەڵوێست دەنوێنن. بەڵام جگە لە شێخ سەلام کەسی تر لە چینەکەی و بەرژەوەندی چینەکەی هەڵنەگەڕاوەتەوە. ئەحمەدی خانی (١٦٥١ - ١٧٠٧) و حاجی قادری کۆیی(١٨١٧ – ١٨٩٧) و زێوەر(١٨٧٥ – ١٩٤٨) و قانع (١٨٩٨ -١٩٦٥)و حەمەساڵح دیلان(١٩٢٧ – ١٩٩٠) و کامەران موکری (١٩٢٩ – ١٩٨٦) و عەبدوڵاپەشێو و تاد. شاعیرانی نەتەوەیی کورد بوونە وکوردن، هەوڵیان داوە بەشیعر بیری نەتەوایەتی گەشە پێبدەن.

ڤێگرا بکرا مە ئینقیادەک

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک

هەمیا ژ مە را دکر غولامی

روم و عەرەب و عەجەم تەمامی

تەحسیل (تحصیل) دکر مە عیلم و حیکمەت

تەکمیل دکر مە دین و دەولەت(١١)

لەو سەرەتای سەدەی بیستەمەوە مەسەلەی نەتەوایەتی و هەستی کوردایەتی وەک بزووتنەوەیەکی فیکریی – سیاسیی گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگە دەتەنێتەوە و وردە وردە بەرەو گەشەکردن و پێگەیشتن دەچێت، تا لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەگاتە ئەوجی پێگەیشتن. دیارە نابێ ئەوەشمان بیر بچێت کە گەشەی بیری ناسیونالیستی کورد لای شاعیرانی کلاسیک لەسایەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتییەوە چۆتە پێش. واتە دەتوانین بڵێین لە سەردەمی بابەتاهیرەوە تا شاعیرانی سەرەتای سەدەی بیستەم ژیانی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی سێبەری خستۆتە سەر شاعیرانی کلاسیکی کورد و بەرهەمە شیعرییەکانیان و لەوێشەوە هەڵوێستەکانیان. چونکە "چیرۆکی لە دایکبوونی نەتەوە تەمەنێکی هێندە درێژی نییە. هاتنە دنیای ئەم دیاردەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە سەرهەڵدانی بورژوازی لەناو جەرگی نیزامی دەرەبەگایەتی"(١٢). بەڵام سەرهەڵدانی بورژوازی و گەشەی مانیفاکتۆرە لە کۆمەڵگەی کوردستان ناکۆک بوونە لەگەڵ پەیوەندییەکانی نیزامی دەرەبەگایەتی و لەلایەکی تریشەوە گەشەی پیشەسازی ڕۆژئاوا بێ کاریگەر نەبووە و دۆزینەوەی بازاڕی نوێ و هێزی کاری هەرزان و ماتریالی گەشەی پێشەسازی هۆکار بوون بۆ هەڵمەتی ئیمپریالیزمی خۆرئاوا بۆ کشان بەرەو کیشوەرە برسی و دواکەوتووەکان لەوانەش ڕۆژهەڵاتی ناوین. بەمجۆرە داگیرکارییەکان لەسەر

بناغەی پێداویستی گەشەی ئابووری کۆمەڵگەی خۆرئاوا هاتە پێش و بوو بە ئەمری واقیع. ئەم داگیرکارییەش جگە لە ماڵوێرانی و کوشتار و شەڕ و ئاوارەیی، جێگۆڕکێیەکیش بوو بە هێزە خۆداسەپێنەر و لۆکاڵییەکان و ئاڵوگۆڕ پێکردنیان بە هێزگەلێکی نوێ. لە خۆرهەلات و بەتایبەتیش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەسەڵاتی عوسمانی بەرەو کۆتا چوو وئیمپریالیزمی بەریتانیا و فەرەنسا هاتنە نێو هاوکێشە سیاسییەکان و بوونە بڕیاردەری سیاسی و ئابووری یەکەم لە ناوچەکە. ئەم ئاڵوگۆڕە لە پێکهاتەی سیاسیی دەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوین بوو بە مایەی بەرجەستەبوونەوەی دوو ڕاستی حاشاهەڵنەگر لە ناوچەکە:

یەک: بوو بە هۆی ئاشنابوونی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە ئامێر و ئامڕازی پیشەسازی نوێ،لەوێشەوە پێوستیان بە کرێکاری خاوەن تەکنیک و شارەزایی تایبەت بوو تا بەکار بهێنرێن. بەمەش کرێکار دەچێتە دۆخێکی ترەوە و بە دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ ئامرازە نوێکان، هۆشیاری چینایەتیشی دەچێتە سەر.

دوو: لەڕووی سیاسییەوە بوو بە هۆی ئاشنابوونی بەشمەینەتان بە سیستەمی پەرلەمان و دیموکراسی بورژوازی خۆرئاوا. کە ئەمەش دەرگا کردنەوەیەک بوو یان نەفەسکێشێک بوو دژ بە ئیستیبدادی دەرەبەگایەتی.

لەم نێوەشدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین کەوتە بەر دابەشکردنێکی سیاسیی – ئابووری نوێ و نەخشەی تازە هاتە گۆڕێ و چەندین وڵات هاتنە دامەزراندن لەوانە عێراق وتورکیا و سوریا (١٣). کوردیش وەکو میللەت دابەشکرایە سەر چوار

دەوڵەت و چارەنووسی سیاسی بەسترایەوە بە هەریەک لەو وڵاتانەی بەسەریاندا دابەشکرا(١٤). شاعیرانی کلاسیکی کوردیش دوای ئەو هەڵومەرجە نوێیە وردە وردە ڕووبەڕووی دۆخێکی تازەتر بوونەوە و ئەمەش وای لێکردن جۆرە یاخیبوونێک تیایاندا ڕوو بدات و لەبری تەسلیمبوون بە دۆخی تازە کەوتنە خەبات دژ بەو دۆخە و گەڕان بەدوای ئازادیدا. لە ئەم دۆخە نوێیەدا کە دەتوانین بڵێین دۆخی گواستنەوە بوو لە دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری، چینێکی تر بەڵام نوێ (چینی کرێکار) سەرهەڵدەدات و دێتە مەیدان و پەیوەندییەکان و هێزەکانی بەرهەمهێنان دەگۆڕێن. چینی کرێکار ئەو چینە تا سەر شۆڕشگێڕە چۆن دەتوانێ مۆری خۆی لەهەموو جووڵانەوە و ئاکسیۆنێکی کۆمەڵایەتی سیاسیی بدات و ئینجا ببێتە خاوەن ئەدەب و هونەری تایبەت بە خۆی و ئەو ئەدەبە چ بەشدارییەک دەکات لە خەباتی کرێکاران دژ بە سەرمایەداری؟ شیعری کرێکاری کەی سەری هەڵدا؟ شاعیرە کرێکارییەکان کێن و چ بەرهەمێکیان پێشکەشی چینی کرێکار کردووە؟ تایبەتمەندییەکانی ئەو شیعرانە چین؟ ئەمە ئەو پرسیارانەن هەوڵ دەدەم لە چەند دێری دادێ تیشک بخەمە سەریان.

## کۆڵۆنیالیزەکردنی خۆرهەڵاتی ناوین و سەرهەڵدانی چینی کرێکار

گەشـەی نیزامـی سـەرمایەداری خۆرئـاوا و زۆر بەرهەمهێنـانی کاڵا پێویستی بە بازاری نوێ هەبوو بۆ ساغکردنەوە.ئەم کاڵا ساغکردنەوەیە هەندێجار بە ئاشتی لەرێگەی دیپلۆماسییەوە و هەندێجاری تریش بە جەنگ چووەتە پێش. خۆرهەڵاتی ناوین هەر لە سـەرەتای سـەدەی چـواردەوە، ١٣٠٠ی زاینیـی، لەژێـر هەژموونی ئیمپڕاتۆری عوسمانی بوو تا ساڵی ١٩١٨ کە جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی هات و ئەو ئیمپراتۆرەش هەڵوەشایەوە. جەنگـی جیهـانی یەکەم لە بەرژەوەنـدی دەوڵەتـانی بەریتانیـا و فەرەنسـا و ئەمریکـا کۆتـایی هـات. بەریتانیـا و فەرەنسـا خـۆرهەڵاتی ناوینیـان لەنێـوان خۆیانـدا دابەشـکرد. هـاتنی ئیپمریالیزمی بەریتانیا و فەرەنسا بۆ خۆرهەڵاتی ناوین جگە لە دووبارە کێشانەوەی نەخشەی ناوچەکە و دروستکردنی وڵاتانی عێراق و سوریا و تورکیا و هەروەها دانانی سیستەمی سیاسی نـوێ بـۆ ئەو وڵاتـانە، وردە وردە لەگەڵ گـۆمەڵگە ڕووبەڕووی ئاڵوگۆڕی تازە دەبۆوە. ئیمپریالیستان لەپێناو قازانجی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەی زیاتر بە ناچاری هەندێ کاریان کرد لەوانە ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر و کردنەوەی بەندەرە ئاوییەکان و لێـدانی بیـرە نەوتەکـان و هێنـانی چاپخـانە و تـاد. بەمەش ئیپمریـالیزمی بەریتانیـا و فەرەنسـا کەوتـنە خسـتنەگەڕی هێـزی کـاری هەرزانـی ئەو وڵاتـانە و ئەمەش خـۆی بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی چینێکـی تـازە (چینـی کرێکـار). گەرچـی چینـی کرێکـاری عێـراق کە لە ڕووی سـەرهەڵدان و گەشـەکردنەوە

جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ چینی کرێکاری وڵاتانی ناوچەکەدا نییە(١٥) کە دەستپێکی بزووتنەوەکە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەوە دەست پێدەکات، بەتایبەتی دوای ڕیفۆرمی عوسمانی لە بواری زەوی(١٦). پەیدابوونی چینێکی کۆمەڵایەتی نوێ لە هەناوی نیزامی دەرەبەگایەتیدا خۆی بەمانای ڕەتکردنەوە و نەفیکردنەوەی دەرەبەگایەتییە. هەرچەندەش لەدوای پەیدابوون و سەرهەڵدانی ئەو چینەش، دەرەبەگ و پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی هەر مابوون و مەسەلەی زەوی یەکلا نەبووبووەوە و جووتیارانیش لەژێر ستەمی دەرەبەگدا دەیان ناڵاند، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگە تا دەهات زیاتر بەرەو سەرمایەداری هەنگاوی دەنا. جووتیاران و کرێکاران شانبەشانی یەکتر لە کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوین و بەتایبەتیش لە کوردستان بوون بەو واقیعەی کە جووڵانەوەکانیان مۆرکی خۆیان بە ڕووداوە سیاسی و ئابوورییەکانەوە دەنا. بەشێک لە شاعیرانی کوردیش ئەوانەی لایەنگر و بزوێنەری بزاڤی ڕۆشنگەری بوون لە کوردستان، حوجرە و دیوەخان و مزگەوت و خانەقاکانیان جێهێشت و هاتنە ناو کۆمەڵگەوە، لە شیعر و بەرهەمەکانیان کەوتنە گوزارشت کردن لەو واقیعە تاڵەی کۆمەڵگەی کوردی.واقیعێک کە تەنها بە چاویلکەی شاعیرانی دەرەوەی ڕەوتی باوی دەرەبەگایەتی – سەرمایەدارییەوە دەبینرا، بەڵام ئەو شاعیرانە بە هیچ جۆرێک هەڵە نەبوون کە حوجرە و خانەقاکانین واز لێهێنا و پێیان وا بوو دەبێ سود لە زانستی خۆرئاوا وەربگرن. لێرە بەدواوە قۆناغێکی تازە دەست پێدەکات و ئیتر شیعر لە نێو مزگەوت و حوجرە و خانەقا و دیوەخانەکان دەهێنرێتە دەرەوە و تێکەڵ بە کۆمەڵگە دەکرێت.

قۆنـــاغێکی ڕۆشـــنگەری لەنێـــو بـــزووتنەوەی ئەدەبـــی کوردیـــدا سـەرهەڵدەدا و شـاعیران دەکەونە دەرەوەی پـووڵ و سـەدەقەی دەرەبەگ و بە هەژاری بەڵام بە هەڵوێسـتانە دەژیـن. شـاعیرانی ئەو ســـەردەمە شانبەشـــانی سیاســـییەکانی کـــورد لە هەوڵـــی هۆشـیاکردنەوەی خەڵـک دەبـن. ڕۆژنـامە و گۆڤارەکـانی وەکـو (هەتـاو، ژیـن، ژیـان، گەلاوێـژ، یادگـاری لاوان و دیـاری لاوان، تێگەیشـتنی ڕاسـتی، هیـوا، زاری کرمـانجی، ئـازادی، ڕۆنـاهی، ،..تاد) ڕۆڵیان گێراوە لە سەپۆرتی ئەو بزووتنەوە ڕۆشنگەرییە و تـــوانرا کـــاریگەری بـــاش بەســـەر کـــۆمەڵگەی دواکەوتـــووی کوردستان دابنێن. شاعیرانی ئەو سەردەمەش هەر کەس بەپێی بیروبـــاوەڕ و تێگەیشـــتنی خـــۆی بـــۆ دونیـــا و کـــۆمەڵگە و ئەدەب،چالاکـــانە لەو بـــزووتنەوە ڕۆشنگەرییەدابەشـــدارییان کردووە. ئامانج لەم بزووتنەوە ڕۆشنگەرییە هەوڵدان بوو بۆ:

یەک: پەنجەخســـتن بـــۆ ســـەر دەردە کۆمەڵایەتییەکـــان و ســـەرچاوەی دواکەوتـــوویی کـــۆمەڵگەی کـــوردی و لەوێشـــەوە نیشـــاندانی چارەســـەر کە هەر زانســـت و خوێنـــدەواریی دەتوانێکۆتایی بەم مەینەتییانە بێنێت.

دوو: بەرچاوخستنی داخوازییە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان و مەسەلەی ئازادی و تێکهەڵکیشکردنی ئەدەب و سیاسـەت وەک دیاردەیەکی نوێ لە ئەدەبیات بە زمانی کوردیدا هاتە ئاراوە.

ســـێ: ڕزگـــاری ژنـــان و تەماشـــاکردنیان وەکـــو ئینســـان و بانگەوازکردنیان بۆ مەیدانی خەبات.

ئەم دۆخە لەژێـــر کـــاریگەری هەردوو جـــۆری ئەدەب (ئەدەبـــی نەتەوەیـــی و ئەدەبـــی سۆشیالیســـتیی)دەچووە پێشـــەوە و

هەریەکەشیان بە ئاسۆ و تێڕوانینی سیاسی چینایەتی خۆیان گوزارشتیان لە دۆخەکە و دیاردەکان کردووە. سیستەمی چینایەتی دەرەبەگایەتی نەیدەتوانی لەئاست گۆڕانەکان بێت و وەڵام بە کێشە جەوهەرییەکانی ژیانی ئینسانەکان بداتەوە، بۆیە ناکۆکییەک سەرتاپای سیستەمەکەی تەنیبووەوە. بۆیە بێهۆ نییە جووتیاران لە ئەنجامی ستەم و چەوسانەوەی بێئەوپەڕی دەرەبەگەکان، دەستیان دایە ڕاپەڕین و جوانترین مێژوویان بۆ خۆیان تۆمار کرد(١٧).تایبەتمەندی ئەو قۆناغە لەوەدایە لە کاتێکدا جووتیارانی بێبەش لە ژیان و زەوی لەژێر سێبەری سیستەمی دەرەبەگایەتی لە لادێکان لەوپەڕی چەوسانەوەدا بوون، جووتیارانیش سەرباری ئەرکی قورس و ژیانی پڕ لە مەینەتیان، دەبوایە تێبکۆشن دژ بە دەرەبەگایەتی. گەلێک لە شاعیرانی ئەو قۆناغە پاڵپشتی جووتیاران دەکەن و هانیان دەدەن بۆ خەبات لە پێناو ئازادیدا.

توتنەوانێکی هەژارم

بێ خانوو بێ زەوی و زارم

منداڵم ڕووت و برسییە

ژیانم پڕ مەترسییە

ڕووم نییە بچمە نێو خەڵک

بێ بەرگو پێڵاو بێ کەڵک

بەڵام چبکەم چارەڕەشم

خەرمانم زۆرە و بێبەشم

خۆم و خێزان گەورە و بچووک
ڕادەپەڕین وەکو هەلووک
یا قوڕکاری و خشتەبڕین
یا چووتە و زەوی هەڵدڕین(١٨)

جووتیار لێرەدا لای شاعیر وەکو تاک نەک چین گوزارشتی لێکراوە. هۆشیاری چینایەتی چینی جووتیار لەو ئاستەدا نەبووە کە بتوانێ شۆڕش هەڵگیرسێنێ و بەرپا بکات.

من جووتیارم، من جووتیارم
من لەگەڵ هەتاو هاوکارم
من بە ئارەق و ئەو بە تین
دامان ڕشتووە بناغەی ژین
باسکی من و تیشکی ئەوی
بژیودەستێنین لە زەوی
گەر جووتیار ئارەق نەڕێژێ
گەر هەتاو تیشک ناوێژێ
دانیشتووی ناو کۆشک و قەڵا
دەخۆن نانی گەڵا گەڵا؟(١٩)

دەرخستنی باری نالەباری ژیانی جووتیار لە کۆمەڵگەی کوردی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری کوردیدا ڕەنگە بتوانێ واقیعیبوونی دەقی شیعری نیشان بدات، بەڵام ناتوانێ شۆڕشگێڕییەتی ئەو چینەی کە لەڕووی مێژووییەوە ڕۆڵی چینایەتی بەسەر چووە، گوزارشت لێ بکات. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە جووتیاران ناشۆڕشگێڕن، یان ناتوانن شانبەشانی کرێکاران شۆڕش بکەن.

بەتــایبەتیش لەســەردەمێکدا چەنــدین ســاڵ دوای بەرپــابوونی شۆڕشــی مەزنــی ئوکتــۆبەر بە رابەرایەتــی لینــین و زاڵبــوونی ئیدەی سۆشیالیزمی ستالینی لە خۆرهەڵاتی ناوین، بانگەوازی یەکگرتنی جووتیاران گەرچی لەژێر گاریگەری شۆڕشی چینیش بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی لەلایەن خوێنەری زیرەکەوە دەیان نیشانەی پرسیار لەسەر ئاگایی ئەو شاعیرە دابنرێت.

یەکگرن ئەی چینی جووتیار یەکگرن

یەکگرن ڕۆڵەی کرێکار یەکگرن(٢٠)

شــاعیر ئەو هاوســەنگەربوونەی جووتیــاران و کرێکــارانی وەک پیــرۆزییەک نیشــان داوە. قــانع لە ڕۆژگارێکــدا ژیــاوە (١٨٩٨ – ١٩٦٥) کە کۆمەڵگای عێراق و کوردستان سەرمایەداری بووە. لێســـەندنەوەی ســـیفەتی شۆڕشـــگێڕێتی لە چینـــی کرێکـــار و بەخشـــینی بە جووتیـــاران کە هـــیچ ڕۆڵێکیـــان لە پرۆســـەی بەرهەمهێنـانی سـەرمایەداریدا نییە، نەک هەڵەیەکی بەڕێکەوت، بەڵکو نیشانەی نائاگایی شاعیرە لە دونیای دەوروبەر.

با سێ قات نەبێ خانوو و سەراکەت

پارەی قاتێکیان بدە بە براکەت

دەوڵەمەند مەڵێ هەوڵی بۆ خۆیە

نەبوونی هەژار نەبوونی تۆیە (٢١)

دیســانەوە دەچینــەوە بەردەم دەرگــای هەمــان ڕەخنــە و ناچــار دەبین ئاگایی شـاعیر شـڕۆڤە بکەینەوە. لێرە سـنووری چینەکـان سـڕاوەتەوە و دەوڵەمەنـد وهەژار کە دوو چینـی سـەرەکین لە

کۆمەڵگەی سەرمایەداری کراونەتە براو قانع ڕووی دەمی لە سەرمایەدارییە و ئامۆژگاری دەوڵەمەندان (سەرمایەداران) دەکات کە یارمەتی هەژاران (کرێکار) بدەن! ئەم ناحاڵیبوونەوە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕی کاتێ قانع باسی قانوونی سۆشیالیزم دەکات لە کاتێکدا شاعیرێکی سۆشیالیستی یان کرێکاریی نییە، ئەوەندەی شاعیری جووتیاران و لادێکانە. ئەوەندەی ئینتمای بۆ گوند هەیە، ئەوەندە ئینتمای بۆ شار و جیهانی نوێ و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری نییە. جێگۆڕکێ بە چینەکانی کۆمەڵگە و بەخشینی سیفەتی شۆڕشگێڕێتی بە زەحمەتکێشان و لێسەندنەوەی لە چینی کرێکار نەک هەر حوکمێکە دژ بە مێژوو و واقیع، بەڵکو بەرچاولێڵکردنی چینی کرێکار و خوێنەر و بیسەریشە لە ڕاستییەکان و ئاگایی سیاسی و کۆمەڵایەتییان.

هەربەپێش هەرنەپێش دەور دەوری ئێمەیە

چینی پرۆلیتار پێشڕەوی ئێمەیە

ئێمەی شۆڕشگێڕ و ئێمەی زحمەتکێش

هەر ئێمەی گلاوی ناو ئازار و ئێش

بە بێ ئێمە شۆڕش ئەنجام نادرێ

بێ ئێمە زۆرداری بن بڕ ناکرێ(٢٢)

هەرچەندە لێرە لەم سرووودەدا چینی جووتیار وەکو چینێکی شۆڕشگێڕ و بەرپاکەری شۆڕش ناسێنراوە کە کۆتایی زۆرداری لەسەر دەستی ئەو چینە فەراهەم دێت. ئەم زیادەڕۆییە یان وردتر بڵێم ناڕۆشنییە زیاتر لە زیهنییەتی

مـاویزم و بـزووتنەوە ماویسـتەکان جێـی دەبێـتەوە و بە هـیچ کلۆجێک پەیوەندی بە مارکسیزم و چینی کرێکارەوە نییە.

## کۆچ بەرەو شار و هاتنە دەرەوەی چینێکی نوێ

گەشەسەندنی کۆمەڵگە نە پرس بە کەس دەکات و نە مۆڵەتیش لە کەس وەردەگـرێ. هەر بـۆیە مێـژوو غەددارانە مـامڵە لەگەڵ گەشـەی کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی دەکـات. بـۆیە گەشەسـەندن و ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە و وردە وردە جێکەوتەبـوونی پەیوەنـدییەکانی بەرهەمهێنـانی سـەرمایەداری و پێویسـتی بـوونی هێـزی زیـاتری کـار لەپێنـاو قـازانجی زیـاتر لەلایەک و لەلایەکـــی تـــرەوە نـــابوودبوونی پەیوەنـــدییەکانی بەرهەمهێنـانی دەرەبەگـایەتی و دابڕانـی زیـاتری جووتیـاران لە زەوی، ئەو چینـەی ناچـار کـرد کـۆچ بـکەن لەلادێـوە بـۆ شـار. چـونکە (ئەو زۆرانبـازییە و ژیـانی پڕ لە دەردی سـەری لادێ و جەور و ستەمی موڵکدارە لادێ نشینەکان، لەگەڵ چەندەها هـۆی تر، چەند دەستە و کۆمەڵێکی لە جووتیار و وەرزێر و سـەپان و ڕەنجبەر و شوان و گاوان..ناچار کرد لە لادێوە بەرەو شار کۆچ بکەن و بە سەدان و هەزاران خێزانیان لە شاردا نیشتەجێ بن و بەشێکیشـیان هەردەم کـۆچ و باریـان بەسـەر شـانیانەوە بـێ و تـامی دڵنیـایی و سـەقامگیری نەکەن(٢٣). ئەم دۆخە هێزێکـی یەدەگی کـاری هێنـایە ئـاراوە و چینـی کرێکـاری پـانوپۆڕتر کـرد. ئاڵوگۆڕ لە ژیـانی پرۆلیتاریـای شـار و فراوانکـردنەوەی هـۆش و بیری ئەو چینە سەبارەت بە مانـای ژیـان و خەبات و کۆمەڵگە، کـاریگەری جیـددی لەسـەر ئاسـتی بیرکـردنەوەی ئەو تەیـفە

لەجووتیـار و سـەپان و وەرزێـر و ڕەنجـبەر و شـوان و گـاوان دانــا.(چونکە تــێکەڵاو بــوون لەگەڵ هەزاران کرێکــاری تــر و پێوەنـدی بەسـتن لەتەک ئـامێر و کەرەسـەی بەرهەمهێنــان و بنیاتنـانی نـویَ دا..کێشـەکە بەو بـارەدا دەخـاتەوە کە خۆیـان و هەزارانــی وەکــو خۆیــان دەبیــنن، نەک هەر پاشــەڕۆژێکی مسۆگەریان نییە و بەس، بەڵکو بیَ بازاڕی خۆی گەیاندۆتە تـاکە سـەرمایەکەیان، کە ئەویـش هێـزی کارکردنیـانە و سـەرجەم ئەم بـارە ئالۆزەشـیان، لە ئەنجـامی بـیَ بەرییـانەوەیە لە هێزەکـانی بەرهەمهێنــان(٢٤). لەگەڵ تێپەڕبــوونی کــات و چوونەســەری تەمـاحی سـەرمایەداران بـۆ قـازانجی زیـاتر و دەسـت و پەنـجە نەرمکردنــی هەرچــی زیــاتری کرێکــاران لەگەڵ ئامڕازەکــانی بەرهەمهێنـان و تێگەیشـتن لە خـۆ وەک چینێکـی سـەربەخۆ، ئەو چینە خەملاوتر و کاملتر دەکات. خەباتی سیاسی ئەو چینە جگە لە ڕێکخـراوە کرێکارییەکـانی خۆیـان، حیزبـی سیاسـیش دێنێـتە دەرەوە. لێــرەدا زۆر گــرنگە لەو ڕاســتییە بگەیــن کە حیــزبە کۆمۆنیسـتەکانی خـۆرهەلاتی نـاوین (حیزبـی شـیوعی عێراقـی، حیزبـی تـودەی ئێـران، حیزبـی کۆمۆنیسـتی تورکیـا و حیزبـی شیوعی سـوریا) لەژێر لەژێـر سـێبەری سیاسـەتی سۆشـیالیزمی سـتالینی هـاتوونەتە دامەزرانـدن. هەر بۆیەشـە سیاسـەتەکانیان دەرهەق بە چینـی کرێکـار و خەبـاتی چینـایەتی و مارکسـیزم و سۆشـیالیزم و ڕیفـۆرم و سـەندیکا تـا دەگـاتە ئەدەبی ڕیـالیزمی ســتالینیی، سیاســەتی کرێکــاریی و کۆمۆنیســتیی نەبــووە. بەچاوخشـاندن بە ئەدەبیـاتی ئەو حیزبـانە دەردەکەویَ کە چەنـد دوورن لە چینــــی کرێکــــار و تــــا چ ئاســــتێک دوورن لە مارکسیزمەکەی مارکس.

دوای کۆلۆنیالیزەکردنی خۆرهەلاتی ناوین و هەروەها دوای خستنە ژێر هەژموونی ئەو ناوچەیەلەلایەن ئیمپریالیزمی ئینگلیزیی و فەرەنسییەوە بۆ دەسەلات و بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری خۆیان، چەند هۆکارێک بوونە هۆی جۆرێک لە ئالوگۆڕ لە ناوکۆی کۆمەلگەی کوردیدا، لەوانە:

یەک: کردنەوە و بنیادنانی ژمارەیەک کارگە و کارخانە و پرۆژەی بەرهەمێنان و گواستنەوە و دروستکردنی بەندەر و ڕاکێشانی هێلی شەمەندەفەر، ئەمەش بووە هۆی خستنە سەرکاری ژمارەیەکی زیاتری کرێکاران و پێکهاتنی گۆڕان لە جۆری بیرکردنەوە و هۆشیاری کۆمەلایەتی کرێکاران.

دوو: هێنانی چاپخانە بۆ کوردستان و دەرکردنی ژمارەیەک گۆڤار و ڕۆژنامە لەو سەردەمەدا وەکو بانگی حەق و ژین و ژیان و زاری کرمانجی و ڕۆناهی، یادگاری لاوان و دیاری لاوان و تاد، کە لەلایەکەوە بوونە هۆی بەهێزکردنی زمانی کوردی و لەلایەکی تریشەوە بوونە دەروازەیەک بۆ بلاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەوانەش دەقە ئەدەبییە کرێکارییەکان.

سێ: دامەزراندنی کۆمەلە و یانەی ئەدەبیی جۆراوجۆر وەکو یانەی سەرکەوتن و جەمعیەتی تەرەقی. ئەم یانە و جەمعیەتانە کاریان بەهێزکردنی بزاڤی ئەدەبی و سیاسیی کورد بووە لەو سەردەمەدا.

چوار: برەودان بە خوێندن و خوێندەواری و کردنەوەی قوتابخانە و دنەدانی خەلک بۆ فێربوونی خوێندەواری و ڕزگاربوون لە تاریکی و جەهل و نەزانین.

پێنج: هاتنە مەیدانی بزووتنەوە سیاسییەنەتەوایەتیو چینایەتییەکان لە کوردستان. لەم نیوەشدا چەندین حیزبی سیاسی دروستبوون.

شەش: لەم نێوەشدا بە دنە و هاندانی بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستان، ئەدیبان و شاعیران کەوتنە نووسینی بەرهەمە ئەدەبییەکان و بڵاو کردنەوەیان. ئەم بەرهەمانەش ڕەنگدانەوەی ئاستی بیروبۆچونی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکی کوردستانە. لێرەدا دوو جۆر لە ئەدەب دێتە ئاراوە و باڵادەستی خۆیان بەسەر سەرجەم بەدەنەی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا دەسەپێنن. دوو جۆر ئەدەب کە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە سەر بە دوو چینی جیاوازن. دوو بەرژەوەندی چینایەتی جیاوازیان هەیە، دوو ئاسۆ و تێڕوانینی چینایەتیان هەیە. یەکێکیان ئەدەبی کوردایەتی یان نەتەوەیی کە ئەدەبی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردیە و تا ئەمڕۆش هەناسە دەدا.(ئەم جۆرەیان جێی باسی ئەم نووسینەم نییە).دووەمیان ئەدەبی چینایەتی کرێکاران و سۆشیالیستییە، کە لەژێر هەژموون و سێبەری ئەو مۆدیلە لە سۆشیالیزمی ستالینییە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕەواجی بوو.

## سەرچاوەکانی کۆمۆنیزم لە پێش دامەزراندنی حیزبە شیوعییە تەقلیدییەکان

لە سـاڵانی ١٩١٧ ی زایینـی کە شۆڕشـی ئۆکتـۆبەری مەزن لە ڕوسـیا هـاتە بەرپـابوون، سـەدای ئەو شۆڕشـە هەر بە زوویـی گەیشتە گوێی دونیا. هەواڵی کۆمۆنیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر و خەبـاتی کرێکـاران خـۆی دەکـرد بە هەمـوو جێگـا وکـون وکەلەبەرێکی جیهان. ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوینیش بێبەش نەبوو لەو هەواڵە خۆشەی ڕزگاری کرێکارانی ڕوسیا و گەیشتنیان بە ئازادی.ئەویش لەچەند ڕێگایەکەوە وەک:

یەک: لێرە و لەوێ چ بە لایەنگر یان بە دژایەتی لە بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبیی و فارسیی و تورکییەکان باسی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و باوەڕی مارکسیزم کراوە. هەروەها نـابێ ڕۆڵـی یەکێتـی سـۆڤییەت لەیـاد بکەیـن لە دەرکـردن و چاپکردنی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانە جیاجیاکان، ئەمە سەرباری وەرگێڕانی نووسراوەکانی مارکس و ئەنگڵس و لینین بـۆ سـەر زمـانە جیاجیاکـان و بڵاوکردنەوەیـان لە ئاسـتێکی فراواندا.

دوو: ڕۆشـنبیرانی میللەتـانی سەردەسـتەی کە کوردسـتانیان بەسەردا دابەشکراوە لە جەرگەی کۆمەڵگەی دەرەبەگی خۆیاندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پـێش دەچـوون و گەشـەیان دەکـرد، هەوڵیـان دەدا لەگەڵ بیـرۆکەی سۆشـیالیزم ڕێـک بێـنەوە و ستراتیژییەتی کارکردنیان لەگەڵ ستراتیژیەتی سۆڤییەتدا کۆک و تەبا بکەن. سەرەنجامیش حیزبە شیوعییەکانی تورکیا و عێراق و

سوریا و تودەی ئێران دێنە دامەزراندن. لێرەشەوە ڕۆشنبیرانی کورد شانبەشانی ڕۆشنبیرانی عەرەب و فارس و تورک ڕۆڵی گەورە و پۆزەتیڤیان گێڕاوە لە گەیاندنی بیروباوەڕی مارکسیزم بۆ ناو چینی کرێکار و کۆمەڵگەی کوردستان.

سێ: سەفەرکردنی قوتابیان و هەروەها دەستڕۆیشتووان بۆ دەرەوەی وڵات و دەستڕاگەیشتن بە زانیاری گونجاو و نەقلکردنی ئەو زانیارییانە بۆ نێو کۆڕ و دەستەکانی شۆڕشگێڕان و لەوێشەوە شۆڕبوونەوەی ئەو زانیارییانە بۆ نێو چینی هەژاری کۆمەڵگە.

چوار: ڕادیۆ و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی خۆیان دیوە لەم بوارەدا. یەکەمین پەخشی تەلەفیزیۆنی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٦کە بە یەکەمین پەخشی تەلەفیزیۆنی عەرەبی دادەنرێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(٢٥). ئەم هۆکارانە گەرچی بەدەست ڕژێمە سەرکوتگەرەکانەوە بوون، بەڵام ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە لە وشیارکردنەوەی خەڵک و ئاگادار بوونی خەڵک لە هەواڵ و دەنگوباسی ناوچەکە و جیهان.

بەم جۆرە ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە بە تێگەیشتنی خۆیان و بەپێی ئەو زانیاری و سەرچاوانەی کە لەبەردەستیاندا بووە، مارکسیزمیان خوێندۆتەوە و هەر بەو جۆرەش لێی حاڵی بوون. ئەشکالاتێک(ئاریشەگەلێک) کە دەسەڵاتی سۆڤییەتی جاران هەیبووە و هەروەها سیاسەتێک کە سۆڤییەتی جاران گرتبوویە بەر دەرهەق بە دروستکردنی حیزبە شیوعییەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر هەموو ئەو ئاریشانەی لەگەڵ خۆیدا گواستەوە نێو ئەو حیزبانە و ئەنجامیش ئەو حیزبانە هەر لە بناغەوە بە

ناکۆمۆنیستبوونی هاتنه دامەزراندن و هەر بە نا کۆمۆنیستبوونیش هەناسەیان دا. شیعارات و سیاسەتی ئەو حیزبانە غەیرە کۆمۆنیستی بوو و هەرچەندەش لەهەر وڵاتێک تا ئاستێک لە چینی کرێکارەوە نزیک بوون و تەنانەت لە چەندین وڵاتیشدا دەسەڵاتی سیاسییان گرتە دەست، بەڵام هەمیشە مەودایەکی بەرین لەنێوان ئەو حیزبانە و مارکسیزمدا هەبووە. شاعیرانێکیش کە لەم حیزبانەدا ئەندام یان هەوادار یان لایەنگر بوونە و ویستویانە بە شیعر گوزارشت لە بیروباوەڕی خۆیان بکەن، هاتوون هەمان شیعارو سیاسەتی حیزبیان بەیان کردووە کە لە باشترین حاڵەتدا پشتیوانی کردنی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و سۆشیالیزمەکەی ستالین و تەنانەت ستایش و پیاهەڵگوتنبە ستالین بوو.

بۆ هەموو کوردی وڵات پێویستە

کە ببێژێ بەسەدای بەرز و مەتین

بۆ هەژارپەروەری و عەدل و داد

بژی ئیستالین و شاد بێ لینین(٢٦)

یان وردتر، شوناسی مارکسیی دان بە کارو سیاسەتی ستالین وەک سەپۆرتێکی شیعریی بەهێز لای گۆران دەگاتە چڵەپۆپە.

شەبەقێک لە ڕۆژی مارکس و لەنین

مەشخەڵ بۆ دەستی هاوڕێ ستالین(٢٧)

ئەم ئینتمایەی شاعیر و ئینتمای گەلێ شاعیری تر، ئینتمایە بۆ ئۆردوگای بەناو سۆشیالیستی بەڕابەری یەکێتیی سۆڤییەتی

جاران نەک بۆ مارکسیزم. بۆیە دەبینین زۆربەی زۆری ئەو شاعیرانە دوای بڕگەیەک لە زەمەن بارگەی چینایەتیان دەپێچنەوە و ڕوو دەکەنە هەواری بۆرژوازی و نووسینی شیعری نەتەوەیی وەک هەژار موکریانی و عەبدوڵا پەشێو و زۆری تر. بەڵام تیاشیاندا هەیە تا سەر ئاوی لەو ئینتمایە خواردۆتەوە و تەنانەت گیانیشی داوە لەپێناو باوەڕەکەی وەک شێخ مارفی بەرزنجی.

## شیعری کرێکاریی و ئاسۆی سۆشیالیستیی

### قۆناغی یەکەم

### (سەرەتای سەدەی بیستەم – کۆتایی دەیەی حەفتاکان)

ڕەوتی شیعری کرێکاریی و سۆشیالیستیی لە کوردستان، کە خاوەن نزیک بە سەدەیەک لە تەمەنی پڕ لە هەڵکشان و داکشانە، شانبەشانی شیعری ناسیونالیستیی هەنگاوی ناوە. ئەگەر شیعری نەتەوەیی خاوەن دەیان شاعیری بەتوانا و بەهێز بووە وەک (خانی و حاجی قادری کۆیی و شێختاهیری هاشمی و دیلان و کامەران موکری و شێخ نوری شێخ ساڵح و زێوەر و ئەسیری و تاد)، ئەوا شیعری کرێکاریش دەیەها شاعیری بەتوانای هەبووە و هێناوەتە دەرەوە لە چەشنی ( قانیع و گۆران و سامی عەودالّ و زەینەبخان و دڵشاد مەریوانی و جەمیل ڕەنجبەر و دڵزار و عوسمان عوزێری و شێخ مارفی بەرزنجی و خالید دلێر و تاد). ئینتمای چینایەتی و سیاسی زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە سەر بە سۆشیالیزمی

ستالینن، واتە ئینتمایەکی ڕووکەشیی سیاسییان هەیە بۆ چینی کرێکار نەک ئینتمایەکی قووڵی چینایەتی. کاتێ شیعرەکانی ئەو تەیفە لە شاعیران دەخوێنینەوە، ئەوسا لە تایبەتمەندییەکان و جیهانبینی چینایەتیان تێدەگەین. تێدەگەین کە ئەو شاعیرانە چەند فرسەخ لە مارکسیزمەوە دوور بوونە، تێدەگەین کە چەند ڕووکەشانە ڕوانیویانەتە سۆشیالیزم. تێدەگەین کۆمۆنیست بوونی ئەو شاعیرانە، تا ئەو پەڕی ناڕۆشنی، ناڕۆشن بووە. تیایاندا هەیە شیعر بۆ پرۆلیتار دەنووسێ و ستایشی ستالین دەکات وەک فریادڕەس و زەبروزەنگی دیکتاتۆرانەی ستالین وەک دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەبینێ لەچەشنی هەژار و گۆران. هەشە شیعر بۆ کرێکار و یەکی ئایار دەنووسێ و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە تا بڵێی دواکەوتووە و بیر تەسکە وەک بەشدراو. هەشە شیعر بۆ کرێکار و سۆشیالیزم دەنووسێ و ستایشی پێغەمبەری ئیسلام و ئاینی ئیسلام دەکات وەک دڵزار. لێرەوە دەتوانین شاعیرانی ئەم قۆناغە (دیارە دیسانەوە هەموویان نا) تایبەتمەندییەکانیان ئاوا دیاری بکەین:

یەک: لەڕووی سیاسییەوە پابەندی باوەڕ و پرەنسیپی حیزبە شیوعییەکانن، بێئەوەی بە قووڵی لە ماناکانی چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی و کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم حاڵی بووبن. ئەو بەشەشیان کە سەر بە خەتی ماویزمن لە پۆپۆلیزمێکی بێمانادا نغرۆ بوونە و مەجالێکی ئەوتۆیان بۆ خەباتی چینایەتی نەهێشتۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا مەیلی ئایین و بڕوابوون بەئاینیش لەجیهانبینی شاعیرانی ئەم ڕەوتەدا هەست پێ دەکرێ. واتا سێکوچکەی جیهانبینی شاعیرانی ئەم ڕەوتە (تاکوتەرای لێدەربچێ) بریتین لە کۆمۆنیزم و ئایین و نەتەوەپەرستی.

دوو: لە ڕووی کـــــۆمەڵایەتییەوە نەیـــــانتوانیوە لە جـــــوغز و چوارچێـوەی کێشـراوی کـۆمەڵگەی دواکەوتـووی کـوردی بچـنە دەرەوە و ئـــاڵای یـــاخیبوون لە کۆتوبەنـــدی دواکەوتـــوویی کـۆمەڵایەتی هەڵـبکەن و ببـنە پێشـــەنگ بـۆ خەڵکـی هەژار و چەوساوەی کورد.

سێ: لەباری ئایینەوە نەک هەر نەیـان توانیـوە خۆیـان لە وەهمـی ئایین و کلتوری ئایینیی قورتار بکەن، بەڵکە بـوونەتە موبەلیـغ و مورەویجی ئەو کلتووورە ئایینییە دواکەوتووییە و چەندین دەقیان لەوبارەوە نووسیوە.

چوار: ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و شۆڕش لە جیهانبینی ئەم تەیفە لە شـــاعیران بـــریتییە لە بەزەیـــی بە هەژاران و کرێکـــاران و ڕیفۆرمی ئابووری.

پێنج: ناسیونالیزم هەندێکجار بە تۆخیی و هەندێجاری تریش بە کاڵی لە دەقە شیعرییەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە.

شـــەش: بەشـێکی بەرچـاوی ئەو شـاعیرانەی سـەر بەم ڕەوتە ئەدەبیـیە بـوون، دواتـر لە ڕێچـکەی نووسـینی شـیعریاندا لەم باوەڕەیـــان پاشـــگەز بـــوونەوە و بەتەواوەتـــی وەک شـــاعیری ناسیونالیستی و بۆرژوازی درێژەیـان بە نەفەسـە شـیعرییەکانی خۆیـــان داوە و دەدەن. ئەم شـــاعیرانە گەرچـــی ناویـــان لەم ئەنتۆلۆجیایەدا وەکو شـاعیرانێک هـاتووە کە شـیعریان بـۆ چینـی کرێکار نووسیوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمانە شاعیری ناسیونالیستی و بـۆرژوازین و پێـداگری جیـددین لەسـەر بەرژەوەنـدییەکانی ناسیونالیزم.

ئینتمای سیاسیی شاعیرانی کورد لەم قۆناغەدا بەسەر هەردوو تەرەفی حیزبە شیوعییە تەقلیدییەکان و کۆمەڵە و ڕێکخراوە ماوییەکانی ئەو سەردەمەدا دابەش دەبن. دیارە لەم نێوەدا شاعیرانی بەرەی یەکێتی سۆڤییەت(یان وەک دەلێن لایەنگری ڕیالیزمی سۆشیالیستیی) پشکی شێریان بەر دەکەوێ. ئەم ئینتمایەی شاعیرانی سەر بە سۆشیالیزمی ستالینیی کە ئەمڕۆ لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا لەسەر کرێکار و ئەدەبی کرێکاریی دەژمێردرێ،لەڕاستیدا چەند فرسەخ لە خەباتی چینایەتی کرێکارەوە دوورە و ڕۆشنبیرانی کوردی دژ بە مارکسیزمیش بەردەوام ڕەواجی پێدەدەن. ئەو بیرمەند و ڕەخنەگرە ناسیونالیستە بۆرژواییانە چاک دەزانن چۆن خۆڵ دەکەنە چاوی کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەتی کورد ئاگایان لەمێژووی ئەدەبی کرێکاریی کوردستان نییە، بۆیە ئەو چەواشەکارییانەی ڕەخنەگرانی ناسیونالیستی کوردیان بەسەردا تێدەپەڕێ. یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی شاعیرانی ئەم قۆناغە مەسەلەی میللی و نیشتمانە. ئەم مەسەلەیەش بە تۆخی سێبەری هەیە بەسەر جیهانبینی شاعیرانەوە. شاعیرانی کرێکاریی ئەم قۆناغە بە توندی بە نیشتمانەوە بەستراونەتەوە. نیشتمان بۆ ئەوان سەرزەمینێکە بۆ خەباتی چینایەتی و پاراستنی ئەو سەرزەمینە و ئازاد بوونی لە دیدی ئەوانەوە ئەرکی کۆمۆنیستییە. "نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار"(٢٨) بۆ نموونە چ پشت تێکردنێکە لە سیاسەتی کۆمۆنیستی. چونکە لە جیهانبینی مارکسیزمدا "کرێکاران نێشتمانیان نییە و کەس ناتوانی ئەو شتەی نییانە لێیان بسێتێنێت" (٢٩). ئەم تێکەڵییە لە سۆشیالیزم

و ناسیونالیزم بەرهەمی ئەو بەلارێدابردنەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنە کە بەڕابەرایەتی لینین سەرکەوتنی بەدەستهێنا. وەکچۆن لە سۆشیالیزمی ستالینیی، چینی کرێکار ئەو مەوقیعییەتە چینایەتییەی نییە وەک چینێکی شۆڕشگێڕ، ئاواش لە چین و جیهانبینی ماویی، جووتیاران بڕبڕەی شۆڕشن و مارکسیزم لە گرنگترین ماتریالّی خۆی بەتالّ دەکرێتەوە. لەو جیهانبینییەشدا گەل شوێنی چینی کرێکار دەگرێتەوە.

لە لادێدا لەناو وەرزێر و جووتیار

لەشاراندا لەگەڵ چینی کرێکار

لە گەرمێن و لە کوێستان

لەناو پەرێز و بێستان

لەگەڵ خوێنەران

وەتەن پەروەران

ئەکەین خەبات

لەبۆ نەجات

لە ئیستعمار(٣٠).

ئیتر وەک دەبینین چۆن گۆڕان لە جیهانبینی چینایەتی و ناوەرۆکی سۆشیالیزم دەکرێ، بەو جۆرەش زاراوە و چەمکە سیاسییەکانیش ئالّوگۆڕیان بەسەردا دێت و لە ناوەرۆکە شۆڕشگێڕانەکەیان بەتالّ دەکرێنەوە. ئەم ئەرکە کەوتە سەرشانی بورژوازی سەرمایەداری دەوڵەتی ڕووسی کە خۆی لەژێر پەردەی کۆمۆنیزم و مارکسیزمدا حەشار دابوو. کاتێکیش

نووسـەران و بیرمەنـد و ئەدیبـانی سـەر بەو ڕەوتە بـورژوازییە دێنە قسە، چەمکە سیاسییەکان شـۆڕ دەکەنەوە بۆ نـاو خەڵک و گشـتیگیری دەکەنەوە. واتە ئـیش لەسـەر بیرکـردنەوەی خەڵکـی ستەمدیدە و بەشـمەینەت دەکەن تـا وا حاڵییـان بکەن کە یەکێتـی سـۆڤییەت نمـوونەی سۆشـیالیزمی مارکسـە و سـتالینیش ئەو فریشـتەیەیە کە پـارێزەری ئەو کلتـوورە مارکسـییەیە.جا هەر هەنگاوێـک یـان دەسـتکەوتێک کە یەکێتـی سـۆڤییەت دەینـێ لە بەرژەوەنـدی کرێکـارانی جیهـانە و دژ بە سـەرمایەدارانە. بەم جیهانبینی و عەقڵییەتەوەش شـاعیرانی کوردسـتان شـیعرەکانیان داڕشـتووە و گوزارشـتیان لە دۆخـی سیاسـیی و بـاوەڕی سۆشیالیستی خۆیان کردووە.

با نەمێنێ هەرچی وەک (زالوو) بە خوێنی گەل ئەژێ

نۆرەیە ئینجا بە دەستی گەل هەموو خوێنیان ڕژێ

ئەرز و ئاو بۆ ڕەنجدەران و بۆ کرێکار کارگا

تەندروستی بۆ گەل و هەروەک هەموو بۆ خوێندگا

بێ ئەوەی ڕەنگ و زبان دابەش بکا جینسی بەشەر

هەروەکوو گورگ و چەقەڵ بۆ خوێن و گۆشتی بزن و مەڕ

با براینە بە هاوڕێتی، بە یەکسانی بژین

یا لە کۆڵگە، یا لە کارگا، یا لە خوێندنگا بژین(٣١)

شاعیر لێرە بە ڕوونی باس لە ژیانی دوای سـەرکەوتنی شـۆڕش دەکـات، یـان داواکـانی چەوسـاوەکان دەستنیشـان دەکـات. ئەو ئەرز و ئاو بۆ ڕەنجدەران و بۆ کرێکاریش کـارگە داوا دەکـات و

تەنانەت بۆ ژیانیش شێخ مارف پێشنیاری ژیانکردن دەکات لە کۆڵگە یان لە کارگە. وەک ئەوەی سۆشیالیزم بریتی بێت لە کارکردن و ژیان لەناو کارگە. ئەم بەدحاڵیبوونە بزانن چ کارەساتێکی خوڵقاندووە و کاتێ بەرهەمێکی ئەدەبی وەکو شیعر دەنووسرێت، بەم تێگەیشتنەوە چینی کرێکار لە واقیع و سۆشیالیزمی زانستی دوور دەخاتەوە و کۆیلەتی کارکردنیان بە سۆشیالیزم پێدەفرۆشیت. بەڕوونی دیارە کە شاعیرانی سەر بە ئوردووی سوشیالیزمی ستالینی بە ئەندازەی چینی کرێکار بوونەتە قوربانی. ئەوان بوونەتە قوربانی سیاسەتی سۆشیالیزمی بورژوازی. ئەوان پێیان وابوو ئەوەی ئەوان دەیڵێن و دەیکەن بۆ چینی کرێکار و ڕزگاری یەکجارەکییە، بەڵام کاتێ تەپوتۆز و گەردی سەر ئەو جیهانبینییە لا دەدەین و بە چاوی مارکسەوە لێی دەڕوانین، بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ پەیوەندییەکی بە مارکسیزم و خەباتی چینایەتی کرێکارانەوە نییە. لەوەش واوەتر هەندێ لە شاعیران هێندە ناڕۆشنن لایان وایە سکرتێری حیزبی شیوعی وڵاتەکەی یان ئەندام کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکەی نموونەی ڕابەرێکی مارکسیستی ڕۆشن و جیددیە.

ئیتر هەستا پەنای خۆی بردە بەر ئاخر چەکی پیسی

لەبۆ سێ قوتبەکەی حیزبی شیوعی جا لە سێ ئاقار

چەقاندی داری سێدارە لەچواردەی دووی چل و نۆدا

وەکو (بیری) نەمر هاوڕێ شەبیبی و فەهدی جەوهەردار(٣٢)

یانیش لە شیعرێکی تردا دەڵێ:

کە شاگردانی فەهدی قارەمانین

لەتێکۆشانی خوێنین بێوچانین(٣٣)

یان

هەموو شەوێ، هاوڕێیەکەم

بە هێمنی سەر بە ماڵی برسی و هەژاراندا دەکات

لە سۆراخی گەورە و بچووکیان دەپرسێ

باسی ڕاستی و

سەربەخۆیی و

سۆسیالیزمیان بۆ دەکات(٣٣)

هێنــانە خــوارەوەی مارکســیزم و سۆشــیالیزم و رابەرێکــی گەورەی وەکـو کـارڵ مـارکس و چڕکـردنەوەی لە سـەرکردەی حیزبێکدا و بەتـایبەتی لە کەسـێتی سـکرتێری حیـزبەکە، جگە لە نیشـانەی دووری شـاعیر لە مارکسـیزم، مانـایەکی دیکەی نیـیە. لەم بەرز و نــزمییەی نــاوەڕۆکی شــیعرەکانەوە دەگەیــن بەو ڕاستییەی کە تا چ ئەندازەیەک شاعیرەکە ئینتمای بۆ سۆشیالیزم و مارکسیزم و چینی کرێکار هەیە و تـا چ رادەیەکیش لە دۆخی سیاسیی تێگەیشتووە و گوزارشتی لێکردووە. وردتر بڵێـم تـا چ ئەنـدازەیەک شــاعیرەکان مارکســیی بــوونە و تــا چەنــدیش لە مارکســـیزمی مـــارکس تێگەیشـــتوون؟ نەک مارکســـیزمە بـۆرژوازییەکەی حیـزبە تەقلیـدییەکانی ئـوردووی سۆشـیالیزمی سـتالیین و ماوتسـی تۆنـگ و هاوشـێوەکانیان. ئەم دووریـیە لە

مارکسیزمی ئەرسەدۆکس خۆی زەمینەیەکی بەپیتی ریڤیژیونیزمە. لەم زەمینە دوورە لە مارکسیزمەوە، چینی کرێکار و خەباتی ئەو چینە نادیارە. ئەوەی هەیە خەڵک جێی چینی گرتۆتەوەو گەل بووتە پێشرەو و شۆڕشگێڕ.

ئەگەر ئێمە ڕەوتی هەموو زێرابەکان

لەناو بۆڕی ژێر شەقاما بخنکێنین

چڵک و گەردی کۆڵانی شار

بەفربەندی گەسکی تێڵا

ئارەقەی سولکەر بڕژێنین

چۆن ناتوانین چەوسێنەر وەک پەز لێخوڕین

چۆن ناتوانین خوێنمژی گەلمان سەربڕین(٣٥)

ئەم تێکەڵییەی چینەکان و سڕینەوەی مەرزی نێوان کرێکار و بۆرژوازی لەڕاستیدا وەزیفەی بیرمەند و سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرانی بورژوازییە و ئەم شاعیرە هەست ناسکەشمان هەر هەمان ڕۆڵ دەبینێ. گەشە و بەرەوپێشچوون و پاشەکشەی ئەم ڕەوتە شیعرییە بەندبووە بە مەوقیعیەتی سۆشیالیزمی ستالینی کە ئەدەبەکەیان لەژێر ناوی ڕیالیزمی سۆشیالیستیدا لەمەیداندا بوو. ئەم ڕێبازە ئەدەبییەش لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە وڵاتی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران هاتە ئاراوە و گەشەی کرد و بوو بە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی ئەنتەرناسیونالی مەزن. گەشەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی هەر تەنها یەکێتیی سۆڤییەتی نەگرتەوە، بەڵکو ئەو دەوڵەتانەشی گرتەوە کە بە دەوڵەتانی سۆشیالیست

یان بلۆکی ڕۆژهەڵات دەناسران. ئەم ستایلە لە بنچینەدا لەسەر کلتووری پرۆلیتاریاوە سەری هەڵداوە. کلتووری پرۆلیتاریاش لە هونەر و ئەدەبدا، پێداگیری ئەدەبە لەسەر خەباتی چینایەتی و بەرژەوەندی کرێکاران دژ بە بورژوازی و سەرمایەداران. ئامانجی ئەم ئەدەبە هەوڵدانە بۆ وێناکردنی ژیان و خەباتی ئەو چینە لە پێناو ڕزگاری یەکجارەکی لە کۆت و بەندی کۆیلەتی بورژوازی. ڕێبازی سۆشیالیستیی لە ئەدەب لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و چێکوسلۆڤاکیا و پۆڵەندە دامەزرا. ئەو نووسەرانەش کە ڕۆڵیان هەبوو لە بەرەوپێشبردنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بریتبوون لە لویس ئاراگۆن و جۆهانس بێچەرو پابلۆ نیرۆدا. حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت ساڵی ١٩٣٢ بڕیاری لەسەر ڕیالیزمی واقیعی لە ئەدەب و هونەر دا و ساڵی ١٩٣٤ ئەم شێوازە ئەدەبییە لە یەکەمین گۆنگرەی نووسەرانی سۆڤییەت کاتێ نوێنەری جۆزێف ستالین ئەندریە زدانۆڤ وتاریکی پێشکەش کرد و بە توندی جەختی لەوە کردەوە کە ڕیالیزمی سۆشیالیستی بە فەرمی بوو بە ڕێنمایی نیشتمانی کلتووری یەکێتیی سۆڤییەت. بەدەستەوەگرتنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بە کردەوە بووە هۆی پشتکردن لە ڕێبازە باوەکانی جیهان لە چەشنی ئیرۆتیک، ئایین، تەجریدگەرایی، سوریالیزم و گوزارشتخوازی. وەک هاوپشتییەکی چینایەتی بەرامبەر بە یەکەمین گۆنگرەی نووسەرانی یەکێتیی سۆڤییەت، لە ٢٦ و ٢٧ ی نیسانی ١٩٣٥ لە شاری شیکاگۆ و بە پاڵپشتی جۆزێف ستالین گرنگترین گۆنگرەی نووسەرانی چەپی ئەمریکا بەسترا، کە شاعیران و ڕۆماننووسان و ڕەخنەگران و ڕۆژنامەنووسان

تێیدا بەشدار بوون. والدۆ دەیڤد فرانک بە پشتیوانی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا بوو بە یەکەمین سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی ئەمریکا. ڕەگی مێژوویی ڕیالیزمی سۆشیالیستیی دەگەرێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم. بەڵام ئەم ریالیزمە گۆڕانی بەسەردا هات و پێ بەپێی تێپەڕبوونی زەمەن، ئەمیش لە ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕانەکەی بەتاڵ کرایەوە و خرایە خزمەتی سیاسەتەکانی ستالین و یەکێتیی سۆڤییەت کە ئەوکات چەند هەنگاو لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دوور کەوتبۆوە. هەرچی کوردستانیشە ڕێک لەژێر هەردوو تەوژمەکەی ناسیونالیزم و ڕیالیزمی سۆشیالیستیدا بووە. وەکچۆن ئەدەبی ناسیونالیستی لەدەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەیاننامەی ڕوانگەیان ڕاگەیاند، لەبەرانبەریشدا ئەدیبانی سۆشیالیست و ڕادیکالیش (ئاراستەی گەردەلوول لە ئەدەبی کوردیدا) ڕادەگەیێنن و هەوڵ دەدەن برەو بە ئەدەبی کرێکاریی بدەن(٣٦).

ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی ئەرکییەتی ناوەڕۆکی ئەو ڕیالیزمە شیبکاتەوە و جارێکی تر بە گەڕانەوە بۆ ئینسان، بە عەزمێکی پۆڵایینەوە پێ لەسەر پایەکانی ئەدەبی کرێکاریی دابگرێت و گەشەی پێبدات(٣٧). لەنێو تەپوتۆز و هەیەجانی ماویزم و ستالینیزمدا ڕەوتە سیاسییە ناڕازییەکان کەوتنە خۆ نمایشکردن و خۆ جیاکردنەوە. ڕێکخراوی تێکۆشانی کارگەران لە عێراق و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و گروهی سەهەند و دواتر (اتحاد مبارزان کمونیست) لە ئێران بوون بە سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لە تێگەیشتن لە مارکسیزم و دەستپێکی

قۆنـــاغێکی نـــوێ لە خەبـــاتی کۆمۆنیســـتی و کرێکـــاریی لە ناوچەکە(٣٨).

کۆمۆنیزمی نوێ و شیعری کرێکاریی

قۆناغی دووەم

(سەرەتای دەیەی هەشتاکان – ئەمڕۆ)

لەنێو هەناوی قەیرانە سیاسییەکانی حیزبە بەناو کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی عێراق وئێران و تورکیا و سوریا،گەلێ گروپ و دەستە و ڕێکخـراوی کۆمۆنیسـتی هـاتنە دامەزرانـدن و خۆیـان وەک ئەلتەرنـــاتیڤی سۆشـــیالیزمی ســـتالینیی ڕاگەیانـــد. ڕێکخـــراوی کارگەران کە لە ساڵی ١٩٧٦ هاتە دامەزراندن بوو بە یەکەمین ئالتەرنـاتیڤی کـۆمەڵەی مارکسـی لینینـی کوردسـتان و حیزبـی شیوعی عێراقی. لە ئێرانیش دوای ڕووخـانی ڕژێمـی پاشـایەتی کۆمـۆنیزم تـوانی خێـرا خـۆی لە ڕەوتە نـا مارکسـییەکانی نـاو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران جیا بکاتەوە و گەشە بکات. بەم پێیەش ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و شۆڕشـی ساڵی ١٩٧٩ و کۆتـایی هـاتن بە ستەمی پاشـایەتی و هـاتنە ئـارای فەزایەکی سیاسـیی کـراوە ئەدەب و هـونەری شۆڕشـگێرانەش هەنگـاوی بەرەو پـێش نـا چونکە(بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ وسیاسیبوونەوەی کـۆمەڵی ئێـران لە جەنـگەی قەیرانـی شۆڕشـگێڕانەدا، هـونەر و ئەدەب زیـاتر لە جـاران کێشـرایە مەیـدانی خەبـاتی سیاسـی – کۆمەڵایەتی. گاریگەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ناکرێ بەردیدە

نەگیـــرێ. ئەم کـــاریگەرییە هەم لەڕووی سیاســـی و هەمـــیش لەڕووی ئەدەبییـیەوە هێنـد بەرچـاو بـوو کە گەلـێ بەرئەنجـامی پۆزەتیفی لـێکەوتەوە. هەوڵە جوانەکانو سرووودە کارگەرییەکانی ئەنـوەر نەجمەدیـن و ئەمـین پۆلا و ناسـری ڕەزازی و نەجمەی غـولامی و عەبدولا دڵسـۆز و لالـۆ رەنجدەر و نەجـم مـحەمەد و ڕەزا یوسف بەگی و کـامەران عەبدولڕەحمان لە دۆخـی سیاسـی جیاجیادا،جێگـــای ستایشـــن. هەروەهـــا دروســـتبوونی کـــانوونی هـــونەر و ئەدەبـــی کرێکـــاریی کوردســـتان وەک ڕێکخراوێکـــی ئەدەبـی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران لە سـاڵی ١٩٨٥ و پێکهـاتنی حەلـقەی ئەدیبـانی کۆمۆنیسـت لە کوردسـتانی عێـراق لە سـاڵی ١٩٨٧ وەک ڕێکخراوێکـی ئەدەبیـی کە دواتـر پەیوەسـت بـوو بە (ڕێکخـراوی ڕەوتـی کۆمۆنیسـت)ەوە، توانیـان ڕۆڵێکـی بەرچـاو بگێـڕن لە بردنەپێشـــەوەی ئەدەبـی کرێکـاریی و سۆشیالیسـتیی. هەرچەنـدە پەیوەنـدییەکی ئۆرگـانیکیی وپـتەو لە نێـوان ئەو دوو ڕێکخراوەدا نەبووە، بەڵام دوور بە دوور ئاگایـان لەیەک بـووە و هەمان کارو و چالاکی ئەدەبییان ئەنجام داوە(٣٩).

## خاسیەتەکانی شیعری کرێکاریی لەم قۆناغەدا

خاسـیەتەکانی شـیعری کرێکـاریی قۆنـاغی دوای ١٩٨٠ دەتـوانین بە پشـت بەسـتن بە خوێنـدنەوەی دەقەکـانی ئەو مـاوە مێـژووییە بەمجۆرە ببینین:

یەک: نووسـەران و شـاعیر و ئەدیبـانی ئەم قۆنـاغە بە بەراورد بە قۆناغی ڕابردوو، بەرچاو ڕوونـترن سـەبارەت بە کێشـە سیاسـی و ئەدەبییەکان و نزیکایەتییەکی زۆریان هەیە لەتەک مارکسیزمی

شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیزمی مارکس. ئینسان ئەڵقەی بنچینەیی کارکردنی ئەم نووسەرانەیە و بەهای ئینسانیی خاڵی لێوە هەستانیانە.

دوو: بەشێکی بەرچاوی دەقەکان لە تێڕوانینێکی مارکسیستی و لەژێر ڕۆشنایی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ یان کۆمۆنیزمی کرێکاریدا نووسراون و بە ئاشکرا لایەنگیری چینی کرێکارن لە خەبات دژ بە بورژوازی.

سێ:بەرهەمە ئەدەبییەکان بە جیدیی پارێزەری بەرژەوەندی کرێکارانن دژ بە سەرمایەداران. دەقەکان جەغد لە کرێکاریبوونی خۆیان دەکەنەوە و ئینتما و جیهەتگیریی دەقەکان بەڕۆشنی چینی کرێکار و بەرژەوەندی ئەو چینە لە ململانێیدا لەگەڵ بورژوازی دەپارێزێت و بەیان دەکات.

چوار: لای هەندێ شاعیر دەبینین کە شیعرەکانیان گەرد و تەپوتۆزی میللیگەرایی و پۆپۆلیزم و ناسیونالیزمی لێ نیشتووە. بەڵام ئەو تەیفە شاعیرە کۆمۆنیستانە کە شوناسی خۆیان لە مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستەوە وەردەگرن و کاری پێدەکەن، نەک ئەوانەی ئیدیعای دەکەن! لە تێروانینی بورژواییانە بە دوورن و ساغ لەسەر پایەی کۆمۆنیزم وەستاون. واتا دووجەمسەری جیهانبینی بەشێک لە شاعیرانی ئەم قۆناغە بریتیین لە کۆمۆنیزم و نەتەوەپەرستی.

پێنج: وەستانەوە بەرامبەر بەهەر هەوڵێکی بورژوازییانە کە دەیەوێ ئەدەب و هونەری کرێکاریی لە ناوەڕۆکی خەباتکارانەی خۆی بەتاڵ بکاتەوە و بیکاتە ژێر کاریگەرییەکانی قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییە بورژوازییەکان.

بزاوتی شیعری کرێکاریی لەم قۆناغەدا گەلێ دەنگی جیاواز و نوێی هێنایە دەرەوەو توانیان بە توانای ئەدەبی خۆیان داهێنان بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. دیارە کە باسی داهێنان دەکەم مەبەست داهێنانی شیعرە لە روانگەی جوانناسی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییەوە.

کرێکارم!

هاتوومە مەیدان

ئەڵێم، هەرکارە ئینسانی خوڵقان

سەد ساڵە ئەلێم،ئەمە بریارە

بڕیاری ڕۆژی یەکی ئایارە!

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

چەرخی چارەنووس لەدەس خۆگرن(٤٠)

ئەم پێداگرییە و ساغ فیکرییە لەسەر کرێکار و ئینتما بۆ مانیفێست نەک هەر لای ڕێبواری شاعیر، بگرە لای زۆربەی شاعیرە کرێکارییە جیدییەکان جەغدی لەسەر کراوەتەوە و بۆتە بەشێک لە شوناسی چینایەتی شیعری ئەو شاعیرانە.

ئەو کرێکارەم هەموو ئەیارێ

ئاواتی گەورەی سەرمایەداری دێنمە وەرین

هەموو ئەیارێ لە تێکۆشاندام

ڕیزم یەکخەم و ئۆخەی دەستکەوتێ بکەمە سەرین

ئەو کرێکارەم شۆڕش بە بیر و بازوو و مەچەکی مژدەهێنەری من نەبێ

هەرگیز نایەتە ڕوودان

چۆن بەرژەوەندی من و سەرمایە

ڕێک وەک سپی و ڕەش وەک ئاگر و ئاو لە یەکتر جودان

هەروەک چۆن ئاگر سڵ لە لافاوی ئاو دەکاتەوە

هەروەک چۆن خێزان نیشتمان ئایین یان موڵکداری

ڕێگای ڕزگاری لە بیر کۆیلانی کار دەباتەوە

وەک چۆن لەشکری بەفر و بەستەڵەک دێنە شکاندن لەئاست هەتاوا

ئاواش سەرمایە لەبەردەم هەوڵ و خەباتی کرێکار

ژان گرتوویەتی و سڕە لەتاوا(٤١)

ئەم بەرچاو ڕوونییە ئیتر زامنی سەنگەر ناسین و خەبات ناسینە. شوناسێکە ئاو لە مانیفێست دەخواتەوە. پشتبەستوو بە مارکسیزم، شیعر دەکرێتە ئامڕازێکی خەباتی چینایەتی. ئەمە ڕێک بە پێچەوانەی زوڕناژەنانی بورژوازی کە دەڵێن نابێت شیعر تێکەڵ سیاسەت و شۆڕش و خەبات بکرێ. دەڵێن نابێت ئەدەب و شیعر ئاوێتەی لێکهەڵپێکرانەکانی کۆمەڵگە ببێت. بەپێچەوانەوە دەبێ ئەدەب و شیعر بچێتە هەموو کون و قوژبنێکی ژیان و کۆمەڵگە تەنها کۆشک و ڤیلاکانی سەرمایەداران و مشەخۆران و چەوسێنەران نەبێت.

ئاسۆکەم سۆسیالیستییە

ئارمانم کۆمۆنیستییە

ژیانی بێ حەسانەوە

پڕ لە زوڵم و چەوسانەوە

دەسڕمەوە بۆ هەتایە

دادپەوەری دێنمەکایە(٤٢).

ئەم جیهانبینییە سۆشیالیستییە سێبەری خستۆتە سەر بەشێکی فراوانی دەقەکانی ئەم قۆناغە. بەشێکی زۆری شاعیرانی دوای ساڵی ١٩٨٠ لە خەباتیاندا لە سۆشیالیزم کەمتریان قەبوڵ نییە، چونکە "هونەرمەندان و نووسەرانی کۆمۆنیستی کوردستان بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە کە چینی کرێکار بەپێی ئەرکی مێژوویی خۆی لە گۆڕینی جیهان و بنیاتنانی جیهانێکی نوێدا، تاکە چینێکە توانای خوڵقاندن و گەشەپێدانی هەمەلایەنەی توانستە بەرزەکانی مرۆڤی هەیە و بەناچار دەبێت لە مەیدانی هونەر و ئەدەب و فەرهەنگی کۆمەڵیشدا بەئاڵای جیهانبینی سەربەخۆی خۆیەوە دەستبداتە خەباتی چینایەتی و بەگژ بۆرژوازیدا بچێ"(٤٣). ئەوەی جێی سەرنجە دەقەکانی هیچ شاعیرێکی ئەم قۆناغە لە دەرەوەی ئینتمای چینایەتی بۆ کرێکاران ناتوانێ هەناسە بدات. ئینتمای چینایەتی ناسنامەی شۆڕشگێڕییەتی شاعیرەکەشە. هیچ دەقێک نابینین لەسەرووی چینایەتییەوە بانگی خەبات بدات بە گوێی کرێکاراندا. بەڵکو هەموو پێناسەی خۆیان وەک تاکێکی ئەو چینە پانوپۆڕە تاسەرشۆڕشگێڕە دەکەن.

لەم بەری سەرمایەکەدا

ئێمە چینێکی درێژ و دوور

هەتا بڵێی زۆر، بێ سنوور

لە جەمسەری ئەو سەرەوە

تا ئەمسەری ڕیزەکەمان

بە زنجیرێک

پێوەند کراوین (٤٤)

هەرچی گوزارشت کردنە لە واقیعی کار و ژیانی کرێکارلەڕێگەی دەقەوە شاعیر دەچێتە نێو ژیانی چینی کرێکارەوە و هەموو ڕۆژێ بوومەلێڵەی بەری بەیان لەخەو هەڵدەستێ و دەچێ بۆ کار:

هەرچی ڕۆژە

بەرەبەیان

خەوی خۆم و ماڵ و منالم دەزڕێنم.

لەشی شەکەت و پڕ تاسەی

ئاسایشی دوور لە دەستم

سواری هەنگاوانم دەکەم

دەڕۆم بەرەو کارگەیێ کە

لە هەر سات و کاتێکیدا

تۆوی مەرگی خۆم دەچێنم...

ژیانی خۆش و کامەران

بۆ خاوەنی وەدی دێنم! (٤٥)

لەم گۆشەنیگایەوە کە دەق دەکەینە جێگای سەرنج و وردکردنەوەی جیهانبینی و توانایی و سەلیقەی شیعرییەت، ئەو زەمینەیە خۆش دەکەین کە بتوانین خاسیەتەکانی دەق ببینین. زەمینەیەک کە تواناییەکمان پێ دەبەخشێت کە بتوانین تەواوی ڕەگەزەکانی شۆڕشگێڕێتی دەق ونووسەر ببینین و هەروەها بتوانین لە لێکدانەوە ئەدەبییەکانمان جێگای شیاوی خۆی بدەینێ.

## تەکنیک و زمانی شیعری کرێکاریی و سۆشیالیستیی کوردی

ئەو قسەباوەی کە دەڵێ" شیعری کرێکاریی لەڕووی تەکنیکەوە لە شیعری بۆرژوازی لەپاشترە، دەتوانم بڵێم دروست نییە. لەبەر ئەوەی ئەو قسەکەرە یان ڕەخنەگرە هەرکەسێک بێت،لە ئاگاییەکی بەرزەوە سەبارەت بە شیعری کرێکاریی ئەو قسەیەی نەکردووە. ئەوە ڕاستە ئەگەر شیعرێکی شاعیرێکی کرێکاریی کەم ئەزموون بەراورد بکەی بە شیعری شاعیرێکی خاوەن ئەزموون و توانا ئەوا ئەو قسەیە ڕاست دەردەچێ و بەپێچەوانەشەوە شیعری شاعیرێکی سۆشیالیستیی خاوەن ئەزموون بە دڵنیاییەوە لەڕووی تەکنیکەوە بەهێزترە لە تەکنیکی شیعری شاعیرێکی بێئەزموون. بەبڕوای من ئەوە دروست نییە شاعیرانی کرێکاریی ئەو هەستە نێگەتیڤەیان لا دروست بێت کە

تەكنیكی شیعرییان ناگات بە شاعیرانی بۆورژوازی. نا تەكنیكی شـاعیرانی كرێكـاریی ئاسـتی جۆراوجـۆری هەیە وەكـو ئاسـتی جۆراوجۆری شیعری بۆرژوازی. "ئەدەبی كرێكاریی خـاڵی نییە لە تەكنیك و ئیستاتیكا، بەڵكو هەڵگری جۆرێك لە ئیستاتیكایە كە خـاڵی لێـوە هەسـتانی لەسـەر بنەمـای ململانێـی و بەرەنگـاری وەستاوە. ئیستاتیكای ئەدەبی كرێكاریی لەو جیهەتگیرییەوە ئـاو دەخـــواتەوە كە ئەدەب ئـــاوێتەی واقیعـــی ژیـــان و خەبـــاتی ئینســـانەكان دەبـــێ لەپێنـــاو ئازادیـــدا. جـــوانییەك كە ئەدەبـــی كرێكاریی لێی بەهرەمەندە و ئەدەبیاتی بۆرژوازی نییەتی بریتییە لە ئومێد. ئومێد بە ئینسـان، بە ژیـان، ئومێد بە خەبـات لەپێنـاو ژیانێكی ئینسانیی باشتر. ئەم ئومێدە، وزەبەخش و ئیلهامبەخشی ئینسانە لە خەبات. لەدەستدانی ئومێد لە دەقە ئەدەبییەكان (جا چ ڕۆمـان، یـان شـیعر، یـان كـورتەچیرۆك، یـان شـانۆنامە..تاد بێ) لەدەستدانی ئەڵقەیەك لە ئەڵقەكانی زنجیرەی پرۆسـەی نووسـینی شۆڕشـگێڕانە بـۆ بە سـەمەر گەیانـدنی ئەركە مێژووییەكـان. لە دووتـوێی لاپەڕەكـانی مێـژوودا گەلـێ دەق هەن كە لە خەبـات و تێكۆشـــانی چینایەتیـــدا بـــوونە بە ڕوحـــی ســـەردەم و وێـــردی سـەرزاری ملیۆنـان ئینسـان لەوانە سـروودی ئەنتەرناسـیونالی ئـۆجین پـۆتیە، یـانیش كاریگەرییـان لەسـەر زەینـی ئینسـانەكان بەئاسانی كاڵ نـابنەوە لەوانە ڕۆمـانی (دایك)ی مەكسیم گۆركی و ڕۆمـانی (جەرمینـاڵ)ی ئەمیـل زۆلا و (پـاژنە ئاسـنینەكان)ی جـاك لەنـدەن و (نینـا)ی سـابت ڕەحمـان و (پـاپۆڕی كـارگە)ی تـاكیجی كۆبایاشـی و..تـاد"(٤٦). ئەگەر لە حـوكمی گشـتییەوە دەربچـین و تـایبەتتر قسـە بكەیـن، باشـترە چاوێـك بە تەكنیكـی

شیعرەکانی نێو ئەم ئەنتۆلۆجیایە بخشێنین و قسەیەک ئەگەر هەمان بێت بیکەین.

ئەگەر زۆربەی شیعری کلاسیکی کوردی لەسەر کێشی عەروز دانرابن(٤٧)، ئەوا ئەو شێوازە لە شیعر کە بە شیعری عەمودی ناوزەد دەکرێ و کێش و سەروایان هەیە توانیویەتی ببێتە پەنجەرەیەک کە شیعری کرێکارییش هەناسەی تیا بدات. بەلای منەوە گرنگ نییە شیعرەکە بە چ کێشێک و لەسەر چ ئاوازێک دانراوە(مەسنەوی، غەزەل، دوو بەیتی، چوارپارە، تەرجیعبەند، تەرکیببەند، قەتعە یان ئازاد) و سەرواکانیان چەند پیتییە (یەک پیتیی، دوو پیتیی، سێ پیتیی، چوار پیتیی، یان وشە، یان دوو وشە..تاد)، بەڵکو ئەوە گرنگە شاعیر چەند سەرکەوتووانە توانیویەتی مەبەستەکەی لە فۆرمێکی جواندا نمایش بکات.

میللەتی چینیش لە سایەی پارتی کۆمۆنیستی بەرز

تیشکی ئازادی لە ئاسمانی ئومێد هێنایە ئەرز

خوای شەڕ و دۆلاری ئەمریکایی هێنا ترس و لەرز

مژدە بێ چەسپا نیزامی حوکمی چینی تازە تەرز

جەژنی ئازادانە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە

یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تەخت و تاجی قەیسەرە(٤٨)

بەو ئەندازەیەی ئەدیبانی بۆرژوازی دەستیان بۆ هەموو جۆرە تەکنیکێکی ئەدەبیی بردووە، شاعیرانی کرێکاریش لەو بوارەدا درێغیان نەکردووە. کێش و سەروا گەرچی لە ڕواڵەتدا ئاسان دێتە بەرچاو، بەڵام لەڕاستیدا وەستایی و شارەزایی دەوێت

کاتێ دەستی بۆ دەبردرێ. دڵزاری شاعیر سەلیقەیەکی بەرزی شیعری هەبووە و ورد ئیشی لەسەر کێشو سەروا کردووە. (بەرز، ئەرز، لەرز، تەرز) هەڵبژاردنێکی جوانە و شاعیرانەیە. بەڵام لای سەعید ئەمانی ئەم هەڵبژاردنە بەپێی پێویست ئەو ئیشەی کە دەبێ لەسەری بکرێ، نەکراوە.

یەکسانیم دەوێ بۆ کۆمەڵ

بێ ژانیم دەوێ بۆ کۆمەڵ (٤٩)

ئەم دووبارەبوونەوەیە (کۆمەڵ و کۆمەڵ) خاڵی لاوازی شیعرەکەی هاوڕی سەعیدی ئەمانییە. شاعیر دەیتوانی زۆر بە ئاسانی خۆی لەم لاوازییە قوتار بکردایە، کە نەیکردووە. لەکاتێکدا شاعیر لە چەندین دەقی تردا سەرکەوتووانە کێش و سەروای شیعرەکانی بەجوانی دارشتووە. کاکەی فەللاحیش تووشی هەمان کێشە بووە و لە شیعری راپەرندا

ماوەیەکە شێخ و ئاغا و میر و ئیستعماری پیس

لاشەتان ئەدرن بە کەڵبە وەک سەگی هەوشاری پیس(٥٠)

دووبارەبوونەوەی وشە وەکو سەروا رەنگە لای هەندێ شاعیر و لە هەندێ دەقدا جوانی خۆی هەبێ، بەڵام بەگشتی بێزارکەرە و نیشانەی لاوازییە و شاعیری بەتوانا خۆی لەم لاوازییە لا دەدات.

زمانیش بایەخێکی گرنگی هەیە لە شیعری کرێکارییدا. "زمان لەدەقی ئەدەبی کرێکاریی بایەخێکی تایبەتی هەیە و نووسەرانی کرێکاریی دەبێ خاوەن زمانێکی روون و رۆشن بن تا بتوانن مەبەستەکانیان بە جوانی بگەیێنن بە خوێنەر. دەقی ئەدەبیی

(بەتایبەتیش شیعر) گەمەی زمانەوانی نییە تا سەر لە خوێنەری کرێکار بشێوێنرێ و نووسەریش بالادەستی ئەدەبیی و زمانەوانی خۆی لەڕێگەی گەمەیەکی ناشیرینەوە ئەنجام بدات. زمانی دەقی ئەدەبی کرێکاریی بێ گرێ و گۆڵ و سفت و سادە و بەهێزە لە گەیاندنی مەبەستی نووسەر. ئەدەبی کرێکاریی گەرچی زیاتر ڕووی لە خەڵکی ستەمدیدەیە، بۆیە تا دەکرێ دەبێ بەزمانێکی سادە بەڵام جوان و بەرز بنووسرێ. چونکە زمان سەنگی مەحەکی نووسینە و گرنگە زمانی نووسین لەئاستێکی بەرزدا بێ. ئەدەبی کرێکاریی، ئەدەبی فەرامۆش کردنی ڕەگەزی زمانی نییە لە دەق، بەڵکو شانبەشانی ناوەڕۆک و پەیامی کۆمەڵایەتی دەق، دەبێ بایەخ بە زمانی نووسینیش بدرێ و پەرەی پێ بدرێ. لەهەمان کاتیشدا مەسەلەی زمان پەیوەندی هەیە بە کێشەی ڕاستەوخۆییەوە (مباشر) لە دەقی شیعریدا. ئەڵێم کێشە چونکە کراوەتە کێشە و خاڵی لاوازی دەقی شیعریی. من پێموایە ڕاستەوخۆیی لە دەربڕینی شیعری کرێکاریی کێشە نییە و شاعیری کرێکاریی هەقی خۆیەتی دەست بۆ ئەو جۆرە ستایلە لە دواندنی خوێنەر ببات تا ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی دەقەکەی بگەیێنێ بە خوێنەر. چونکە جارێکی تر بە پێچەوانەی ئەدەبی بورژوازی، شیعر بەدەر لە پەیام و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی مانایەک نادات بەدەستەوە. بۆیە بیانووگەلی لە چەشنی شیعار و دروشم دان و بەکارهێنان و ڕاستەوخۆیی لە شیعر هۆکارێکە بۆ لە دایکبوونی شیعری مردوو. نەخێر شاعیرانی مردوو ئەو شاعیرانەن کە قسەیان پێ نییە بۆ خوێنەر. شاعیری شۆڕشگێڕی بەکاربەری زمانی ڕاستەوخۆ لە شیعر نەک مردوو نییە، بەڵکو لە جێگایەک قەراری

گرتـــووه كه مەكـــانەتێكی شۆڕشـــگێڕانەیە و ڕەخنەگرانـــی بـۆرژوازی حەز نـاكەن بەمجـۆرە لە بـێ پـێچ و پەنـاییە باسـی بكەن(٥١). زمانی بەكارهاتوو لەم دەقانەی نێو ئەم ئەنتۆلۆجیایە فرەئاستن.تیایاندا هەیە زمانێكی سفت و جوان و بەرزی هەیە و هەشـیانە لاواز.خەیـاڵ و ڕەگەزەكـانی تـری تەكنیكـیش وەک بە كەسـییكردن و لێكچوانـدن و میتـافۆر و داڕشـتن و ..تـاد. لەم قۆناغەدا بەهەمان جۆر ڕێژەیی بەكار هـاتوون و مـن بە ئەركی ئەم لێكۆڵینەوەیەی نابینم كە بچێتە نێو وردكاری و دیتەڵی ئەو بـابەتەوە. هیوادارمتـویژەر و ڕەخنەگـران ڕۆژێـک بەم ئەركە هەڵبسن و لای لێ بكەنەوە.

## ئەنجام

ئەم ئەنتۆلۆجیایەی شاعیرانی كرێكاریی كوردستان لە سـەرەتای سـەدەی بیستەوە تا ئەمڕۆ ئەگەرچی یەكەمجارە كۆدەكردێتەوە و دەسـتی بـۆ دەبـردرێ، ئەو ڕاستییەشـمان بـۆ دەردەخـات كە ئەدەبـــی كرێكـــاریی ئەگەر بـــۆ مـــاوەیەكی زۆریـــش لای لێنەكرابێتەوە، ئەوا بێخـاوەن نییە و ڕەخنەگر و دڵسـۆزانی ئەو ئەدەبە لە شوێن و كاتی گونجاودا ئاوڕی جیددی لێ دەدەنەوە و هەوڵ ئەدەن وەڵام بە ئاریشە و گرێگۆڵەكانی بدەنەوە. پەرش و بڵاوی ئەم ئەدەبە و گەڕان بۆی لە ئەم قـوژبن و ئەو پەسـێو و كۆكردنەوەیـان لەم ئەنتۆلۆجیـایە دەسـتكەوتێكی ئەدەبیـی – مێژوویی – چینایەتی گرنگە و دەبێتە سـەرچاوەیەكی بەپیت بۆ لێكـۆڵینەوە و خوێنـدنەوەی ئەو ئەدەبە كە بەداخەوە تـا ئێسـتا نەخـوێنراوەتەوە. ئەدەبێـک بە بەرز و نزمـی زۆر و هەوراز و

نشێوی زۆردا و بەنێو ڕۆژگارەکان و زەمەندا گوزەری کردووە و هەمیشـەش تایبەتمەندی خۆی پاراستووە. گەرچی شوناسی خـــۆی بەپێـــی قۆنـــاغە جیاوازەکـــان وەرگرتـــووە و لە هەر قۆناغێکیشـدا تایبەتمەنـدی خـۆی هەبـووە و هەیە. ناسـینی ئەم تایبەتمەندیانە و شوناسی ئەدەبی کرێکاریی بەدرێژایی تەمەنی خۆی بایەخی ئەدەبیی و مێژوویی خۆی هەیە و گرنگە چینی کرێکار ئەدەبەکەی خۆی بناسێت و بیخوێنێتەوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی ئاوڕ لەم ئەدەبە بداتەوە و جارێکی تر بۆ چینی کرێکار و خەڵکی بەشمەینەتی کوردستانی ڕوون بکاتەوە کە دیسکۆرسی ئەدەبی کرێکاریی دیسکۆرسێکی سیاسیی - چینایەتی گرنگە و لەتوانایدایە لەبەرامبەر سەرجەم هەوڵە کۆنەپەرستەکانی ئەدەبی بۆرژوازی کوردی بوەستێتەوە و بەرهەمە ئەدەبییەکانی لە ئاسمانی ئەدەبی ئینسانیدا وەک ئەستێرەی گەش بدرەوشێتەوە.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١)**شرۆڤەی ڕەوتی ئەدەبی کوردی پاش نالی و مەولەویوهەڵسەنگاندنێکی هاوتایانە لە دوو دیالێکتی کرمانجی خواروو(سۆرانی) و گۆرانیدا، نووسینیڕەووف مەحموودپوور – مەریوان** بڕوانە وێبلاگی یوونس ڕەزایی

(٢)دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی لەسەرەتاوە تا سەدەی چواردەم، بەرگی یەکەم، چاپ و بلاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر، لاپەڕە ٢٠٤.

(٣)گەنجینە، بەشێک لە چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی، دڵزار کردوویەتی بە سۆرانی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٧.

(٤)الدکتور عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الادب الكردي، دار اراس للطباعة النشر، الطبعة الثانية، اربيل، ٢٠١٠ ص ٥٩.

(٥)عەبدولخالق یەعقوبی، شیعری کلاسیکی کوردی لەنێوان "مێژووگەرایی" و جوانناسی"دا. بڕوانە سایتی گۆڤاری کۆچ، کۆچ بەرەو مەعریفە.

(٦)کەریم شارەزا، لاپەڕەی دووەم لە شیعری کلاسیکی کوردیماندا، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە ١، ساڵی ١ ،١٩٧٢ لاپەڕە ٢٤.

(٧)مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی مەحوی، چاپی دووەم ١٩٨٤، لاپەرە ٢٦ و ٢٧.

(٨)شێخ سەلامی شاعیر (١٨٩٢ – ١٩٥٩) لە دیوانەکەیدا هاتووە و نووسیویەتی "ئیدارەی مالیمان زۆر باش بوو، لەو ناوچەیەدا کەس لە ئێمە دەوڵەمەندتر نەبوو. ماین و ڕەشەوڵاخ و مەڕ و بزنمان زۆر بوو. ئاش و باخ و زەوی و زاری باشمان هەبوو، ژیانێکی شارستانیەتیمان تێئەپەڕاند". لەگەڵ ئەوەشدا ژیانێکی ئاسایی ژیاوە و کەوتۆتە خزمەت هەڵوێستە

سیاسیی و چینایەتییەکانی خۆی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دیوانی سەلام ئامادەکردن و پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسینی ئومێد کاکەڕەش، چاپخانەی حەوادث، چاپی دووەم ١٩٩٠.

(٩)ئومێد کاکەڕەش، دیوانی سەلام، چاپخانەی حەوادث، چاپی دووەم ١٩٩٠، لاپەڕە ١٨٩، ١٩٠

(١٠) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٩٢

(١١)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی ئینسکلۆپیدیای ئازاد دەربارەی ئەحمەدی خانی.

(١٢)سلێمان قاسمیانی، ناسیونالیزم و شاعیرەکانی- حاجی قادری کۆیی، گۆڤاری هانا، ژمارە ١٦، ١٧ خوولی یەکەم ٢٠٠١، لاپەڕە ٤.

(١٣)لە ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ کە لە ١٥-٥-١٩١٦ دا مۆرکرا لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دابەش کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی ویکیپیدیا.

(١٤)لێرەدا هەمیشە ئەو عەقڵییەتە هەژموونی هەیە کە پێی وایە کوردستان دابەشکراوەتە سەر چوار دەوڵەتی عێراق و ئێران و سوریا و تورکیا، بێئەوەی قسەیەک لەسەر کوردەکانی جێگاکانی تری جیهان بکرێت وەک کوردەکانی ئەرمەنستان. بەپێی وتارێکی تۆسنی ڕەشید کە سەردار جەعفەر لەژێر ناوی "ئەدەبیاتی کوردی لە ئەرمەنستان"دا وەریگێراوە، دەنووسێت: "ساڵی ١٩٣٢ ئەمینی ئەڤداڵ بەناوی (ئافراندنی ئەولین) ئاڵماناخی نڤیسکارە کوردەکان چاپدەکات. بەرهەمەکانی یەکەم شاعیرە کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت هەجی جندی، ئەمینی ئەڤداڵ، ئەتاری شەرۆو چەند شاعیرێکی تر لەوێدا چاپکراون. لەو ئاڵماناخەدا وەرگێڕانی زمانی ئەرمەنیش هەبوو. ئەوشیعرانە زۆربەیان پەسنی دەوڵەتی سۆڤیەت، سوپای سوورو سیستمی سۆسیالیزم بوون. هەروەها شیعری دژی داب و نەریتە کۆنەکانیش هەبوو". نەک هەر کوردەکانی ئەرمەنستان بەلکو کوردەکانی جۆرجیاش کەوتبوونە خۆ و یەکێتی نووسەرانی کوردیان لە جۆرجیا دامەرزاندووە و گەلێ کتێبیان چاپ کردووە. بەڵام چونکە زۆربەی ئەو ئەدەبیاتە ئاگامان لێ نییەو

به کوردی و ئەلفوبێی کوردی نەنووسراون بۆیە دەکەونە دەرەوەی بازنەی ئەم ئەنتۆلۆجیایەوە. بۆ زانیاری زیاتر دەبارەی ئەدەبیاتی کوردی لە ئەرمەنستان بڕوانە ماڵپەڕی هەواڵنێری سیاسی بروسکە.

(١٥)سالم محسن، الحركة العمالية في العراق..نشآتها و تطورها، موقع الرئيسي للحزب الشيوعي العراقي، ١٣ كانوون الاول ٢٠١٥.

(١٦)دكتور ابراهيم العلاف، تاريخ الحركة العمالية في العراق، موقع المدى للاعلام و الثقافة و الفنون، ٢٠ نيسان ٢٠١٣.

(١٧)ڕاپەڕینەکەی جوتیارانی دەشتی هەولێرلە ساڵی ١٩٥٣، ئەوڕاپەڕینەی کە بە گەورەترین سەرهەڵدانی جووتیارانی دەشتی هەولێر دادەنرێت کە جووتیاران بەیەک دەنگ و یەک ڕیز بڕیاریان دا چیتر ملکەچی ئاغا و دەرەبەگ نەبن، هەرئەم ڕاپەڕینە بووە سەرەتایەک بۆ نەهێشتنی سام و هەیبەتی ئاغا ودەربەگ کە چیتر نەیانتوانی وەکو جاران سوخرە بە جووتیاران بکەن. تەنانەت لەو سەردەمەش واتە ساڵی ١٩٥٣ حیزبی شیوعی عێراقی بۆ پاراستنی گیان و ماڵی جووتیاران دووهێزی چەکداری دروست کرد بۆ بەرگری کردن لە چینی جووتیار و پشتگیری کردنیان، کەهێزی یەکەم بەناوی هێزی (قەرەچۆغ)پێک هات بە سەرپەرشتی (مەحموود عەدۆ) و هێزی دووەم بەناوی هێزی (بێستانە) بوو بە ڕابەری (جەمال شێخ تاهیر و حەمە عەلی و ئۆمەر مەلا نووری) کەئەرکی پاراستنی جووتیاران و سزای ئەوکەسانەیان دەدا کە ببوونە نۆکەری ئاغاو دەرەبەگەکان. بۆ زانیاری خوێنەری هێژا ئەم چەند دێرەی سەرەوەم لە نووسینێکی بەڕێز شەماڵ عادیل سەلیم بەناوی نامەیەکی کراوە بۆ سەید کاکە کە لە سایتی ڕێگای کوردستان بڵاو کراوەتەوە، وەرگرتووە.

(١٨)عەولڵا مینایی، دیوانی مەلا ئاوارە، لاپەڕە ٥٦، ٥٧.چاپی سەر تۆڕی ئەنتەرنێت کە شوین و ساڵی چاپکردنی بەسەرەوە نییە.

(١٩)تاریک و ڕوون،هێمن موکریانی، چاپخانەی سەییدیان، چاپی سەر تۆڕی ئەنتەرنێت کە شوین و ساڵی چاپکردنی بەسەرەوە نییە.

(٢٠)بورهان قانیع، دیوانی قانیع،شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، چاپی هەشتەم ٢٠١٦ ، لاپەڕە ٩.

(٢١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٧.

(٢٢)کاسێتی تیپی پێشڕەوی چەوساوەکان، سروودی "هەڕنە پێش" بە دەنگی سروودخوێن لالۆ ڕەنجدەر کە لە ساڵی ١٩٨٤ لە چواردەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە گوندی گۆپتەپە لە ناوچەی قولاسێوکە تۆمارکرا و بڵاو کراوەتەوە.

(٢٣)ڕەئوف حەسەن، کرێکار و چیرۆکی کوردی، چاپخانەی عەلاء، چاپی یەکەم بەغدا، لاپەڕە ٣٧.

(٢٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٩.

(٢٥)للمزيد من المعلومات انظر المقال ( ذكرى ٦١ لتآسيس آول تلفزيون عربي) موقع الحرية اول ايار ٢٠١٧.

(٢٦) هەژار موکریانی، ئاڵەکۆک، چاپی یەکەم، لاپەڕە ٤٣. چاپی سەر تۆڕی ئەنتەرنێت کە شوێن و ساڵی چاپکردنی بەسەرەوە نییە.

(٢٧)محەمەدی مەلا کەریم، سەرجەم بەرهەمی گۆران، دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٠، لاپەڕە ٢٥٩.

(٢٨)ئەم شیعارەی حیزبی شیوعی عێراقی نە کرێکارییە، نە مارکسییە. بەڵکو گوزارشتێکی چینایەتی ڕوونە لە سیاسەت و ئایدیۆلۆژی بۆرژوازییانەی حیزبی شیوعی عێراق و ئینتمایە بۆ ئوردووی سۆشیالیزمی بورژوازی ستالینیی.

(٢٩) كارل ماركس و فريدريک انجلس، بيان الحزب الشيوعي، ١٨٤٨ ص ١٦ المآخوذة من الموقح التالي

https://www.almounadila.info/wp-content/uploads/2015/

(٣٠)دڵزار، دیوانی دڵزار، وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاو کردنەوە چاپی دووەم چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠٠٦ ل ٤١.

(٣١)سامان مارف بەرزنجی و عومەر مەعروف بەرزنجی، سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید(پشکۆ)، چاپی یەکەم هەولێر ١٩٩٣.

(٣٢)دڵزار، دیوانی دڵزار، وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاو کردنەوە، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠٠٦،لاپەڕە ٤١

(٣٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە ٣٢

(٣٤)دیوانی ڕەفیق سابیر، ل ٣٧٣ و ٣٧٤

(٣٥)جەوهەر کرمانج، دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، پێشەکی دکتۆر مارف خەزنەدار، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی٢٠٠٧ ، لاپەڕە ٣٣٧.

(٣٦)گەردەلوول لە ئەدەبی کوردیدا ئاراستەیەکی ئەدەبی بوو لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو لە کوردستانی عێراق، لە بەرانبەر ئاراستەی ڕوانگە یان وەک خۆیان دەڵێن ڕوانگەچییەکان دەیویست لەسەر پێی خۆی بوەستێت. ئومێد ئاشنا و سەلاح محەمەد و خەبات عارف و حوسێن بەفرین ئیشیان لەسەر ئەو ئاراستە ئەدەبییە کردووە و تا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە شیعری (پەیامی ئاگرین) ی حوسێن بەفرین بەناوی خەبات عارفەوە بڵاو بکرێتەوە. تا ئێستا هیچ شتێک لەسەر ئەو ئاراستە ئەدەبییە نەوتراوە و یان نەکەوتۆتە بەرچاوی من جگە لە ڕوونکردنەوەیەکی کاک حوسێن بەفرین نەبێت کە لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبووکدا بڵاوی کردۆتەوە. ئەوەی من تێیگەیشتم ئەوەیە کە ئەو ئاراستەیە لەبەرانبەر ئەدەبی ناسیونالیستی بورژوازی وەستاوەتەوە. ئەگەر وایە هەزاران سڵاو لەو بەرێزانە و لەو قەڵەمانە. بەو هیوایەی کاک خەبات عارف یان کاک حوسێن بەفرین زانیاری وردترمان بخەنە بەردەست.

(٣٧)عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، مانیفێستی ئەدەبی کرێکاریی، گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی، ژمارە ٨ ، کانوونی دووەمی ٢٠١٨، لاپەڕە ٩٩ و ١٠٠.

(٣٨)بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕیکخراوی کارگەران دەتوانن سوود لە نووسینە یادەوەری ئامێزەکانی هاوڕێ ئەنوەر نەجمەدین لە پەیجی خۆی لە

فەیسبووک ببینن. هەروەها سەبارەت بە گروهی سەهەند کە دواتر بوون بە ڕیکخـراوی (اتحـاد مبـارزان کمونیسـت) لە ئێـران لە جەرگەی ئـاڵوگۆڕە سیاسییەکانی دوای ڕووخانی شـا هـاتنە دامەزراندن و هـاورێ مەنسـووری حێکمەت ڕێبەری ئەم ڕەوتە سیاسـییەی دەکـرد و پاشـان لەگەڵ کـۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان دامەزراند.

(٣٩)لێـرە مەبەسـت ڕێکخـراوی ئەدەبیـیە نەک بڵاوکـراوە و گۆڤـار، ئەگینـا گۆڤـاری زەنگـی کرێکـار دەردەچـوو و پاشـانیش دوای ڕچەشـکێنی گۆڤـاری رابەر، گۆڤارەکــانی ئەدەبــی کرێکــاریی و نینــا و شــەبەنگیش هــاتنە بڵاوکردنەوە.

(٤٠)ڕێبـوار، سـروودی سـڵاوی ئـازادی، ئینتشـاراتی کـانوونی یـارمەتی بـۆ کوردستان، کۆڵن ١٩٨٤ ، لاپەڕە ٤.

(٤١)عەبدوڵا سلێمان(مەشـخەڵ)، خۆرنشـینان بـارانی وشـە سـوورەکان تەڕم دەکا،کۆ شیعر، ٢٠١٩، لاپەڕەکانی ١٨٧-١٨٨

(٤٢)سەعید ئەمانی، ئەرخەوانـی یاد،چـاپی یەکەم، کوردستان.سـاڵ و شـوێنی چاپ و ناوی چاپخانەی پێوە نییە.

(٤٣)بەیاننامەی کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری کوردسـتان، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە ١، پایزی ١٩٨٥، لاپەڕە ١٢.

(٤٤)ئەحمەد بازگر، کاروانمان بەرەو کوێ دەچێ؟، گۆڤاری پێشـەنگ، ژمـارە ١، پایزی ١٩٨٥، لاپەڕە ٣١.

(٤٥)سلێمان قاسـمیانی (کاکە)، تۆفـان، چاپخـانەی هانـا، چـاپی دووەم، سـوید ١٩٩٥، لاپەڕە ٥.

(٤٦)عەبـدوڵا سلێمان(مەشــخەڵ)، مانیفێسـتی ئەدەبـی کرێکـاریی گۆڤـاری دیدگای سۆشیالیستی، ژمارە ٨ ، کانوونی دووەمی ٢٠١٨، لاپەڕە ١٠٠.

(٤٧)یادگــار ڕەســوڵ بــاڵەکی، کێشــی عەروز و کەشــتی (مەحــوی) لە دەریاکەیدا، برایەتی ئەدەب و هـونەر، ژمـارە ١٨٨، هەینی ٤-٨-٢٠٠٠ لاپەڕە ٢.

(٤٨)دڵـزار، دیـوانی دڵـزار، وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، بەڕێـوەبەرایەتیی چـاپ و بڵاو کردنەوە، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠٠٦، لاپەڕە ١٥.

(٤٩)سـەعید ئەمـانی، ئەرخەوانـی یـاد، چـاپی یەکەم،سـاڵ و شـوێنی چـاپ و ناوی چاپخانەی پێوە نییە.

(٥٠) دیوانی کاکەی فەلاح، ئامادەکردنی بنەماڵەی شـاعیر، ٢٠٠٤،چاپی سـەر تۆڕی ئەنتەرنێت کە شوێن و ساڵی چاپکردنی بەسەرەوە نییە.

(٥١)عەبـدوڵا سلێمان(مەشـخەڵ)، مانیفێسـتی ئەدەبـی کرێکاریی،گۆڤـاری دیدگای سۆشیالیستی ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١٨، لاپەڕە ١٠٣.

تێبینـی: ئەم بـابەتە وەک لێکـۆڵینەوەیەکی هەمەلایەن لەسـەر ڕەوتـی شـیعری کرێکـاریی کوردسـتان بـۆ کتێبـی (ئەنتۆلۆجیـای شـیعری کرێکـاریی کـوردی) نووسراوە و ئامادەکراوە و لە گۆڤاری دیـدگای سۆشیالیسـتی ژمـارە ١٥ ی ساڵی ٢٠٢٠ بڵاو بۆتەوە.

# خوێندنەوەیەکی شیکاریی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە ئەدەبی ئیسلامیی

سەرەتای ساڵی ٢٠١٥

## وتەیەکی کورت

ئەدەبی ئیسلامیی چییە و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ پایەکانی ئەم ئەدەبە چین و ئامانجی کۆتایی لە چیدا چڕ دەبێتەوە؟ ئایا ئەدەبی ئیسلامیی کوردی بوونی هەیە؟ کێن ئەوانەی لە کوردستان ڕەواج بەو ئەدەبە دەدەن؟ ئەی ڕۆڵی ڕەخنەی ئەدەبی شۆڕشگێڕانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئەدەبەدا چییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەدەب لە کۆمەڵگەی چینایەتی بناسین و ئینجا کاریگەری ئەدەب لەسەر زەین و بیری ئینسانەکان ببینین. ئەدەب دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، گەرچی پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیی خودیش(ذات)ی بێت، ئەوە ڕاستە (ذات)ییە لە ڕوانگەی دەستپێشکەری و گەڕان و کۆکردنەوە و لێکهەڵپێکانی ڕەگەزەکان بەپێی تێڕوانینە خودییەکان، بەڵام کۆمەڵایەتییە چونکە بابەت و ڕەگەزەکانی لە ژیان و کۆمەڵگەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەدرێژایی مێژووی ئەدەب هیچ کەسێک پەیوەندی

نێوان ئەدەب و کۆمەڵگەی ئینکار نەکردووە، بەڵکو لەسەر تێگەیشتن لە سروشتی ئەو پەیوەندییە جیاوازیان هەبووە. سەرخانی سیاسیی کۆمەڵگەی بورژوازی و ئایدیۆلۆژی زاڵ هەرچییەک بێت ( ئاینی، ناسیونالیستی، تۆلیتاری، یان دیموکراسی) هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە ئابورییە زاڵمانەکەی سەرمایەدارییە. ئەدەب و هونەریش دەکەوێتە نێو بازنەی سەرخانی سیاسی. ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگەی بورژوازی، ململانێی نێوان چینی کرێکار و سەرمایەدارە. لە سیاقی ئەو ململانێیە کە زۆرجار گەشە دەکات بۆ ئاستی ڕاپەڕین و تەنانەت شۆڕش، ئەدەبەکانی ئەو دوو چینە هەریەک بەکاری خۆی هەڵدەستێ و بەرگری لە چینەکەی خۆی دەکات. ئەدەبی شۆڕشگێرانەی کرێکار وەک لیۆن ترۆتسکی دەڵێ " کە پشتیوانی لە کرێکاران دەکات لە شۆڕشدا دژ بە چەوسێنەران، ئەدەبێکی زەروری و پێشکەوتووخوازە"(١). لەبەرامبەریشدا ئەدەبی بورژوازی لە هەوڵی دووبەرەکی دایە لە ڕیزەکانی کرێکاران و پارچە پارچە کردنی هێزەکانی چینی کرێکار لە خەباتیان بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسی و ئابورییەکانیان بە ئامانج دەزانێ. ئەدەبی بورژوازی ( کە ئەدەبی ئیسلامیی بەشێکە لەو ئەدەبە) لە هەوڵی بەلاڕیدابردنی خەباتی کریکارانە و بەرگریکردنە لە ستەم بێمافی ئینسانەکان. ئەدەبی ئیسلامیی ئەدەبی ئایینییە. فریدریک ئەنجڵس لە کتێبی ئەنتی دۆهرینگدا دەڵێ " ئایین جا هەرچییەک بێت، جگە لە ڕەنگدانەوەی خەیاڵی هێزە دەرەکییەکان و زاڵبوونی ئەو هێزانە بەسەر ژیانی ڕۆژانە و زیهنیی خەڵکی، هیچیتر نییە." (٢) ئایینیش لەسەر بنچینەی ترس لە هێزێکی دەرەکی دامەزراوە و

هەوڵ ئەدات ئینسانەکان شوکرانە بژێری بکەن لەبەرامبەر ستەم و چەوسانەوەی چینە باڵا دەستەکان. سەرخانی ئابووری (دین، فیکـــر، ئەدەب و هـــونەر، ئـــایین، و ...تـــاد)وەک پـــارێزەری بەرژەوەنـــدی چینـــایەتی چیـــنە داراکـــان پێویســـتییەکی حاشـــاهەڵنەگری نیزامـــی ســـەرمایەدارییە. کـــاتێ لە ڕوانـــگەی ماتریاڵیزمی مێژوویەوە لەم دیاردەیە دەڕوانین دەبینین ئایین لە ڕوانگەی کارل مارکسەوە بریتییە لە تلیاکی گەلان" (٣) ئەدەبی ئایینیش ڕۆڵی هەمان تلیاک دەبینێ کە ئایین دەیبینێت. ئەدەبی ئایینی (لێرەدا مەبەست هەر ئەدەبێکە کە لەسەر بنچینەی ئایین دامەزراوە و تایبەتیتریش مەبەست ئەدەبی ئیسلامییە)، ئەدەبی گێژکـردن و فریـودانی خەڵـکە بە تـرس و باوەڕێـک کە هـیج قـــازانجێکی بـــۆ ئینســـانەکان تێـــدا نیـــیە. ئـــایین بەرهەمـــی بیرکردنەوەی ئینسانە، نەک ئینسان بەرهەمی ئایین بێت. ئەنگڵس جوانی وتووە کە دەڵێ " مێشک مادە بەرهەمی ڕوح نییە، بەلکو خودی ڕوح جگە لە باڵاترین بەرهەمی مادە، شتێکی تر نییە" (٤). ئەدەبی ئـایینی یـان ئەدەبـی پشـت بەسـتوو بە ئـایین توانـای گەشەکردنی نییە و ناتوانێت یەک هەنگاو بەرەو جوانی و باڵا و نزیکبوونەوە لە ئازادی و یەکسانی کۆمەڵایەتی ئینسان هەنگاو بنێ. ئەدەبی ئیسلامییش وەک ئەدەبی ئایینی بەپێچەوانەی ئیدیعا و پروپاگەنـــدەکانی نووســـەرانی ئەو ئەدەبە کە هەوڵ دەدەن ڕوویەکـی جـوان بەو ئەدەبە پێبـدەن و بە ئەدەبێکـی دەربڕینـی ئامانجدار و بەڕێوەبردنی ئوممەت و پابەندی وەسف دەکەن(٥)، جگە لە کۆیلەکردنی خەڵـک و فریودانیـان ئەرکێکـی تـری نیـیە. کاکڵەی ئەدەبی ئیسلامیی بەتاڵ و زڕە. بۆ ئەوەی بڕێک زیاتر لە ئەدەبـی ئیسـلامیی بگەیـن باشـترە بچـین بەلای بیرمەنـدانی ئەو

ئەدەبە و بزانین چۆن ئەدەبەکەیان پێناسە دەکەن. دیارە بەلای ئەو بیرمەندانەوە ئەدەبی ئیسلامیی بەو ئەدەبە دەوترێت کە بۆچوون و بیروباوەڕی ئیسلام و ڕێنوێنییەکانی، کە لە ڕوحی ئایین و باوەڕی ئیسلامدایە، لە خۆیدا ڕەنگ دەداتەوە. دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕەئفەت پاشا پێیوایە " ئەدەبی ئیسلامیی گوزارشتێکی هونەریی ئامانجدارە لە واقیعی ژیان و گەردوون و ئینسان لە ویژدانی ئەدیبەوە، گوزارشتێک کە لە تەسەوەری ئیسلامی لە خولقێنەر و خودا و مەخلوقاتەکانی." بەڵام دکتۆر مەحموود جرار مامۆستا لە زانکۆی ئەهلی عەمان و سەرۆکی نووسینگەی هەرێمی (رابطة الادب الاسلامي العالمي) لە ئوردن دەڵێ " ئەدەبی ئیسلامیی ئەو ئەدەبەیە کە تێڕوانینی ئیسلامی بۆ گەردوون و ژیان و ئینسان لە خۆیدا بەرجەستە دەکاتەوە" هەرچی چیرۆکنووسی ئیسلامی نەعیم ئەلغۆلە دەڵێ " ئەدەبی ئیسلامیی گوزارشتێکی هونەری جوانی ئامانجدارە بەپێی تێروانینی ئیسلامی لە گەردوون و ژیان و ئینسان. گرنگە گوزارشتکردنەکە ئامانجدار بێت یانی ئیلیزامی بە ئیسلامەوە هەبێت." دواجار محەمەد نور ئەلئیسلام دەڵێ: ئەدەبی ئیسلامیی ئەو ئەدەبەیە کە لە سایەی قورئان و سوننەت و فیکری ئیسلامی و ڕێباز وکلتوورەکەی دەنووسرێت. جا هەر ئەدەبێک لەسەر ئەو ڕێبازە بنووسرێت لە ئێستاوە بۆ داهاتوو.(٦) کەواتە ئەدەبی ئیسلامیی ئەدەبێکە ئیلهام لە قورئان و فەرموودەکانی محەمەد و شەریعەتی ئایین وەردەگرێ و بەو تێڕوانینەوە دەڕوانێتە ژیان و ئینسان و گەردوون. لەم پێناسەیەوە دەگەین بەوەی کە هەژمونی قورئان و فەرموودە و سێبەری شەریعەت بەسەر خەیاڵ و داهێنانی ئەدیب و دەقی ئەدەبیدا، باڵادەستە.

واتە لە ئەدەبـی ئیسـلامییدا شـتێک نییە بە نـاوی سـەربەخۆیی نووسەرەوە. ئەدیب پێش ئەوەی دەست بداتە قەڵەم مەحکومە بە ڕێبازێـک و ناوەڕۆکێـک کە پێشـتر بـۆی دارێـژراوە. ئـازادی لە پانتایی ئەدەبی ئیسـلامیی ئەفسانەیە. نووسـەری ئیسـلامی ئازاد نیـــیە و بەمـــوو ناتوانێـــت لە تەعالیمەکـــانی نـــاو قورئـــان و فەرموودەکانی پەیامبەری ئیسلام و کلتووری ئیسـلامی لا بدات. لادان لەو کلتوورە، یانی کفر و ئیلحاد.

## ئەدەبی ئیسلامیی و تایبەتمەندییەکانی

دەسـتەواژەی ئەدەبـی ئیسـلامیی دەسـتەواژەیەکی نـوێیە و بـۆ یەکەمینجـار لەلایەن بیرمەنـدی ئیسـلامی الشـیخ ابـو الحسـن علـي الندوي کاتێ وەک ئەندامی ڕێکخراوی(علوم العـرب ) لە دیمەشـق هەڵبژێـــــردرا، یەکەم کەس بـــــوو داوای جێکەوتەکردنـــــی ئەو دەسـتەواژەیەی کـرد و پاشـانیش گەلێ ئەدیب و بیرمەنـدانی تـر ئەو دەسـتەواژەیەیان جێخسـت وەک مـحەمەد ئیقبـال و مصـطفی صادق الرافعي. دواتریش بەتـایبەتی سـەید قوتـب لە سـاڵی ١٩٥٢ بە وتارێـــک لە ڕۆژنـــامەی (الاخـــوان المســـلمین) دەســـتی بەو چەمکەوە گرت و دواتریش محەمەد قوتبی برای لە سـاڵی ١٩٦١ و و دکتۆر نەجیب گەیلانی ١٩٦٣ برەویان بەو دەەستەواژەیە دا و پاشـــانیش دکتـــۆر عمادالـــدین خلیـــل لە ســـاڵی ١٩٧٤ دا زۆر بـرەوی بەو چەمـک و ڕێبـازە دا. تـا سـاڵی ١٩٨١ لە کـۆنگرەی (النـــدوة العالمیـــة لـــلادب الاســـلامي) بەســـترا و بە چەنـــد بڕیارنامەیەک کۆنگرەکە هـاتە تەواو بـوون لەوانە " دامەزراندنی ڕێکخراوی ئەدەبی ئیسلامیی جیهانی، دانانی ئەمینداریێتی بۆ ئەو

ڕێکخـــــراوە، چاوخشـــــاندنەوە بە سیســــــتەمی خوێنـــــدن. بەلەبەرچـاوگرتنی گەشەسـەندنی هۆشـیاری لاوی موسـوڵمان، لێکگرێــدانی هەوڵەکــانی ئەدیــبە ئیســـلامیەکان و دەســـتدانە پەروەردەیەکــی ئیســـلامی و بــرەودان بە ئەدەبــی منــداڵان و لاوان.(٧) لێرەوە هەست دەکەین ئەدەبی ئیسلامیی لەسەر ئاستی نێـونەتەوەیی لەســەر قـاچی خـۆی وەسـتاوە و خەریـکە ئـیش لەسەر هۆش و بیری ئەندامانی کۆمەڵگە دەکات. واتە ئەگەرچی لەسەردەمی پەیامبەری ئیسلامەوە کە شاعیرانی دەربار بەشان و بـاڵی محەمەدیـان هەڵـداوە تـا دەگـاتە ناوەڕاسـتی سـەدەی بیستەم شتێک نەبووە بەناوی ئەدەبی ئیسلامیی. ئەوەی هەبووە هەوڵ و کۆششـی تاکەکـان بـووە. بەڵام لە ناوەڕاسـتی سـەدەی بیستەمەوە هەوڵدرا سەروسیما بەو هەوڵ و کۆششانە بدرێت و هەوڵەکانیش لە ڕێکخراوی ئیخوان موسلمینەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ئیشە چرووپڕەکانی ئیسلامی سیاسی ئەمڕۆ.

تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ئیسلامیی، کە بیرمەندە ئیسلامییەکان خۆیان ڕایدەگەیێنین وەک ئەدەبی ئیسلامیی ئەدەبێکی ئامانجدارە، مـولتەزیمە، ئەسـیلە، سـەربەخۆیە، پـتەو و وەسـتاوە، ئەدەبـی ئەخلاق و هۆشیارییە،(٨) ڕێک کۆپیکردنی هەمان تایبەتمەندییە کە ئەدەبی سۆشیالیستی هەیەتی لە ئیلتزام و ئامانج و ئەساڵەت و سـەربەخۆیی و هوشـیاری. ئەدەبــی ئیســلامیی ئەدەبــێکە نوزعەی ئیسلامی هەیە لە کاتێکدا ئەدەبی مارکسیستی نوزعەی ئینســانیی هەیە. چــونکە "گومــانی تێــدا نیــیە کە تێڕوانینــی مارکسیستی بۆ مێژوو و بیردۆزی زێدەبایی بایەخێکی زۆریان هەیە بە شێوەیەکی گشتی وەک چەکێکی چینایەتی بۆ پرۆلیتاریا و بۆ زانست"(٩) بۆیە ئەدەبیاتی مارکسیستی ئەدەبێکە کە ڕەگی

هۆشیاری چینایەتی کرێکاران و ئامانجی ڕزگاریبەخشی ئەو چینەی تێدا بەرجەستە کراوەتەوە. لە کاتێکدا ئەدەبی ئیسلامیی ئەدەبی توونددکردنەوەی زنجیرەکانی کۆیلەتی مرۆڤە. ڕەخنەگرتن لەتیئوری ئەدەبی ئیسلامیی و دامەزرینەرانی ئەو ڕەوت و ڕێبازە بەندە بە بەدەستەوەگرتنی بیرۆکەی ڕەخنەگرانە. یەکێک لە بەناوبانگترین مارکسیستە شۆڕشگێڕەکانی عەرەب مەهدی عامل دەڵێ " هەر بیرۆکەیەک ڕەخنەگرانە نەبوو مانای وایە خەساوە"(١٠) واتە لەم گۆشەنیگایەوە تەنها بیرۆکەیەک کە بتوانێت بە ڕۆڵی ڕەخنەگرانەی خۆی هەستێت و ڕەهەندەکانی جوانناسی و زمان لەلایەک و شۆڕشگێڕێتی لەلایەکی تر لەخۆی کۆبکاتەوە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیە.تەنها ئەم میتۆدە مادییەیە کە دەتوانێت وەڵامگۆی سەرجەم ڕەوت و ڕێبازە ئەدەبییە غەیرە مارکسییەکان بێت.

## هەڵسەنگاندنێکی گشتی ئەدەبی ئیسلامیی

ئەدەبی ئیسلامیی تا ئەو جێگەیە پەیوەندی بە ئینسانەوە هەیە کە هەوڵی دەستەمۆکردنی دەدات و ئیرادەی تێک و پێک دەدا و لە ئینسانیەتی خاڵی دەکاتەوە. ئەو ئەدەبە کۆنەپەرستە و یەکێکیشە لە بەربەستە سەرسەختەکانی ئینسان بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی. لە ڕێی بڵاوکردنەوەی خورافە و نەزانین و جەهلەوە، مرۆڤ لە خەون و هیوا مرۆییەکانی دوور دەخاتەوە. ئەو ئەدەبە چونکە سەرچاوەکەی ئاییینی ئیسلامە، هیچ ئاسۆیەکی گەشی پێ نییە و تاریکی دەبەخشێنێتەوە. ئەدەبی

ئیسـلامیی وەک بەرەنگاریێک لە بەرامبەر گەشەی ئەدەبی واقیعیەتی سۆشیالیستی شکڵ و شێوەی پێدرا و ڕێکخراوە. واتە تا ئەدەبی سۆشیالیستی گەشەی نەکرد، ئەدەبی ئیسلامیی بەم جۆرە سیاسییە و حیزبییە لەئارادا نەبووە. یەکێک لەو هۆکارانەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لەپێناو لاوازکردنی ئەدەبیاتی واقیعی سۆشیالیستیی، بریتیبوو لە کۆمەککردن و یارمەتیدان بە هێز و لایەنە تاریکخوازەکان و ئەنتی مارکسیستەکان و لەوێشەوە یارمەتی دانی ئەدەبی ئیسلامیی لەوڵاتی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی تا دەگات بە دانانی خەڵاتی جیهانی بۆ وەرگێران لە عەرەبییەوە بۆ زمانانی تر و بە پێچەوانەوە وەک خەڵاتی نووسینگەی گشتی مەلیک عەبدولعەزیز بۆ وەرگێڕان.(١١)

کاتێ لە دیدگای مادییەوە دەڕوانینە ئەدەبی ئیسلامیی دەتوانین گۆشە جیاجیاکانی ئەو ئەدەبە ببینین و ورد بینەوە لێی و هەڵی بسەنگێنین و تایبەتمەندییەکانی دەستنیشان بکەین. بەیڕوای من تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ئیسلامیی دەتوانین لەم خاڵانە چڕ بکەینەوە:

یەک: ئەدەبی ئیسلامیی لەسەر پایەی ئینسانیی دانەمەزراوە، بەڵکو پشت بەستووە بەو بۆچوونەی کە ڕوانین بۆ هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە میانی جێ و شوێنی ڕاستەقینەی خۆی لە سیاقی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی ملکەچی یاسا ئیلاهییە باڵا دەستەکانە بەسەر بزووتنەوەی مێژوو پەوەسەندنی شارستانی مانای هەیە. بەم پێیە ئەدەبی ئیسلامیی هەموو یاساکانی سروشت و ژیان بە یاسای ئیلاهی دەزانێ و خاڵییە لەهەر لێکدانەوەیەکی زانستی بۆ مرۆڤ و ژیان و دیاردەکان.

ئەمەش بەمانـــای ئەوە دێــت کە ئەم ئەدەبە لەســـەر نەزانیـــی و خەیاڵ پڵاوی کۆمەڵێ گفت و پەیمان بنیاد نراوە،کە ئەویش نەک لەم تـاکە دنیـایەدا، بەڵکـو لە دنیـای پـاش مـردنیش کە تەنهـا لە جیهانبینی ئەواندا بوونی هەیە.

دوو: ئەدەبــی ئیســلامیی ئیــرادەی ئینســـان دەکــوژێ. چــونکە لە سروشــتی ئەو ئەدەبەدا تەواوی ڕووداوەکــان هەر لە ســەرەتای بـوونەوە لە لەوحـی مەحفـوز نووسـراوە. ئیتـر کـاری مـرۆڤ بـۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵانە زیـادەن و خـوا چـی لە نێـو چـاوانی مرۆڤەکـان نووسـیبێت، هەر ئەوەیە. لێـرەوە شـۆڕش و بەرپــاکردنی شــۆڕش هــیچ بــایەخێکی سیاســی و کــۆمەڵایەتی نـــــامێنێ. ئەمەش بە ئەزەلــــی و ئەبەدی نیشــــاندانی زوڵـــم و چەوســـانەوەی چینـــایەتییە لەســـەر ژیـــانی مرۆڤەکــان. بــۆیە لە دیدگای ئەم ئەدەبەوە خەبـاتکردن بۆ ئازادی شـتێکی زیـادەیە و کۆیلەبــووی هەدیەی خــوایە و دەبــێ شــوکوری ئەم نیعمەتـــی کۆیلەبوونە بکەین.

سێ: ئەدەبی ئیسـلامیی ئەدەبێکی تـا سـەر ئێسـقان کۆنەپەرستە. پشـت بە کـۆمەڵێ تەبلیغـات و ڕێنـوێنی دەبەسـتێ کە ئیکسـپایەر بـوونە و بە دەردی ئەمـڕۆی کـۆمەڵگەی ئینسـانیی نـاخوات. بە وشەیەکی تر، ئەدەبی ئیسلامیی ئەدەبی خۆڵکردنە چاوی خەڵک و شــاردنەوەی ڕاســتییەکانە، ئەدەبــی بە گەمژەکردنــی مــرۆڤە. ئەدەبـی تێکشـکاندنی ئیـرادەی ئینسـان و دەسـتەپاچەبوونییەتی لەبەردەم چارەنووس و داهاتووی خۆی

سێ: ئەدەبی ئیسلامیی ئەدەبی سووکایەتییە بە مرۆڤ بە گشـتی و ژن بە تـــایبەتی. ئەدەبـــی ســـەنگەرگرتنە لە خەون و هیـــوا و

ئاواتە ئینسانییەکان. نوزعەی ئەدەبی ئیسلامیی ئایینی ئیسلامە، نەک ئینسان. ژن هیچ مەقامێکی ئینسانیی نییە و ئەوەی هەیە کۆیلەیەکە دەبێ وەڵام بە غەریزە نێرسالارییەکانی پیاوەکەی بداتەوە. ئەدەبی ئیسلامیی ئەدەبێکە خاڵی لە خەون و خولیا و عیشق و ئەوین. ئەدەبی پیاوسالارییە لەدژی هەموو جوانییەکانی ژیان.

چوار: ئەدەبی ئیسلامیی نە خاوەن بەلاغەیە و نە گەمەی زمانەوانیی، بۆیە کە لێی ورد دەبیتەوە جگە لە بیابانێک لە وشەی بەتاڵ و کۆن و چۆڵەوانییەک لە فیکری مۆدێرن و زانستیی شتێکی ترت نایەتە بەرچاو. ئەم ئەدەبە کەکاری گەلحۆکردن و ژیان بەفیڕۆدان و بەهێزکردنی زنجیرەکانی دەست و پێی ئینسانەکانە لەبەرامبەر چارەنووسیان.

پێنج: ئەدەبی ئیسلامیی ناکۆکە لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆ و دەستکەوتە زانستییەکان و گەشەی تەکلنەلۆجیا. ئەدەبی ئیسلامیی بەتوندی بیردۆزەی ئیڤەلووەیشن و فیزیای کوانتەم ڕەت دەکاتەوە. ناوەڕۆکی ئەدەبی ئیسلامیی هەوڵدانە بۆ لە غەفڵەت هێشتنەوەی ئینسان و بێئاگابوونیان لە دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی لەسەرجەم بوارەکانی ژیان.

شەش: دواجار ئەدەبی ئیسلامیی ئەدەبێکە لە سەنگەری دژایەتیکردنی هەر ئەدەب و ڕێبازێکی ئەدەبیی و هونەرییە کە ناکۆک و ناتەبا بێت لەگەڵیا، ئەدەبی پاڵپشتی تەکفیر و سزا و تیرۆری هەر نووسەر و ڕووناکبیرێکە کە ئایین و شەریعەت قەبوڵ ناکەن و ڕەتی دەکەنەوە. ئەدەبی بێدەنگ بوونە لە هەمبەر کارە دژە ئینسانییەکانی ئەو حیزب و ڕیکخراو و

کـۆمەڵانەی کە بـرەو بە کوشـتنی جـوانی و عەقـڵ دەدەن لە کۆمەڵگە.

## ئەدەبی ئیسلامیی کوردی

کورد وەک نەتەوەیەک ئاشکرایە کە ١٤٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا لە ئەنجامی هێرشە بەربڵاو و وەحشییەکانی لەشکری داگیرکەری ئیسلام و بە زەبری شمشێر بووەتە ئیسلام. بەپێی سەرچاوە مێژوویەکـان کـورد هەروا بە ئاسـانی ملـی نەداوە، بەڵکـو بەرەنگاری ئەو هێزە تاریکە بۆتەوە و بە سەدان قوربانی داوە. بەڵام دواجـار لەشـکری داگیـرکەری ئیسـلام سـەردەکەوێ و کوردیش بەناچاری واز لە ئایینە کۆنەکەی خۆی دێنێت و دەبێتە ئیسـلام. ئیتـر لەو ڕۆژەوە ئەو ئـایینە بەزۆر کـراوە بە ئـایینی کـورد. کوردیش لەگەڵ ئـاڵوگۆڕە سیاسییەکان نەیتوانیوە خۆی بگـونجێنێ و دەرفەت بقـۆزێتەوە و هەم خـۆی لەم ئـایینە کۆنەپەرستە ڕزگـار بکـات و هەمـیش قەوارەیەکـی سیاسـی بـۆ خۆی دەسـتەبەر بکـات. ڕەگ داکـوتینی ئەم ئـایینە کۆنەپەرسـتە لەنـاو کـورد هەمیشـە بە زیـانی کـورد تەواو بـوە. ئەوەتـا لەم سـاڵانەی دواییـدا گەشـەی ئیسـلامی سیاسـیی لە کوردسـتان لەسەر دەستی کۆنەخوازانی ئیخوانچییەکان (قوتابیانی قوتب و بەننـا) و ئەردۆغانچییەکـان، کـۆمەڵگەی کوردسـتانیان کـردۆتە تاریکستان و خەریکن کوردستان بکەنە ئەفگانستان و پاکستان. لەم نێوەشـدا قوتابیـانی قوتـب و بەننـا لەسـەر ڕێبـازی ئەو بیرمەنـدانەیان کەوتـوونەتە وێـزەی ئەدەب و بە ئیسـلامکردنی ئەدەب. حیـزبە ورد و درشـتەکانی ئیسـلامی سیاسـیی لە

کوردســـتان لەبەر ئەوەی حکـــومەتی هەرێمـــی کوردســـتان بــودجەیەکی زەبەلاحــی بــۆ بڕیــونەتەوە و لەلایەکــی تریشــەوە دەوڵەتەکــانی ســعودیە و قەتەر و تورکیــا یــارمەتی مــاددی زۆریان دەدەن توانیویانە لەجێبەجێکردنی پلان و بەرنامەکانیان سەرکەوتوو بن. لەبواری ئەدەبیشدا بێ ڕەقیب هەنگاویان ناوە و لەڕێـــگەی بڵاوکـــراوە و ڕۆژنـــامە و گۆڤـــار و ڕادیـــۆ و تیڤییەکانیـانەوە درێخیـان نەکـردووە لە بڵاوکـردنەوەی ئەدەبـی ئیسـلامیی. هەر بـۆ نمـوونە گۆڤـاری هەڵەبـجەی بـزووتنەوەی ئیسلامی جاران و گۆڤاری نوێسازی (گۆڤاری کۆڕبەندی هزری ئیســـلامی لە کوردســـتان) و گۆڤـــاری بـــزاڤ و ئەمە جـــگە لە بڵاوکردنەوەی دەیەها کتێب و نامیلکەی فریودەر و ژەهرپڕژێن. ئەرکـی ئەم حیزبـانە و نووســـەرە کۆنەخوازەکانیـان لەچەشـنی مـاکوان کەریـم و کامیـل مەحمـود و یـاخی و بنـار جەبـار و محەمەد مەجید شێروانی و ڕۆستەم خامۆش و گۆران عەباس و عەلـی هەولێـر فێـرگە و جێگـر خۆشـناو و کـاک ئەحـمەدی مـوفتیزادە و شـیرین مەلا ئەحـمەد و عەبـدولڕەحمان مـحەمەد کەریم و ڕێزان هەڵەبجەیی تا دەگاتە کۆلکەشاعیرێکی وەک هیوا عەوێنەیی، هەر تەنها باسکردنی ئایین و تەبلیغاتی ئایینیی نییە، بەڵکـو دژایەتیکـردن و وەسـتانەوەیە بەڕووی ئەو نووســەر و ئەدیبـانەی کە ڕەخـنە لە ئـایین دەگـرن و ئـایین ڕەت دەکەنەوە. درۆی گەورەی ئەو دژایەتیکـردنە نـاتوانن بشـارنەوە و بێـپەردە ڕایدەگەێنن کە "هەر ڕەخنەیەک لە ئایین، بێحورمەتییە بە ئایین و ئەمەش لـووتکەی بـێ ئەخلاقـی و بـێ شـــەهامەتییە و ئەم بـێ حـــورمەتیکردنە بـــووتە پیشـــەی مولحیـــد و بـــێ بـــاوەڕە بـــێ ئەدەبەکـانی ئەم وڵاتە"(١٢). نووســەری ئەم دێـرە پـلە و پـایەی

هەرچییەک بێت و باکگراوندی چی بێت، گوزارشتی ورد و دروستی لە تێڕوانین و ئایدیای دژە ئازادی و دژە ئینسانی باوەڕ و ئایینەکەی خۆی کردووە. باشووری کوردستان ئێستا بە دەیەها و سەدەهاو بگرە بە هەزارەها بانگخواز و قەڵەم بەدەستی نەخوێندەوار و جاهیلی تێدایە. ئەمە هەڕەشەیەکی گەورە و ترسناکە لەسەر ئێستا و ئایندەی کۆمەڵگەی کوردستان. ئەمە ئاماژەیەکی خەتەرناکە بەڕووی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و کراوەدا. چالاکییەکانی ئیسلامی سیاسیی هەر بەوەندەشەوە نەوەستاون کە باس لە ئەدەبی ئیسلامیی بکەن، بەڵکو "کار گەیشتۆتە ئەوەی کە شیعر و ئیسلام لێک هەڵپێکن و بڵێن شیعری ئیسلامی پێشەنگ و جیاوازە و گرنگی بە جوانی و پاکی دەدات.(١٣) ئەرکی نووسەران و هونەرمەندان و قەڵەم بەدەستانی ئازادیخوازە بە توندی ڕەخنە لە کۆنەخوازانی ئیسلام و ئەدەبەکەیان بگرن و ماهییەتی دژە ئینسانیان ئاشکرا بکەن.

## ئەنجام

سەرەنجام ئەدەبی ئیسلامیی، ئەدەبی فریودان و بە کۆیلەکردنی خەڵکە لەپێناو پاراستن و بەرژەوەندییەکانی چینە داراکان. ئەدەبی ئیسلامیی، ئەدەبی ئایینییە و ئەمەش وەک پێداویستییەکی سەرخانی کۆمەڵگەی چینایەتی جێی بایەخی بورژوازی و چینە داراکانە. ئامانجی ئەم ئەدەبە چاندنی تۆوی جەهل و نەزانییە لەدڵ و مێشکی خەڵک و شکاندنی ئیرادەی شۆڕشگێرانەی خەڵکە بۆ گۆڕینی ژیانیان بەرەو دونیایەکی

باشـتر و خـاڵی له هەر چەشـنه سـتەمێک. کوردسـتانیش له دوو سـێ دەیەی ڕابـردوودا بـۆته گۆڕەپـانی حیـزب و بـزووتنەوه ئیسلامیەکان و ئەوانیش بێهەدادان خەریکی بڵاوکردنەوەی بیری پـووچ و کۆنەپەرسـتین لەڕێـگەی ئەدەبـێکەوه که پێـی دەڵـێن ئەدەبـی ئیسـلامیی. بەو ئەنـدازەیەی ئەو ئەدەبه کۆنەپەرسـته سـەنگەری له خەڵـک گرتـووه، بەو ئەنـدازەیەش ئەرکـی هەمـوو ئـــازادیخواز و پێشـــکەوتووخواز و ئەدەب و ڕەخـــنەی شۆڕشـــگێڕانەیه بەرەنگـــاری ئەدەبـــی ئیســـلامیی ببـــنەوه و ناوەڕۆکەکه جەهالەتخوازەکەی ڕیسوا و ئاشکرا بکەن.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


١- ليون تروتسكى، الادب و الثورة، ترجمة جورج ترابيشي، دار الطليعة بيروت، الطبعة الاولى ١٩٧٥ ص ٢٢.

٢- فريدريک انجلس، حول الدين ضد دوهرينگ، دارالتقدم موسكو، ص ٣٦٦.

٣- كارل ماركس، اسهام في نقد فلسفة الحق عند هيجل . مقدمة. (كارل ماركس و فريدريک انجلس حول الدين موسكو ١٩٥٧ ص ٤٢.)

٤- فریدریک ئەنگڵس، لودڤیگ فۆیەرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی وەرگێرانی سالار ڕەشید لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هوشیاری (ی ن ک) ٢٠٠٣ لاپەڕە ٣٤.

٥- ماکوان کەریم، چاوپێکەوتنی گۆڤاری چرای ڕووناکی ماڵپەڕی ڕەسمی جەماعەتی دەعوەت و ئیسڵاحی ئێران.

٦- محمد نور الاسلام، الادب الاسلامي (التعريف و النشآة و الخصائص) موقع الالوكة الادبية والغوية حضارة الكلمة

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٩- ليون تروتسكى، الادب و الثورة، ترجمة جورج ترابيشي، دار الطليعة بيروت، الطبعة الاولى ١٩٧٥ ص ٨.

١٠- مهدي موسى العامل، اطروعات في الفن: الماركسية و علم الجمال، موقع المنشور المنتدى الاشتراكي نشرة الكترونية ماركسية ثورية ٢٩ نيسان ٢٠١٣.

١١- خصائص الادب الاسلامي  ويكيپيديا الموسوعة الحرة

١٢- كامیل مەحموود، ئەدەب و بێ ئەدەبی بەڕامبەر بە ئایینی خەڵک سایتی بزاڤ پرێس ٧ی ئازاری ٢٠١٥.

١٣- تەلعەت تاهیر، سەبارەت بە شیعر و ئیسلام ..پەیجی تایبەتی کاک تەڵعەت تاهیر لە فەیسبووک.

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ١٥٦٤ی ساڵی ٢٠١٥ بڵاو بۆتەوە.

## پەروەردەی ئیسلامی سیاسی و کاریگەریی لەسەر ژیان ئینسانەکان

نیسانی ٢٠١٧

ململانێی و کێشمەکێشی چینایەتی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری هەمیشە بە ئاسۆ و تێڕوانینی چینایەتییەوە دەچێتە پێش. چینەکان هەر یەک بەرژەوەندی چینایەتی جیاوازیان هەیە و لەم سۆنگەیەوە تێڕوانینەکانی خۆیان بۆ سەرجەم کێشە و ئاریشەکانی کۆمەڵگە دەخەنە ڕوو.

ئەو فەرهەنگەی لەم کۆمەڵگەیەی ئەمڕۆ دەیبینین بریتییە لە فەرهەنگی بۆرژوازی کەوەک چەترێک بەسەر کێشەکانی ژیان و ئینساندا هەڵدراوە. ئەوە ڕاستە کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێویستییەکی یەکجار حەیاتیی بە فەرهەنگی دواکەوتووانە هەیە بۆ ئەوەی مەرامە چینایەتییەکانی خۆی دەستەبەر بکات. هەر بۆیەش دەستبردن بۆ ئایین لە ئەنجامی دواکەوتوویی خەڵک، گەلێ دەستکەوتی بۆ بۆرژوازی فەراهەم کردووە. بۆیە سەرمایەدارانیش نەک کێشەیان لەگەڵ ئایین نییە، بەڵکو یارمەتیدەر و پاڵپشتی ئایین وەک پێویستییەک لە پێناو مانەوەیان، دەبینن. بزووتنەوە سیاسییە ئایینیەکان ئیش لەسەر نەزانی و بێئاگایی خەڵک دەکەن. لە کوردستانیش ئەم بزووتنەوە جەهالەتخوازە لە سێ دەیەی ڕابردوو هەلومەرجێکی بۆ هاتە

ئـاراوه    که به ئـازادانه کەوتـۆته ویـزەی ژیـانی خەڵـک و مـوداخەلەکردن له سـەرجەم پنتکاکـانی ژیـان. له ئاکامیشـدا ئەم دەست تێوەردانه بەڕێگای جیاجیا ئەنجامـدراون که پەروەردەی ئـایینی و بڵاوکـردنەوەی کتێـب و نـامیلکەی ژەهرپـژێن بەشـێکن لەو ئەرکە. بەمجۆرەش کۆمەڵگەی کوردی له کوردستانی عێراق بەرەو داخرانێکـــی بەربـــاد و تـــاریکییەکی نـــووتەک بـــردووە. ئامـانجیش لەم کـارە، ژاکـانی ئومێدی مرۆڤی کوردە که لەبـری پیـادەکردنی کلتـووری شۆڕشـگێڕانه له ڕاپەڕیـن و خەبـات بـۆ گۆڕان و ئاڵۆگۆڕ، ببێ به تەسلیم بوون به فەتوا و هەوڵ دەدرێ قسه بەناو شەریعەتەکانی ئیسلام ببنه بنەمای یاسای ژیان.

ئەم پەروەردەیه لەڕووی کـــــــۆمەڵایەتییەوە کـــــــۆمەڵگەیەکی دواکەوتـووی تەژی له جەهــالەت و نەزانیــی دێنێــته بــوون که یاسـاکانی بەردو  شمشـێر دەسـەڵاتی تێدا بەڕێـوە دەبەن. ئەم جۆرە پەروەردە کردنه ئینسانەکان و ژیانیـان ئـاڵۆز دەکـات و له پەیوەندییه کۆمەڵایەتییه ئینسانییەکانیان دادەبڕێت و له جێگایاندا کۆمەڵە پەیوەندییەک دێته ئاراوه که تەنها و تەنهـا بەچاویلکەی ئـایینەوە دەڕوانێـته دەوروبەر و ژیـان. یـارمەتی و هاوکـاری و هەرەوەزی نێـوان ئینسـانەکان دەگـۆڕێ به خێـر و سـەدەقه و ســـەرفترە. واته پەیوەنـــدییەکی زەلــیلانه جێــی پەیوەنـــدییه ئینســـانەکان دەگـــرێتەوە. ئەمەش کـــۆمەڵگه بەرەو داخرانێکـــی مەترسـیدار دەبـات و لەدوا شیکردنەوەشـدا تێکشـکانی ئیـرادەی ئینسانەکان دێنێته ئاراوه. ئیرادە بۆ کارکردن، ئیرادە بۆ هەوڵ و تێکۆشان، ئیرادە بۆ ئاڵوگۆڕ دەبێ به ئەفسانه و  لێرەوە کۆمەڵێ مرۆڤــی بــێ ئیــرادە و دەســتەمۆکراو بەڵام چــاو له ڕەحمەتــی ئاسمان دروست دەبن که بچووکترین بەهایان بۆ کارکردن نییه

و لەبری ئەوەی پۆزەتیڤانە ژیان بخوێننەوە ، دەست دەکەن بە بینین و لێکدانەوەی نێگەتیڤانەی ژیان و دیاردەکان و ئینسان و کۆمەڵگە. دەستبردن بۆ تەواوی ئازادییەکانی ئینسان لەڕێی ئەم پەروەردە بەربەرییەت هێنەرەوە ڕێچکەکانی زۆر بە ڕوونی لە کۆمەڵگەی کوردستان دەبینین کە دەتوانین ئاوا ئاماژەیان پێ بکەین:

یەک: ئیشکردن لەسەر زیادکردنی ژمارەی مزگەوتەکان لە کوردستانی عێراق کە خۆی نزیک لە حەوت هەزار مزگەوت دەدات و تا دێت ئەو ژمارەیەش بەرەو هەڵکشان دەچێت.

دوو: ئیشکردن لەسەر گۆڕینی ناوی ئینسانەکان ( بەتایبەت کۆرپەی تازە لە دایکبوو) لەناوی کوردی و غەیرە ئاینییەوە بۆ ناوی ئایینی. کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران لەپێناو فراوانترکردنەوەی بیری شیعەگەرایی هەر خانەوادەیەک منداڵەکەی بە ناوەکانی فاتیمە و عەلی ناو بنایە بڕێک پارەی دەدانێ. ئێستا ئیسلامی سیاسی هەوڵ دەدات ناوە غەیرە ئایینییەکان بە ناوی کفر و زەندەقە ناوزەد بکات و ناوە عەرەبییە ئیسلامییەکانیش جوان نیشان بدات.

سێ: شۆردنەوەی عەقڵی گەنج و مێرمنداڵ لەڕێگەی دامودەزگا تەبلیغییەکانی بەردەستیان وەک ڕادیۆ و تیڤی و کەناڵە ئاسمانییەکان و هەروەها لە ڕێگەی کتێب و بڵاوکراوەکانیان، لەهەمووشیان گرنگتر بەڕێوەبەرانی مزگەوتەکانن کە سی دی مێشک شۆرین بە بابەتە ئایینییەکان بە خۆڕایی دوای نوێژ بەسەر نوێژکەران دابەش دەکەن.

چوار: سووکایەتی کردن بە ژنان و بە سووک تەماشاکردنیان لە سەرجەم بوارەکانی ژیان، وەک کلتووری باوی ئیسلامی یەکێکە لە ڕوکنە تەبلیغییە پەروەردەییەکانی ئیسلام.

پێنج: وەستانەوە دژ بە هونەر و ئەدەب و یانە و بار و و شوێنی سەرگەرمکردن و یانە کۆمەڵایتییە تێکەڵەکان و بە نێگەتیڤ تەماشاکردنیان وەک واجیب و جیهاد.

شەش: کردنەوەی دەیان ڕێکخراوی بەناو خێرخوازی کە لە ڕاستیدا ڕێکخراوی حیزبیی ئیسلامین و کاریان ئیشکردنە لەسەر خاڵکی لاوزی ئابووری خانەوادەکان و یارمەتیدانیان و بەدەستهێنانیان لەم ڕێگەیەوە. ئەمەش لەپێناو فراوانترکردنەوەی پایەی کۆمەڵایەتی ئیسلامی سیاسییە لە کۆمەڵگە.

بەڵام کاتی لەڕووی ئابوورییەوە لەم پەروەردەیە دەڕوانین( واتە ڕەهەندی ئابووری ئەم پەروەردەیە) کە مەودای سەقەتی ئەم پەروەردەیەشە ئەوەیە کە تەواوی پەیوەندی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەکان و تێڕوانینی ئینسانەکان و جیاوازی چینایەتی وەک دیاردەیەکی لەخواوە ئاراستەکراو نیشان دەدا و بەپیرۆز دادەنێ، زۆرجاریش لێرە و لەوێ و لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا دەبیستین کە دەڵێن( خوا دەڵێ: لە تۆ حەرەکەت و لەمنیش بەرەکەت). بەڵام خەڵک بێ ئەوەی ئەو پرسیارە بکەن ئەی دەوڵەمەندە تەمبەڵ و تەوەزەلەکان کەی کار دەکەن؟ ئەوان هیچ کارێک ناکەن و هەموو سەروەت و سامانی کۆمەڵگەیان بۆ لەبەر دەستە؟ ئەی بۆ ئێمە ڕۆژانە ڕەنج دەدەین و ئارەق دەڕێژین بەسکێ تێر و بە سەد سک برسین؟ بە بێ ئەم پرسیارانە سەر دەلەقێنن و ڕەزامەندیی لەسەر قەدەرێک

نیشـان دەدەن کە بـریتییە کە توونـدکردنەوەی کـۆت و وبەنـدی کۆیلەتییـان. ئینجـا لە بـری ڕێکخـراو و ســەندیکا سیاســیی و پیشــەییەکان و ڕێکخراوەکــانی پــارێزەر لە مافەکــانی مرۆڤــی خەڵکـی بەشـمەینەت، شـوکری نیعمەتکـردن و لەخـودا پـارانەوە دەبێتە کلتـوور بۆ بەدیهاتنی خەونـی ئینسانەکان. ئیتـر داماڵینی مــــرۆڤ لە کـــاری شۆڕشـــگێڕانە، واتە دەســـت نەبـــردن و قسەنەکردن لە کاری خودا دەگاتە لووتکەی خۆی. بە وشەیەکی تر خـودا خـۆی وای دانـاوە کە ژیـان چـۆن بێت، ئیتـر قسـەکردن لەسەر ئەم نـاڕەوایی و تەقسیمکارییەی خـودا، کفـرە و سـزاکەی دۆزەخە.

لەبەرئەوەی سـتراکتۆری پەروەردەی ئیسـلامی لەسـەر کوشـتنی ئازادی و قەبوڵنەکردنی ڕای جیاواز بنیادنراوە. لەم سـۆنگەیەوە ئەوپەڕی بێهوودەییە هەوڵدان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئایدیۆلۆژیایەک کە دژی جوانی بێت.

ئەوەی دەســـت و پێـــی ئیســـلامی سیاســـیی کۆنەپەرســـتی لە کوردســـتان لە ســـی ســـاڵی ڕابـــردوو ئـــاوەڵا کـــردووە کە بە ئارەزووی خۆیان بکەونە وێزەی ژیـانی خەڵـک و کۆمەڵگە، جگە لە پێکردنی گڵۆپی سەوز لەلایەن بەعس و پاشـانیش دەسـەڵاتی زەرد و ســـەوزەوە، نزمـــی ئاســـتی بـــزووتنەوەی کرێکـــاریی و ڕادیکاڵی کۆمەڵگەیە کە توانیویەتی ئەو کاریگەرییە بەسـەر ژیـان جێبهێڵێ.

کرۆکی ئەم پەروەردەیە بریتییە لە وەستانەوە لە بەرامبەر عەقڵ. لە کوێـدا عەقـڵ کـاری خـۆی بکـات، ئەم کلتـوورە دووچـاری تێکشکان و پاشەکشە دەبێ. بزووتنەوەی ڕێنیسانیسی ئەورووپی

پشتی ئایینی مەسیحی شکاند  کە تا ئێستاش نەیتوانیوە پشت ڕاست بکاتەوە. لەلایەکی ترەوە گەشەی ئابووری و گۆڕانی قۆناغی کۆمەڵگە لە فیوداڵییەوە بۆ سەرمایەداری و هاتنە دەرەوەی بزووتنەوەی کرێکاران و پێکهاتنی ئەو چینە لە ئەنجامی گەشەی مانیفاکتۆرە و پێشکەوتنی پیشەسازییەوە کە ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا لە دەست کۆتاکردنی گەمە ناشیرینەکانی ئایین لەسەر ژیان و چارەنووسی ئینسانەکان. بزووتنەوەی ڕێنیسانی ئەوروپیی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی گەورە بوو، کە چەندین ڕێباز و قوتابخانەی فەلسەفی و فیکری و ئەدەبی هێنایە دەرەوە کە هەر هەموویان کاریگەرییان لەسەر گەڕانەوەی مرۆڤ هەبوون بۆ عەقڵ. بورژوازی ئەو سەردەمەی ئەوروپا کە تازە پێگەیشتبوو تا ئەندازەیەک خەریکی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە بوو. هەرچی واقیعی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئینسانییە دۆخەکە پێچەوانە بۆتەوە و هێزە بۆرژوازییەکان تا سەر ئێسک کۆنەپەرستن و چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش ناکرێ ئومێد لەسەر هیچ هێزێکی کۆنەپەرست هەڵچنن و پێویستە تەنها پشت بە هێزی چینایەتی خۆیان ببەستن بۆ خەبات لە دژی کۆیلەتی کاری کرێگرتە.

گەشەی بزووتنەوەی کرێکاریی و هاتنە دەرەوەی ئەدەبیاتی مارکسیستی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و هەروەها بەرپابوونی کۆمۆنەی پاریس لە ١٨٧١ و پاشان شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر لەسەرەتای سەدەی بیست و لەوێشەوە بڵاوبوونەوەی ئەدەبیات و پەروەردەی کرێکاریی و مارکسیستی بوو بە مایەی ترس و نیگەرانی وڵاتانی زلهێز لە چەشنی ئەمریکا و بەریتانیا. بۆیە ئەو هێزانە کەوتنە تەرخانکردنی بودجەی زەبەلاح بۆ

ڕووبەڕووبـــوونەوەی ئەم پەروەردە کۆمۆنیســـتییە. بـــۆ ئەم مەبەستەش باشترین ئامرازێک کە دەستیان بۆ برد ئایین و بەهێزکردنی ئایین بوو لە جیهانی سێیەم و وڵاتانی دواکەوتوو. دیارترینیشیان کۆمەک کردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئیخوان موسلمین بوو لە میسر.

ئیسـلامی سیاسـی بە گشـتی (کە سـەلەفییەتیش بەشـێکە لەو) خـاوەن ڕێچـکەی پەروەردەیـی تـایبەت بەخـۆیەتی و ئامـانجی گێژکردن و خۆڵکردنە چاوی خەڵکە لەژێر ناوی شوکرانە بژێری بـۆ خـوا و تـرس لە خـوا، خەڵـک لە خەبـات و تێکۆشـان دوور دەخاتەوە و بەمەش خۆی لە ئامانجە دژی ئینسانییەکانی خۆی نزیـــک دەکــــاتەوە. جەوهەری ئەم کارەشـــی پاراســـتنی بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازییە و هیچی دی.

ئەدەبیـــاتی پەروەردەی ئیســـلامی، ئەدەبیـــاتێکی بـــۆگەنی و دواکەوتـوو و کۆنەپەرسـتە. ئامـانج لە پشـت ئەم پەروەردەیەی ئیسلامی سیاسی گۆڕینی ئاڕاستەی ڕێڕەوی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەیە ڕوەو وێرانەیی و داتەپینی مۆڕاڵی، ڕوەو پاش، ڕوەو تـــاریکی و حـــوکمی شمشـــێر و بەرد، ڕووەو بە داعـــش تەغلیفکردنـی ژیـان. بۆیە بۆ ئەوەی ئامـانجی ئەم نووسینەم بە ڕوونی دیار بێ، هەوڵ دەدەم ئامانجی کۆنەپەرستی پەروەردەی ئیسلامی ئاوا بە بە چەند خاڵێک چڕ بکەمەوە:

یەک: بەرچـاو لێڵکـردن و گواسـتنەوەی زەینـی خەڵکـی هەژار و ستەمدیدەی ئەم کوردستانە بەرەو ئاقارێکی تر. بە واتـایەکی تـر شێواندنی ڕووی ڕاستەقینەی خەباتی ئینسانەکانی کۆمەڵگەیە لە دژی ســتەم و چەوســانەوە و زەمینەســازکردن و بارهێنــانی

خەڵكــی هەژاری كــوردە بــۆ دژایەتــی كردنــی هەر كتێــب و نووسەرێكی پێشكەوتووخواز و ئازادیخواز.

دوو: خاڵی كردنەوەی ئینسانەكان لە ڕوحییەتی شۆڕشگێڕانە و كوشــتنی ئیــرادەی شۆڕشــگێڕانەی خەڵكــی زەحمەتكــێش و دەســـــتەمۆكردن و ملكەچكردنیـــانە بە واقیعـــی مەوجـــود. تەسلیمبوون بە قەدەری ئیلاهــی بێئەوەی بچـووكترین توانـای ئالوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە خۆیان نیشان بدەن.

سێ: شێواندن و ناشیرین كردنی كلتووری خەڵكی ستەمدیدەی كورد. چونكە ئیسلامی سیاسی ( سەلەفییەكانیش وەكو بەشێك لەو هێزە كۆنەپارێزە) بڕوایان وایە هەر كلتوورێك لەدەرەوەی كلتووری ئیسلامی، كلتووری ئیلحاد و كفرە. بۆیە شێواندن و لەنێــوبردنی ئەم كلتــوورە بەنــاو كفــرە جیهــاد و واجــبە. كە دیارترینیان مەسەلەی ژێرپێخستنی ئازادی پۆشینی جلوبەگە بەتایبەتی بۆ ژنان و هەوڵدان بۆ جێخستنی كلتووری حیجاب. لەمەش سەیرتر فراوانتركـردنەوەی بـازنەی چـوونە عەمـرە و حەج و كردنەوەی دەیان كۆمپانیای بازرگانیی بۆ ئەو مەبەستە.

چوار: دواجار ئاوی جۆگەلەی ئەم خاڵانەی سەرەوە دەڕژێنە نێو یەك گۆم ئەویش گۆمی پاراستنی بەرژەوەندی چینایەتی سەرمایەدارانە و سەنگەر پتەوكـردنە لە دژی خەڵكی هەژار و ستەملێكراوی كورد.

خەڵکی کوردستان دەبێ چاوکراوە و وریا بن و ئەم جۆرە ژەهر پڕژێنەی ئیسلامی سیاسی و بەتایبەتیش سەلەفییەکانی کوردستان بناسن و ڕیسوایاین بکەن و بە نەریت و کلتووری ئینسانی و مۆدێرنی خۆیان ڕووبەڕوویان بوەستنەوە. پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، پڕۆژەی بە پاکستان کردن و بە سعودیە کردنی هەر پنتکێکی جوگرافی کوردستانە. ناوەڕۆکی ئەم پڕۆژەیە بریتییە لە گێڕانەوەی حوکمی شمشێر و جەهالەتی سەدە و نیوێک لە لەمەوبەر و بە گشتیگیرکردنی ئەم جەهالەتەیە بەسەر ژیانی ئینسانەکان. لە هەمان کاتیشدا هەوڵێکە بۆ قەدەغەکردنی ئازادییەکان، قەدەغەکردنی گەڕانەوە بۆ عەقڵ و پشت بەستن بە بیرکردنەوە و عەقڵ بۆ دیاردەکان و ژیان، هەروەها قەدەغەکردنی هەو هەوڵ و خەباتێکە بۆ باشترکردن و بەرەو پێشچوونی ژیان و ئینسان و کۆمەڵگەیە. ئەم پڕۆژەیەی ئیسلامی سیاسی دەستی داوەتێ لەڕاستیدا کوشتنی ئیرادە و ئازادییەکانە و لەهەمان کاتیشدا لە ڕەگەوە دەرهێنانی مۆدێرنەیە لە ژیان و کۆمەڵگە. ڤێرژنی ئەم پەروەردە کۆنەخوازەی ناوی پەروەردەی ئیسلامی سیاسییە سەرقاپاغێکە بۆ هیچ مەنجەڵێک ناشێ جگە لە تەنەکەی زبڵ. ئەم جەهالەتە سێبەرەکەی لە کوردستان لە هاتوچۆ دایە و لەسەر هەموو ئینسانێکی مەنەتبار بە دەستکەوتە مێژوویییە و زانستییەکانی ئینسانییەت ئەوەیە دژ بەم عەقڵیەتە جەهالەتخوازە بوەستێتەوە و ڕیسوای بکات.

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری هانا ژمارە ٢ ی خوولی دووەمی ساڵی ٢٠١٧ بڵاو بۆتەوە.

## خوێندنەوەیەک بۆ ڕەهەندی جوانیناسی هێربێرت مارکوزە

ئازاری ٢٠١٩

هێربێرت مارکوزە لەم کتێبەیدا و لەڕێگەی خوێندنەوەیەکی چڕ و پڕەوە (١) تێکۆشاوە هەمان ئەو ڕەخنانە بەرجەستە بکاتەوە کە بیرمەند و نووسەرانی بۆرژوازی دژە مارکسیستی ئاراستەی خودی جیهانبینی مارکسیزمیان کردووە. بەتایبەتیش لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر و ئیستاتیکا. مارکوزە لەو شەقڵەوە دەست پێدەکات کە پەیوەندی دیالەکتیکی و ئۆرگانیکی نێوان شێوە و ناوەڕۆک بە گۆڕەپانێکی شیاو دەزانێت بۆ هەناسەدانی ڕەخنەکانی و لە درێژەی خوێندنەوەکەی خۆیدا هەمان ڕێبازی هونەر بۆ هونەر پەیگیرانە پیادە دەکات و بەرگری لێ دەکات. با تۆزێک ڕوونتر بڵێم مارکوزە دێت لەسەر چەند چەمکێک ئیش دەکات و تیشکیان دەخاتە سەر وەک سەربەخۆیی هونەر و ئەدەب و پەیوەندی هونەر بە واقع و ڕەسەنایەتی دەق و خەڵک و زمانی نووسین و ڕەخنە و ...تاد، بۆ دەرخستنی ئاریشەکانی ئیستاتیکای مارکسیستی و برەودان یان پشتیوانیکردن لە ئەدەب هونەری سەرتاپاگیر و گشتی یونیڤێرساڵیی، نەک ئەدەب و هونەری چینایەتی کرێکاران یان پرۆلیتاریا." **<u>هونەر لەژێر تیشکی ئەم حەقیقەتە یونیڤێرساڵ و</u>**

**بان مێژووییەوە دەکێشرێتە نێو ئەو ویژدان یاخود وشیارییەی کە تەنها ئینتمای بە چینێکی تایبەتەوە نییە بەڵکو بۆ هەموو تاکێکە**."(٢) ماركوزە دێت ئەدەب و هونەر لە ڕەوتی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا جیا دەکاتەوە، چونکە بەلای مارکۆزەوە پەیوەستبوونی ئەدەب و هونەر بە خەباتی چینایەتی کرێکاران ناتوانێ دەرخەری جوانناسی دەق بێت. ئەو پێیوایە ئەدەب و هونەر دەبێ سەربەخۆ بن." **من وزەی سیاسی هونەر لە خودی هونەردا دەبینم. واتا لە هەمان فۆرمی جوانناسەکی خۆیدا. سەرەڕای ئەمە، قسەی من ئەوەیە هونەر لەبەر فۆرمی جوانناسەکیانەی خۆی و لە هەمبەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە هەبووەکاندا، تا رادەیەکی زۆر سەربەخۆیە.**" (٣)سەربەخۆیی وەک چەمکێکی سیاسی- چینایەتی کە مارکوزە پێداگیریی لەسەر دەکات سەربەخۆیی چینایەتی نییە، سەربەخۆیی نییە لە بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازی. بەڵکو زۆر بە ئاشکرا سەربەخۆییە لە بەرژەوەندی چینایەتی پرۆلیتاریا. ئەدەب و هونەری پرۆلیتاری نابێت سەربەخۆ بێت لە کێشەی گشتی پرۆلیتاریا. " **ئەدەب بە نسبەت پرۆلیتاریای شۆشیالیستی هۆکارێکی قازانجی کەسیی یان کۆمەڵی کەسێک نییە، وە لەبەر ئەوە ناشتوانێ بە شێوەیەکی گشتی ببێتە کێشەی تاک و سەربەخۆ بێت لە کێشەی گشتی پرۆلیتاریا**.(٤)دیوێکی تری ئەم سەربەخۆبوونەی ئەدەب و هونەر لە خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا، بریتییە لە پەیوەستبوون بە واقع. لای مارکوزە دەق خۆی واقیع بۆ خۆی دەخولقێنێ. پەیوەستبوون بەو واقعە وەهمییەی دەق ئەو جوانییەیە کە دەبێ پێداگیریی لەسەر بکرێت. واقعی مادیی کۆمەڵگە لای مارکوزە، ئەو واقعەی کە دەتوانین

لەمسی بکەین و بیبینین، واقعێکی ناتەواوە و گوزارشت نییە لە واقعی هەبوو و ئەدەب و هونەر دەبێ لە دەرەوەی ئەو واقعەوە هەناسە بدەن." **جیابوونەوەی هونەر لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مادی، توانایەک بە هونەر دەدات تا واقعێک ئاشکرا بکات کە لەم پرۆسەیەدا سەرلەنوێ بەرهەم دێتەوە.**(٥) لای مارکوزە واقعی ئەفسانەیی و خەیاڵی ڕاستەقینەترە لە واقعی بینراو. ئەم وەهمە یان ئەم دیماگۆجییەتە دەرخەری یەک ڕاستییە ئەویش ئەوەیە کە مارکۆز وەک موعەلیمێکی چاوساغی وردەبۆرژوازی سەنگەری لە مارکسیزم و ئیستاتیکای مارکسیستی گرتووە. مارکوزە وەک چەپێکی پۆپۆلیستی وردەبۆرژوا کە خۆی بە (چەپی نوێ) ناو زەد دەکات خوازیارە ڕووی دەمی لە خەڵک بێت و خەڵک بدوێنێ نەک چینی کرێکار. ئەمەش ڕوونە کە یەکێک لە خەسڵەتەکانی چەپی پۆپۆلیستی نوێ موخاتەبەکردنی خەڵکە بۆ شۆڕش و ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگە، نەک پرۆلیتاریای سەنعەتی و فرۆشیارانی هێزی کار. بەڵگەشی بۆ ئەمە ئەوەیە کە " **لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری پاوانخوازدا ژمارەی خەڵکی چەوساوە زۆرترن لە پرۆلیتاریا.**"( ٦) واتە ڕێک دژ بە حوکمی زانستی مارکسیزم کە " **توێژە خوارەکانی چینی ناوەنجی خاوەن کارگا چکۆڵەکان، دووکانداران، پیشەوەران، جووتیاران، هەموو لە دژی بۆرژوازی خەبات دەکەن بۆ ئەوەی لەناو نەچن و خۆیان وەک بەشێک لە چینی ناوەنجی بپارێزن. هەر بۆیەش ئەوانە شۆڕشگێڕ نین بەڵکوو پارێزگار(کۆنسەرڤەیتڤ)ن، لەوەش واوەتر، کۆنەپەرستن چونکە دەیانەوێ چەرخی مێژوو بەرەو پاش بسووڕێنن.**(٧) بەم پێیە ئەو خەڵکەی مارکوزە بڕیارە بیاندوێنێ چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی لێ دەربچێت،

ئەوانــی دەمێنێــتەوە کۆنەپەرســت و کۆنســەرڤەیتیڤن. هێربێــرت مــارکوزە پتــر پێــی بەرەو کۆنەپەرســتی دەخلیســکێ وزمــانی نووســینیش جیــا دەکــاتەوە لە زمــانی خەڵــک. بینیمــان مــارکوزە چۆن بە دەردی خەڵک گیری خواردووە، ئینجا هــاتووە کێشــەی زمانیشی هێناوەتە سەر. مارکۆزە پێی وایە کە " **زمانی نووسـەر نــابێ زمــانی خەڵــک بــێ**.(٨) چــونکە زمــانی خەڵــک زمــانی ڕزگاریبەخش نییە. لێرەوە زمـانی نـوخبە دێتە پێشـەوە و جێی زمانی ڕزگاریبەخشی پرۆلیتاریا دەگرێت. بە واتایەکی تر زمـانی توێژێــک لە بەرژەوەنــد خــوازانی پاسیفیســتی کۆنەخــواز جێــی زمانی خەباتی چینی کرێکاری شۆڕشگێڕ دەگرێتەوە. مـارکوزە پێ بەپێی ڕەشـکردنەوەی لاپەڕەکـانی کتێبەکەی زیـاتر پێی لەو داوانەش گیــر دەبێــت کە بــۆ خــۆی دەنێــتەوە، ئەگەر کــۆی کتێبەکەی مارکوزە ڕەخنە بێت لە ئیسـتاتیکای مارکسیسـتی، ئەوا خــودی چەمکــی ڕەخــنە لای مــارکوزە لەبەردەم تێگەیشــتنێکی سەیر دایە. لە تێروانینی مارکوزە ڕەخنە سووکایەتییە."**زۆر جـار ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیسـتی سـووکایەتی بە نـاخ گەرایـی و شـرۆڤەی ڕوحـی مـرۆڤ لە ئەدەبیـاتی بۆرژوازیـدا کـردووە**.(٩) مــارکوزە تەنهــا دیوێــک دەبینێــت لە هەســتە بینراوەکــانی نێــو دێرەکــان و پەرەگرافەکــانی دەقــی ئەدەبــی بــۆرژوازی و وەک هەســـتێکی ئینســـانیی دەیخـــاتە دەرەوەی بـــازنەی ئامـــاژە و شێوازەکانی ڕەخنەگرتن لێی جا کۆمیدیی بێت یان هەر جۆرێکی تر. بەڵام کۆی هەوڵی نووسینی دەقەکە چ ڕۆمان بێت یان شیعر یــان چیــرۆک یــان شــانۆنامە نابینێــت کە چــۆن بە وشــیارییەوە لەلایەن نووسـەرانی بۆرژوازییەوە ڕایەڵەی سـتراکچەری دەقەکە دەکەن تا پارێزگاری بەرژەوەندی چینـایەتی بۆرژوازی بێت. لە

هەمووشــی جێــی ســەرنجتر ئەوەیە کە هــونەر لای مــارکوزە وەهـمە. چـونکە مـارکوزە دوو جـۆر واقـع و دووجـۆر حەقیقـیەت دەبینێـت،"**<u>هــونەر وەک وەهــم خــاوەن نــاوەڕۆک و کــارکردی ناسینەکی و مەعریفەبەخشە</u>**.(١٠)ئاشکرایە وەهم یانی نا راسـتی، یـانی خەیـاڵ، یـانی نـا واقـع. بەوپێـیە تێگەیشـتنی مـارکوزە بـۆ هــونەر، تێگەیشــتنێکی غەیــرە واقعیــیە و دوورە لەتێڕوانینــی مارکسیستی، کە ئاسەواری ئەم تێڕوانینە بۆرژوازییەی مارکوزە لەسـەر گەلێ سـەرزەمینی ئەدەبیاتـدا دەبینرێت و یەکێـک لەوانە ســـەرزەمینی ئەدەبـــی کـــوردیە. هێربێـــرت مـــارکوزە وەک ڕەخنەگرێکـــی وردەبۆرژوازییـــانە دێـــت هـــــونەر و ئەدەب لەدەرەوەی سـیاقی گەشـــەی کـۆمەڵگەوە دەبینێـت ، لە کاتێکـدا خوێنـدنەوەی دەقــی ئەدەبیــی و هــونەریی لەدەرەوەی ســیاقی گەشـــەی کـــۆمەڵگە و هۆیەکـــانی بەرهەمهێنـــان ناتوانرێـــت بخـوێنرێتەوە." **<u>لە هـونەردا، جیاوازی نێوان بەرهەمـی مـادیی و بەرهەمی هونەریی تەنها لەژێر سایەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و عەمەلـی دیاریکراودایە کە گرنگییەکەی دەبینین و بە ئاسـان لێـی تێـدەگەین</u>** ."(١١) ئیتـر ڕوونە لە دیـدگای ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیسـتیەوە بەبێ ڕەچـاوکردنی هەلـومەرجی کـۆمەڵایەتی و دۆخی گەشەی کۆمەڵگە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیی و هـونەریی ڕەنگە تووشی سەرلێشێوانمان بکات.

دواجــار کتێبــی ( ڕەهەنــدی جوانناســی..بەرەو ڕەخــنەیەک لە جوانیناســی مارکسیســتی) هێربێـرت مـاکروزە(١٢) ، کتێبـێکە بە میتــۆدی چەپــی پۆپۆلیســـتانەوە نووســـراوە. بــۆ ڕەخـــنە لە ئیســـتاتیکای مارکسیســـتی و ســـەنگەرگرتن لە شۆڕشـگێڕییەتی ئەدەب و هـونەری پرۆلیتاریـا لەپێنـاو بـرەودان بە مۆدیلێـک لە

ئەدەب و هـونەر کە خـزمەت بە بـۆرژوازی بکـات. مـارکوزە لە ســـــــەنگەری کۆنەپەرســــــــتییەوە بەڵام بە کـــــــــڵاوڕۆژنەی مارکسیســـتیەوە لەم کتێبەیــدا دەیەوێــت پەیــامی دڵرەقــانەی بۆرژوازیمان پێبگەیێنێ و دەستی لەو پێدەشتە گیر ببێت کە لادان لە مارکسیزم(ڕیڤیژینیزم) مۆری خۆی پێوە ناوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١)لەم نووسینەمدا من پشتم بە وەرگێرانە کوردیەکە بەستووە کە بە ناوی (ڕەهەندی جوانناسی بەرەو ڕەخنەیەک لە جوانناسی مارکسیستی) هێربێرت مارکوزە وەرگێڕانی ڕامیار حسەینی چاپخانەی گەنج سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠١٧ دا بڵاو کراوەتەوە. ئەم وەرگێڕانە گەرچی لێرە و لەوێ بە بەراورد بە ئوریجناڵە ئینگلیزییەکەی کەموکوڕی هەیە و هەروەها سەربارى ئەوەی وەرگێڕ وەک لە پێشەکییەکەشیدا ئاماژەی پێداوە کە دەستنووسە وەرگێراوەکەی پێش بڵاوکردنەوە داوەتە هاوڕێیەکی کە ئیدیت و سەرپەرشتیاری زمانی بۆ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پڕە لە هەڵەی ڕێنووس و تایپ کە خوێنەر زۆر وەڕس وماندوو دەکات. هەست ئەکەم هێندە پەلە کراوە لە بڵاوکردنەوە تەنانەت وەرگێڕ ئامادە نەبووە جارێکی تر پێش بڵاوکردنەوەی کتێبەکە چاوێکی تری پیا بخشێنێتەوە، بۆیە دەبینین یەک وشە بە دوو جۆری جیاواز نووسراوە. لەهەمووشی گرنگتر وەرگێرانی ناوی نووسەرەکەیە کە مارکوزە یە نەک مارکۆزە.

(٢)هێربێرت مارکوزە، ڕەهەندی جوانناسی بەرەو ڕەخنەیەک لە جوانناسی مارکسیستی، وەرگێڕانی ڕامیار حسەینی، چاپخانەی گەنج سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠١٧ لاپەڕە ٥١.

(٣)هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ٧ و ٨.

(٤)في الآدب و الفن ف.آ. لينين ترجمة يوسف حلاق الجزء الآول منشوارت وزارة الثقافة دمشق ١٩٧٢ ص ٥٢. لینین لەم وتارەیدا بە ئاشکرا دەڵێ (فليسقط الآدباء اللاحزبيون) کە حیزبییەت لای لینین جیهەتگیریی و ئینتمای نووسەرانە بۆ ململانێی چینایەتی و بەرگریکردنە لە بەرژەوەندی چینایەتی پرۆلیتاریا لە دژی بۆرژوازی.

(٥)هێربێرت مارکوزە، ڕەهەندی جوانناسی بەرەو ڕەخنەیەک لە جوانناسی مارکسیستی هێربێرت مارکوزە وەرگێڕانی ڕامیار حسەینی چاپخانەی گەنج سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠١٧ لاپەڕە ٤٠.

(٥)هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٨.

(٦)هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٨.

(٧)کارڵ مارکس فریردیک ئەنگڵس، مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست، وەرگێرانی بۆ کوردی موسلح شێخولئیسلامی (ڕێبوار)، چاپی دووەم ،لاپەڕە ٢٣.

(٨)هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٧.

(٩)هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٦٢.

(١٠)هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٧٧.

(١١)كارل ماركس، نقد الاقتصاد السياسي، مخطوطات كارل ماركس ١٨٤٤ ترجمة دكتور راشد البراوي دار النهضة العربية الطبعة الاولى ١٩٦٩ص١٠٨.

(١٢)هێربێرت مارکوزە فەیلەسوف و کۆمەڵناس و بیرمەندی سیاسیی ئەڵمانیی – ئەمریکیی لە ١٩ ی تەممووزی ساڵی ١٨٩٨ لە شاری بەرلین لە ئەڵمانیا لە دایکبووە. یەکێک بووە لە ڕەخنەگرە تییۆرییەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت. مارکوزە زانکۆی بەرلین تەواو دەکات و پاشان بڕوانامەی دکتۆرا لە زانکۆی فریبێرگ بە دەست دێنێت. لەنێوان ساڵی ١٩٤٣ تا ١٩٥٠ لەگەڵ سی ئای ئەی حکومەتی ئەمریکیی کاری کردووە و بە توندی ڕەخنەی لە ئایدیۆلۆجی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت گرتووە. ئەو ڕەخنەیەشی ساڵی ١٩٥٨ لە کتێبێکدا چاپ و بڵاو کردۆتەوە. لە دەیەی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەوە ناسرا کە بوو بە بیرمەندی بزووتنەوەی چەپی نوێ و هەوەها بزووتنەوەی قوتابیانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و فەرەنسا و ئەمریکا. هەندێ کەس بە باوکی بزووتنەوەی چەپی نوێ ناوزەدی دەکەن. لە کتێبەکانی: ئیرۆس و شارستانی ١٩٥٥، مرۆڤی یەک ڕەهەندی ١٩٦٤. بڕوانامە مارکسییەکەی ئیلهامبەخشی کاری گەلێ

چالاکوانی سیاسیی و ڕۆشنبیری ڕادیکاڵ بووە لە سەر ئاستی ئەمریکا و جیهان لە دەیەی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوو. مارکوزە لە ٢٩ ی تەمموزی ١٩٧٩ لە تەمەنی هەشتا و یەک ساڵی بۆ هەتا هەتا چاو لێک دەنێت.

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری هانا ژمارە ٥ خوولی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ بڵاوبۆتەوە.

# وردبوونەوەیەک لە ئەدەبی نیو لیبراڵی کوردی

٢٠١٥ / کەنەدا

ئەدەبی نیو لیبراڵی کوردی بەو ئەدەبە دەوترێت کە ئەمڕۆ پانتاییەکی فراوانی لە بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی داگیر کردووە و بەشێک لە ناودارترین نووسەرانێک خەریکن برەوی پێدەدەن. ئەدەبی تا ڕادەیەک باوی ئەمڕۆی کوردیە کە میدیای کوردی سەپۆرتی دەکات و لە پشتییەوە وەستاوە. ئەو ئەدەبەیە کە سەرەتا گروپی ڕەهەند لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ئەنجامی ڕەخنەیەکی گشتی و هەمەلایەنەوە ئیشی لەسەر کرد و وەک مۆدیلێک لەناو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی خۆی چەسپاند. پایەی هەستانی کارەکانی ئەم مۆدێلە ئەدەبییە لە میتۆدی بونیادگەرییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم ڕەوتە ئەدەبییە هەوڵیدا لە ئەدەبی باوی کوردی دەیەی حەفتاکان و هەشتاکان جیاوازتر بێ و پێ بە پێ لەگەڵ فراوانبوونەوە و سەقامگیری زیاتری ئەم ئەدەبە، ئەو کۆمەڵە نووسەرەی دەیانویست برەو بەو مۆدیلە بدەن وەکو بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانیع پەیتا پەیتا کەوتنە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبیی و ڕەخنەییەکانیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی پێش راپەڕین (١). پاشانیش لەدوای ڕاپەڕینەوە کۆمەڵێ نووسەری تریان لە دەور کۆبۆوە و هەندێ بڵاوکراوە

هـاتنه وەشـاندن. لەوێـوە ئیتـر هیـوا قـادر و بەرزان فەرەج و ئـاراس فەتـاح و فـاروق ڕەفیـق و ڕێبـوار سـیوەیلی و هەڵـكەوت عەبـدوڵا و ڕێبـین هەردیـیش قـۆڵی لـێ هەڵـدەماڵن و ئیتـر ئەو ڕەوتە لە دەیەی نەوەدەكان و سەرەتای هەزارەی سێهەم دەبێتە كـاریگەرتیرین ڕەوتـی ئەدەبیـی كە كـۆی پێكهـاتەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی كوردی خستە ژێر هەژموونی خۆیەوە. لەم سیاقە مێژووییەوە ئەدەبی نیو لیبڕاڵی كوردی توانی لەسـەر پێی خۆی بوەستێ و نەک هەر ئەمەش بەڵكو توانی زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕ لە پێكهـاتەی ئەدەبـی كوردیـدا بكـات و لەهەمـان كاتیشـدا كـۆمەڵێ بنەما و پرەنسیپ، وەک كلتوور، بەڵام كلتـووریێكی ناشـیرین جـێ بخەن. یەكێک لەو بنەمایـانە خوڵقاندنی كاریزمـا و بـرەودان بـوو بە ئیشــكردن لەســەر كاریزمــای كەســێتی، ئەمەش جــوان لە لێكــدانەوە و نووســین و وتـــار و تەنـــانەت قســـەكردنی پەیڕەوكەرانـــــی ئەو ڕەوتە هەســـــت پێــــدەكرێت. لای ئەو پەیڕەوكەرانە كەسێتی بەختیار عەلـی نەک هەر كاریزمـایە بەڵكو وەک شـێركۆ بێكەس لە كرتە ڤیدیۆیێكدا گوزارشتی لێدەكات و دەڵێــت " كـــاتێ بەختیـــار عەلـــی دەنووســـێ، خـــوا لەگەڵـــی دەنووسـێ".(٢) ئەم قسـەیەی شـێركۆ بـێكەس تـا چەنـد لە قـاڵبی ڕای شەخسی شێركۆ ببینین، سـەد ئەوەنـدە زیـاتریش ئیشـكردنە لەسـەر خوڵقانـدنی ئەو دۆخـی بە كاریزمـاكردنی بەختیـار عەلـی. ئەوە ڕاسـتە بەختیـار عەلـی لەهەمـوو ناوەكـانی تـر زیـاتر پشـكی ئەو كاریزمـــابوونەی بەركەوتـــووە و بەر دەكەوێـــت، بەڵام ئەمە بەمانـــای ئەوە نیـــیە كە ناوەكـــانی تـــر دەكەونە ئەودیـــو ئەم بەكاریزمـا بـوونەوە. میـدیای نووسـراو و بینـراو و بیسـتراوی كـوردی درێغـی نەكـردووە لە پشـتیوانی و سـەپۆرتی ئەم نـاوانە

بەڕادەیەک هەر نووسینێک بۆنی ڕەخنەی لەم ڕەوتە ئەدەبییەوە لێبێت، شانسی بڵاوبوونەوەی کەمترە. بنەمایەکی تر لای پەیڕەوکەرانی ئەم ڕەوتە بریتییە لە بەستنی پەیوەندی ژێربەژێر لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی ( بوون بە نووسەری حیزبی) (٣) و هەڵپەکردن بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ماددی لەهەر ڕێگەیەکەوە بێت. وەک پلە و پایە و زەوی وەرگرتن و مووچە بڕینەوە و لە هەمووشی قێزەوەنتر خانەنشین کردنی نووسەران ئەدیبان و ڕۆشنبیرانیان داهێنا. لێرەوە قاچ خلیسکاندن نووسەرانی ئەو ڕەوتە ئەدەبییە دەست پێدەکات. ئەمەش شەرعیەتدانە بە جۆرێک لە گەندەڵی کە هەر خودی ئەو نووسەرانە سەردەمانێک لافی بە هەڵوێست بوونیان لێدەدا. دوواجار هەر ئێستا بەبەرچاومانەوە دەگوزەرێ و دەبینین کە بەشێکی بەرچاوی ئەو نووسەرانە بوونەتە موبەلیغ و مرەویجی بزووتنەوە کۆنەپەرستەکانی ئیسلامی سیاسی و باڵی ڕاستی ناسیونالیزمی کوردی. بنەمایەکی تر وەستانەوەیە لە دژی ئەو دەستەواژە و تێرمە فکریی – سیاسییانەیە کە نووسەرانی ئەو ڕەوتە باسیان کردووە و ئیشیان لەسەر کردووە. بۆ نموونە تێرمەکانی لێبووردەیی و یەکتر قەبووڵکردن. لایەنگرانی ئەم ڕەوتە لە زۆر بۆنە و نووسیندا پێ لەسەر ناوەڕۆکی ئەم تێرمانە دادەگرن و لە کردەوەشدا ئەوەی ڕەخنەیان لێبگرێت، بە تایبەتی ئەوەی ڕەخنە لە نووسەرانی ڕەهەند و بەتایبەتیتریش بەختیار عەلی بگرێت ئیتر دەکەوێتە بەر شاڵاوی قسە پێوتن و تەشهیری بێمانای لەچەشنی بێفیکر و بێ مەعریفە و زبڵ نووس و نا ئەدیب و نا نووسەر ..تاد. لەم پانتایی نووسین و بەرهەمهێنانی ئەدەبیاتەدا، هەندێجار دەبینم لایەنگرانی ئەم

ڕەوتە ئەدەبییە خەریکی ڕەتکردنەوەی ئەوانی ترن. لەدیدی ئەو قەڵەم بەدەستانەوە (هەرچەند ئەم دەستەواژەیە کۆن بووە و ئێستا باوی نووسینی ڕاستەوخۆیە لەسەر تەختەکلیل – کیبۆرد) تەنها خۆیان خوێندەوار و خاوەن زەخیرەی مەعریفی جوان و زمانێکی مرۆڤ دۆستین و هەرچی ئەوانی تریشن نەخوێندەوار و کوردی نەزان و لاساییکەرەوەن. لەدیدی ئەو بەڕێزانەوە، تەنها ئەوان نوێنەری داهێنان و جوانین و ئەوانی تریش سوپایەکن خاڵی لە فکر و داهێنان. وەک ئەوەی ئەم بەڕێزانە پرسی یەکلاییکردنەوەی داهێنەریان پێ سپێردرابێ. ئەم نەخۆشییە بە ئەندازەیەک لە چاوپێکەوتنەکاندا خۆی نمایش دەکات.. من پێموایە ئەم کەسانە پێویستیان بە دەستگرتن و بەرچاو ڕوونیی هەیە. ئەم مێرخاسانەی دونیای نووسین لەو دۆخە حاڵی نین کە دەشێ شاعیرانێک بە پلەی جیاواز شیعر بنووسن و هەمووشیان شاعیر بن. ئەم مێرخاسانە جگە لەو وێنە و چوارچێوە تایبەتەی لە مێشک و زەینی ئەواندا هەیە، کەسی تر شاعیر نییە و کەس مافی شاعیربوونی نییە. ئەوە ڕوونە ئاستی داهێنانی شاعیرێک لەگەڵ شاعیرێکی تردا جیاوازە، دەشێ هەر شاعیرێک تام و چێژ و بۆنی شیعریی خۆی هەبێ. ئەم عەقڵیەتە دۆگمایەش بەرئەنجامی کاریگەری تەبلیغاتی دەیان ساڵەی گروپی ڕەهەندە لەسەر نەوەیەک کەوا بارهێنراون کە جگە لە خۆیان و موریدەکانیان بەرهەمی کەسی تر نەخوێننەوە و ئەمەش توخمێکی نێگەتیڤی ئەو پەروەردە نا تەندروستەیە.

شایانی وتنە فەلسەفەی هاتنەمەیدان و سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە ڕزگارکردنی ئەدەبی سەردەستە و باوی کوردی بوو

له مەرگ. ئەم فریادڕەسە لە ڕۆژگارێکدا سەریهەڵدا کە ئەدەبی کرێکاریی و شۆڕشگێڕانە لە ئارادا بوو و کە نەک هەر لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش وەکو ئێستا پاشەکشەی پێنەکرابوو. ئەم ڕەوتە ئەدەبییە سەرباری ئەم بنەمانایانەی باسمان کرد، بە چەند خەسڵەتێک دەناسرێتەوە,منیش هەوڵ دەدم لە چەند خاڵێکدا بیانخەمە ڕوو.

## خەسڵەتەکانی ئەدەبی نیو لیبڕاڵی کوردی

یەک: ئەم ئەدەبە گوایە بنەمای کارەکانی خەیاڵ و گومانە و وەدەرنانی یەقینە لە جیهانی دەقی ئەدەبیدا، لێرەدا دەکەوێتە بەرامبەرکێ لەگەڵ هاوکێشەی ئەدەب و سیاسەت. گومانی تێدا نییە کە پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت، پەیوەندییەکی مێژوویی قووڵە. ڕەتکردنەوەی بە سیاسەتکردنی ئەدەب لە ژێر هەر بڕ و بیانوویەک بێت لە بنچینەدا ڕەتکردنەوەی بە سیاسەتکردنی ئەدەب نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی بە چینایەتی کردنی ئەدەبە یان ڕوونتر بڵێم ڕەتکردنەوەی بە کرێکاریکردنی ئەدەبە. ئەم ڕەوتە ئەگەر چی ڕووکەشانە ڕەخنە لەم بۆچوونە دەگرێ و هاوکێشەی ئەدەب و سیاسەت ڕەت دەکاتەوە، کەچی لە بەرامبەر ئەدەبی شۆڕشگێڕانەی کرێکار یان بە چینایەتیکردنی ئەدەب، فشاری ڕقەبەرایەتی و سەنگەرگرتنی لە خەڵکی هەژار بەرز و بەرزتر دەبێتەوە. ئەم دەموچاوە بە هەر جۆرێک مکیاج بکات ناتوانی جەوهەری دژە شۆڕش و دژە شۆڕشگێڕانەی خۆی بشارێتەوە.

دوو: پەیوەندی نێوان ئەدەب و واقیع لای ڕەوتی ئەدەبی نیو لیبڕاڵی کوردی لەسەر بنچینەی وێناکردنی واقیع و ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە دانەمەزراوە، بەڵکو داهێنانی ئەدەبیی پارچەیەکە لە خەیاڵ و لای ئەوان نە پەیوەندی بە واقیعەوە هەیە و نە واقیع عەکس دەکاتەوە، بەڵکو بە هونەر و زمان واقیعێکی تر لە خەیاڵ دروست دەکات و خوێنەریش دەکێشێتە نێو ئەو واقیعە تازەیەوە.

بەم پێیە باسکردن لە تیرۆری ڕۆژنامەنووسێک، ئاهی ناو دڵ و دەروونی دایکێکی جگەر سووتاو، ئازاری باوکێک لەبەر هەژاری و دەستەنگی لە دوو ڕۆژە نانی نەداوەتە منداڵەکانی، دەست یان پەنجە پەڕینی کرێکارێک لە کاتی کارکردندا بە هۆی ئامێرەکانی کارکردنەوە لە کاتی چاپکردنی کتێبێک یان ڕۆژنامەیەک، خۆکوژی گەنجێک لە ئەنجامی بێکاری، خۆ سوتاندنی ژنێک کە بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی یان بەهۆی دواکەوتوویی خێزانەکەیەوە کە بە زۆر دراوەتە شوو،کوشتنی ژنێک لەژێر پەردەی ناموس پەرستیدا..تاد، هەموو ئەمانە ئەدەبی نیو لیبرالی کوردی خۆی لێیان لادەدا و پشتیان تێدەکا و ئاوڕیان لێ ناداتەوە و خۆشیان بە بەرەی خەڵک دەزانن و ئەمە جگە لەوەی خۆیان بە داهێنەر و پێشڕەو دادەنێن و چاوەڕوانی ئەوەشیان لە خوێنەر هەیە وەک پێغەمبەرێکی ئیلهامبەخش ناویان بێنن. ئەم ڕەوتە ئەدەبییە هەرچییەک بکات و هەر دەقێک لە بەرگێکی هونەری قەشەنگیش نمایش بکەن ئەو دەقە ناچێتە چوارچێوەی خزمەتکردن بە مرۆڤایەتی و مەسەلە گرنگەکانی. بۆیە ئەو ئەدەبە بۆ خەڵک و ژیانی پڕ لە کۆیلەتی خەڵک سەلکە تورێکی قوڕاوی ناهێنێ.

سێ: ئەم ڕەوتە وەک خۆشیان ئیدیعا دەکەن ئەدەبی نوخبە پەرە پێدەدەن. ئەدەبی فراوانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش جێگایەکی نییە لە دیدگای چینایەتی ئەواندا. هەر بۆیە ئەدەبی ئەم ڕەوتە ئەدەبی تاک و ئیندیڤیجواڵە و خەمی کۆمەڵگەیان نییە و دەقەکانیان چەند لا لەم تاکە گۆشەگیرە بکاتەوە هێشتا پێیان کەمە.

چوار: کوشتنی کۆ و دەنگی کۆ و ڕەخنەبارانکردنی هەر دەقێک کە ڕووی لە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بێت. گەڕانەوە بۆ تاک وەک مەرجەعیەتی خوڵقاوی ئەدەبیی و پشتکردن لەو کلتوورەی کە بە ئەدەبی شۆڕشگێرانە ناو دەبرێ.

پێنج: ئینکارکردنی ململانێی چینایەتی و دژایەتیکردنی کارەکتەری چینی کرێکار وەک هێزی ئاڵوگۆڕبەخشی ژیان و کۆمەڵگە و لەبەرامبەردا نیشاندانی ئەزەلیەت و ئەبەدییەتی نیزامی ستەمگەری بورژوازی.

شەش: ماهییەتی ڕەوتی نیو لیبراڵی ئەدەبی کوردی کۆنەپەرستانەیە. ئەم ڕەوتە کێشەی لەگەڵ ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی ڕەوتە ئایینییەکان و خورافە و کلتوری دژی ئینسانیدا نییە. نووسەرانی وەک ڕێبین هەردی و مەریوان وریا قانع لە چەندین بۆنەدا ستایشی ئیسلامی سیاسی و باڵی ڕاستی بزووتنەوەی کوردایەتیان کردووە و دەیکەن. ئەم ڕەوتە و پەیڕەوکەرانی خۆیان بە لایەنگری مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت و ئازادی ڕووکەشانە دەزانن و هەموو ئەمانە دەکەن تەنها لەبەر خاتری داپۆشین و شاردنەوەی ڕوخساری دزێوی خۆیان. دژایەتیکردنی ڕادیکاڵیزم و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە و

قـودرەتی خەباتکـارانەی چینـی کرێکـار جـگە لە کۆنەپەرسـتیی هیچیتر نییە.

حەوت: ئەم ڕەوتە ئەدەبیـیە ئەوەنـدەی ئیشـی لەسـەر کوشـتنی ڕوحی بەرەنگاری و شۆڕشـگێڕانەی خەڵک کردووە، نیـو هێنـدە ئیشی لەسەر فراوانترکردنەوەی ئاسۆی بیرکردنەوەی خوێنەر و خەڵـک نەکـردووە. خـوێنەر هەمیشـە لە دوای خوێنـدنەوەی هەر کتێبێک کە بۆ ئینسان و جوانی ئینسانیەت نووسرابێ، شتێک فێر بووە. بەڵام دوای خوێندنەوەی کتێبەکانی نووسەرانی ئەم ڕەوتە (کە بە قسەی خۆیان پڕە لە مەعریفە) خوێنەری وشیار جگە لە سەرەگێژە و سەفسەتەبازی هیچی هەڵناکڕێنێ.

هەشـــت: دواجـــار ئەم ئەدەبە، ئەدەبـــی پـــارێزەر و پشـــتیوانی دەسەڵات و حاکمە مافیاکانی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانن. نووســەرانی ئەم ڕەوتە ئەدەبیـیە بەرگریکـاری بێـئەملاوئەولای بەرژەوەندییە مادییەکانی دەسـەڵاتی کۆنەپەرستی کوردین. ئەو دەسەڵاتەی کە بەهەمـوو جۆرێک سـەپۆرتی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە دەکات.

## ڕەوتی نیو لیبراڵ و مۆدیلی ڕۆشنبیری کورد

پـێش هەمـوو شـتێک ڕۆشـنبیر پێغەمبەرێـک نیـیە و فەرمایشـت بدات لەسەرووی خەڵک و لەسەر کورسی مەعریفە دابنیشێت و فەتوای کوشتنی خەیاڵ و بەرهەمی نووسەران بدات. ڕۆشنبیر کەسێکە یان هاوڵاتییەکی ئاساییە و مرۆڤێکە وەک هەر مرۆڤێکی تـر. ئەوەی ڕۆشـنبیر لە کەسـێکی خـاکی جیـا دەکـاتەوە ئەوەیە

ئاستی ڕۆشنبیریی و ئاگاییبەکەی لە بارودۆخ و دیاردەکان و کۆمەڵگە ناچار بە قسەکردنی دەکات. قسەکردنیش ئەگەر لایەکی ڕەخنە و چارەسەری کێشەکان بێت، ئەوا لایەکەی تری هەڵوێستە. ڕۆشنبیر هەڵوێستی لێ دەربکێشێت بەتاڵ دەمێنێتەوە. من سەیرم بەم ڕۆشنبیرانەی کورد دێت تەنها ئەو کاتە هەڵوێست وەردەگرن کە مەترسی جیدیی هەبێت لەسەر دەستکەوتە شەخسییەکانیان، وەکو تر گەر خەڵک بەقوڕی ڕەشدا بچێتە خوارێ، ئەم ڕۆشنبیرانە هەر خەریکی سەفسەتەبازی و گەمەکردنن لەگەڵ خوێنەر و خۆڵکردنە چاوی خەڵکەوەن. ڕۆشنبیرانی کورد،ڕۆشنبیرانی مۆدێلن و ئەمڕۆ جگە لە چەند نووسەر و ڕۆشنبیرێکی ئازاد، کەسیان ئەو جورئەتەیان نییە لەدەرەوەی لێکدانەوەی ڕەهەندییەکان و ڕەوتی ئینديڤيجوال - لیبراڵ پێناسەی خۆیان بکەن. کەم ڕۆشنبیر ئامادەیە لە وتارێکدا بۆچوونی خۆی بنووسێت بێ گەڕانەوە بۆ فۆکۆ یان نیتشە یان هایدگەر یان شتراوس یان ڕۆلان بارت،..تاد. وەک ئەوەی بڵێی بە بێ ئاماژەکردن بەم نووسەر و بیرمەندانە بنەمای ڕۆشنبیریی – مەعریفی ئینسان لەق ببێ. ڕۆشنبیرە ڕەهەندییەکان ڕۆڵیان هەبوو لە گەورەکردنەوەی قەڵشتی نێوان خەڵک و ڕۆشنبیر. ڕۆشنبیری کورد خۆی لە جێگایەکی بڵندتر لە خەڵک دەبینێ و لەوێوە خەریکی خۆجوینەوەیەکی بێتامە. نەک هەر ڕۆشنبیر، بەڵکو هەر تاکێکی کۆمەڵ پێویستە لەسەری بخوێنێتەوە و ئاگاداری بیر و بۆچوونی فەیلەسوفان و سیاسەتمەداران و بیرمەندانی جیهان بێت و لەوێشەوە وەک مرۆڤێکی وشیار بە ئاگا ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگەدا بگێڕێت.

مۆدێلی ڕۆشنبیرانی کورد باسی دەردە قێزەوەنەکانی کۆمەڵگە ناکەن، خۆیان لە گەلێ دیاردە دەبوێرن. باسی مارکسیزم و شۆشیالیزم تووشی هیستریا و سەرئێشەیان دەکات. مەسەلەی ژن و منداڵ و قوتابخانە و پەروەردە و بێکاری و..تاد بەکاری خۆیان نازانن. وەک ئەوەی ئەو ڕۆشنبیرە بەڕێزانە لە کۆمەڵگە نەژین..من وای دەبینم قسەکردن لە هەر جومگەیەکی ژیان و کۆمەڵگە،هەر لە سیستەمی بەرێوەبردنی دەسەڵاتەوە بگرە تا دەگاتە چارەسەرکردنی گرفتەکانی ژینگە ئەرکی ڕۆشنبیرانە. ڕەوتی نیولیبڕاڵی کوردی جۆرە ڕۆشنبیرێکی سەقەت و ناکارا و نا ئاکتیڤی کۆمەڵایەتی وای بەرهەم هێناوە کە لەگەڵ مانای ڕاستەقینەی ڕۆشنبیر ناکۆکە و ناتوانێ بچووکترین زەمینە بۆ ئاڵوگۆڕ بسازێنێ. داهێنان و هزری ئازادیش لەلایەن ئەم مۆدیلە لە نووسەران و ڕۆشنبیران لەسەر جەستەی میدیای کوردی قۆرخکراوە بۆ ئەو ناوانەی کە لەلایەن ڕەهەندییەکانەوە گڵۆپی سەوزیان بۆ پێدەکرێ. بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی ئاخنراو بە کۆمەڵێ ئایدیای وابەستەیی کە تێیدا زەمینەی ئازاد و ڕزگاری نووسەر خۆی لە چوارچێوەیەکدا قەتیس کردووە کە کۆیلەبوونی نووسەر و ڕۆشنبیری کوردی بەرهەم هێناوە و بەرهەم دەهێنێتەوە. ڕەفزکردنەوەی ئەو قۆرخ سالارییەی نێو بزووتنەوەی ئەدەبی نیو لیبڕاڵی کوردی لەلایەن نووسەری ئازادەوە هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ بە دەست هێنانی هزرێکی ئازاد کەلەتوانایدا بێت هەنگاوەکانی لە ئەرکە بێ ئەملاوئەولاییەکانی خۆی دەست نیشان بکات و ئەنجامی بدات. کۆمەڵە ئەرکێک کە تا ئەم ساڵانەی دوایش جێی بایەخی جیددی نەبوونە بۆ نووسەران. دەستڕاگەیشتن بە وردبوونەوە و

ڕەخنەیەکی قووڵ لەو سونەت و ڕێڕەوە پەیڕەوکراوانەی ناو جیهانی نووسین گرنگە، چونکە تا هزری ئازاد فەراهەم نەیەت، داهێنان بەمانای گشتی وشەکە دروست نابێت.

فەراهەم بوونی هزری ئازادیش لەلایەکەوە لەئەنجامی ئەو ڕەخنە قووڵ و جەوهەرییە لە کۆی ڕێباز و ڕێڕەوە ئەدەبییەکانی بورژوازی جیهان و هەروەها لەم تەیفە لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی سەر بە مۆدیلی ڕەهەندییە کۆنەخوازەوە سەرچاوە دەگرێ کە بناغەکەی مل نەدان و نەچوونە سێبەری ئەو مۆدیلە ئەدەبییە و لەلایەکی تریشەوە خۆ چەکدارکردنە بە دونیای مەعریفە. ئەم پرۆسەیە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و ئەپستمۆلۆژی هەمەلایەنە هەیە تا کاریگەریی ئەدەبی نیو لیبراڵ کەم دەست و کەم ڕەنگ و کەم تەئسیر بکاتەوە و لە جێگایدا گەڕانەوە بۆ چینی کرێکار و کردەوەی شۆڕشگێرانە و داهێنان باڵا دەست بێ. ئەم تێزە بە مانای ڕەتکردنەوە و ڕەفزکردنەوەی کلتور و کەلەپوری ئەدەبی کوردی نییە، بەڵکو بە مانای خوێندنەوەیەکی جیدیانەی چینایەتی ترە بۆ ئەو کلتوورە و پێناسە کردنەوەی سەرلەنوێ و پرسیارکردنە بە مانایەکی دیکە. پێناسەکردنەوەی تەواوی چەمک و دەستەواژە و مەفهومە مەعریفییەکان لەسایەی ئەو خوێندنەوە جیدییە چینایەتییەوە، تەکانێکە بۆ فەراهەمکردنی بزووتنەوەیەکی تەندروست و جەستەیەکی ساغ و پتەوی ئەدەبیی و هونەریی کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیست و یەکدا ڕێک بێتەوە و بگونجێت و بتوانێت لە کێشمەکێشە چینایەتییەکاندا ڕۆڵی شۆڕشگێرانەی خۆی ببینێ. ئەم تێگەیشتنە لەلایەکەوە زامنی دەرهاویشتی تەیفێکی بەرین دەبێ لە

نووسەران و داهێنەران کە بۆ ڕزگاری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەنووسن و لەلایەکی تریشەوە بارهێنانی تەیفێکی فراوان دەبێ لە خوێنەرانی جیدیی و بەسۆراخ کە بەشداری چالاکانە دەکەن لە گەشتکردن لەگەڵ دەق و بوون بە کەسی دووەم لە پرۆسەی داهێنان. خوێنەرانێک کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێناکرێ فەرمانیان پێبکرێ، بەڵکو هوشیارانە دەقی جوان و بە پێز لەسەر بنچینەی جوانناسی ئینسانی هەڵدەسەنگێنن و چالاکانە لە بواری گەڕان بە شوێن مەبەست و جوانییەکانی دەق هەنگاو دەنێن.

## دەرئەنجام

ڕەوتی ئەدەبیی نیو لیبڕاڵی کوردی کە هەژموونی بەسەر بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا باڵا دەستە، لە سی ساڵی ڕابردوودا ئیشی لەسەر بونیادی بیرکردنەوەی خوێنەری کورد کردووە و توانیویەتی تەیفێک لە نووسەران و خوێنەران فەراهەم بهێنێ کە وابەستەی بنەما و پرەنسیپەکانی ئەو ڕەوتە بن، کە لە بنچیندا فەلسەفەی سەرهەڵدان و هاتنە مەیدانی بریتی بوو لە ڕزگارکردنی ئەدەبی کوردی لە مەرگ و فەوتان لەلایەک و دژایەتی کردنی هەر ڕەوت و بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەریی و سیاسی ڕادیکالانە و کوشتنی ڕوحی بەرەنگاربوونەوەی ئینسانی کورد لەلایەکی تر. ئەم ڕەوتە کۆنەپەرستە بە سەپۆرتی ناسیونالیزمی کوردی و حیزبە کوردیەکان توانیویەتی هەنگاوی خێرا هەڵبهێنێتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. ئەرکی ئەدەبی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەشە کە

وەڵامگۆی ئەم دۆخە ئەدەبییە بێت و کۆی ئەم مۆدێلە لە ئەدەبی نیو لیبڕاڵ و قەڵەم بەدەستەکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە و قسەی خۆی بکات.(٤)

پەراوێزەکان:

(١) نووسەران بەختیار و مەریوانی وریا قانع لە پێش ڕاپەڕین بەرهەمەکانیان لە ڕۆژنامەی ئاسۆ و گۆڤاری ڕەنگین بڵاو دەکردەوە. پاشانیش لەدوای ڕاپەڕین هێدی هێدی نووسەرانی تریان لە دەور کۆبۆوە و هەندێ بڵاوکراوە هاتنە وەشاندن وەکو گۆڤارەکانی سەراب و ئازادی و بینین و یەکگرتن و دووایش گۆڤاری ڕەهەند. گۆڤاری ڕەهەند لە هەموو بڵاوکراوەکانی تر زیاتر ئیشی فیکریی لەسەر ئەو ڕەوتە کردووە.

(٢) ئەم وتەیەی شێرکۆ بێکەسی شاعیرم لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بینی و دواتر زۆر هەوڵم دا لینکەکەیم بۆ نەدۆزرایەوە.

(٣) نووسەرانی ڕەهەند ئاگایانە دژایەتی ئەم دەستەواژەیەیان ئەکرد و نووسەرانی حیزبییان بە جۆرێک لە وابەستەیی و نائازاد دەبینی. من ناوەڕۆکی ئەم دژایەتیکردنی ئەم دەستەواژەیە زیاتر بۆ پەیوەندی نووسەرانی کوردستان و بزووتنەوە ڕادیکاڵەکان، بە تایبەتی مارکسیزم،دەگەڕێنمەوە کە پایەی لێوە هەستانی ئەم گروپەیە.

(٤) ڕەنگە ئەم وتارە وەک هەنگاوێکی سەرەتایی بچێتە بواری بەگژاچوونەوەی ئەم مۆدێلە ئەدەبییە، بەڵام ئەگەر وردتر و هەمەلایەنتر لەسەر ئەو مۆدێلە قسە نەکرێت و بەر ڕەخنە نەدرێت، ئومێد بە لەقکردنی پایەکانی ئەم مۆدێلە و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی لەسەر زەین و بیری خوێنەر کاڵ نابیتەوە. بۆیە هیوادارم نووسەرانی تریش بەشداری ئەم هەنگاوە بکەن.

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ١٦٥٢ی ساڵی ٢٠١٥ بڵاو بۆتەوە. جێی ئاماژەیە لە نووسینەکە دەستەواژەی ئەدەبی ئیندیڤیجواڵ لیبڕالم لەبری نیو لیبراڵ بەکار بردووە.

# ڕۆشناییەک بۆ سەر ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی

٢٠١٧ - ٢٠١٨

ڕەخـــنەی ئەدەبـــی مارکسیســـتی خوێنـــدنەوەیەکی وردی دەقـــی ئەدەبییـە لە ڕوانـگەی مارکسـیزمەوە. ڕۆچـوونە بـۆ نێـو دەق و شـــیکاری دەقە بەپشـــت بەســـتن بە تیئـــوری مارکســـیزم بـــۆ لێکـدانەوەی ڕۆڵـــی کـۆمەڵایەتی ئەدەب لە خەبـاتی چینایەتیـدا. پایەی سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لەسەر بنەمـای واقیعبوونی ئەدەب و وابەستەبوونی دەقی ئەدەبییە بە ئینسـان و خەمەکـانی ئینسـان، بەو ئاسـۆ و ئامـانجە چینـایەتییەیە کە دەق دەیخـانتە بەردەم خـوێنەر. بـۆیە لە ململانـێ کۆمەڵایەتییەکـانی نێـوان چینەکـان، نێـوان کـۆیلە و خـاوەن کـۆیلە. نێـوان ئاغـا و جووتیـــار، نێـــوان کـــار و ســـەرمایە، . بەرژەوەنـــدی چینـــایەتی کۆیلەکـان و جووتیـاران و کرێکـاران لە دەقـی ئەدەبـی خـاڵی چاوتێبڕینی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیە.

ســـــەرەتای ســـــەرهەڵدانی ڕەخـــــنەی ئەدەبـــــی مارکسیســـــتی دەگەڕێـتەوە بـۆ نیـوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدەهەم، بەتـایبەت دوای ئەوەی مـارکس و ئەنگلـس فۆرمـۆڵەی مانیفێسـتی حیزبـی کۆمۆنیسـت گەڵاڵە دەکەن و پاشـانیش لە نووسـینەکانی تریانـدا زیـــاتر ئەو ڕوانگەیەیـــان بـــۆ خوێنـــدنەوەی ئەدەب ڕۆشـــنتر

دەبێتەوە.هەرچەندە مارکس و ئەنگڵس وردکاری تیئۆرییەکانی سۆشیالیزمیان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە خستەڕوو، بەڵام تیئۆری ئەدەبی مارکسیستی تا دەیەی بیستەکانی سەدەی بیستەم سیستماتیک نەکرا و بەڕۆشنی بەیان نەکرا.گەورەترین هەوڵدان لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیاوە هاتە ستانداردکردن و ڕێکخستنی ئەم ڕەوتە ڕەخنەییە نوێیە. بیرۆکەی تیئۆری ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی پشتبوستوو بوو بە دەستکەوتە زانستی و هونەرییەکانی ئینسان، وەستانەوە بوو لەبەرامبەر تەواوی ئەو ڕەوت و ڕێبازە ڕەخنەییانەی بورژوازی کە لە شرۆڤە و لێکدانەوەکانیاندا ئینسان چەقی باسەکانیان نەبووە.

تیئۆری ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی فۆرمێکی ڕەخنەیی یان گوتارێکە بۆ سۆراخکردنی کۆمەڵگەکان و دەقەکانیان سەبارەت بە هەندێ مەسەلەی دیاریکراو لەوانە ڕەگەز و چین و هەڵوێستە چون یەکەکانیان لە کلتوورێکی دیاریکراودا.ڕەخنەگری مارکسیستی ڕەنگە لەو شرۆڤەیەوە دەست پێبکات بە نیشاندانی چۆن دەقی نووسەرەکە ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژییە لە خیلالی تاقیکردنەوەی جیهانی خەیاڵی کارەکتەرەکان، شوێنکات، کۆمەڵگە، یان هەر ڕەگەزێکی تری دەقەکە. ئەوسا ڕەخنەگر دەست دەکات بە سۆراخ و گەڕان بەشوێن ئەوەی چینی کۆمەڵایەتی نووسەر و جێوشوێنی نووسەر لە ململانێی چینایەتیدا و پاشانیش کاریگەری بەسەر کۆمەڵگە و تاقیکردنەوەی مێژوو و کلتووری زەمەن و ڕەنگدانەوەی ئەم ئەلەمێنتانە لە دەقەکەدا.ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی گەڕانە بەشوێن ئەوەی چۆن نووسەر بە دروست یان نادروست وێنای

ئەو بڕگە مێژووییە دەکات. ڕەخنەگری مارکسیستی هۆشیارانە لە باری مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە دەق دەخاتە ژێر تیشکی لێکدانەوە و هێنانە دەرەوەی ئەو پرسیارانەی کە فەرامۆشکردنیان مەحاڵە. پرسیارگەلێک کە دەبنە بەردی بناغەی ساختمانی ڕەخنە و دەستپێکی هەنگاوی شیلگیرانەی ڕەخنەگر لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەقی ئەدەبیدا.ئەو پرسیارانەی کە رەخنەی مارکسیستی دەیوروژێنێت لەچەشنی چینی کۆمەڵایەتی نووسەر چۆن لە کارە ئەدەبییەکە نیشان دراوە؟ ئایا کارە ئەدەبییەکە پشتیوانی یان سەپۆرتی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی مەوجود دەکات یان لەگەڵ ڕەوتی گۆران و بەرەوپێشچووندا دێتەوە؟ سیستەمی چینەکان چ ڕۆڵێک لە دەقەکەدا دەگێڕن؟ ڕۆڵی چینی کۆمەڵایەتی چییە لە کارە ئەدەبییەکەدا؟کارەکتەرەکان چۆن بەسەر چەوساوە و چەوسێنەر دابەش دەبن؟کارە ئەدەبییەکە چی دەربارەی سەرکوتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەڵێ؟ ئایا کارە ئەدەبییەکە پێشنیاری شێوە تێڕوانینی تۆباوی یان ڕیفۆرمیستی دەکات بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی کە ژیان دەرگیرییەتی، یانیش پێشنیاری ئاکتی شۆڕشگێڕانە دەکات بۆ کۆتایی هێنان بە ستەم؟.ئایا هیچ نارەزایییەک لەسەر سۆشیالیزم بوونی هەیە؟ئایا دەقی ئەدەبیی هیچ ڕەخنەیەک سەبارەت بە ژیانی بەتاڵی کۆمەڵگەی بورژوازی دەوروژێنێت؟نووسەر کۆمەڵگە چۆن دەبینێت؟ لە دەقەکەداپێداگیری لەسەر چی کراوە و چی فەرامۆش کراوە؟ئایا کارەکتەرەکان لە هەموو ئاستە کۆمەڵایەتییەکان بەهەمان ئەندازە وێنا کراون؟ئایا کێشە سەرەکییەکان کێشەی تاکن یان کێشەی کۆمەڵن؟

ڕەخنەگـری مارکسیسـتی لە ڕوویەکـی تریشـەوە دەڕوانێـتە چـۆنیەتی بەکارهێنـانی ئەو ئـامرازانەی کەلەڕووی فیکـرییەوە دەتوانن یارمەتیدەری خوێنەر بن بۆ گەیشتن بە پەیامی دەق. ڕیسواکردنی ململانێی چینایەتی و چینی بالا دەست یان حاکم چییە؟ چینی حاکم بڕوای بە چی هەیە؟چۆن بیروباوەڕیان بەسـەر کەسـانی تـردا دەسەپێنن؟خسـتنەڕووی چـۆنیەتی بە تەڵەبوونی چینی کرێکار نیشاندانی چۆنیەتی چەوسانەوەی چینی کرێکار لەلایەن سەرمایەدارییەوە و خستنەڕووی ئەوەی چۆن چینی کرێکار دەتوانێ کۆتایی بە چەوسانەوە بهێنێت؟ بەمجۆرە دەقـی ئەدەبـی کاتێـک کە بەچـاویلکەی مارکسـیزمەوە دەخوێنرێتەوە، دووچاری جۆرە شیتەڵی و شیکردنەوەیەکی ورد دەبێـت. واتە دەقەکە ورد دەکـرێتەوە و لە خیلالـی عەدەسـەی مارکسیزمەوە ئەو وردکراوەیە دەخرێتە بەر نەشتەری پرسیاری تر وەک ئەوەی ئایا ئێمەی خوێنەر بووینەتە بابەتی کۆمەڵایەتی بیناکراو یان نا؟

بەپێی ڕوانگەی ڕەخنەگرانی مارکسیستی، ئەدەب لە واقیعدا ئەو هەلومەرج و دامودەزگا کۆمەڵایەتییە عەکس دەکاتەوە کە تیایدا دەردەکەوێ. کە ئەدەب خۆشی دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە و وەک بەشێک لەسەرخانی ئابووری کۆمەڵگە،کاری هۆشیارکردنەوەی کـۆمەڵایەتی ئەنجـام دەدات و ململانـێ و بەرژەوەنـدی خەبـاتی چینـایەتی عەکـس دەکـاتەوە. ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیسـتی دەسـتەواژەیەکە وەسـفی ڕەخـنەی ئەدەبـی دەکـات لە ڕوانـگەی تیئـوری سۆشـیالیزم و دیالەکتیـک. هۆشـیاری کـۆمەڵایەتی – چینـایەتی ڕەنگـدانەوەی پەیوەنـدییەکانی بەرهەمهێنـانە لە سیستەمی سەرمایەداریدا و لەئەدەبیشدا ئەو هۆشیارییە سەنگی

مەحەکی پەیامی سیاسی – کۆمەڵایەتی دەقە جا نووسەرەکە سەر بە هەر چینێک بێت.

تێری ئیگڵتن ئاوا ڕەخنەی مارکسیستی پێناسە دەکا. " ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی هەر بە تەنها کۆمەڵناسی ئەدەب نییە، کە تایبەت بە چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕۆمانانەی کە باس لە چینی کرێکار دەکەن. ئامانج لەمەش شرۆڤەکردنی کاری ئەدەبییە بەشێوەیەکی تەواو. ئەمەش مانای بایەخدانێکی هەستیارە بۆ شێوە و مانا.هەروەها مانای ئیستعابی ئەو شێواز و جۆر و مانایانەیە وەک بەرهەمێکی مێژوویی تایبەت."ئەو نووسەرانەی لەژێر کاریگەریی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی بوون وەک ڕیچارد ڕایت، کلاود مەککەی، جان پۆل سارتەر، سیمۆن دی بۆڤار،برتۆڵد برێخت پێیان وا بووە کە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی تاقیکردنەوەی مێژوو و کلتووری زەمەنە، کە لە دەقدا ڕەنگ دەداتەوە.چونکە هەر دەقێک ڕەنگدانەوەی بڕگەیەکی زەمەنی دیاریکراوە. ئەو بڕگە زەمەنییەش ئاوێتەیەکی دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری کۆمەڵگەیە.ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی گەڕانە بەشوێن ئەوەی چۆن نووسەر ڕاست یان ناڕاست وێنای ئەو قۆناغە یان سەردەمە مێژووییەی دەکات و لەهەمان کاتیشدا فۆکس دەکاتە سەر نوێنەرایەتی چینەکان لە ململانێی چینایەتیدا. ئەمە وێڕای جەغدی زیاتر کردنە سەر ڕەگەزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دەق وەک لە ڕەگەزەکانی ئیستاتیکا. بەڵام ئیستاتیکا و ڕگەزەکانی فەرامۆش ناکات.

ڕەخـــنەی ئەدەبـــی مارکسیســـتی بـــێلایەن نیـــیە و نـــاتوانێ لەم ململانێـــیە چینـــایەتییەی ئەمـــڕۆدا بـــێ تەرەف بێـــت، بەڵکـــو بەڕاشـــکاوانە بەرگـــری لە بەرژەوەنـــدییەکانی چینـــی کرێکـــاری دەکات لە خەباتیدا دژ بە بورژوازی. ئەم ڕەخنە شۆڕشگێڕانەیە هەڵدەســـتێ بە ڕەخنەگـــرتن لە تەواوی ئەدەبییـــاتی بـــورژوازی بەهەمـــوو لـــق و ڕێبـــاز و جۆرەکـــانییەوە. لەمســـەری ئەدەبییـــاتی ناسیونالیســـتییەوە تـــا دەگـــاتە دوای پۆســـتمۆدێرنە. لەهەمـــان کاتیشـــدا بەرگـــریکەری ئەدەبـــی کرێکـــاریی و شۆڕشـــگێڕانەیە و هەوڵـی ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای ئەو ئەدەبە دەدات و ئەو لەمپەر و ئاســـتەنگانەش دەناســـێنێ و وەلادەنـــێ کە ڕێگـــرن لەبەردەم چوونەپێشـــەوەی ئەدەبـــی ئینســـانی کرێکـــاری. ڕەخـــنەی ئەدەبـــی مارکسیستی بە ئەندازەی دەقی ئەدەبی، نووسەری دەقەکەشـی بـۆ گـرنگە. ڕەخـنە کـار لەسـەر نووسـەر دەکـات و باکگراونـدی مێژوویی – کۆمەڵایەتی چینایەتی نووسەر دەستنیشان دەکات و شوێنێکی گرنگ لە پانتایی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی داگیر دەکـــات. میتۆدێـــک کە ڕەخـــنەی ئەدەبـــی مارکسیســـتی لە شـیکارییەکانیدا پشـتی پـێ دەبەسـتێ و بەدەسـتییەوە دەگـرێ و گرتـــووە بەرژەوەنـــدی چینـــایەتی کرێکـــارانە لە ململانێـــی کۆمـەڵایەتی. ئاسۆ و ئامانجێک کە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە شـــرۆڤەکردن و خوێنـــدنەوەی دەقـــی ئەدەبیـــدا هەیەتـــی، ئاسـۆیەکی ڕادیکـاڵ و شۆڕشـگێڕانەیە. ئەم تایبەتمەنـدییانەیە کە ڕەخـنەی ئەدەبی مارکسیسـتی لە هەر جـۆرە ڕەخنەیەکـی تـری بورژوازی جیا دەکاتەوە.

ئەو سەرچاوانەی کە بۆ نووسینی ئەم کورتە نووسینە سوودم لێ بینیون:


١- Marxist Literary Theory
Edited by Terry Eaglton and Andrew Hilne

٢- Thesese on the Problems of Marxist Criticism A. V. Lunacharsky On Literature and Art Progress published 1973 translated by Y. Ganuskin

٣- النقد السوسيولوجى في ضوء المدرسة الماركسية

٤- Understandind and overstanding Marxist criticism Adam Szabadose

٥- Msrxist Literary Critisism wikipidia

٦- David lodge Longman,20th Century Literary Criticism, Printed in Singapore 1972.


تێبینی: ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان لە ژمارەکانی ١١٣٣ و ١١٣٤ ی ساڵی ٢٠١٨ بە دوو بەش بڵاو بوونەتەوە.

# شیعری شۆڕشگێڕانە و پەرجووی هەمیشە زیندووبوون

کەنەدا / ٢٠١٥

لەوەتەی مـــرۆڤ لەســـەر ئەم هەســـارەیە پەیـــدا بـــووە لەگەڵ سروشت لەلایەک و یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتیی و ژیارییەکان لە لایەکـی تـر لە ململانـێ و زۆرانبازیـدا بـووە، هەوڵیشـی داوە بە ڕێگـای جیـاواز ئەو ململانێـی و زۆرانبازییـانە وێنـا بکـات و بۆچوونی خۆی لەسەریان بەیان بکات. یەکێک لە سیفەتە هەرە بەرچاوەکانی مرۆڤ ئارەزوو بووە بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتن، ڕەتکردنەوەی کۆن و هێنانە کایەوەی نوێ بووە لە جێگایاندا. هەرچەنـدە مەرج نیـیە هەمـوو ئاڵوگۆڕەکـان لە بەرژەوەنـدی مرۆڤدا تەواو بووبێتن، بەڵام ئاڵوگۆڕە ڕادیکاڵەکانی نێو کۆمەڵگە جێگایەکی بەرز و شیاویان لە پانتایی ویست و ئارەزووەکانی مرۆڤـدا هەبـووە و هەیە کە لە پێداویسـتی ژیـانەوە سـەریان هەڵداوە یان سەر هەڵدەدەن. مرۆڤ و دەروروبەری خەسڵەتی گۆڕاویان هەیە و بەپێی یاسا گەلێکی تایبەت دەگۆڕین و گەشە دەکەن و دواتریش لەنێو دەچن یان جێگا بۆ شتگەلی تر چۆڵ دەکەن. مرۆڤ هەر زوو لە ڕێگەی گۆرانی و سەما و هونەری نیگارکێشـان و ئینجـا شـیعرەوە گوزارشـتی لە خەون و

ئارەزووەکانی خۆی کردووە. واتا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شیعر پەیوەندییەکی لەمێژینەیە. مرۆڤ شیعری کردە ئامرازێک بۆ گوزارشتکردن لە بیروبۆچوون و وێناکردنی ئەو واقیعەی تێیدا ژیاوە. ئەم جۆرە شیعرە، شیعری خەڵک و پەیوەست بە ژیانی خەڵک، شیعرێک بووە لەگەڵ ویست و حەز و خولیا و ئارەزووەکانی مرۆڤ بۆ گۆڕانکاری ژیاوە و هەناسەی داوە. لە هەر شوێنێک ئەم شیعرە گوزارشتی کردبێ لە ئاڵوگۆڕی ڕادیکاڵانەی کۆمەڵگە، ئەوا شیعرێکی شۆڕشگێڕانە بووە و لە ویژدانی مرۆڤایەتیدا ماوەتەوە. شیعری شۆڕشگێڕانە شیعری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە خوازیاری ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە لە کۆمەڵدا. ئەم جۆرە لە شیعر هەمیشە لە یاخیبوون و شۆڕشەکاندا گەشەی کردووە و بەرەو پێشچووە. "بەپێی تێڕوانینی مارکسیستەکان تەنانەت ئەدەب لەخودی خۆیدا دامودەزگایەکی کۆمەڵایەتییە کە ئەرکی تایبەتی ئایدیۆلۆژی بەپێی باکگراوندنی ئایدیۆلۆژی نووسەر لەسەر شانە".(١) لێرەوە هیچ مرۆڤێک نییە بە جۆرێک لە جۆرەکان سەر بە ئایدۆلۆژی یان لەژێر سێبەری ئایدیۆلۆژییەکی تایبەتیدا نەبێت. تەنانەت ئەو مرۆڤانەی کە دەڵێن ئێمە هەموو ئایدیۆلۆژییەک ڕەت دەکەینەوە، لەڕاستیدا هەڵگری جۆرێک لە ئایدیۆلۆژین. ئۆجین پۆتیە و هانریش هاینە و ئەراگۆن کرۆ و پاپلۆ نیرۆدا و پرتۆڵد برێخت و نازم حیکمەت و خوسرەوی گوڵسورخی و مزەفەر نەواب و ئەحمەد مەتەر و حەبیب جالب و ڤلادیمیر مایاکۆفسکی و نێڵسن پێریی و لەنگستن هیوز وفریدریک گارسیا لۆرکا و جۆ هیڵ و نیکۆلا ڤاپتزارۆڤ و کێنس فیرینگ و ئدوین ڕۆڵف و هۆراس گریگۆری و مایک گۆڵد و تاد، بەشێکن لەو تەیفە بەرفراوانەی

ئەدیبان و شاعیرانی شۆڕشگێڕ کە بە شیعرەکانیان بەشدارییان لە خەباتی چینایەتی دژ بە ستەم و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی سەر سەرجەم کۆمەڵگەی ئینسانیی کردووە. خەمی ئەم شاعیرانە خەمی ئینسان بوو. دیارە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریش تەنها چینی کرێکارە کە خەمی سەرجەم مرۆڤایەتی هەیە. ئەم شاعیرانە و زۆریتر گرەوە مێژووییەکەیان لەوەدا بردۆتەوە کە ئازادی و ڕزگاری لە ستەم و چەوسانەوە ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بووە. ئەمە ئەو شوناسەیە کە جیایان دەکاتەوە لە ئۆقیانووسێک لە نووسەر و شاعیرانی تر لە کۆمەڵگەی ئینسانی کە بەجۆرێک لە جۆرەکان لەژێر ناوی نەتەوە و ئایین و نەژاد و نیشتمانپەروەری و ڕەگەز، بەرگری لە ستەم و پاڵپشتی لە چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان دەکەن. شیعری شۆڕشگێرانە بە ئاسۆ و ئامانجێکی خەباتکارانەوە لەگەڵ خوێنەردا لە پرۆسەیەکدا لێکهەڵدەپێکرێن. پرۆسەیەک کە نووسەر و دەق دەیانەوێ ئاراستەی بیرکردنەوەی خوێنەر لە مرۆڤێکی سادە و تەمەڵ لە بیرکردنەوەوە بگۆڕن بە خوێنەرێکی چالاک لە بیرکردنەوە. ئەمەش بە سیاسیکردنی خوێنەرە و هێنانە دەرەوەی تەیفێک لە خوێنەری بیر ڕوونـاکی لە هەلومەرج حاڵیبوو، کە خواستی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە یەکێکە لە خواستە هەرە دەستبەجێکانی. ئەم سیاسیبوونەی خوێنەر لەڕێگەی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبییەوە زۆر جیاوازە لە کۆمیدیای سیاسیبوونی تاکی کۆمەڵگە لەڕێگەی حیزبە بورژوا ڕەنگاوڕەنگەکان. شۆڕشگێڕبوون و شوناسی ڕادیکاڵبوونی دەقی ئەدەبیی پەیوەستە بە ئینتمای چینایەتییەوە. بورژوازی بەپێی گەشەی

مێـژوو ئەگەر لە دەورانــی خەبــات دژ بە پایەکــانی دەســەڵاتی ئابووری و سیاسی فیودالّی شۆڕشگێڕ بووبێ، ئەوا ئیتر ئەمڕۆ هیچ شۆڕشـگێڕییەتێکی نەک هەر نییە بگرە تا سـەر ئێسـقانیش کۆنەپەرسـتە. ئەو چیـنەی (چینـی کرێکـار) کە بەرژەوەنـدی لە ئاڵوگۆڕ و گۆڕانی پایەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆنەپەرستی بورژوازی هەیە شۆڕشگێڕە و ئەدەبی ئەو چینەش ئەدەبێکی شۆڕشگێڕانەیە.

بەمجــۆرە شــیعری شۆڕشــگێڕانە شــیعری ئەو لەشــکرە لە بەرهەمهێـنەرانە کە چەرخــی کارگەکــان دەســوڕێنن. شــیعری شۆڕشــگێڕانە شــیعری کرێکــارییە، شــیعری جیهەتگیریــی کرێکارییە. بەڵام مەرج نییە نووسـەری شیعری کرێکاریی خۆی کرێکـار بێت. چـونکە دەشـێ کرێکارێک شـاعیر بێت و هەڵگری ئایـدیۆلۆجی بـورژوازی بێت. لەکاتێکـدا دوور نیـیە نووســەری دەقێـک کرێکـار نەبێت بەڵام پـارێزەری بەرژەوەنـدی چینـایەتی کرێکــاران بێــت. بۆگــدانۆڤ دەڵــێ " شــاعیر لەوانەیە بەپێــی مەوقیعیەتی چینـایەتی خۆی سـەر بە چینی کرێکار نەبێ، بەڵام ئەگەر بە قـووڵی ئاشـنایەتی کـۆی ژیـانی پرۆلیتاریـا بـێ، ئەگەر لەڕاستیدا و بە دڵسۆزی بەو جۆرە بیر بکاتەوە، بەواتـایەکی تـر ئەگەر ڕۆحـی خـۆی ئـاوێتەی ژیـان و خەبـاتی پرۆلیتاریـا بکـات ئەوکـات دەتـوانێ دەربڕینێکـی هـونەریی پێشکەش بە پرۆلیتاریـا بکات و ڕەنگە ببێتە ڕێکخەری هێز و نەستی شێوەی شیعریی خـۆی." (٢) بـۆیە یەکێـک لە خەسـڵەتەکانی ئەدەبـی کرێکـاریی ئەوەیە کە تــا چ ئاســتێک پەیوەســتە بە ژیــانی سیاســیی و کــۆمەڵایەتیی چینــی کرێکــار و تــا چ ئەنــدازەیەک پــارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارە لە دژی سـەرمایەداران. شیعری

شۆڕشــگێڕانە گەلــێ پێــودانگی جیاجیــای هەیە و هەر چــین و توێژێـک بەپێـی بەرژەوەنـدی چینـایەتی خـۆی ڕاڤە و پێناســەی دەکا. چونکە چین و توێژەکان هەموویان خۆیان بە شۆڕشگێڕ و لایەنگـری ئـاڵوگۆڕ دەزانـن. بەڵام لە ڕاسـتای ئەم نووسـینە و لە ڕوانینی ململانێی چینایەتییەوە مەبەست لە ئەدەبی شۆڕشگێڕانە، ئەدەبی چینی بنیادنەری کۆمەڵگەیە،واتە چینی کرێکار. واتە تەنها و تەنها ئەدەبی چینی کرێکار ئەدەبێکی شۆڕشگێڕانەیە. ئەدەبی چینی کرێکاریش وەک شێری لینکۆن ئاماژەی پێدەدا "گێڕانەوەی ئەو چیرۆکـانەیە کە گوزارشـتن لە ژیـانی واقیعـی چینـی کرێکـار دەکەن."(٣). بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــــدا هەمیشـــــە لە هەنـــــاوی ڕووداوەکان و ململانێی چینەکاندا گەلێ توێژی کۆمەڵایەتی تر دێـــنە مەیـــدان و بە ئەدەب گوزارشـــت لە بیروبۆچـــوون و خەونەکانیان دەکەن. لەم نێوەشدا، بەرهەمی ئەدەبیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان لەچەشـنی بـزووتنەوەی یەکسـانیخوازی ژن و پیـاو و بـزووتنەوەی ڕەتکـردنەوەی ئـایین و بـزووتنەوەی دژی ئاپارتایـد و بــزووتنەوەی دژی ڕاســیزم و بــزووتنەوەی دژی کـاری منـداڵان و بـزووتنەوەی مـافی پەنـابەران و تـاد، پشـکی شێریان بەردەکەوێ و دەکەونە بەر سێبەری ئەو پێناسـەیەی کە ئەدەبی شۆڕشگێڕانە لەخۆیدا هەڵیگرتووە.

ڕاپەریـن و شۆڕشـەکانی جیهـان هەر لە ڕاپەڕینـی کۆیلەکـان بە ڕابەری سپارتاکۆس و شۆڕشی فەرەنسا و کۆمۆنەی پاریس و شۆڕشــی مەزنــی ئۆکتــۆبەر، بــوونە زەمیــنەی ســەرهەڵدان و گەشـەی شـیعری شۆڕشـگێڕانە و بەتـایبەتی شۆڕشـی ئۆکتۆبەر کە کاریگەرییەکەی بە جۆرێک بوو کە ئەدەبی جیهـانیی کرد بە دوو لەتەوە. بە گوزارشتێکی تر، وای کرد هەموو جیهـان لەسـەر

بنچینەی ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستیی و ئەدەبی بورژوازی هەڵوێستی گیریی بکەن.(٤)

شیعری شۆڕشگێڕانەی کرێکاریی، شیعری بەرەنگاربوونەوە و ڕەتکردنەوەیە..شـــیعری نیشـــاندانی ڕووە دزێــو و جوانەکــانە، شیعری هێرش و ستایشە. شیعری ڕادیکاڵی کرێکاریی لەگەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی چینی کرێکار و خەبات و تێکۆشانی ئەو چینە لە دژی چینــی ســەرمایەداری ســەرهەڵدەدا و گەشــە دەکا. واتە شیعری کرێکاریی شیعری ژیان و خەباتی چینی کرێکــارە، چیرۆکــی نەبەردە چینایەتییەکــانی کرێکــارە لە دژی بــورژوازی و دامودەزگاکــانی ســـەرمایەداری. کێرڤـــی ڕوو لە پێشی شیعری کرێکاریی لەگەڵ ڕەوتی خەباتی چینایەتی کرێکار بەرز و نزم دەبێتەوە. باری ناهەمواری ژیانی کرێکاران، سەعات کاری زۆر، کرێی کەم، نەبوونی خزمەتگوازی کۆمەڵایەتی و تەندروســتییەکان، نــا ئەمنـــی شـــوێنی کـــار، نـــاڕێکخرابوونی کرێکاران، نەبوونی ئازادییە سیاسییەکان و هەروەها نەبوونی ئامرازەکانی خەبات لە چەشنی مانگرتن و ناڕەزایی بە تاک تاک و بە کــۆمەڵ، خۆپیشــاندان، تــا دەگــاتە خەبــاتی چەکــداریی و شــۆڕش، ئەمــانە کــۆی بەدەنەیەکــی گەورەتــرن لە ئیرادەیەکــی تــۆکمە بــۆ دەرخســـتنی ئایدێنـــدتی خەبــات و ئینجــا شــیعری چینایەتی کرێکار. بەرهەمی ئەدەبی کرێکاریی لێرەوە پێناسەی خـــۆی دەکـــات و ســـنووربەندی لەگەڵ ڕەوت و ڕێبـــازە ئەدەبییەکانی بورژوازی دادەنێ. شیعری کرێکاریی پارێزەری بەرژەوەندی کرێکارە هەوڵیش دەدات لەژێر سێبەری خەباتی کرێکــاران لەســـەر ئەو ئایکۆنــانە کــار بکــات کە ڕۆڵیــان هەیە لەبردنەپێشـــەوەی خەبــاتی چینــایەتی. "ئەدەبــی شۆڕشــگێڕانە

چەکێکە لە ململانێی چینایەتی و لەسەریەتی کار لە هۆشیاری خوێنەرانی بکات بەرەو چالاکی ڕاستەوخۆ و لەوێشەوە بەرەو هەڵوێستێکی نویێ دەربارەی ژیان. بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی لە خەباتی چینایەتیدا بناسێتەوە."(٥)

چینی کرێکار لە خەباتی ڕۆژانەی خۆیدا، سەرباری پێداویستییە سیاسییە – چینایەتییەکانی لە چەشنی ماتریاڵ و ئەبزاری خەباتکارانەی وەکو حیزب و ڕێکخراوی جەماوەریی و کادر و ڕاگەیاندن..تاد، پێویستی بە ئەدەب و هونەرێک هەیە کە عەکس کەرەوەی واقیعییەتی خەباتی چینایەتی بێت. پێویستی بەوە هەیە کە بەردەوام لە جۆش و خرۆشدا بێت و هەمیشە ئیحساساتە چینایەتییەکان، داستانە نەبەردەکانی خۆی لە ڕابردوو و ئێستادا بناسێت و لێرەوە وەک پێویستی سەردەم دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکات.

لێرەوە بۆ ئەوەی شیعری کرێکاری باشتر بناسین، خراپ نابێ لە گۆشەنیگای ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ فەرهەنگ و ئەدەبیاتی بورژوازی لێی ورد بینەوە و خەسڵەتەکان و ئینجا جێ و شوێنی ئەو ئەدەبە لەئاست ئەدەبیاتی زەبەلاحی بورژوازی جیهانیدا دەست نیشان بکەین.

یەک: شیعری کرێکاریی هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی ژیان و خەباتی چینایەتی چینی کرێکارە لە ململانێیی لەگەڵ سەرمایەداران و دام و دەزگا سەرکوتگەرەکانی. شیعری کرێکاریی لە کێشمەکێش و پێکدادانە چینایەتییەکانەوە لە دایک دەبێت و ئاسۆیەک کە چینی کرێکار لەو پێکدادانە چینایەتییە هەیەتی دەبێتە ئاسۆ و ئامانجی شیعری کرێکاری.

دوو: شیعری کرێکاریی جیهەتگیری سیاسەتی چینی کرێکار و پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی ئەو چینەیە. شیعری کرێکاری گۆرانی خەباتی ژنانی کرێکار و حەسرەت و سەختییەکانی خەبات و ئاهی پیرەمێردێک و نرکەی منداڵێکی ئیشکەر و سکاڵای دڵی کچێکی ماندووی دەستی کۆنەپەرست و شەکانەوەی ئاڵای ململانێی ناو کارگەکان و هەناسەی زیندانییەک و تاد بە هەوێنی ناوەڕۆکی خۆی دەزانێ. ئەم دیمەنانە و ڕەنگ ڕێژکردنیان بە ئاسۆ و ئامانجی چینایەتی کرێکاریی ئەرکی ئەدەب و شیعری کرێکارییە.

سێ: شیعری کرێکاریی بە ئاسۆیەکی ئینسانییەوە دەڕوانێتە ژیان و تاک و کۆمەڵگە و ئینسانییەتی ئینسان وەک کرۆکی خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. شیعری کرێکاریی لە بەرامبەر ئاسۆی کۆنەپەرستی مەیل و ڕەوتە چالاکەکانی لیبراڵیزم و کۆنەخوازی و ئاییني و نەتەوەییدا دەوەستێتەوە و تێدەکۆشی کرێکار لە جەنگە چینایەتییەکەی خۆیدا بە ئاسۆیەکی ئینسانی و ئەنتەرناسیونالی چەکدار بکات.

چوار: شیعری کرێکاریی ئەگەرچی لە ڕووی تەکنیک و هونەرەوە ڕەنگە لێرە و لەوێ لاوازی پێوە دیار بێت. ڕەنگە نەیتوانی بێت بەپێی پێویست تەکنیکێکی نوێ و لە ئاخرین دەسکەوتە هونەرییەکانی بەشەر سوودمەند بوو بێت، بەڵام وەک یەک ڕەوتی ئەدەبی لە ئاستی جیهاندا بوونی خۆی سەلماندووە. چینی کرێکار بە درێژایی مێژووی پڕ لە خەبات و فیداکاری خۆی، خاوەنی جۆرێک لە فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری خۆی بووە. پێ بە پێی گەشە و بەرەوپێچوونی

قۆناغەکانی خەباتی، ئەدەب و هونەرەکەشی گەشەی کردووە. لێرەوە جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەم کە کۆهن میلتن پێی وایە یەکێ لە خەسڵەتەکانی ئەدەبی پرۆلیتاری ئەوەیە کە دەبێ سادە و ڕوون و ڕەوان بنووسرێت بەدەر لە ئاڵۆزی ئیستاتیکی شێوەگەرا(٦). هەرچەندە ئەم ڕایەی میلتن بۆ دەورانێک کە ڕێژەی نەخوێندەواری لەنێو چینی کرێکار لە ئاستێکی بەرزدا بوو ڕەنگە دروست بێت، بەڵام بۆ ئەمڕۆ کە دونیای دیجیتاڵ سێبەری خستۆتە سەر دونیای بەرهەم و ژیانی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەم رایە پشتیوانییەکی زۆری نابێ. ئەو دەستکەوتە ئیستاتیکییانە لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر بەشێکن لە دەستکەوتەکانی ئینسان و دروست نییە بەبیانووی سادەییەوە ئەدەبی چینی کریکار لەو دەستکەوتانە بێبەش بکرێ.

پێنج: سەرجەم دەزگا ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی و کارە ئەنسۆلۆژی و سەرچاوەکانی ئینتەرنێتیش بەپێی پێویست ئاوڕیان لەم ڕەوتە ئەدەبییە جیهانییە نەداوەتەوە و بگرە ئاگایانە و هۆشیارانە پشت گوێیان خستووە و لە خەڵک و چینی کرێکاریان شاردۆتەوە یان کەمترین زانیاریان خستۆتە بەردەست.

شەش: تەواوی ڕەوت و ڕێبازە فیکریی و هونەریی و سیاسییەکانی بورژوازی دەهۆڵی مەرگی کۆمۆنیزم و ئەدەبەکەی دەکوتن و ناوی ئەدەبی کرێکاریی وەکو ئەدەبێکی بێ ئەرزش و ماوە بەسەرچوو دەهێنن. قسەکەرانی ئەم ڕەوت و ڕێبازانە وەک پارێزەری بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی بورژوازی هەمیشەو بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان ئەدەبی شۆڕشگێرانە بە ناشیرین و بێهێز و نا هونەریی ناودەز بکەن.

ئەدەبی کرێکاریی لەسایەی ئەو تەبلیغە دژە کرێکارییە، وەک ڕەوتێکی ئایدیۆلۆجی – مەزهەبی ناو دەبرێ. بورژوازی جیهانیش بۆ تەحقیر و تەخدیرکردنی کرێکاران بە سەدان ملیۆن دۆلار سەرف دەکات و سەدان ئۆرگان و ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب بڵاو دەکاتەوە، ساڵانە سەدان فیستیڤاڵ و ئاهەنگ و ساز دەکات و بە دەیان هەزار نووسەر و شاعیر و ئەدیب و قەڵەم بەدەستی کڕیوە و دەکڕێت و کاریان پێدەکات، تا ڕووی دزێوی نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری جوان نیشان بدەن و خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش.

حەوت: بەڵام لەهەڵ هەموو ئەمانەشدا تا چینەکان و جیاوازی چینایەتی لەسەر ڕووی زەوی بمێنێ، ململانێی نێوان کرێکار و بۆرژوازی هەر دەمێنێ و ئەدەب و شیعری چینایەتی کرێکاریش هەر دەمێنێ.

## شیعری شۆڕشگێڕانە لە نێوان پاشەکشە و تەکاندا

ئەگەر لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، خەباتی چینی کرێکاری جیهان گوڕ و تینێکی تازەی بە جەستەدا گەڕا و ئومێدێکی نوێ لە ئاسۆی خەباتی چینایەتییەوە دەرکەوت، ئەدەبەکەشی کەوتە بەردەم واقیعێکی نوێوە و دەبوایە ئەزموونێکی تازە ئەنجام بدات. بۆ ئەم مەبەستەش ئەدیبانی کرێکاریی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکدا بوون، سەرکەوتنی شۆڕشیان لە ڕووسیا بینی، ئەمەش بووە هۆی بەرجەستەکردنەوەی زیاتری ڕۆحی شۆڕشگێرانە لە ئەدەب. گەشەی ئەدەبی کرێکاریی بە ئاقارێکدا تێپەڕی کە هەم بتوانێ

بەردەوام خۆی لەگەڵ هەلومەرجە تازەکان یەکلا بکاتەوە و هەمیش تازەگەری بەرهەم بهێنێ. واتە ئەدەبی بەرگری و شۆڕشگێڕانە هەلومەرجێکی بابەتی بۆ هاتە ئاراوە تا گەشە بکات و بەرەو پێش بچێت. ئەم بەرەوپێشچوونە تا ساڵی ١٩٣٢ درێژەی هەبوو و پاشان لە کۆنگرەی نووسەرانی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران لە ساڵی ١٩٣٤ لەبری وەڵامدانەوە بە ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەی ئەدەبی کرێکاریی، دەسەڵاتی ئەو کاتی یەکێتیی سۆڤییەت ئەو ئەدەبەی کردە قوربانی کێشمەکێش و ململانێی سیاسیی و ئابوورییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوا. ئیتر لەو مێژووەوە ڕێڕەوی گەشەی ئەدەبی کرێکاریی تووشی جۆرێک لە کەنارگیری هات. لەبری ئەدەبی شۆڕشگێڕانەی کرێکاریی ئەدەبێکی تر نزیک لەو ماهییەتە بەڵام جیاواز هاتە ئاراوە کە پێی دەوترا ئەدەبی واقیعی سۆشیالیستیی. ئەدەبی واقیعی سۆشیالیستی هەرچەندە لایەنگیریی بۆ کرێکار و سۆشیالیزم هەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا نەیتوانی بە تەواوەتی جێگای ئەدەبی کرێکاریی بگرێتەوە و هەروەها نەیتوانی ماهییەتی شۆڕشگێڕانەی ئەدەبی کرێکاریی بە یەکجاری بکوژێت. بۆیە لە ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەم ململانێی نێوان زلهێزەکان توانی ڕەنگرێژی ئەدەب بکات. سەرکەوتنی سیاسیی و ئابووری و سەربازی یەکێتیی سۆڤییەت بەسەر نازییەکاندا، بازێکی گەورەی بە ئەدەبی واقیعی سۆشیالیستیدا. جەنگی ساردیش شەقڵی خستە نێو ئەدەب و هونەر و جیهانی فانتازیا و ئیستاتیکای دابەشکردە سەر ڕیالیزمی واقیعی سۆشیالیستی لەلایەک و دیموکراسی و ئیندیڤجوالیزمی خۆرئاوا لەلایەکی تر. لە ناوەڕاستی دەیەی

چلەکانی سەدەی ڕابردوو زەمینەسازییەکی لەبار هاتە ئاراوە بۆ گەشەی ئەدەبی شۆڕشگێڕانە و بەرگری لەسەر ئاستی جیهان. بەڵام وڵاتانی سەرمایەداری خۆرئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی بودجەیەکی خەیاڵی(سەدان ملیۆن دۆلار)بیان تەرخان کرد، بۆ بەرپەرچدانەوەی سیستەم و کلتووری مارکسیستی و شۆڕشگێڕانە لە ئاستی دونیادا. کاتێ لەسەر ئاستی جیهان ململانێی نێوان ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستی و ئیندیڤجواڵیزمی خۆرئاوا لە ئاستێکی بەرز و توند دەبینرا،ئەدەبی شۆڕشگێڕانە وەک کارەکتەرێکی چالاک و بزێو لە سەرجەم کایە و بوارەکاندا ئاکتیڤ بوو، بەڵام لەژێر سێبەری ئەدەبی واقیعی سۆشیالیستی پۆلینبەند دەکرا. لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەهۆی قەیرانی سیاسی و ئابووری بلۆکی شەرقی (بەناو سۆشیالیست)، ئەدەبی واقیعی سۆشیالیستی و ئەدەبی کرێکاریی و شۆڕشگێڕانەش بەرەو کاڵبوونەوە هەنگاویان نا و تەنانەت تا ئەندازەیەکی زۆر جێگەی خۆیان بۆ ئەدەبیاتی بورژوازی چۆڵکرد. فاکتەرەکانی تەریککەوتنەوە و کەنارگیری و پاشان کاڵبوونەوەی ئەدەبیاتی واقیعی سۆسیالیستی و ئەدەبی کرێکاریی و شۆڕشگێرانە بەبڕوای من ئەمانەن.

یەک: کاریگەری تەبلیغاتی ڕۆژئاوا بەڕابەرایەتی ئەمریکا لەو هەڵمەتە فراوانەی خۆی دژ بە مارکسیزم و کلتووری شۆڕشگێرانەی مارکس و ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە لەسەر سەرجەن جیهان دژ بە ترادیسیۆنی شۆڕشگێرانەی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش. دیارە هەڵمەتی ڕۆژئاوا و گوێڕایەڵانیان لە ناوچەکە لەم ئەرکە قێزەوەنەیان کە تا ئێستاش بەردەوامن تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. ئەم

فاکتە خولقێنەری ئەو دۆخە نەخواستراوەیە کە ئەمڕۆ بۆ تەرویجدانی ئەدەبی شۆڕشگێڕانە بووەتە کۆسپ و ڕووبەڕووبوونەوەی کارێکی قورسە و وزە و توانایەکی زۆری لێمان دەوێ.

دوو: هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات و لەمەیداندا نەمانی یەکێتیی سۆڤییەت و پاشەکشەی لە سەرجەم بوارەکانی سیاسیی و سەربازی و ئابووری و فەرهەنگیی. ئەمەش بەدەوری خۆی بووە هۆی لە مەیدان نەمانی بزووتنەوە و پڕۆژە ئەدەبی و هونەری کرێکارییەکان لە نیوەی یەکەمی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و جێگە چۆڵکردن بۆ ڕەوت و ڕێبازە ئەدەبییەکانی بزووتنەوە کۆنەخوازەکان.

سێ: پاشەکشەی مارکسیزم و خاوبوونەوەی خەباتی چینی کرێکار وەک چینێکی بنیادنەر و مەزن ڕۆڵی خۆی هەیە لە کەمڕەنگبوونەوەی چەمکی ئەدەبی شۆڕشگێڕانە.

ئەم واقیعیەتە بەجۆرێک کاری خۆی کرد کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاری چەند دەیە گەڕاندە دواوە و ئەدەبەکەشی دووچاری دۆخێکی تاڵی چەقبەستبوون کرد. دۆخێک کە ئەرکگەلێکی زۆری خستۆتە سەر شانی ئێمەی ئەدیبان و نووسەران و هونەرمەندانی کرێکاریی بۆ ئەوەی بتوانین لەو دۆخە چەقبەستووە دەربازی بکەین و تەکانی بۆ پێشەوەی پێبدەین.

## کورد و شیعری شۆڕشگێڕانە

میللەتــی کــوردیش بەپێــی کارەســات و ڕووداوە تراژیــدیا – سیاسـییەکانی دوو سـەدەی ڕابـردوو هەوڵیـداوە بـۆ پاراسـتنی زمــان و کلتــوور و ناســنانەی نەتەوەیــی خــۆی لە بەرامــبەر سیستەم و ڕژێمە فاشست و تۆتالیتارییەکانی عێراق و ئێران و ســوریا و تورکیــا. کــورد هەوڵــی داوە لە ڕێــگەی ئەدەبەوە مەســەلەی شوناســی نەتەوەیــی و زمــان بەزینــدوویی ڕابگــرێ. شـیعری کـوردی لە مێـژووی کـۆن و نـوێی کـورددا مەسـەی ئـازادی و سـەرفرازی کـوردی کـردۆتە مەسـەلەی بنەڕەتـی و گەوهەری. شــاعیرانی کلاســیک (جــگە لەو شــاعیرانەی کە لە مزگەوت و خانەقاکان خوێندویانە و سەرچاوە مەعریفییەکانیان کتێـبە ئاینییەکـان بـووە) کەم تـا زۆر لایەکیـان لە کێشـەکانی ئینسان و بەهای ئازادی و ژیانی شارستانییانە کردۆتەوە.

ئەگەر حــاجی قــادری کــۆیی شــاعیر وەک شــاعیرێکی ناسیونالیستی بە دەستپێک و پەرەپێدەری شیعری نەتەوەیی – سیاسی کورد دابنرێت (٧)، ئەوا دوای حاجی قادر سوپایەک لە شــاعیر هەن کە خەمــی نەتەوە و مەســەلەی ئــازادی نەتەوەی کوردیــان بــۆ مەســەلە بــووە. واتە لە دوای چــارەکی یەکەمــی ســەدەی بیســتەم، شانبەشــانی فراوانتربــوونەوەی بیــری نەتەوایەتـی، ئەدەبـی ناسیونالیسـتیش گەشـە دەکـا و دواجـار لە دوای بەیاننــامەی ڕوانــگەوە لە ســاڵی ١٩٧٠ ئیتــر دەگــا بە چڵەپۆپە. لەملاشەوە کرۆکی بیری چینایەتیش شانبەشـانی کێشـە چینایەتییەکانی کۆمەڵگە گەشـەی کـردووە و بەرەو پێش چووە. لەم نێوەشـدا گەلـێ شـاعیر پەیـدا دەبـن و بەرهەمەکانیـان دەبنە

ئـــــــاوێنەی باڵانومـــــــــای ســـــــــەردەمی خۆیـــــــان و شیعرەکانیشــیان(بەتایبەتی ئەوانەی کرۆکــی ئینســانیان هەیە و باس لە ئازادی دەکەن) بە شیعری خەباتکارانە و شۆڕشگێڕانە دێنە ئەژمار. دواتریش لە نیوەی یەکەمی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو تەیفێک لە نووسەرانی چەپی نوێ دێنە مەیدان کە نەک هەر لە پەیوەندییەکی نزیکدا دەبن لەگەڵ چینی کرێکاری کوردستان و بەرهەمەکانیان ڕەنگدانەوەی ژیان و خەباتی ئەو چیـــنە دەبـــێ، بەڵکـــو لە ڕووی ئایدیۆلۆژیشـــەوە هەڵگـــری بیروباوەڕی مارکسیزم و کۆمۆنیزم دەبن (٨). پلە و ئاستی گەشـــەی ئەم تەیـــفە لە نووســـەران و بەرهەمـــی ئەدەبـــی و هونەرییـــان پەیوەســـت بـــوو بە ئاســـتی گەشـــەی بـــزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. چەند بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەملانێی خۆیاندا بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە ئاستێکی بەرزدا بووبێتن، ئەوەندەش شیعر و هونەری شۆڕشگێڕانە لە ئاستێکی بەرز و ڕەونەقـــی خۆیـــدا بـــووە. بەڵام دۆخەکە هەر بەو جـــۆرە نەمـــا. لەلایەکەوە چـــــوونە دەرەوەی زۆربەی کـــــادیرە هـــــونەری و ئەدەبییەکـــانی ئەو بـــزووتنەوە شۆڕشـــگێرە بـــۆ دەرەوەی وڵات کاریگەری نێگەتیڤی دانا لەسەر چەقبەستوویی ئاستی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی کرێکاری کوردستان و لەلایەکی ترەوە شانبەشانی تەبلیغاتی جیهانیی لەدژی کۆی بیروبڕوای مارکســـیزم هێرشـــێکی هەمەلایەنە دژ بە بـــاوەڕی مارکســـیزم و ئەدەب و کلتووری شۆڕشگێڕانە لەسەر دەستی گرووپی ڕەهەند و شوێنکەوتوانیان بە خەستی دەتی پێکرد. ئەم گرووپە لەمێژووی ئەدەبـــی کوردیـــدا و لەڕێـــگەی نووســـینەکانیان و گۆڤـــاری (ڕەهەنـــد)ەوە ناشـــرینترین ڕۆڵیـــان گێـــرا لە بە ســـــووک

تەماشـاکردنی ئەدەبـی شۆڕشـگێرانە و هەروەهـا دەرکێشـانی ڕوحی شۆڕشگێرانە و چاندنی تۆوی بێئومێدی لە ناخی تاکی کـورددا. ئەم گـروپە لە ڕێـگەی ڕسـتە و فرێـز و دەسـتەواژەی بێمانـای لە چەشنی" ئەدەب نابێ ئینتمـای ئایدییۆلۆژی هەبێ، و سەردەمی قسەکردن بە ناوی کۆ و ئەوانی تر کۆتایی هـاتووە و نووسـەر دەبـێ بە نـاوی خـۆی و تـاکەوە قسـە بکـا و نـوێنەری خۆیەتی و بەس و ئەدەبی حیزبیی و سیاسیی کوشتنی ئەدەب و خەیاڵە و... تـاد" ڕۆڵـی بەرچاوی گێـرا لە کـاڵکردنەوەی چەمکـی ئەدەبی شۆڕشگێرانە و گواستنەوەی خاڵی تێڕوانینی و فۆکسـی خوێنەر و کۆمەڵگە لە ململانێی چینایەتییەوە بەرەو زات و نـاخی تـاک و تەرویجـدان بە کۆنەپـارێزییەکی بێـوێنە. پروپاگەنـدەی ئەوەی کە نە مارکسیزم بۆ کۆمەڵکەی کوردستان گونجاوە و نە لە کوردسـتان چینـی کرێکاری پیشەسـازیمان هەیە و نە ئەدەبی کرێکـاریی و شۆڕشـگێرانە بە کەڵکی کۆمەڵگەی کـوردی دێ کە لە لایەن کـۆمەڵێ نووسـەری مـوهەریجی کـوردەوە ئـاگرەکەی خۆش کراوە و خۆش دەکرێ، جگە لە خۆڵ کردنە چاوی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان هیچیتر نییە.

لەگەڵ هەمـوو ئەو هەوڵە نەزۆکـانەش هێشـتا مەشـخەڵی ئەدەبـی شۆڕشـگێرانە نەک هەر نەکـوژاوەتەوە، بەڵکـو ژیلەمـۆکەی هەر بەگەشـــی لەژێـــر خۆڵەمێشـــی تەبلیغـــاتی بـــورژوازی و شـوێنکەوتووانیان مـاوەتەوە. سـەرباری هەسـتکردن بەوەی کە لایەنگری چینی زەحمەتکێشی کوردسـتان لایەنگیرییە لە ئازادی و ڕزگـاری ئینسـان، خـۆی ژیلەمـۆی ئەو بـاوەڕەیە کە پێیـوایە شۆڕشـی یەکجـارەکی بـۆ ڕزگـار بـوون لە سـتەم و نایەکسـانی تەنهـا و تەنهـا لەسـەر دەسـتی چینـی کرێکـار و زەحمەتکـێش

بەئاکـام دەگـات. خولْقانـدنی هەر دەق و کـارێکی هونەرییـانەی کرێکـاریی ڕەویـنەوەی تەمـی ئەو هەولانەیە کە دەیانویسـت و دەیـانەوێ کـۆمەڵگەی کوردسـتان ببێت بە کـۆمەڵگەی مـێگەل و خۆشیان ببن بە لایتی دەستی شوانە کوێرەکان.

## دوادێڕ بەڵام زۆر بە کورتی

شـیعری شۆڕشـگێڕانەی کرێکـاریی پـێ بەپێـی چوونەسـەر و هـاتنەخواری کێرڤـی خەبـاتی چینـایەتی بەرز و نـزم دەبێـتەوە، بەڵام هەرگیـز گـڕی ئەو بـزووتنەوە شـیعرییە خـامۆش نابێت و ژیلەمـۆکەی ناکوژێتەوە.تـا کـۆمەڵگەی چینـایەتی هەبێـت، ئەو ئەدەبەش هەر دەبێـت و بەپـێچەوانەی سـەرجەم ئیـدیعا و پروپاگەندەکانی زوڕناژەن و قەڵەمبەدەستانی چین و توێژەکانی تر، هەرگیز دووچاری توانەوە و فەنا نابێتەوە. بەکورتی شیعری شۆڕشگێڕانە لەگەڵ خەبات و ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سیستەم و یاسا و نۆرمەکانی ژیان و کۆمەڵگە لە دایک بووە و تا مرۆڤ و ململانێ و خەبات مابێ، ئەو شیعرەش هەر دەمێنێ.

ژێدەر و سەرچاوەکان:

١- بۆ زانیاری زیاتر تکایە بڕوانە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی سایتی ویکیپیدیا

http://en.wikipedia.org/wiki/Marxist_literary_criticism

٢- ئەلکسەندەر بۆگدانۆڤ شیعری پرۆلیتاری

Aleksander Bogdanov

Ploletarian Poetry The Labour Monthly

June 1923 PP.357-362

٣- شێری لێنکۆن " بۆچی ئەدەبی چینی کرێکار جێی وردبوونەوەیە؟" بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی

http://workingclassstudies.wordpress.com/2010/02/22/why/-working-class-literature-matters

٤- ڕیالیزمی سۆسیالیستی بەو تەوژم و ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییە دەوترێ کە لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە وڵاتی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران هاتە ئاراوە و گەشەی کرد و بوو بە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی ئەنتەرناسیونالی مەزن. گەشەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی هەر تەنها یەکێتیی سۆڤیەتی نەگرتەوە، بەلکو ئەو دەوڵەتانەشی گرتەوە کە بە دەوڵەتانی سۆشیالیست یان بلۆکی ڕۆژهەڵات دەناسران. ئەم ستایلە لە بنچینەدا لەسەر کلتووری پرۆلیتاریاوە سەری هەڵداوە. کلتووری پرۆلیتاریاش لە هونەر و ئەدەب پێداگیری ئەدەبە لەسەر خەباتی چینایەتی و بەرژەوەندی کرێکاران دژ بە بورژوازی و سەرمایەداران. ئامانجی ئەم ئەدەبە هەوڵدانە بۆ وێناکردنی ژیان و خەباتی ئەو چینە لە پێناو ڕزگاری یەکجارەکی لە کۆت و بەندی کۆیلەتی بورژوازی. ڕێبازی سۆشیالیستی لە ئەدەب لە دەیەی بیستەکانی سەدەی رابردوو لە وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و

جیکسلۆڤاکیا و پۆڵەندە دامەزرا. ئەو نووسەرانەش کە ڕۆڵیان هەبوو لە بەرەوپێشبردنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە لە وڵاتانی وۆرئاوا بریتبوون لە لویس ئاراگۆن و جۆهانس بێچەرو پابلۆ نیرۆدا. حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت ساڵی ١٩٣٢ بڕیاری لەسەر ڕیالیزمی واقیعی لە ئەدەب و هونەر دا و ساڵی ١٩٣٤ ئەم شێوازە ئەدەبییە لە یەکەمین گۆنگرەی نووسەرانی سۆڤییەت کاتێ نوێنەری جۆزێف ستالین ئەندریە زدانۆڤ وتاریکی پێشکەش کرد و بە توندی جەختی لەوە کردەوە کە ڕیالیزمی سۆشیالیستی بە فەرمی بوو بە ڕێنمایی نیشتمانی کلتووری یەکێتیی سۆڤییەت. بەدەستەوەگرتنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بە کردەوە بووە هۆی پشکردن لە ڕێبازە باوەکانی جیهان لە چەشنی ئیرۆتیک، ئایین، تەجریدگەرایی، سوریالیزم و گوزارشتخوازی. وەک وەڵامیک بەرامبەر بە یەکەمین گۆنگرەی نووسەرانی یەکێتیی سۆڤییەت، لە ٢٦ و ٢٧ ی نیسانی ١٩٣٥ لە شاری شیکاگۆ و بە پاڵپشتی جۆزیف ستالین گرنگترین گۆنگرەی نووسەرانی چەپی ئەمریکا بەسترا، کە شاعیران و ڕۆماننووسان و ڕەخنەگران و ڕۆژنامەنووسان تێیدا بەشدار بوون. والدۆ دەیڤد فرانک بە پشتیوانی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا بوو بە یەکەمین سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی ئەمریکا. ڕەگی مێژوویی ڕیالیزمی سۆشیالیستیی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم.

٥- میڵتن کۆن، شاعیرانی گەمارۆدراو و ڕەخنەگرانی چەپ، گۆڤاری زانکۆی ئالاباما، تۆسکالۆسا, ٢٠١٠، لاپەڕە ٢٤

https://en.wikipedia.org/wiki/Proletarian_poetry

٦- میڵتن کۆن، شاعیرانی گەمارۆدراو و ڕەخنەگرانی چەپ، گۆڤاری زانکۆی ئالاباما، تۆسکالۆسا، ٢٠١٠، لاپەڕە ٢٤

https://en.wikipedia.org/wiki/Proletarian_poetry

٧- سلێمان قاسمیانی(کاکە)، ناسیونالیزم و شاعیرەکانی – حاجی قادری کۆیی، گۆڤاری هانا، ژمارە ١٦ و ١٧ ،ساڵی ٢٠٠١، لاپەڕە ٤.

٨-دەیەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەدەبی کۆمۆنیستیی و کرێکاریی تەنها بریتیبوون لەو بەرهەمانەی یان بەرهەمی ئەو نووسەرانەی کە باسی چینی کرێکار و خەباتی ئەو چینەیان کردووە. نووسەرانی سەر بە حیزبی شیوعی عێراقی پشکی شێریان بەردەکەوێ. لەم نێوەشدا نووسەران و شاعیرانی سەر بە ڕێکخراوی مارکسیی – لینینیی کوردستان کەم تا زۆر چەند هەولێکیان لەو بارەیەوە هەیە. بەڵام لەناوەڕاستی دەیەی هەشتاکان تەیفێک لە نووسەران و هونەرمەندانی کورد لە کوردستان لە ژێر کاریگەری بیروڕای مارکسیزمی شۆڕشگێڕ توانیان تەکان بە ئەدەبی کرێکاریی و کۆمۆنیستیی بدەن و بەرەو پێشی بەرن. لەوانە موسلیح شێخولئیسلامی (ڕێبوار) و سلێمانی قاسمایینی (کاکە) و ئەحمەد بازگر و بەکر ئەحمەد (ئاسۆ) و بژار و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و جەمال کۆشش و پەخشانەشیعرییەکانی ب.سۆلین و هونەرمەند سەردار عەبدوڵا و زۆری تر کە ئێستا لەم ساتەدا لەیادم نەماون.

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری هانا ژمارە ١ ی خوولی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ بڵاو بۆتەوە.

## مانیفێستی ئەدەبی کرێکاریی

مەبەست لەم مانیفێستە دانانی چوارچێوە و قەید و بەند نییە بۆ ئەدەب و نووسەر، چونکە دەزانین نووسەر بۆ ئەوەی داهێنەر بێ و بتوانێ بە جوانترین شێوە گوزارشت لە جیهانبینی چینایەتی خۆی بکای دەبێ ئازاد بێ. ئازادبوون نە بە مانا بۆرژوازییەکەی کە ئەندامێکی لایەنێکی سیاسیی نەبێ و چینی بۆرژوازی گڵۆپی سەوزی بۆ پێ کردبێ و پشتیوانی لێ بکات، بەڵکو بەمانا کرێکارییەکەی. واتە لەدەرەوەی هەژموون و دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی قەراری گرتبێ. هەرکاتێ نووسەری کرێکاریی ئەو مەوقیعییەتەی بەدەست هێنا، ئیتر دەقەکانی هەرگیز ناکەونە تەڵەی خزمەتکردن بە بۆرژوازییەوە. لەلایەکی تریشەوە دەبینین ژمارەیەکی زۆر نووسەر دەقی ئەدەبیی دەنووسن و دەیانەوێ گوزارشت بکەن لە خەبات و تێکۆشانی چینایەتی کرێکاران لەدژی سەرمایەداران، بەڵام ڕەنگە بەپێی پێویست زانیاری پێویستییان نەبێ لەسەر ئەدەبی کرێکاریی و ماهییەتی چینایەتی ئەم ئەدەبە و ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەی ئەدەب دەیگێڕێ لە کێشمەکێشەکانی چینی کرێکار لەگەڵ بۆرژوازی. ئەمە جگە لە پێویستی خۆ سازدان و خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەدەبی بۆرژوازی. لێرەوەیە ئەم نووسینە یان ئەم (مانیفێستە) گرنگی خۆی دەسەپێنێ.

(١)

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەدەبی کرێکاریی گەڕانەوەیە بۆ ئینسـان. دەسـتبردنە بـۆ ئەو ئەبـزار و ماتریـاڵانەی کە واقیـع دەیخـاتە بەر دەسـت بـۆ دووبـارە بنیادنـانەوەی ژیـان و خەونـی ئەو مرۆڤانەی کە جگە لە گرتنەبەری ڕێگای خەبات، چارەیەکی دی شک نابەن. دووبارە بنیادنانەوەی ژیان و خەونی ئینسـان لە وەهـم چـی نـاکرێ، بەڵکـو هەر لەو ئینتمـایەوە دێـتە بـوون کە تەواوی ئەدەبـی بـۆرژوازی خـۆی لـێ بێـبەری دەکـات. ئەویـش ئینتمـای ئەدەبە بـۆ واقیـع و ژیـان. ئینتمـای ئەدەبە بـۆ چـین، ئینتمایە بۆ هێزی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە کە تروسکەی ئومێد لە جـووڵە و کـردار و هەوڵەکانیـدا وەک مـرواری بەر هەتـاو دەبریسکێتەوە. دەستگرتن بەم ئومێدە، دەستگرتنە بەو ڕوحییەتە شۆڕشـگێڕانەیەی کە کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی بە درێژایـی مێـژوو دەسـتی پێوەگرتـووە، بارگـاوی بـوون بەو ئومێـدە و جێخسـتنی زیـاتری ئەم ڕوحیـیەتە شۆڕشـگێڕانەیە ئەرکـی بـێ ئەمـلاوئەلای ئەو ئەدەبەیە کە ئێمە و ئەدیبانی وەکو ئێمە ئاڵا هەڵگرییین.

(٢)

بەو پێیەی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی جیهـان لەبەردەم هەڵکشان داکشـانێکی بەردەوام دایە.سیسـتەمی بـازاڕی ئـازاد و لیبراڵیزمـی نـوێ جگە لە توونـدکردنەوەی زنجیرەکـانی دەست و پێی کرێکاران دیارییەکی تری بۆ بەشـەرییەت پـێ نییە، کرێکـاران و خەڵکی بەشـمەینەت نالەبـارترین دۆخـی سیاسـیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی خۆیان دەگوزەرێنن، ژێرخـانی ئـابووری

زۆرێک لە کۆمەڵگەکان دووچاری لەبەریەک هەڵوەشانەوەیەکی مەترسیدار بۆتەوە، چینی کرێکار جگە لە مەینەتییەکانی کار و ژیان، دەرگیری سیاسەتێکە کە کۆمەڵی بازرگانی سیاسی سەرقاڵن پێوەی و کە بەم هۆیەشەوە ئاستی ژیانی خەڵک فەلاکەتبارە و بەگشتی لەژێر هێڵی هەژارییەوەیە. کەمبوونەوە یان نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، کەمبوونەوە یان نەبوونی بیمە تەندروستییەکان، کەمبوونەوە یان نەبوونی کار و بیمەی بێکاری، کەمبوونەوە یان نەبوونی ئاستی گونجاوی خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندندا، کەمبوونەوە یان نەبوونی ئاسایش و دڵنیایی ژیان لای خەڵک، ئەمە سەرباری گرانی بازاڕ و شەڕ و ئاوارەیی و بەدبەختی کە بەرۆکی ئینسانەکانی سەر ئەم هەسارەیەیان گرتووە. لە دۆخێکی وادا ئەدەبی کرێکاریی ناتوانێ ڕۆڵێکی بێلایەن بگێرێت، ناتوانێ بێدەنگی هەڵبژێرێت، ناتوانێ قسە نەکات و جیهەتگیری خۆی بۆ خەڵکی بەشمەینەت بەیان نەکات. جیهەتگیریی شوناسی ئەو ئەدەبەیە کە ئێمە بە جیدیی قسەی لەسەر دەکەین و ئینتمامان بۆی هەیە. ئەدەبی کرێکاریی لە هەلومەرجێکی ناسەقامگیری وادا دەبێ جەربەزانە بێتە مەیدان و گوزارشت بێ لەو دۆخە نەخوازراوە. دەبێ ئاوێتەی ئەو بەرگری و خەبات و تێکۆشانە بێت کە دەیانەوێت ئەو هەلومەرجە بگۆڕن، بەڵام گۆڕانێک بە قازانجی خەڵکی ستەمدیدە.

(٣)

ئەدەبـی کرێکـاریی جـگە لەوەی سەرسـەختانە دژی پایەکـانی کـۆمەڵگەی بـۆرژوازی دەوەسـتێتەوە و دەجەنگـێ، لەهەمـان کاتیشـدا تێدەکۆشـێ بەرەخـنەی جیـدیی لەو پایـانە و دەرهاویشتەکانی، ڕووی ئەو دونیا بێ چینایەتییە نیشان بدات کە ئـازادی و یەکسـانی و دادپەروەری کـۆمەڵایەتی هەوێنیەتـی. پایەکـانی کـۆمەڵگەی بۆرژوازی بە قەد پانتـایی دونیـا بـوونەتە مایەی دەرهاویشتنی کۆمەڵێ دیاردە و گرفت و دەرد بۆ ژیانی ئینسانەکان. هەر لە شەڕ و ئاوارەیی، کوشتن و بڕین، زیندان و ئیعـدام و هەژاریـی و برسـێتی و خەمـۆکیی و فەحشـا و دۆخە دەروونیـیە نەخوازراوەکـانی ئینسـان تـا دەگـاتە بێکـاریی و نـانبڕاوکردن و ..تـاد، کـۆمەڵە دەردێکـن شـانی ئینسـان هەڵیـان دەگرێ و دەسەڵاتی کۆنەپەرستی بۆرژوازی و کۆمەڵگە شانی خۆیانیان لێ خاڵی کردۆتەوە. لێرەوە ئەدەبی کرێکاریی ڕۆڵێکی گرنـگ دەگێـڕێ لە ڕیسـواکردن و دەرخسـتنی ماهییەتی(جەوهەری)دژی ئینسانی ئەو کۆمەڵگە و دەسەڵاتانەی ئەو کۆمەڵگەیە بەڕێوە دەبەن. ڕۆڵ دەگێڕێ لە نابوودکردنی ئەو بەرگریکارانەی کە بەرگری دەکەن لە مانەوەی دۆخی مەوجود. ڕۆڵ دەگێڕێ لە لێدان لە پایەکانی ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی. ڕۆڵ دەگێـڕێ لە لێـدان لە ئەدەبـی بـۆرژوازی بەهەمـوو لـق و بەشـەکانییەوە. ئەدەبـی کرێکـاریی (ئەگەر ڕوونتـر بـدوێین) ئەدەبـێکە دژ بە نیزامـی سـەرمایەدارییە کە سـەروەت و سامانەکەی لەسەر خوێنمژینی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش هـاتۆتە دەسـت. دژی خـانەوادە و خێزانـی بوۆژوازییـانەیە کە بنـاغەکەی لەسـەر چەوسـانەوەی ئینسـان دامەزراوە، دژی

نیشتمان و نیشتمان پەرستییە کە ڕۆژانە لە گۆشە و کەنارەکانی ئەم جیهــانە و لەژێــر نــاوی پاراســتنی نیشــتمان هەزار ڕۆڵەی کرێکـــار دەکـــوژرێ و خـــوێنی دەڕژێ و بە ســـەدان هەزاریــش ئــاوارە و بــێ خــانە و لانە دەکـرێن. دژی ئـایینە بە هەموو فۆرمە کۆن و نوێیەکانییەوە. بەمجۆرە ئەدەبی کرێکاریی دژ بە سەرجەم ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی لە جەنگیکی نەبڕاوە دایە.

(٤)

ئەدەبــی کرێکــاریی ئەدەبێکــی سیاســییە. ئەدەبــی چینــێکە کە ســەرقاڵی خەبـات و سیاســەتکردنە لە پێنـاو دۆزیـنەوەی کلیلـی چارەســەر و کــردنەوەی تەلیســمی ئەزەلییەتــی بــۆرژوازی کە تەواوی فەرهەنگی زاڵ و سەرخانی ئـابووری کۆمەڵگە تەبلیغی بــۆ دەکەن. ئەدەبــی کرێکــاریی ئەدەبــێکە بە ئاشــکرا ئینتمــای سیاسـیی – چینـایەتی خـۆی بـۆ چینـی کرێکـار دەردەبـڕێ. ئەم ئەدەبە لە سیاســـەتکردن ناترســـێ و ســـڵ لەوەش ناکــاتەوە بە ئەدەبێکــی سیاســیی نــاوزەدبکرێ. ســڵ لەوەش ناکـاتەوە پێــی بوترێ ئەدەبی مارکسیزم، چونکە بە کردەوە مارکسیزم سێبەر دەخــاتە ســەر ئەو ئەدەبە. ئەدەبــی کرێکــاریی بــێ سیاســەت و سیاســـەتکردن مانـــایەکی نابێــت. مـــادام ئەم ئەدەبە بە چینـــی کرێکـارەوە پەیوەستە،مادام ئـاوێتەی خەبـاتی ئەو چینـەیە، بـۆیە ئەدەب و چینی کرێکار، وەکو حیزب و چینی کرێکار دووانەن و نــاتوانرێ لێـک دابـبـڕدرێن. پێوەنـدی نێـوان سیاسـەت و ئەدەب، پێوەنـدییەکی لەمێـژینەیە. ئەدەبـی بـۆرژوازی بەپێـی جەوهەر و ڕۆڵە ناشـیرینەکانی لە جەنـگە چینـایەتییەکەی لەگەڵ کرێکـاران،

زۆرجار ئیدیعای سەربەخۆیی دەکات لە سیاسەت و حیزب، بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی ستەمدیدە و چەوساوە. دەڵێن دەبێ ئەدەب لە سیاسەت جیا بیت، دەڵێن دەبێ ئەدەب چینایەتی یان کرێکاریی نەبێت، بێئەوەی ساتێک لەبیریان چووبێتەوە کە ئەدەبەکەی خۆیان ( ئەدەبی بۆرژوازی) هەم سیاسییە و هەمیش چینایەتییە بێئەوەی پێویست بکات بە ئاشکرا ئەو پەیوەندییە بەیان بکەن. بەڵام تا ئەوپەڕی بێشەرمانە بەبێ شەرمی هاوار دەکەن و دەنگ هەڵدەبڕن کە ئەدەبی کرێکاریی حیزبییە و سیاسییە. بەڵێ ئەدەبی ئێمە مادام دژ بە ئایدیۆلۆژی بۆرژوازییە، مادام دژ بە بناغەکانی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەدارانە، ئەدەبێکی سیاسییە. لەهەمان کاتیشدا مادام ئەدەبەکەی ئێمە( ئەدەبی کرێکاریی) لە بەرژەوەندی کرێکاران دایە لە جەنگی چینایەتی، کەوایە ئەدەبێکی چینایەتییە و بارگاوییە بە ئاسۆیەکی ئینسانی بەرز کە بێ هیچ دوودڵییەک دەچێتە سەنگەری پاراستنی بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران لەدژی سەرمایەداران.

(٥)

ئێمەی ئەدیبانی کرێکار دەبێ چینی کرێکار بە ئەدەب و هونەری خۆی ئاشنا بکەینەوە. چینی کرێکار ئاشنا بکەین بە نووسەرانی ڕابردوو و ئێستا، کلتووری چینایەتی و شۆڕشگێڕانەی خۆی بخەینە بەردەستی. لەڕێی بەرهەمە ئەدەبییەکانمان و دەقەکانمان ( چ نووسراو یان وەرگێڕدراو) دەستییان بگرین و بیان گێڕینەوە سەر گەنجینە لەبن نەهاتووەی ئەدەبیاتی ڕادیکاڵ و

ڕوح بەبەرداکردنەوەی پەیوەندی لەمێژینەی نێوان چینی کرێکار و ئەدەب و هونەر و ئامانج و خواستەکانی. ئەگەر ئەمەمان کرد ئەوا توانیومانە لەو ئامانجانە تێبگەین و بەکرداریش ئەو تێگەیشتنەمان بەیان کردووە. بەپێچەوانەوە، ئەگەر ئەو کارە نەکەین ئەوا هۆکارەکە هەرچییەک بێت، نەماتوانیوە لە ئامانجی ئەدەبی کرێکاریی و شۆڕشگێڕانە حاڵی بین. لێرەوە دەرکردن و بڵاوکردنەوە و وەشاندنی گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتی ئەلەکترۆنیی، دەتوانێ وەک زمانحاڵی ئەو ئەدەبە ڕۆڵی گرنگ بگێڕێ لە بردنە پێشەوە و بڵاوکردنەوەی ئەدەب و هونەری کرێکاریی. چینی کرێکار دەبێ لەڕێگەی هەوڵ و تێکۆشانی ئەدەبی کرێکاریی و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیەوە، ئەدەبی کرێکاریی و نا کرێکاریی لێک جیا بکاتەوە، تا دەگات بە ناسینی ڕەگەزەکانی ئەدەبی کرێکاریی و وەستانەوە بەرامبەر بە هەموو ئەو هەوڵانەی کە دەیانویست ئەدەبی پرۆلیتاریای سەدەی بیستەم دووچاری پاشەکشە و فەوتان بکەن.

نابێ لەیادمان بچێ کە بزووتنەوەی ڕیالیزمی سۆسیالیستی کە بەو تەوژم و ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییە دەوترێ کە لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە وڵاتی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران هاتە ئاراوە و گەشەی کرد و بوو بە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی ئەنتەرناسیونالی مەزن. گەشەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی هەر تەنها یەکێتیی سۆڤیەتی نەگرتەوە، بەڵکو ئەو دەوڵەتانەشی گرتەوە کە بە دەوڵەتانی سۆشیالیست یان بلۆکی ڕۆژهەڵات دەناسران. ئەم ستایلە لە بنچینەدا لەسەر کلتووری پرۆلیتاریاوە سەری هەڵداوە. کلتووری پرۆلیتاریاش لە هونەر و ئەدەب پێداگیری ئەدەبە لەسەر خەباتی چینایەتی و بەرژەوەندی

کرێکـــاران دژ بە بـــورژوازی و ســـەرمایەداران. ئامـــانجی ئەم ئەدەبە هەوڵدانە بۆ وێناکردنی ژیان و خەباتی ئەو چینە لە پێناو ڕزگـاری یەکجـارەکی لە کـۆت و بەنـدی کـۆیلەتی بـورژوازی. ڕێبـازی سۆشیالیسـتی لە ئەدەب لە دەیەی بیسـتەکانی سـەدەی ڕابردوو لە وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و جیکسلۆڤاکیا و پۆڵەندە دامەزرا. ئەو نووسـەرانەش کە ڕۆڵیان هەبوو لە بەرەوپێشـبردنی ئەم ڕێبـازە ئەدەبیـیە لە وڵاتـانی ڕۆژئـاوا بریتبـوون لە لـویس ئاراگۆن و جۆهانس بێچەرو پابلۆ نیرۆدا. حیزبی کۆمۆنیسـتی سـۆڤییەت سـاڵی ١٩٣٢ بڕیـاری لەسـەر ڕیـالیزمی واقیعـی لە ئەدەب و هـونەر دا و سـاڵی ١٩٣٤ ئەم شـێوازە ئەدەبیـیە لە یەکەمین گۆنگرەی نووسەرانی سۆڤییەت کاتێ نوێنەری جۆزێف ستالین ئەندریە زدانۆڤ وتـاریکی پێشـکەش کـرد و بە توونـدی جەختی لەوە کردەوە کە ڕیالیزمی سۆشیالیستی بە فەرمـی بـوو بە ڕێنمـــایی نیشـــتمانی کلتـــووری یەکێتیـــی ســـۆڤییەت. بەدەسـتەوەگرتنی ئەم ڕێبـازە ئەدەبیـیە بە کـردەوە بـووە هـۆی پشتکردن لە ڕێبازە باوەکانی جیهان لە چەشنی ئیرۆتیک، ئایین، تەجریـــــدگەرایی، ســــــوریالیزم و گوزارشـــــتخوازی. وەک هاوپشـــتییەکی چینـــایەتی بەرامـــبەر بە یەکەمـــین گـــۆنگرەی نووسەرانی یەکێتیی سۆڤییەت، لە ٢٦ و ٢٧ ی نیسانی ١٩٣٥ لە شـــاری شـــیکاگۆ و بە پاڵپشـــتی جۆزیـــف ســـتالین گرنگتـــرین گـۆنگرەی نووسـەرانی چەپـی ئەمریکـا بەسـترا، کە شـاعیران و ڕۆماننووسـان و ڕەخنەگـران و ڕۆژنامەنووسـان تێیـدا بەشـدار بـوون. واڵـدۆ دەیڤـد فرانـک بە پشـتیوانی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئەمریکا بوو بە یەکەمین سەرۆکی یەکێتیی نووسـەرانی ئەمریکـا. ڕەگـی مێژوویـی ڕیـالیزمی سۆشیالیسـتیی دەگەڕێـتەوە بـۆ

ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم. بەڵام ئەم ریالیزمە گۆڕانی بەسەردا هات و پێ بەپێی تێپەڕبوونی زەمەن، ئەمیش لە ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕانەکەی بەتاڵ کرایەوە و خرایە خزمەتی سیاسەتەکانی ستالین و یەکێتیی سۆڤییەت کە ئەوکات چەند هەنگاو لە ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی دوور کەوتبۆوە.

ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی ئەرکییەتی ناوەڕۆکی ئەو ڕیالیزمە شیبکاتەوە و جارێکی تر بە گەڕانەوە بۆ ئینسان، بە عەزمێکی پۆڵایینەوە پێ لەسەر پایەکانی ئەدەبی کرێکاریی دابگرێت و گەشەی پێبدات.

(٦)

ئەدەبی کرێکاریی خاڵی نییە لە تەکنیک و ئیستاتیکا، بەڵکو هەڵگری جۆرێک لە ئیستاتیکایە کە خاڵی لێوە هەستانی لەسەر بنەمای ململانێی و بەرەنگاری وەستاوە. ئیستاتیکای ئەدەبی کرێکاریی لەو جیهەتگیرییەوە ئاو دەخواتەوە کە ئەدەب ئاوێتەی واقیعی ژیان و خەباتی ئینسانەکان دەبێ لەپێناو ئازادیدا. جوانییەک کە ئەدەبی کرێکاریی لێی بەهرەمەندە و ئەدەبیاتی بۆرژوزی نییەتی بریتییە لە ئومێد. ئومێد بە ئینسان، بە ژیان، ئومێد بە خەبات لەپێناو ژیانێکی ئینسانیی باشتر. ئەم ئومێدە، وزەبەخش و ئیلهامبەخشی ئینسانە لە خەبات. لەدەستدانی ئومێد لە دەقە ئەدەبییەکان (جا چ ڕۆمان، یان شیعر، یان کورتەچیرۆک، یان شانۆنامە..تاد بێ) لەدەستدانی ئەڵقەیەک لە ئەڵقەکانی زنجیرەی پرۆسەی نووسینی شۆڕشگێڕانە بۆ بە سەمەر گەیاندنی ئەرکە مێژووییەکان. لە دووتوێی لاپەڕەکانی

مێـژوودا گەلـێ دەق هەن کە لە خەبـات و تێکۆشـانی چینایەتیـدا بوونە بە ڕوحـی سـەردەم و وێردی سـەرزاری ملیۆنـان ئینسـان لەوانە ســـروودی ئەنتەرناســـیونالّی ئـــۆجین پـــۆتیە، یـــانیش کاریگەرییـان لەسـەر زەینـی ئینسـانەکان بەئاسـانی کـاڵ نـابنەوە لەوانە ڕۆمـــانی (دایـــک)ی مەکســـیم گـــۆرکی و ڕۆمـــانی (جەرمینالّ)ی ئەمیل زۆلا و (پاژنە ئاسنینەکان)ی جاک لەندەن و (نینا)ی سـابت ڕەحمـان و (پـاپۆڕی کـارگە)ی تـاکیجی کۆبایاشـی و..تاد.

(٧)

چ کۆمیـدیایە و لەهەمـان کاتیشـدا تراژیـدیا خوێنەرانێـک پشـت بەستوو بە تێز و ڕەخنەی ڕەخنەگرانـی بۆرژوازیی، پێیـان وابـێ ئەدەبی ڕادیکاڵ و ئینسانی بەتاڵە لە فکر. بڕواهێنەرانـی ئەم تێزە هێندە کورت بینن و هێندە خۆیان بە خاوەن فکر دەزانن، نـاتوانن ببیـــنن کە ئەدەبـــی ئینســـانیی و کرێکـــاریی لێـــوڕێژە لە فکـــری ئینسانیی و کالآیەکە بە بالآی هەڵوێستی ئازادیخوازانەی مـرۆڤ لەپێنـاو پچڕانـدنی کۆتەکـانی کـۆیلەتی ئینسـان. ئەم خـوێنەرانە (تووتی) ئاسا هەر ئەو ئایاتانە دەزانن و دەڵێنەوە کە ئەدەبی نیو لیبڕاڵی جیهانیی لەسەرتاسەری جیهانـدا دەرخـواردی خـوێنەرانی دەدەن. ئەو خـــوێنەرەی پێـــی وایە ئەدەبـــی کرێکـــاریی و مارکسیســـتی خـــاڵین لە فکـــر، نە لە کرێکـــار وەک چینێکـــی بەرهەمهێـنەر و بونیـادنەری کـۆمەڵگە و ژیـان حـاڵیبوونە و نە دەزانن مارکسیزم چییە و چ ڕۆڵێکی مێژوویی گێڕاوە و دەگێڕێ لەململانێـیە چینـایەتییە – فیکرییەکـان. ئەو خـوێنەرانە لەلایەن

پەروەردەکەرانیـانەوە وا حـاڵی کـراون کە مارکسـیزم بەکەڵکـی هیچ نایەت ( بێئەوەی کتێبێکی کاڕڵ مارکسیان خوێندبێتەوە) و کرێکاریش هەروەکو تاک دەبینن و هەرگیز بیرکردنەوەیان ڕێی ئەوەیان پێ نادات کرێکار وەکو چین، وەک چینێکی کۆمەڵایەتی ببینن و لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ڕێبازی فیکریی و ئەدەب و هونەر بـگەن. ئەم جـۆرە خـوێنەرە کە مەعـریفە تەنهـا لە خوێنـدنەوەی چەند کتێبێک دەبینن کە زانیارییەکانیان دەستی دوو و دەستی سـێیە و زۆر دڵ ڕەشـانە سـەنگەریان لە مارکسـیزم و چینـی کرێکـار گرتـووە. مـۆدێلی ڕۆشـنبیرانی کـوردیش باسـی دەردە قێزەوەنەکانی کۆمەڵگە ناکەن، خۆیـان لە گەلێ دیـاردە دەبوێرن. باسـی مارکسـیزم و شۆشـیالیزم تووشـی هیسـتریا و سەرئێشـەیان دەکـات. مەسـەلەی ژن و منـداڵ و قوتابخـانە و پەروەردە و بێکاری و..تـاد بەکاری خۆیـان نـازانن. وەک ئەوەی ئەو ڕۆشـنبیرە بەڕێـزانە لە کـۆمەڵگە نەژێـن. مـن وای دەبینـم قسـەکردن لە هەر جـومگەیەکی ژیـان و کـۆمەڵگە،هەر لە سیسـتەمی بەڕێـوەبردنی دەسـەڵاتەوە بگـرە تـا دەگـاتە چارەسەرکردنی گرفتەکـانی ژینگە، ئەرکـی ڕۆشـنبیرانە. ڕەوتـی نیـو لیبرڕاڵـی کـوردی جـۆرە ڕۆشـنبیرێکی سـەقەت و ناکـارا و نـا ئـاکتیڤی کـۆمەڵایەتی وای بەرهەم هێنـاوە کە لەگەڵ مانـای ڕاستەقینەی ڕۆشـنبیر نـاکۆکە و نـاتوانێ بچـووکترین زەمینە بۆ ئاڵوگۆڕ بسازێنێ. داهێنان و هزری ئازادیش لەلایەن ئەم مۆدیلە لە نووسـەران و ڕۆشـنبیران لەسـەر جەسـتەی میـدیای کـوردی قۆرخکراوە بۆ ئەو نـاوانەی کە لەلایەن ڕەهەندییەکانەوە گڵۆپێ سەوزیان بۆ پێدەکرێ. بزووتنەوەی ئەدەبیی کوردی ئـاخنراو بە کۆمەڵی ئایدیای وابەسـتەیی کە تێیدا زەمینەی ئـازاد و ڕزگـاری

نووســــەر خـــۆی لە چوارچێوەیەکـــدا قەتـــیس کـــردووە کە کۆیلەبـوونی نووســەر و ڕۆشـنبیری کـوردی بەرهەم هێنـاوە و بەرهەم دەهێنێتەوە. ڕەفزکـردنەوەی ئەو قـۆرخ سـالارییەی نێـو بـزووتنەوەی ئەدەبـی نیـو لیبراڵـی کـوردی لەلایەن نووســەری ئـازادەوە هەنگـاوێکی سـەرەتاییە لەئاسـتانەی هزرێکـی چـالاک و کـــاریگەر کەلەتوانایـــدا بێـــت هەنگاوەکـــانی لە ئەرکە بـــێ ئەملاوئەولاییەکانی خۆی دەست نیشـان بکـات و ئەنجـامی بـدات. کۆمەڵە ئەرکێک کە تا ئەم ساڵانەی دوایش جێی بـایەخی جیددی نەبــوونە بــۆ نووســـەران. دەستڕاگەیشـــتن بە وردبـــوونەوە و ڕەخنەیەکـی قـووڵ لەو سـونەت و ڕێـڕەوە پەیڕەوکـراوانەی نـاو جیهـانی نووسـین گـرنگە، چـونکە تـا هـزری ئـازاد لە وەهمـی بـــۆرژوازی فەراهەم نەیەت، داهێنـــانی شۆڕشـــگێڕانە بەمانـــای گشتی وشەکە دروست نابێت.

ئەدەب لە پەیوەندییەکی بە تینە لەگەڵ فکر. ئەدەبی خـاڵی لە فکر بوونی نییە. ئەوەی پێی وایە ئەدەبی ڕادیکاڵ و کرێکاریی خـاڵییە لە فکـــر  و فیکـــریش تەنهـــا لە تێـــڕوانین و دنیـــابینی چەنـــد بیرمەندێکەوە ببینـێ، پێـی بزانـێ یان نـا، لە هەژارییەکـی فیکریـی قووڵ دەژێت. ئەوەشی ئەم عەقڵییەتەی بەخشیوەتە ئەم خوێنەرە عەجیبـانە هەر ئەو پەروەردەکەرانەن کە لە گروپـی ڕەهەنـدەوە هـاتنە دەرەوە و لە ئەنجامیشـدا سـوپایەک لە خـوێنەری ئیفلیجـی فیکریی پەیدا بوون و هاتنە مەیدان کە بەبەغا ئاسا هەر خەریکی وتنەوەی قسەی چەند بیرمەندێکن و لەلایەکی تریشـەوە دژایەتـی ڕادیکالیزمی کۆمەڵگە تووشی هستریایان دەکات.

(٨)

ئەدەبــی کرێکــاریی ئەدەبــی ڕاهێنــانی ئینســان نیــیە لەســەر شوکرانەبژێری و ملکەچکردن لە ئاست نا عەدالەتییەکانی ژیان، بەڵکو ئەدەبی بارهێنانی ئینسانە لەسەر بەگژاچوونەوەی ستەم و دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگە. ئەدەبی کرێکاریی، ئەدەبێک نییە مــرۆڤ تەســلیمی قەدەر بکــات، بەڵکــو بەپــێچەوانەوە قەدەر تەسلیمی ئینسانەکان دەکات. ئەدەبێکە هەوڵ دەدات ئینسان لە وەهمی ئایین و کۆت و بەندی کۆیلەتی دەرباز بکات و ئینسان وەک خــۆی ببینێت. واتــا ئینســان وەکــو ئینســانێکی داهێــنەر، خــولقێنەر، لەدەرەوەی پەت و زنجیر. بینینــی ئینســانی ئــازاد و بەهرەمەنــد لە توانــا، تەنهــا لە توانــای بێئەنــدازەی ئەدەبــی ئینسانیدایە. کۆیلە ناتوانێ داهێنەر بێت و ناشتوانێ تا ئاستی ئـــازادبوون بەرز بێـــتەوە، ئەگەر لەڕێـــگەی شۆڕشـــێکی کۆمەڵایەتییەوە سیستەمی کۆیلەدارییەکەی تەفروتونا نەکات. سیستەمی چینایەتی کەلەسەر چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینســان دامەزراوە و بنــاغەکەی لە غەدر و ســتەم و زۆر بنیــاد نــراوە، هەرگیــز ڕێ بە ئینســانە ژێردەســتەکان نــادات ئــازادانە ڕەفتار بکەن، بەڵکو لە چوارچێوەی کۆمەڵە یاسایەک بەندیان دەکــات و دەیــان کــاتە دیلــی بەرژەوەنــدییە چینایەتییەکانیــان. ئەدەبی کرێکاریی ڕێک دژ بەم دۆخە دەجەنگێ و هەوڵ دەدات ئەو هەلــومەرجە مەینەتبــارەی ژیــانی ژێردەســـتەکان لە دەقە ئەدەبییەکــان نیشــان بــدات و گوزارشــت بێت لە خەباتیــان بــۆ ئازادی. دەیەوێت وێنای ئازادی و ڕزگاری بکات، وێنای تەواوی ژیانی ئینسانەکان بکات بە هەموو جوانی و ناشرینییەکەوە.

## (٩)

زمـان لە  دەقـی ئەدەبـی کرێکـاریی بـایەخێکی تـایبەتی هەیە و نووسەرانی کرێکاریی دەبێ خاوەن زمانێکی ڕوون و ڕۆشن بن تـا بتـوانن مەبەسـتەکانیان بە جـوانی بگەیـنن بە خـوێنەر. دەقـی ئەدەبیی (بەتایبەتیش شیعر) گەمەی زمانەوانی نییە تا سـەر لە خوێنەری کرێکار بشیوێنرێ و نووسەریش باڵادەستی ئەدەبی و زمانەوانی خۆی لەڕێگەی گەمەیەکی ناشیرینەوە ئەنجام بدات. زمانی دەقی ئەدەبی کرێکاریی بێ گرێ و گۆڵ و سفت و سادە و بەهێزە لە گەیاندنی مەبەستی نووسـەر. ئەدەبی بۆرژوازی و ئەدەبـی کرێکـارییش چـونکە ڕوو بە خەڵـک و ڕوو بە نـوخبەن، زمانی بەکارهاتوو تیایدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ لە نیشـاندانی ئاسـتی بـاش و خراپـی دەق. ئەدەبـی کرێکـاریی گەرچـی زیـاتر ڕووی لە خەڵکی ستەمدیدەیە، بۆیە تـا دەکرێ دەبێ بەزمـانێکی سـادە بەڵام جـوان و بەرز بنووسـرێ. چـونکە زمـان سـەنگی مەحەکـی نووسـینە و گـرنگە زمـانی نووسـین لەئاسـتێکی بەرزدا بێ. ئەدەبی کرێکاریی، ئەدەبی فەرامۆش کردنـی ڕەگەزی زمـانی نییە لە دەق، بەڵکو شانبەشـانی نـاوەڕۆک و پەیـامی کۆمەڵایەتی دەق، دەبـێ بـایەخ بە زمـانی نووسـینیش بـدرێ و پەرەی پـێ بـدرێ. لەهەمـان کاتیشـدا مەسـەلەی زمـان پەیوەنـدی هەیە بە کێشەی ڕاستەوخۆییەوە (مباشر) لە دەقی شـیعریدا. ئەڵێم کێشـە چونکە کراوەتە کێشە و خاڵی لاوازی دەقی شیعریی. من پێموایە ڕاسـتەوخۆیی لە دەربڕینـی شـیعری کرێکـاریی کێشـە نیـیە و شاعیری کرێکاریی هەقی خۆیەتی دەست بۆ ئەو جۆرە ستایلە

له دواندنی خوێنەر ببات تا ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی دەقەکەی بگەێنێتە بە خوێنەر. چونکە جارێکی تر بە پێچەوانەی ئەدەبی بورژوازی، شیعر بەدەر لە پەیام و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی مانایەک نادات بەدەستەوە. بۆیە بیانووگەلی لە چەشنی شیعار و دروشم دان و بەکارهێنان و ڕاستەوخۆیی لە شیعر هۆکارێکە بۆ لە دایکبوونی شیعری مردوو. نەخێر شاعیرانی مردوو ئەو شاعیرانەن کە قسەیان پێ نییە بۆ خوێنەر. شاعیری بەکاربەری زمانی ڕاستەوخۆ لە شیعر نەک مردوو نییە، بەڵکو لە جێگایەک قەراری گرتووە کە مەکانەتێکی شۆڕشگێڕانەیە و ڕەخنەگرانی بۆرژوازی حەز ناکەن بەمجۆرە لە بێ پێچ و پەنایە باسی بکەن.

(١٠)

ئەدەبی کرێکاریی ئەدەبی جیهەتگیری کرێکارییە. واتە مەرج نییە نووسەری دەقێکی کرێکاریی خۆی کرێکار بێت. یان دەشێ کرێکارێک وەک نووسەری دەقێکی ئەدەبی، هەڵگری ئایدیۆلۆجی بورژوازی بێت. لەکاتێکدا دوور نییە نووسەری دەقێک کرێکار نەبێت بەڵام پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران بێت. بۆیە یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەدەبی کرێکاریی بەگشتی ئەوەیە کە تا چ ئاستێک پەیوەستە بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و تا چ ئەندازەیەک پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارە لەدژی سەرمایەداران.

ئەدەبی کرێکاریی، ئەدەبی بەرەنگاربوونەوە و ڕەتکردنەوەیە..ئەدەبی نیشاندانی ڕووە دزێو و جوانەکانە،

ئەدەبی هێرش و ستایشـە. ئەدەبی کرێکاریی لەگەڵ سـەرهەڵدان و پەیدابوونی چینی کرێکار و خەبات و تێکۆشانی ئەو چینە لە دژی چینــی ســەرمایەداری ســەرهەڵدەدا و گەشــە دەکـا. واتە شـیعری کرێکـاریی، شـیعری ژیـان و خەبـاتی چینـی کرێکـارە، چیرۆکی نەبەردە چینایەتییەکانی کرێکارە لە دژی بورژوازی و دامودەزگاکانی سەرمایەداری. مۆتیڤی شیعری کرێکاریی لەگەڵ ڕەوتی خەباتی چینایەتی کرێکاران بەرز و نزم دەبێتەوە. باری نـاهەمواری ژیـانی کرێکـاران، سـەعات کـاری زۆر، کرێـی کەم، نەبـوونی خزمەتگـوزارییە کـۆمەڵایەتی و تەندروسـتییەکان، نـا ئەمنــی شــوێنی کــار، نــاڕێکخرابوونی کرێکــاران، ئامرازەکــانی خەبات لە چەشنی مانگرتن و ناڕەزایی بە تاک تاک و بە کۆمەڵ، خۆپیشاندان، تا دەگاتە خەباتی چەکداری و شۆڕش، ئەمانە کۆی بەدەنەیەکـی گەورەتـرن لە ئیرادەیەکـی تـۆکمە بـۆ دەرخسـتنی ئایدێندتی ئەدەبی چینایەتی کرێکار. بەرهەمی ئەدەبی کرێکاریی لێرەوە پێناسـەی خۆی دەکـات و سـنووربەندی لەگەڵ ڕەوت و ڕێبـازە ئەدەبییەکـانی بـورژوازی دەکـات بەتـایبەتیش ئەو ئەدەبە ڕیڤیژینیسـتەی کە زۆر جـار بەنـاوی کرێکـارەوە خـۆی نمـایش دەکـات. شـیعری کرێکـاریی پـارێزەری بەرژەوەنـدی کرێکـارە هەوڵیش دەدات لەژێـر سـێبەری خەبـاتی کرێکـاریی لەسـەر ئەو ئایکۆنـانە کـار بکـات کە ڕۆڵیـان هەیە لەبردنەپێشـەوەی خەبـاتی چینـایەتی. چینی کرێکـار لە خەبـاتی ڕۆژانەی خۆیدا، سـەرباری پێداویسـتییە سیاسـییە - چینایەتییەکـانی لە چەشـنی ماتریـاڵ و ئەبزاری خەباتکارانەی وەکو حیـزب و ڕێکخـراو ..تـاد، پێویسـتی بە ئەدەب و هونەرێــک هەیە کە عەکــس کەرەوەی واقیعییەتــی خەبــاتی چینــایەتی بێــت. پێویســتی بەوە هەیە کە بەردەوام لە

جۆش و خرۆشدا بێت و هەمیشە ئیحساساتە چینایەتییەکان، داستانە نەبەردەکانی خۆی لە ڕابردوو و ئێستادا بناسێت و لێرەوە وەک پێویستی سەردەم دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکات.

خەسڵەتەکانی ئەدەبی کرێکاریی: بە بۆچوونی من ئەدەبی کرێکاریی بە چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە کە بەرچاوترینیان ئەمانەن:

یەک: ئەدەبی کرێکاریی، هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی ژیان و خەباتی چینایەتی چینی کرێکارە لە ململانێیی لەگەڵ سەرمایەداران و دام و دەزگا سەرکوتگەرەکانی. ئەدەبی کرێکاریی لە کێشمەکێش و پێکدادانە چینایەتییەکانەوە لە دایک دەبێت و ئاسۆیەک کە پێکدادانە چینایەتییە هەیەتی، دەبێتە ئاسۆ و ئامانجی شیعری کرێکاریی.

دوو: ئەدەبی کرێکاریی، جیهەتگیری تێکۆشانی چینی کرێکارە و پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی ئەو چینەیە. ئەدەبی کرێکاریی گۆرانی خەباتی ژنانی کرێکار و حەسرەتکێشە دژ بە سەختییەکانی خەبات ڕووە و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان،و ئاهی پیرەمێردێک و نرکەی منداڵێکی ئیشکەر و سکاڵای دڵی کچێکی ماندووی دەستی کۆنەپەرستی و شەکانەوەی ئاڵای بەرژەوەندی و ململانێی ڕەوتە جیاجیاکانی ناو کارگەکان و هەناسەی زیندانییەک و تاد. لە نیشاندانی هەموو ئەم دیمەنانە و ڕەنگ ڕێژکردنیان بە ئاسۆ و ئامانجی چینایەتی کرێکاریی ئەرکی ئەدەبی کرێکارییە.

سێ: ئەدەبی کرێکاریی، بە ئاسۆیەکی ئینسانییەوە دەڕوانێتە ژیان و تاک و کۆمەڵگە و ئینسانییەتی ئینسان وەک کرۆکی خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. ئەدەبی کرێکاریی لە بەرامبەر ئاسۆی کۆنەپەرستی مەیل و ڕەوتە چالاکەکانی لیبرالیزم و کۆنەخوازی و ئایینی و نەتەوەییدا دەوەستێتەوە و تێدەکۆشی کرێکار لە جەنگە چینایەتییەکەی خۆیدا بە ئاسۆیەکی ئینسانی و ئەنتەرناسیونالی چەکدار بکات.

چوار: ئەدەبی کرێکاریی، ئەگەرچی لەڕووی تەکنیک و هونەرەوە ڕەنگە بەپێی پێویست نەیتوانی بێت تەکنیکێکی نوێ و ئاخرین دەسکەوتە هونەرییەکانی بەشەر سوود لێ ببێنێت و بەدەستەوە بگرێ، بەڵام وەک یەک ڕەوتی ئەدەبیی خاوەن تەکنیک لە ئاستی جیهاندا بوونی خۆی سەلماندووە. چینی کرێکار بە درێژایی مێژووی پڕ لە خەبات و فیداکاری خۆی، خاوەنی جۆرێک لە فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری خۆی بووە. پێ بە پێی گەشە و بەرەوپێچوونی قۆناغەکانی خەباتی، ئەدەب و هونەرەکەشی گەشەی کردووە. بەڵام ئەگەر بەراوردی ئاستی تێکۆشانی چینایەتی کرێکار و ئەدەبەکەی بکەین، دەبینین بەردەوام لاوازی ئەدەبی هەبووە. واتە ئەدەبەکەی لە دواتر بووە.

پێنج: سەرجەم دەزگا ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی و کارە ئەنسۆلۆژی بۆرژوازییەکان کەم تا زۆر ئاوڕیان لەم ڕەوتە ئەدەبییە جیهانییە کرێکارییە نەداوەتەوە و بگرە ئاگایانە و هۆشیارانە پشت گوێیان خستووە و لە خەڵک و چینی کرێکاریان شاردۆتەوە، یان کەمترین زانیاریان خستۆتە بەردەست، جگە لە خەمخۆرانی دڵسۆزان و نووسەرانی ڕادیکاڵ و مارکسیستی کە بەردەوام

تێکۆشاون ئەم ڕەوتە لە مەیدان بمێنێ و بەوپەڕی زیندێتییەوە هەناسە بدات.

شەش: تەواوی ڕەوت و ڕێبازە فیکری و هونەری و سیاسییەکانی بورژوازی دەهۆڵی مەرگی کۆمۆنیزم و ئەدەبەکەی دەکوتن و ناوی ئەدەب و شیعری کرێکاریی وەکو ئەدەبێکی بێ ئەرزش دەهێنن و لە ئەدەبی کوردیش وەک ڕەوتێکی ئایدیۆلۆجی – مەزهەبی ناو دەبرێ و سەفسەتەبازەکانی ناو کایەی ڕۆشنبیریی کوردیش هەمیشە خۆیان لە ناوهێنانی ئەو ئەدەبە پاراستووە تا بە هیچ شێوەیەک زەینی خوێنەری کورد بەلای ئەو ئەدەبەدا نەچێت. بورژوازی جیهانیش بۆ تەحقیر و تەخدیرکردنی کرێکاران بە سەدان ملیۆن دۆلار سەرف دەکات و سەدان ئۆرگان و ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب بڵاو دەکاتەوە، ساڵانە سەدان فیستیڤاڵ و ئاهەنگ و ساز دەکات و بە دەیان هەزار نووسەر و شاعیر و ئەدیب و قەڵەم بەدەستی کڕیوە و دەکڕێت و کاریان پێدەکات، تا ڕووی دزێوی نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری جوان نیشان بدەن و خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش.

حەوت: بەڵام لەهەڵ هەموو ئەمانەشدا تا چینەکان و جیاوازی چینایەتی لەسەر ڕووی زەوی بمێنێ، ململانێی نێوان کرێکار و بۆرژوازی هەر دەمێنێ و ئەدەبی چینایەتی کرێکاریش هەر دەمێنێ.

(١١)

تیئۆری ڕەخنەی ئەدەبی کرێکاریی، تیئۆرییەکی بارگاوییە بە مارکسیزم. ئەم تیئۆرییە توانانی خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقە

ئەدەبییەکانی هەیە. خوێندنەوەیەکی کۆمەڵایەتی _ چینایەتی دەق و ئاراستەی فیکریی ناو دەق و جێ و ڕێی نووسەر ئەنجام دەدات و لەهەمان کاتیشدا دەق و نووسەر دەخاتە ژێر شرۆڤە و هەڵسەنگاندنەکانی. لەڕێی ڕەخنەی ئەدەبی کرێکاریی یان مارکسیستیەوە دەتوانرێ سەنگەری ئەدەبی کرێکاریی پتەو و بەهێز بکرێ و لەهەمان کاتیشدا ماهییەتی ئەدەبی بۆرژوازیی دەربخرێ و هەروەها نووسەرانی کۆنەپەرستی بۆرژوازیش بخرێتە بەر نەشتەرگەری ڕەخنەییەوە. ڕەخنەی ئەدەبی کرێکاریی یان مارکسیستی پایەیەکی گرنگی گەشە و بەرەوپێشچوونی ئەدەبی کرێکارییە. بانیژەیەکە دەتوانین لێوەی تەواوی ئەدەبی بۆرژوازیی ببینین و قسەی خۆمانی لەسەر بکەین. بایەخی چینایەتی ئەم ڕەخنەیە لەوەدایە کە بە ڕوئیا و جیهانبینییەکی ماتریالیستانەی مێژووییەوە دونیا و دیاردەکان و کۆمەڵگە و مرۆڤ شی دەکاتەوە و ئاوڕ لە کەلەپووری چینایەتی ئینسانەکان دەداتەوە و هەوڵیش دەدات ئاماژە بە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و ژیانی ئینسانەکان بدات. ئەرکێک کە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی پێی هەڵدەستێ، زۆر گەورەترە لە ڕۆڵی دەق و بەرهەمە ئەدەبییەکان. ئەگەر دەقی ئەدەبی کرێکاریی بتوانێ تیشک بخاتە سەر پنتکێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤ، ئەوا ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی تەواوی ناعەدالەتییەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی بورژوازی دەخاتە ژێر نەشتەرگەری وشە و لێکدانەوەکانەوە. ڕەخنەی ئەدەبی کرێکاریی هەمیشە لە دەرەوەی مەعمەعەی سیاسیی و سەفسەتەبازەکانی نێو دونیای ڕەخنەی ئەدەبی بۆرژوازییەوە لە هەوڵی ئەوەدا دەبێ بە قسەی ڕۆشن و بە فاکتی واقیعی

ئارگیومێنتی خۆی بخاتە بەردەم و وەڵامی خۆی بە ئاریشە و کێشە بنەڕەتییەکانی بەرەوپێشچوونی ئەدەبی شۆڕشگێرانە بداتەوە، بێئەوەی بکەوێتە ناو فەزای کۆنتامینەیتی بۆرژوازییەوە. فەزای کۆمنتامینەیتی وا کە دەیان ناو و ناولێنانی جیاجیا لە قەیرانەکانی خۆی دەنێن تا بە خەڵکی ستەمدیدە بڵێن ئەها ئەوە ئێمەش ڕێگاچارەمان هەیەو ئاسۆی کارکردنمان ڕوونە. خودی قەیرانی ئەدەبی بورژوازیی بەگشتی و ئەدەبی نیو لیبڕاڵی کوردی بەتایبەتی لە ئەنجامی نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوونی کارکردن و داهێنانەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەدەبی نیو لیبڕاڵی کوردی لەبەردەم بێ بەرهەمییەکی کوشندە دایە و هەر خەریکی خۆ جوینەوەیە. ئەدەبی کرێکاریی تێدەکۆشێ بۆ زیاتر نابوودکردنی ئەو ئاسۆ تاریکەی ئەدەبی بۆرژوازی و خستنەڕووی ئاسۆ و شۆڕشگێڕانەی کرێکاریی لە میانی دەق و نووسینەکانیدا.

(١٢)

بەو پێیەی کە ئەدەبی کرێکاریی پایەکەی لەسەر ئینسانییەتی ئینسان دامەزراوە، لێرەوە تەواوی ئازادییە تاکەکان و ئارەزوو و خولیا مرۆییەکان تا دەگاتە ئارەزووە هۆمۆسکێسواڵەکان و گۆڕینی جێندەر لەژێر چەتری ئەدەبی ئینسانیی خۆیان دەبیننەوە و لێرەشەوە ئەدەبی کرێکاریی وەکو ئەدەبی مودافیع لەو ئارەزوو و خولیا و ئاواتی تاکە کەسییانە دەردەکەوێ و بە ئەرکی خۆی دەزانێ بەرگریان لێ بکات و سەپۆرتیان بکات. مەسەلەی سێکس و عیشق و خۆشەویستی وەک چالاکی

ئینسانیی لە ئەدەبدا ناکەوێتە دەرەوەی بازنەی ئەدەبی ئینسانییەوە، لەمەش واوەتر ئەمڕۆ ئەدەبی بورژوازیی خۆی کردۆتە خاوەن و وارسی ئەدەبی ئیرۆتیکیی و ڕۆمانسیی و سێکسیی، لەبەر ئەوەی سێکس چالاکییەکی بایۆلۆژییە و سەرباری چێژ و خۆشی، هۆکارێکیشە بۆ وەچە خستنەوە و درێژەدان بە ژیان کە لە بنچینەدا جێگای لەنێو بازنەی ئەدەبی کرێکارییدایە و هیچ پەیوەندییەکی بە ئەدەبی بورژوازییەوە نییە ئەوە نەبێت کە بورژوازی ویستویەتی و دەیەوێت سێکس بکاتە کالا وەک سەرچاوەیەک بۆ بەدەستهێنانی سەرمایە.

ئەدەبی کرێکاریی ڕاشکاوانە بەرگری لە دەقە ئیرۆتیک و سێکسییەکان دەکات و هەروەها سەپۆرت و گوزارشت لە حەز و خولیای ئینسانی هۆمۆسکێشوالەکان و گۆرینی جێندەر دەکات. ئەدەبی کرێکاریی لە پەیوەندییەکی توند و تۆڵ دایە لەگەڵ ئەدەبی فیمینیستیی. چونکە ئەم ئەدەبە وەک ئەدەبی بزووتنەوەیەکی ئینسانیی کە خوازیاری یەکسانی ژنان و پیاوانە و لەهەمان کاتیشدا پێداگری لەسەر مافە بنەڕەتییە ئینسانییەکانی ژنان دەکات لە مەیدان و کایە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگە.

(١٣)

لە دونیای ئەدەبیاتدا شتێک نییە بە ناوی ئەدەبی ژنان و ئەدەبی پیاوان و ئەدەبی لاوان و ئەدەبی ڕەشپێستەکان و ئەدەبی ناو و ناتۆرەی جیاواز. ئەم ناولێنانانە، ناولێنانی بورژوازین تا ژنان و

پیاوان لە بواری داهێنانی خەیاڵیی و ئەدەبییدا لێک جیا بکەنەوە و نەهێڵن لە بەرەیەکدا بەرەی ئینسانی شۆڕشگێڕ پێکەوە دەست لەناو دەست یەکگرتوانە خەبات بکەن و داهێنان پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکەن. لە گۆشەنیگای ئەدەبی کرێکارییەوە ئەم پۆلینکردنانە بەتەواوەتی ڕەت دەکرێتەوە. وەک چۆن نوخبە لە ئەدەبی کرێکارییدا بوونی نییە و جێگای ڕەخنەی جیدییە و لەئەدەبی بورژوازی پیرۆز دەکرێ، ئاواش هەر دابەشکارییەک لەسەر بنچینەی جێندەر، سێکس، تەمەن، ڕەنگی پێست، سنووری جوگرافیا و نەتەوە لە ئەدەب جێگای ڕەت کردنەوەیە. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە ئەدەبی منداڵان بکەم. ئەم ئەدەبە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە چونکە لە پەیوەندییەکی بەهێزدایە لەگەڵ پەروەردەی کۆمۆنیستیی. گرنگە منداڵان پشتگیریی بەهرە و توانایییەکان بکرێت و کار بکرێت ئەو بەهرە و توانایە بچێتە ئاستێکی شیاو و گونجاو. گرنگە نەهێڵێن منداڵان بە خورافەی ئایینی و بە ترس و تێکشکاندنی کەسایەتی ئەو ناتەندروستانە لەناو کۆمەڵگە بدرێنە دەست چارەنووسێکی تاریک. ئەدەبی کرێکاریی دەبێ بایەخی جیددی بە ئەدەب و پەروەردەی ئینسانیی منداڵان بدات. گرنگە زامنی داهاتووی گەش و ڕووناک لەسەر دەستی نەوەی نوێی هەڵگری پەروەردەی کۆمۆنیستی بێتە دی. ئەدەبی منداڵان دەتوانێ زەین و هۆشی منداڵ لەسەر بەها و ماتریاڵە گرنگەکانی ژیان ڕابێنێ و گەشە پێبدات. ئەدەبی کرێکاریی دەبێ بە ئەرکی خۆی بزانێ برەو بە ئەدەبی منداڵان بدات و ئەو ئەدەبە بارگاوی بکات بە بەها ئینسانییەکان.

(١٤)

بە بۆچوونی من شیعر بە هیچ شێوەیەک ئیلهام نییە، بەڵکو کاریگەری واقیعە لەسەر هەست و نەستی ئینسانەکان. ئینسانەکانیش وەکو دژەکردارێک لە بەرانبەر ئەو کاریگەرییە، دێن گوزارشت لەو واقیعە دەکەن و بە ئاستی جیاجیا پەیوەندی خۆیان و واقیع نیشان دەدەن، کە تا چ ئەندازەیەک ئەو واقیعەیان قەبوڵە یان ڕەتی دەکەنەوە. پێویستی بەکاربردنی دەستەواژەی ئیلهامیش لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە شاعیران هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن خۆ لە خەڵک داببڕن و جیا بکەنەوە. بە وتەیەکی دی ئیلهامبوونی شیعر بڕەودانە بە نوخبەوییەت، ئەمەش ڕەگی چینایەتی خۆی هەیە و ئاو لە ئایدیۆلۆژی بورژوازیی دەخواتەوە. بۆیە ئیلهامی شیعریی هیچ پەیوەندییەکی بە شیعری ڕادیکاڵ و کرێکارییەوە نییە و ئەم دەستەواژەیە لە فەرهەنگی ڕادیکاڵی کرێکاریدا هیچ جێگایەکی نییە و خۆ ئەگەر نا هۆشیارانەش بەکاربهێنرێت ئەوا جگە لە تەقلیدێکی بورژوازییانە هیچی تر نییە.

(١٥)

مێژووی ئەدەبی کرێکاریی مێژوویەکی دیاریکراو نییە تا بزانرێ لە چ سات و ساڵی دەستی پێکردووە و کەی کۆتایی دێ. لەگەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی بۆرژوازی لە کۆمەڵگەی چینایەتی سەرمایەداری، کە کۆیلەتی بەرهەم هێنا، خەباتیش بۆ ڕزگاربوون لەو کۆیلەتییە دەستی پێکردووە. ئینسانەکانیش بە هونەر و ئەدەب گوزارشتیان لەو خەون و ئاواتەی خۆیان

کردووە. هەر هەوڵدانێک، نووسینێک، دەقێک لەم گۆشەنیگایەوە نووسرابێت، دەچێتە سەر خەرمانی کلتووری ئەدەبی کرێکاریی. ئاستی گەشەی ئەدەبی کرێکارییش پێ بەپێی چوونەسەر و هاتنەخواری کێرڤی خەباتی چینایەتی بەرز و نزم دەبێتەوە، بەڵام هەرگیز گڕی ئەو ئەدەبە خامۆش نەبووە و نابێت و ژیلەمۆکەی ناکوژێتەوە. تا کۆمەڵگەی چینایەتی هەبێت، ئەو ئەدەبەش هەر دەبێت و بەپێچەوانەی سەرجەم ئیدیعا و پروپاگەندەکانی ئەدەبی چین و توێژەکانی تر، هەرگیز دووچاری توانەوە و فەنا نابێتەوە. بەکورتی ئەدەبی کرێکاریی لەگەڵ خەبات و ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سیستەم و یاسا و نۆرمەکانی ژیان و کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە دایک بووە و تا مرۆڤ و ململانێ و خەبات لە دژی سەرمایەداری مابێ، ئەو ئەدەبەش هەر دەمێنێ.

## (١٦)

ئەدەبی نیو لیبڕاڵی کوردی کە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیدا باڵا دەستە و ڕەهەندییەکان سێبەریان بەسەرەوە هەیە. لە سێ دەیەی ڕابردوو تا ئەم ساتەش شانبەشانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ڕۆڵێکی ئێجگار نێگەتیڤیان گێڕاوە و دەگێڕن لەپێناو تێکشکاندنی ئیرادەی شۆڕشگێرانەی خوێنەر و خەڵکی کوردستان لەلایەک و هەوڵدانە بۆ بێ ڕوئیاکردنی خوێنەر سەبارەت بە سەرچاوەی دەرد و مەینەتییەکانی ژیانیان لەلایەکی تر. ئەم مۆدێلە لە ئەدەب و کاریزما ئەدەبییەکان شتێ نین نامۆ بە مێژوو، بەڵکو لە زۆرێک لە برگە مێژووییەکانی

میللەت و وڵاتانی جۆراوجۆر ئەو مێژووە کالْتر یان تۆختە بینراوە و دەبینرێ. کرۆکی ئەم ئەدەبە کرۆکێکی دوور لە ئینسان و کۆنەپەرستانەیە. ڕایەڵە و پەیوەندییەکی توند لە نێوان ئەم ئەدەبە و بۆرژوازیدا هەیە. بۆرژوا –ناسیونال لیبڕالی کوردی وەک چۆن پێویستی بە ئامراز و پێداویستییەکانی مانەوەی هەیە، بەوجۆرەش پێویستی بە ئەدەبی نیو لیبڕالی کوردی هەیە و پشتیوانی لێ دەکات. ئەم ڤێرژنە لە ئەدەبی بۆرژوازیی لە سێ دەیەی ڕابردوو بە وردی ئیشی لەسەر تاکی کورد کردووە.

ئەدەبی نیو لیبڕالی کوردی بەو ئەدەبە دەوترێت کە ئەمڕۆ پانتاییەکی فراوانی لە بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی داگیر کردووە و بەشێک لە ناودارترین نووسەرانێک خەریکن برەوی پێدەدەن. ئەدەبی تا ڕادەیەک باوی ئەمڕۆی کوردیە کە میدیای کوردی سەپۆرتی دەکات و لە پشتییەوە وەستاوە. ئەو ئەدەبەیە کە سەرەتا گروپی ڕەهەند لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ئەنجامی ڕەخنەیەکی گشتی و هەمەلایەنەوە ئیشی لەسەر کرد و وەک مۆدیلێک لەناو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی خۆی چەسپاند. پایەی هەستانی کارەکانی ئەم مۆدێلە ئەدەبییە لە میتۆدی بونیادگەرییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم ڕەوتە ئەدەبییە هەوڵیدا لە ئەدەبی باوی کوردی دەیەی حەفتاکان و هەشتاکان جیاوازتر بێ و پێ بە پێ لەگەڵ فراوانبوونەوە و سەقامگیری زیاتری ئەم ئەدەبە تا ئیتر لە دەیەی نەوەدەکان و سەرەتای هەزارەی سێهەم دەبێتە کاریگەرترین ڕەوتی ئەدەبیی کە کۆی پێکهاتەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی خستە ژێر هەژموونی خۆیەوە. لەم سیاقە

مێژووییەوە ئەدەبی نیو لیبرالی کوردی توانی لەسەر پێی خۆی بوەستێ و نەک هەر ئەمەش بەلکو توانی زنجیرەیەک ئالوگۆڕ لە پێکهاتەی ئەدەبی کوردیدا بکات و لەهەمان کاتیشدا کۆمەلێ بنەما و پرەنسیپ، وەک کلتوور، بەلام کلتوورێکی ناشیرین جێ بخەن. یەکێک لەو بنەمایانە خولقاندنی کاریزما و برەودان بوو بە ئیشکردن لەسەر کاریزمای کەسێتی، ئەمەش جوان لە لێکدانەوە و نووسین و وتار و تەنانەت قسەکردنی پەیڕەوکەرانی ئەو ڕەوتە هەست پێدەکرێت. شایانی وتنە فەلسەفەی هاتنەمەیدان و سەرهەلدانی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە ڕزگارکردنی ئەدەبی سەردەستە و باوی کوردی بوو لە مەرگ. ئەم فریادڕەسە لە ڕۆژگارێکدا سەریهەلدا کە ئەدەبی کرێکاریی و شۆڕشگێڕانە لە ئارادا بوو و کە نەک هەر لەسەر ئاستی کوردستان، بەلکو لەسەر ئاستی جیهانیش وەکو ئێستا پاشەکشەی نەکردبوو. ئەم ڕەوتە ئەدەبییە سەرباری ئەم بنەمایانەی باسمان کرد، بە چەند خەسلەتێک دەناسرێتەوە،منیش هەول دەدم لە چەند خالێکدا بیانخەمە ڕوو.

## خەسلەتەکانی ئەدەبی نیو لیبرالی کوردی

یەک: ئەم ئەدەبە گوایە بنەمای کارەکانی خەیال و گومانە و وەدەرنانی یەقینە لە جیهانی دەقی ئەدەبیدا، لێرەدا دەکەوێتە بەرامبەرکێ لەگەل هاوکێشەی ئەدەب و سیاسەت. گومانی تێدا نییە کە پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت، پەیوەندییەکی مێژوویی قوولە. ڕەتکردنەوەی بە سیاسەتکردنی ئەدەب لە ژێر هەر بڕوبیانوویەک بێت لە بنچینەدا ڕەتکردنەوەی بە

سیاسـەتکردنی ئەدەب نییە، بەڵکـو ڕەتکـردنەوەی بە چینـایەتی کردنی ئەدەبە یان ڕوونتـر بڵێم ڕەتکردنەوەی بە کرێکاریکردنی ئەدەبە. ئەم ڕەوتە ئەگەر چـی ڕووکەشـانە ڕەخـنە لەم بۆچـوونە دەگرێ و هاوکێشەی ئەدەب و سیاسـەت ڕەت دەکاتەوە، کەچـی لە بەرامـــبەر ئەدەبـــی شۆڕشـــگێڕانەی کرێکـــار یـــان بە چینـایەتیکردنی ئەدەب، فشـاری ڕقەبەرایەتـی و سـەنگەرگرتنی لە خەڵکـی هەژار بەرز و بەرزتـر دەبێـتەوە. ئەم دەموچـاوە بە هەر جۆرێـک مکیـاج بکـات نـاتوانی جەوهەری دژە شـۆڕش و دژە شۆڕشگێڕانەی خۆی بشارێتەوە.

دوو: پەیوەنـدی نێـوان ئەدەب و واقیـع لای ڕەوتـی ئەدەبـی نیـو لیبڕاڵی کوردی لەسەر بنچینەی وێناکردنی واقیع و ڕەنگدانەوەی ئەو واقـیعە دانەمەزراوە، بەڵکـو داهێنـانی ئەدەبـی پـارچەیەکە لە خەیـاڵ و لای ئەوان نە پەیوەنـدی بە واقـیعەوە هەیە و نە واقیـع عەکس دەکاتەوە، بەڵکو بە هونەر و زمان واقیعێکی تر لە خەیـاڵ دروســـت دەکـــات و خـــوێنەریش دەکێشـــێتە نێـــو ئەو واقـــیعە تازەیەوە.

بەم پێیە باسکردن لە تیرۆری ڕۆژنامەنووسێک، ئاهی نـاو دڵ و دەروونی دایکێکی جگەر سووتاو، ئازاری باوکێک لەبەر هەژاری و دەستەنگی کە دوو ڕۆژە نانی نەداوەتە منداڵەکانی، دەست یان پەنجە پەڕینی کرێکارێک لە کاتی کارکردندا بە هـۆی ئامێرەکانی کـارکردنەوە لە کـاتی چـاپکردنی کتێبێـک یـان ڕۆژنـامەیەک، خۆکوژی گەنجێک لە ئەنجامی بێکاری، خۆ سوتاندنی ژنێک کە بە هـۆی کێشـــەی کـــۆمەڵایەتی یـــان بەهـــۆی دواکەوتـــوویی خێـزانەکەیەوە کە بە زۆر دراوەتە شوو،کوشــتنی ژنێـک لەژێـر

پەردەی ناموس پەرستیدا..تاد، هەموو ئەمانە ئەدەبی نیو لیبرالی کوردی خۆی لێیان لادەدا و پشتیان تێدەکا و ئاوڕیان لێ ناداتەوە. خۆ ئەگەر لاشی لێبکەنەوە ئەوا بە ئاسۆ و جیهانبینییەکی بۆرژوازییانەوە ئیشی لەسەر دەکەن. ئەم نووسەرانە خۆشیان بە بەرەی خەڵک دەزانن و ئەمە جگە لەوەی خۆیان بە داهێنەر و پێشڕەو دادەنێن و چاوەڕوانی ئەوەشیان لە خوێنەر هەیە وەک پێغەمبەرێکی ئیلهامبەخش ناویان بێنن. ئەم ڕەوتە ئەدەبییە هەرچییەک بکات و هەر دەقێک لە بەرگێکی هونەری قەشەنگیش نمایش بکات، ئەو دەقە ناچێتە چوارچێوەی خزمەتکردن بە ئینسان و مەسەلە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. بۆیە ئەو ئەدەبە بۆ خەڵک و ژیانی پڕ لە کۆیلەتی خەڵک سەلکە تورێکی قوڕاوی ناهێنێ.

سێ: ئەم ڕەوتە وەک خۆشیان ئیدیعا دەکەن ئەدەبی نوخبە پەرە پێدەدەن. ئەدەبی فراوانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش جێگایەکی نییە لە دیدگای چینایەتی ئەواندا. هەر بۆیە ئەدەبی ئەم ڕەوتە ئەدەبی تاک و ئیندیڤیجواڵە و خەمی کۆمەڵگەیان نییە و دەقەکانیان چەند لا لەم تاکە گۆشەگیرە بکاتەوە هێشتا پێیان کەمە.

چوار: کوشتنی کۆ و دەنگی کۆ و ڕەخنەبارانکردنی هەر دەقێک کە ڕووی لە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بێت. گەڕانەوە بۆ تاک وەک مەرجەعیەتی خوڵقاوی ئەدەبی و پشتکردن لەو کلتوورەی کە بە ئەدەبی شۆڕشگێرانە ناو دەبرێ.

پێنج: ئینکارکردنی ململانێی چینایەتی و دژایەتیکردنی کارەکتەری چینی کرێکار وەک هێزی ئاڵوگۆڕبەخشی ژیان و

کـۆمەڵگە و لەبەرامـبەردا نیشـاندانی ئەزەلـیەت و ئەبەدییەتـی نیزامی ستەمگەری بورژوازی.

شـەش: مـاهییەتی ڕەوتـی نیـو لیبڕاڵـی ئەدەبـی کـوردی کۆنەپەرسـتانەیە. ئەم ڕەوتە کێشـەی لەگەڵ نـاوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی ڕەوتە ئایینییەکـان و خـورافە و کلتـوری دژی ئینسانیدا نییە. نووسەرانی وەک ڕێبین هەردی و مەریوان وریا قانع لە چەندین بۆنەدا ستایشی ئیسلامی سیاسی و باڵی ڕاستی بـزووتنەوەی کوردایەتیـان کـردووە و دەیـکەن. ئەم ڕەوتە و پەیڕەوکەرانی خۆیان بە لایەنگری مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت و ئـازادی ڕووکەشـانە دەزانـن و هەمـوو ئەمـانە دەکەن تەنهـا لەبەر خـاتری داپۆشـین و شـاردنەوەی ڕوخسـاری دزێـوی خۆیـان. دژایەتیکردنـی ڕادیکـاڵیزم و ئـاڵوگۆڕی شۆڕشـگێرانە و قـودرەتی خەباتکـارانەی چینـی کرێکـار جـگە لە کۆنەپەرسـتیی هیچیتر نییە.

حەوت: ئەم ڕەوتە ئەدەبیـیە ئەوەنـدەی ئیشـی لەسـەر کوشـتنی ڕوحی بەرەنگاری و شۆڕشـگێڕانەی خەڵک کردووە، نێو هێندە ئیشی لەسەر فراوانترکردنەوەی ئاسۆی بیرکردنەوەی خوێنەر و خەڵـک نەکـردووە. خـوێنەر هەمیشـە لە دوای خوێنـدنەوەی هەر کتێبێک کە بۆ ئینسـان و جوانی ئینسـانییەت نووسـرابێ، شـتێک فێـر بـووە. بەڵام دوای خوێنـدنەوەی کتێبەکـانی نووسـەرانی ئەم ڕەوتە (کە بە قسـەی خۆیـان پـڕە لە مەعـریفە) خـوێنەری وشـیار جگە لە سەرەگێژە و سەفسەتەبازی هیچی هەڵناکڕێنێ.

هەشـت: دواجـار ئەم ئەدەبە، ئەدەبـی پـارێزەر و پشـتیوانی دەسەڵات و حاکمە مافیاکانی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانن.

نووســەرانی ئەم ڕەوتە ئەدەبیـیە بەرگریکـاری بێـئەملاوئەولای بەرژەوەندییە مادییەکانی دەسـەڵاتی کۆنەپەرستی کوردین. ئەو دەسەڵاتەی کە بەهەمـوو جۆرێک سـەپۆرتی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە دەکات.

*تێبینـی: ئەم بـابەتە لە گۆڤـاری دیـدگای سۆشیالیسـتی ژمـارە ٨ ساڵی ٢٠١٨ بڵاو بۆتەوە.*

## چەند وشەیەک دەربارەی نووسەرانی کۆنەپەرست

### نووسەرانی کۆنەپەرست کێن؟

نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٦
تا نیوەی یەکەمی ٢٠١٧

ئەم کورتە نووسینە تیشک دەخاتە سەر نووسەرانی کۆنەپەرست و جەوهەر و تایبەتمەندییەکانی ئەو نووسەرانەی کە نەک هەر ناتوانن ببنە چرای ڕۆشنکەرەوەی دونیای نووەتەکی کۆمەڵگە، بەڵکو خۆشیان کار لە پێناو خامۆشکردنەوەی جوانییەکانی ژیان و کۆمەڵگە دەکەن. هەوڵ دەدات زۆر بە کورتی و بە ڕوونی جەوهەر و تایبەتمەندی ئەو توێژە کۆنسەرڤەیتیڤە بناسێنێت و پۆرترەیتەکەی بنەخشێنێ.

سەرەتا دەمەوێ بڵێم کە نووسین وەک کردارێکی فیکریی بریتییە لە گواستنەوەی بیروبۆچوون و باوەڕی نووسەر لە پانتایی بیرکردنەوەی کەسێکەوە (نووسەرەکە) بۆ بەرچاوی کەسێک یان گروپێک یان کۆمەڵگە. نووسەر هەمیشە گوزارشت لە خۆی دەکات. واتە دەقی نووسین ڕەنگدانەوەی باوەڕی نووسەرەکەیە. دەمەوێ ئاماژەش بەوە بکەم کە مەبەستی ئەم کورتە نووسینە نووسەرانی بواری لقەکانی زانست و تەکنەلۆژیا ناگرێتەوە، بەڵکو ڕووی لە بوارەکانی سیاسەت و ئەدەب و هونەرە.

من وای دەبینم نووسەرانی کۆنەپەرست ئەوانەن کە بەرژەوەندییان لە مانەوەی دۆخ و هەلومەرجی چەقبەستووی

ئێستایە. ئەوان دژی هەر ئاڵوگۆڕێکن کە ئاستی ژیانکردن بەرێتە سەر و کۆمەڵگەش هەنگاوێک بباتە پێشەوە. ئەوان دەیانەوێت پەیوەندییە ئابوورییە زاڵمەکان کە لەسەر کاری کرێگرتە وەستاوە، وەکو خۆی بمێنێتەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندییە نائینسانییە(کە تەنها شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار دەتوانێ ئەنجامی بدات) دژایەتی دەکەن. بۆیە دەبینین نووسەرانی کۆنەپەرست نەک هەر شۆڕشگێڕ نین، بەڵکو لە ناخ و نووسین و بیرکردنەوەیاندا دژە شۆڕش و تا سەرئێسک کۆنسەرڤەیتڤن.

نووسەرانی کۆنەپەرست ئەوانەن کە بە عەقڵی ساویلکەیان، گاڵتەیان بە چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی دێت. ئەوانەن بە پێکەنینەوە باس لە کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم دەکەن. ئەوانەن لەگەڵ بەزاردا هاتنی وشەی مارکسیزم ژانەسەر دەیان گرێ. سەری زار و بنی زاریان چ بە قسە و چ بە نووسین دژایەتیکردنی مارکسیزم و پایەکانی ئەو جیهانبینییە چینایەتییە.

نووسەرانی کۆنەپەرست ئەوانەن کە دڵی ستەمکار ناشکێنن. ئەوانەن کە بە نووسینە بێتام و قێزەوەنەکانیان کۆتی کۆیلەتی خۆیان و خەڵکی ستەمدیدە توونتر دەکەنەوە. ئەوانەن کە باکیان بە ژیانی ئینسان نییە و باسکردنیشیان لە ئازادی، باسکردنە لە ئازادی بۆرژوازیی بۆ توونتدتۆلکردنەوەی زنجیری دەست و پێی کرێکاران. ئەوان ئازادی لە ئازادی بۆرژوازیدا دەبیننەوە. ئەوان هێندە ئازادییان دەوێت کە نەبێتە مایەی ڕەنجاندنی دڵی ستەمکاران. ئەگینا لەدەرەوەی ئەو تێگەیشینەیان بۆ ئازادی ئەوان جگە لە کارەکتەرێکی بێڕەونەقی بەردڕکانە

پێبڕاو هیچی تر نین. ئازادی بەلای ئەوانەوە لاوانەوە و دەست لەپشتدانی ستەمکارانە لە توندوتۆڵکردنەوەی زنجیری دەست و پێــی ئینســانە کۆیلەکــانی کــۆمەڵگە. هەر بــۆیەش لەگەڵ هەر هاتنەمەیدانێکی خەڵک، ئەوان نەک باس لە ئازادی ناکەن، بەڵکو دێن باسی هۆنینەوەی ملوانکەی ملی حەبیبەکەیان و وەسفی دڵۆپە ئاوێکی سەرگەردان دەکەن.

نووســەرانی کۆنەپەرســت ئەوانەن کە ئینســان شــوێنی لێــوە هەستانی نووسینەکانیان نییە. خۆ ئەگەر باسی ئینسان و بەهای ئینسانیش بکەن ئەوا لەو گۆشەنیگایەوە ئاماژەی پێدەدەن کە پەرە بە وەهم و ژێردەستەیی ئینسانەکان دەدەن، نەک ڕزگاری ئینسان لە ستەم و چەوسانەوە. لای نووسەرانی کۆنەپەرست بەهای نووسینەکانیان بە بەهای پارە پێوانە دەکرێ. نووسەرانی کۆنەپەرســت بــێ هەڵوێســتترین نووســەرانێکن لەســەر کێشــە مرۆییەکان. ئەمانە تەنها ئەوکاتە دێنە دەنگ کە پارەکانیان یان مەعاشــــەکانیان ببــــڕدرێ. بەدەر لەمە هــــیچ ڕوحییەتێکــــی بەرگریکارانەیان نییە و نووسینەکانیشیان هەرگیز خوێنەر بە ڕوحیەتی بەرگریکارانە و شۆڕشگێرانە پەروەردە ناکات. بەڵکو ئــیش لەســــەر میتــۆدی دەســــتەمۆکردنی مــرۆڤ دەکەن بــۆ سیســــتەمی زاڵمــــانەی ســــەرمایەداری. لای ئەوان کــۆیلەتی و ژێردەستەیی ئینسانەکان بۆ سیستەمی زاڵمانەی سەرمایەداری ئەبەدیــــی و ئەزەلیــــیە و خۆشــــیان کارێکیــــان بەســــەر ئەو سیســــتەمەوە نیــیە. ئەوان کۆیلەبــوونی خۆیانیــان قەبــووڵە و تێشدەکۆشن ئەو کۆیلەبوونە جوان و ڕەنگاوڕەنگ نیشان بدەن و بێدەربەستییەکەشــــیان لەوەدایە دژ بە ڕزگــــاری خۆیــــان دەجەنگــن. نووســەرانی کۆنەپەرســت، نووســەرانێکی بێــدەنگن.

کێشەی ئەوان کێشەی کۆمەڵگە نییە. خەم و خولیایان بریتییە لە دەستگرتن بە کڵاوەکانیانەوە. ئەم نووسەرانە بەهیچ جۆرێک لایەنگری لە هیچ ئاکسیۆن و مانگرتن و خۆپیشاندانێکی خەباتکارانەی جەماوەری ستەمدیدە و زەحمەتکێش ناکەن. ئەمانە ڕیفاهییەتی خۆیان لەبەهێزیی دەسەڵاتدا دەبینن، بۆیە هەر چالاکییەک دژ بە دەسەڵات، بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەبینن و دژایەتی دەکەن.

کێشە گەورەکانی کۆمەڵگە، کێشەی نووسەرانی کۆنەپەرست نییە. ئەوان لەژێر ناوی جۆراوجۆر خۆیان لەو ئەرکە ئینسانییە دەدزنەوە. جارێک بە بیانووی ئەوەی دونیای نووسین و خەیاڵ نابێت تێکەڵ بە سیاسەت و حیزب بکرێ، جارێکی تر بە بیانووی نوخبەویەت و پێشرەویی و ناوی سەیر سەیرەوە کە بۆ خۆیان داتاشیوە، بەربەست بۆ خۆیان دروست دەکەن و هەوڵ دەدەن وا لە جەماوەر تێبگەیێنن کە ئەوان ئەرکی داهێنانیان لەسەر شانە و نابێ خۆیان بەم کارانەوە سەرقاڵ بکەن، یاخود بە بیانووی ئەوەی کاری سیاسی خاڵییە لە ئیستاتیکا و خەیاڵ، بۆیە ئەوان وا لە خەڵک دەگەیێنن کە لەو پانتاییە ناتوانن هەنگاو بنێن بۆ پێشەوە. ئەم نووسەرە کۆنسەرڤەیتیڤانە دێن دیوارێکی ئەستوور لەنێوان سیاسەت و خەڵک لەلایەک و پەردەیەکی تەنکیش لەنێوان خۆیان و سیاسەت لەلایەکی تر دروست دەکەن هەر بۆ ئەوەی خۆیان لەو ئەرکانە بدزنەوە کە کۆمەڵگە و ئینسانەکان و دۆخی پێشهاتوو دەیانخاتە دۆخی خەجاڵەتبارییەوە، کە لەڕاستیدا ئەوەی ئەنجامی دەدەن جگە لە خزمەتکردنی سیاسەتی بورژوازی هیچی تر نییە.

کۆنەپەرستبوونی نووسەران پەیوەندی بەوەوە نییە کە تا چ ئاستێک شارەزان لە بوارە جیاجیاکانی زمان و تەکنیک و مەعریفە بە گشتی یان هەر شارەزا نین. چونکە دەکرێ نووسەرێک خاڵی لە فکر و ئەندێشەی کۆنەپەرستی بێت و لەهەمان کاتیشدا نووسەریکی قاڵبووەوەی نێو جیهانی مەعریفە و فەلسەفە و زمان و زانستە مرۆییەکان بێت، یانیش دەشێ کۆنەپەرست بێت. پێوەری کۆنەپەرست بوون تەنها و تەنها بە دنیابینی و ناسینی هێزەکانی نێو ململانێی چینایەتی کۆمەڵگەیە دەپێورێ و لەم ڕێگەیەشەوە پشتیوانی لەهێزی پێشکەوتووخواز و شۆڕشگێڕ دەبێتە ئایدێندیتی نووسینەکانی و بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە دەتوانێ خۆی بە پێشکەوتووخواز بزانێت.

ئەو نووسەرانەی لە سەنگەری ڕادیکاڵییەتەوە بە نووسین تێدەکۆشن و بەرهەمەکانیان ڕەنگدانەوەی خەباتی چینایەتی و هەوڵدانە لەپێناو ڕزگاری یەکجاری و گەیشتن بە دونیای ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ، ئەو نووسەرانەن کە دڵیان لەگەڵ ژانی ئینسانەکان و ستەمی سەر ژیانی ئینسانەکان بەتووندی لێدەدا. ئەوانەن کە ساتێک چییە ناتوانن سەرفرازی مرۆڤ لەبیر و هۆشیان کاڵ بکەنەوە. ئەوانەن نەک دەست بەکڵاوەوە ناگرن، بەڵکو چەشنی فریدریک گارسیا لۆرکا و نیکۆلای فابتزارۆڤ و ئامادەن گیانی خۆشیان لەپێناو ئازادی ئینسان بەخت بکەن. نووسەری ڕادیکاڵ و شۆڕشگێر ترس ناناسێ و پێچەوانەی نووسەرانی کۆنەپەرست کە هەموو ژیانیان ترسە لە شۆڕش لەپێناو گۆڕینی ژیان.

نووســـەرانی کۆنەپەرســـت دێـــن ئـــیش لەســـەر ئایکۆنەکـــانی کۆنەپەرســـــتی و جەهـــــالەت دەکەن، ئەوان زۆر جـــــوان لە ئایدیۆلۆژی چینی باڵا دەست حاڵین و دێن لەم سۆنگەیەوە ئیش لەسـەر بـرەودان بەو ئایـدیۆلۆژیایە دەکەن، ئەوان چـاک دەزانـن بنەماکـــانی ئایـــدیۆلۆژی سیســـتەمی زاڵ، بـــۆرژوازییە و دێـــن ڕوکنەکانی ئەو سیستەمە پیرۆز دەکەن. ئەوان دێن لە ژێر نـاوی ئـازادی و ئـازادی تـاک، بەرگـری لە مۆلکـایەتی تـایبەتی دەکەن، لەپێناو بەرژەوەندی گشتی (ئەم بەرژەوەندییە هـیچ نییە جگە لە بەرژەوەنـدی سـەرمایەداران)، بەرگـری لە پۆخڵەواتترین کلتـوور و ئادابی دواکەوتووانە دەکەن، دێن لەپێنـاو پاراسـتنی پیـرۆزی، بەرگری لە ئایین و خورافەی ئایین دەکەن و دەستی بازرگانـانی ئـــایین دەگـــرن و دەگووشـــن. دێـــن بەنـــاوی شۆڕشـــگێڕێتییەوە، بەرگـری لە ئیـدەی خـاک و نیشـتمانی بـۆرژوازی دەکەن. ئەوان ئـیش لەســەر پیـرۆزی پەیوەنـدییە کـۆمەڵایەتی و کلتوورییەکـان دەکەن و بـــۆ ئەم مەبەســـتەش لەڕێـــی میـــدیا گەمژەکەرەکـــانی دەسەڵاتەوە سوود لە نەخوێندەواری و نزمـی ئاسـتی سیاسـی و مەعریفی خەڵکی سادە وەردەگرن و ئەم خاڵە لاوازەی خەڵک بۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان و دەسـەڵات دەقـۆزنەوە. هەر بۆشـە ئەو نووسەرە کۆنەپەرستانە هەمیشە و بە درێژایی مێژووی خەبـاتی چینـــایەتی نە لووتیـــان خـــوێنی لـــێ هـــاتووە و نە کەســـێکیان لەبەرگـری لە خەڵـک تیـا چـووە و نە بەشـداری کردەیـی هـیچ جـــووڵانەوەیەکی ڕادیکـــاڵ و شۆڕشـــگێڕانەیان کـــردووە. ئەوان هەمیشـە دەسـت لە پشـتیان دراوە و پـارە و ئیمکانـاتی باشـیان خـراوەتە بەردەسـت و ژیانیـان زامـن کـراوە و ریفاهیەتیـان بـۆ دەستەبەر کراوە تا بەرگری لە چینی زاڵمی نێو کۆمەڵگە بکەن.

لەکاتێکـدا نووســەرانی ڕادیکـاڵ و شۆڕشـگێر هەمیشــە و بە درێژایـی مێـژوو ڕۆڵـی بەرچاویـان هەبـووە و هەیە لە بـزاوتە شۆڕشـگێڕەکانی کـۆمەڵگە و بەرگـری سەرسـەختی ئـازادی و یەکسـانی و دادپەروەری کـۆمەڵایەتی و ڕزگـاری یەکجـارەکی مرۆڤن لە ستەم چەوسانەوە. نووسـەرانی شۆڕشـگێڕ و ڕادیکاڵ لەبری ڕەفاهییەت، هـیچ کۆمەکێـک نـاکرێن و سـەرباری ئەمەش لەلایەن بـورژوازی و سـەمایەداران و دار و دەسـتەکانیانەوە، هەوڵ دەدرێ ئەم نووسـەرانە ناویـان بـزڕێ و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شەخسییەتی مەعنەویان لەکەدار بکرێ و دەیان ناو و ناتۆرەی ناشایستەیان بۆ هەڵدەبەستن و زۆربەی جاریش دەسـتگیریان دەکەن و زینـدانیکردن دەبێـتە چارەنووسـیان و لەهەنـدێ حاڵەتیشـدا تیـرۆر دەکـرێن و تەسـفییەی جەسـتەیی دەکرێن.

لە کوردسـتانیش نووسـەرانی کۆنەپەرسـت هەروەک مـانگی چـواردەی شـەوانی هـاوین بە ئاسـمانی نووسـینەوە دیـارن. ئەوانەن لە بەرامبەر ملهوڕییەکانی حیزبیە کوردیەکان بێدەنگن، ئەوانەن بە کوشتنی نووسـەران و ڕۆژنامەنووسان نقەیان لێوە نایەت، ئەوانەن لەئاست هێرشە بەربەرییەکانی حکومەتی حیزبە کوردیەکـان باکیـان بە ژیـانی خەڵکـی هەژار و سـتەمدیدە نییە، ئەوانەن هەرگیز دژ بە جەنگ و شـەڕ و مـاڵوێرانی هەڵوێستیان نەبووە و قەتیش دژ بە سیاسەتە شەڕانگێزییەکانی گەورەکانیان فزەیـان لێـوە نەهـاتووە و نـایەت، ئەوانەن کە چینـی کرێکـار و خەڵکی زەحمەتکێشـی کوردسـتان هـیچ جێگایەکیـان لە ئیعرابـی نووسینەکانیاندا نییە. بەڵێ ئەوانەی زمان لـووس و سەفسـەتەباز و قسەی باق و بریق کەر و خۆڵکەرە چاوی خەڵکن و خۆیان بە

نــوخبه و پێشــڕەو و داهێــنەر و خــاوەن ســتایلی تــایبەت بە نووسین دەزانن، سەرقافلەی کۆنەپەرستیی و دواکەوتوویین، کە پێی بزانن یان نا، خزمەت بە توندوتۆڵکردنەوەی زنجیرەکانی دەســت و پێــی ئینســانی بەشــمەینەتی کوردســتان دەکەن. نووســەرانی کۆنەپەرســت لە کوردســتان ئەوانەن کە هەریەک چەندین تایتڵ و چەندین مووچەیان هەبووە و هەر هەموویان خــانوو و زەوییــان لە دەســەڵاتی کۆنەپەرســتی کــوردایەتی وەرگرتــووە و بــوونەتە تــوێژێکی چــاو لە دەســتی دەســەڵات و زۆربەشیان بەپلەی سەربازی بەرز هەر لەلایەن ئەو دەسەڵاتە کوردایەتییە کۆنسەرڤەیتیڤەوە خانەنشین کراون.

لە کۆتایــدا شــەرمهێنەرترین تــوێژی کــۆمەڵگە ئەو نووســەرە جەهلپەرستانەن کە پشتیوانی لە دەسەڵاتێکی ملهوڕ و دڕندە و چەوسێنەر دەکەن، توێژێک کە بە قەد ستەمکار و چەوسێنەری زاڵم، بەرپرسیارن لە دۆخە نەخوازراوەکانی ژیانی ئینسانەکان لە کــۆمەڵگە. ئەم تــوێژە کۆنســەرڤەیتیڤە کاریــان درۆکــردن و چەواشەکردنی ئینسانەکان و شاردنەوەی ڕاستییەکانە لە لایەک و دوورکەوتنەوە و بانگهێشتکردن بۆ دوورکەوەتنەوەی خەڵک لە هــێلە ســوورەکانی دەســەڵات. ئەمەش بە دەوری خــۆی ڕۆڵ دەگێــڕێ لە هێنــانە ئــاراوەی شــێوازێکی گونجــا و دڵخــواز بــۆ زەمینەسازکردن لەپێناو بردنەپێشەوەی سیاسەتەکانی دەسەڵات و گەیشتن بە مەرامە دژە ئینسانییەکانی.

*تێبینــی: ئەم بــابەتە لە بڵاوکــراوەی دیجیتــاڵی بــۆ پێشــەوە بڵاوبووەتەوە.*

# نیولیبرالیزم و ئەدەبی پرۆلیتاریای کوردی

## سەرەتایەک

چارەنووسی ئێمە کەوتۆتە ڕۆژگارێک کە ماوەی چەند دەیەیە بۆرژوازی جیهانیی لەدوای هەرەسهێنانی بلۆکی سۆڤییەتی بەناو سۆشیالیزم، بەردەوام دەهۆڵی مەرگی کۆمۆنیزم دەکوتێت و لەم نێوەشدا ئەدەبی ڕیالیزمی ستالینیی کە بە ڕیالیزمی سۆشیالیستی دەناسرا کەوتۆتە بەر ئەم هێرشە. لیبرالیزمی نویٚ کە ئەمڕۆ هەژموونی بەسەر ئەدەبیاتی جیهاندا باڵا دەستە، بەردەوام تەبلیغ و پڕوپاگەندە لەدژی ئەدەبی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا دەکات و تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەدەبە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەدیبانی پرۆلیتاریی و بیرمەندانی ئەم ڕێبازەش بەردەوام جەختیان لەسەر ماهییەتی شۆڕشگێرانەی ئەم ئەدەبە کردۆتەوە  کە بە خوێن و ئێسک لە ئەدەبی ڕیالیزمی ستالینیی جیاوازە و هەروەها پێداگرییان لەسەر لایەنگری چینایەتی دەق و نووسەر بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی دژ بە سیستەمی سەرمایەداری کردووە. باڵادەستیی بۆرژوازی و پاشەکشەی چینی کرێکار لەهەردوو ئاستی لۆکاڵی و نێونەتەوەییدا وایکردووە ئەدەبی بۆرژوازی ڕەواج و بازاڕی گەرم بێت و ئەدەبی پرۆلیتاریش لەژێر گەردی فەرامۆشیدا قەرار بگرێت. بۆیە دەبینین  لەپانتایی چاپەمەنی کوردیشدا بەدەگمەن کتێبێک

دەبینیـــت کە لەپێنـــاو بەرەوپێشـــچوونی ئەدەبـــی پرۆلیتـــاریی نووســـرابێت. ئەم نـــامیلکەیە دەتـــوانم بڵـــێم یەکەمـــین هەوڵە لەو بـــوارەدا، کە هەوڵێکـــی بچکـــۆلانەی مـــنە لەپێنـــاو ناســـاندن و دەرخســـــتنی جەوهەری ئەدەبـــــی پرۆلیتاریی،هەوڵـــــدانە بـــۆ تێگەیشتنێکی دروست لە ئەدەبی پرۆلیتاریی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەدەب و ڕەخـنەی ئەدەبیـی و ئیسـتاتیکا و جـێ پـێ قـایمکردنی زیـاتری ئەم ئەدەبە لە ڕوانـگە بنچینەییەکەی خـۆی، کەڕوانـگەی مارکســـیزمە. چـــونکە وەکچـــۆن خـــودی مارکســـیزم دەرگیـــری گەرداوی ڕیڤیژینیـــزم بـــووە و لەگەڵـــێ جێگـــا لەنـــاوەڕۆکە شۆڕشگێرانەکەی خۆی بەتاڵ کراوەتەوە، ئەدەبەکەشـی ئەوەنـدە کاڵ و شـوێر کراوە کە هەندێکجار دوور لە کرۆک و مـاهییەتی خۆی، بووەتە تایتڵی ئەدەبیاتی وردەبورژوازی و سـەرمایەداری و جاریش هەبووە کار گەیشتۆتە شـوێنێک کەهەر ئینکاری ئەو ئەدەبە بـکەن. ئەم هەوڵەم مـن وەڵامگـۆی ئەو واقیعـیەتەیە کە ئەدەبـــی پرۆلیتـــاریی پیایـــادا تێپەڕدەبێـــت و هەوڵیشـــم ئەدەم جێوشوێنی ئەم ئەدەبە لە گشتییەتی ئەدەبی کوردیدا وێنا بکەم.

## ئەدەبـی پرۆلیتـاریی و تایبەتمەنـدییەکانی چـین و بەکـێ دەوترێت ئەدیبی پرۆلیتاریی؟

تا ئێستا چەندین پێناسە بۆ ئەدەبی پرۆلیتاریی کراوە و هەریەک بەپێـی تێگەیشـتن و لێکـدانەوەی سیاسـیی و چینـایەتی خۆیـان، ویسـتویانە تیشـک بـخەنە سـەر ئەو ئەدەبە.(١) بـۆ تێگەیشـتن لە ئەدەبی پرۆلیتاریی ناکرێت لەچوارچێوەی بەرتەسکی جوگرافیی یـان نەتەوەیـیەوە لێـێ بـڕوانین. واتـا بـۆ ئەوەی لە ئەدەبـی

خەباتکارانەی پرۆلیتاریا بگەین، نابێت لە سنوورەکانی ئەدەبی کوردیەوە بەدوایدا بگەڕێین، بەڵکو دەبێت لەدەرەوەی ئەو سنوورە و لە پانتاییە نێونەتەوەییەکەوە سۆراخی وەڵامی پرسیاری ئەوە بین مەبەست لە ئەدەبی پرۆلیتاریی چییە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەبینین ڕێککەوتنێکی گشتی و سەرتاسەریی لەنێوان ڕەخنەگرانی ئەدەبیی لەمبارەوە لەبەردەستدا نییە. بەڵام هەوڵ ئەدەین لانی کەم ئاماژە بە چەند پێناسەیەک بکەین کە فۆرمۆڵبەندییەکانیان بۆ بەرجەستەکردنەوەی کرۆکی مەبەستەکە لێک نزیکن. بەوجۆرە هەنگاو بە هەنگاو هەوڵ ئەدەین لە مەبەستەکەمان نزیک بکەوینەوە و لەڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییەوە وەڵام بەو پرسیارە بدەینەوە. ئەو پرسیارەی کە لەهەناوی مێژوودا ناکرێ بەبێ وەڵامدانەوەی، لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ـ چینایەتییەکەی بدوێین. بەپێی تێگەیشتنی نووسەرانی ویکیپیدیا ئەدەبی پرۆلیتاری یانی " **ئەدەبێکە لەلایەن نووسەرانی چینی کرێکارەوە نووسراوە لەپێناو هۆشیاری چینایەتی پرۆلیتاریا**."(٢)ئەم پێناسەیە گەرچی لەڕووی تیئۆرییەوە دروستە بەڵام بێئەوەی هیچ دیتەیلێک بخاتە بەردەست لەوەی کە ئەو نووسەرانەی چینی کرێکار کێن و جیۆشوێنیان چییە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و هەروەها چ جۆرە هۆشیارییەکیان مەبەستە و ئەو هۆشیارییە بە چ میتۆدێک و ڕێبازێک بارگاوییە؟ ئەم ناڕوونییە بەرچاوی خوێنەر دەگرێت لە بینینی جەوهەری شۆڕشگێڕیی ئەدەبی پرۆلیتاریی. پاشان ڕەث کەمەنزی ڕەخنەگری کەنەدیی برێک ڕوونتر دەدوێت و دەڵێت لە گشتییەتی خۆیدا ئەدەبی پرۆلیتاریی بریتییە لە " **گوزارشتکردن**

**له ژیـانی چینـی کرێکـار له هۆشـمەندی چینـایەتییەوە بەڵام له گۆشەنیگایەکی شۆڕشگێڕانەوە.**"(٣) بەو واتایەی دەقەکە باس له ژیانی چینی کرێکار بکات لەژێر هەژموونی هۆشیاری چینـایەتی بەڵام بە بینینی شۆڕشگێڕانەوە. ئەم پێناسەیە گەرچی تا ئاستێک له مەبەسـتەکەمان نزیـک دەخـاتەوە، بەڵام هێشـتا نـاڕوونی پێـوە دیــارە. چـــونکە ئەدەبـــی پرۆلیتـــاریی هەر تەنهـــا هۆکـــاری گوزارشتکردن نییە لەژیانی چینی کرێکار ، بەڵکو چەکێکیشـە بۆ هۆشـیارکردنەوە و خێراتـر کردنـی پرۆسـەی گـۆڕانی ڕیشـەیی کـۆمەڵگە لەڕێـگەی شۆڕشـی کـۆمەڵایەتی پرۆلیتاریـاوە. دواتـر پرۆفیسۆری ئەمریکیی بیڵ موڵن دەڵێت" **ئەدەبی پرۆلیتـاریی بەو نووسـینە ئەدەبییـە دەوترێـت لەلایەن یـان دەربـارەی خەڵکـی کرێکـارەوە بە نـاوەڕۆکێکی دژە سـەرمایەداری یـان بە مەیلـی سۆشیالیسـتییەوە نووسـراوە**(٤)بە بۆچـوونی بیـڵ هەر دەقێـک دەربـارەی کرێکـار بێـت یـان لەلایەن کرێکـارەوە نووسـرابێت پرۆلیتـــارییە. کـــورتبینی ئەم بۆچـــوونەی بیـــڵ لەوەدایە کە بەچاویلکەی بەرژەوەنـدی غەیـرە کرێکارییەوە دەڕوانێتە ئەدەب لەلایەک و لەلایەکـی تریشـەوە بیـڵ ڕۆڵـی کـۆمەڵایەتی ئەدەبـی پرۆلیتاریی بۆ گرنگ نییە. هەرچی ئیدوین سیڤەری ڕەخنەگرە هەنگاوێـک واوەتـر دەڕوات و دەڵێـت " **ئەدەبـی پرۆلیتـاریی ئەو دەقەیە کە له دەربـارەی کرێکـار یـان لەلایەن کرێکـار یـانیش تایبەت بۆ کرێکار نووسـرابێت.**(٥) لێرەشـەوە دیسـان کـورتبینی ئەم تێـــڕوانینە لەوەدا دەردەکەوێـــت کرێکـــار بە ئەبســـتراکت وەردەگرێـت وەک بـوونەوەرێکی کـۆمەڵایەتی نابینێت. شـاعیر و نووسـەری کرێکـاریی سـلێمان قاسـمیانی(کاکە) دێـت بە وردی پەنجە دەخاتە سەر وەڵامی ئەو پرسـیارە و دەنووسێت" **ئەدەبی**

**کرێکاریی چییە؟ ئەم پرسیارە تەنیا یەک وەڵامی نییە. یەکەم وەڵام دەکرێ لە ڕوانگەی مەوزووعی ئەدەبەوە بێت. ئەدەبێک کە باسی کرێکار و لایەنەکانی جۆراوجۆری ژیانی کرێکار بکات لەو نیگایەوە کرێکارییە چۆن باسەکەی باسی کرێکارە. نووسەر کێیە و چۆن بیردەکاتەوە لێرەدا گرنگییەکی نییە.**

**ڕوانگەی دووەم دەتوانین بە چینایەتی ناوبنێین. هەر نووسینێک کە نووسەرەکەی کرێکار بێت، کرێکارییە. لێرەدا هەرچییەک کە نووسەرەکەی کرێکار نەبێت و لە تەجرەبەی ڕاستەوخۆی ژیانی کرێکارییەوە هەڵنەقوڵابێ، بە کرێکاریی نازانرێت.**

**ڕوانگەی سێیەم لە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارەوە سەیری ئەدەب دەکات. لەم نیگایەوە ئەو ئەدەبەی کە بەرژەوەندی کرێکار وەکوو چین نەپارێزێ، کرێکاریی نییە. ئەم ڕوانگەیە دەکرێ بە ڕوانگەیەکی ئایدیۆلۆژیکی و سیاسی ناوبنرێت. لەم ڕوانگەوە نووسەر پێویست ناکا خۆی کرێکار بێت، بەڵکوو گرنگ هەڵوێستی چینایەتی نووسەرە و پاراستنی بەرژەوەندی چینی کرێکار لە بەرهەمەکەیدا.** (٦)لەم تێروانینەی سلێمانی قاسمیانییەوە کە ورد ئەدیبی پرۆلیتاریی دەستنیشان کردووە، دەروازەیەکمان بۆ دەخاتە سەرپشت کەلەڕوانگەی مارکسیزمەوە لە ئەدەبی پرۆلیتاریی بگەین. ئەدەبێک جگە لەوەی سەرسەختانە دژی پایەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی دەوەستێتەوە و دەجەنگێ، لەهەمان کاتیشدا تێدەکۆشێ بەرەخنەی جیدیی لەو پایانە و دەرهاویشتەکانی، ڕووی ئەو دونیا بێ چینایەتییە نیشان بدات کە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەوێنیەتی. پایەکانی کۆمەڵگەی

بۆرژوازی بە قەد پانتایی دونیا بوونەتە مایەی دەرهاویشتنی کۆمەڵێ دیاردە و گرفت و دەرد بۆ ژیانی ئینسانەکان. هەر لە شەڕ و ئاوارەیی، کوشتن و بڕین، زیندان و ئیعدام و هەژاریی و برسـێتی و خەمـۆکیی و فەحشـا و دۆخە دەروونییـە نەخوازراوەکانی ئینسان تا دەگاتە بێکاریی و نانبڕاوکردن و ..تاد، کۆمەڵە دەردێکن شانی ئینسان هەڵیان دەگرێ و دەسەڵاتی کۆنەپەرستی بۆرژوازی و کۆمەڵگە، شانی خۆیانیان لێ خاڵی کردۆتەوە. "**لێرەوە ئەدەبی پرۆلیتاریی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە ڕیسواکردن و دەرخستنی ماهییەتی(جەوهەری)دژی ئینسانی ئەو کۆمەڵگە و دەسەڵاتانەی ئەو کۆمەڵگانە بەڕێوە دەبەن. ڕۆڵ دەگێڕێ لە نابوودکردنی ئەو بەرگریکارانەی کە بەرگری دەکەن لە مانەوەی دۆخی مەوجود. ڕۆڵ دەگێڕێ لە لێدان لە پایەکانی ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی. ڕۆڵ دەگێڕێ لە دژایەتیکردنی سەرتاپای ئەدەبی بۆرژوازی بەهەموو لق و بەشەکانییەوە. ئەدەبی پرۆلیتاریی (ئەگەر ڕوونتر بدوێین) ئەدەبێکە دژ بە نیزامی سەرمایەدارییە کە سەروەت و سامانەکەی لەسەر خوێنمژینی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش هاتۆتە دەست. دژی خانەوادە و خێزانی بوۆژوازییانەیە کە بناغەکەی لەسەر چەوسانەوەی ئینسان دامەزراوە، دژی نیشتمان و نیشتمان پەرستییە کە ڕۆژانە لە گۆشە و کەنارەکانی ئەم جیهانە و لەژێر ناوی پاراستنی نیشتمان هەزار ڕۆڵەی کرێکار دەکوژرێ و خوێنی دەڕژێ و بە سەدان هەزاریش ئاوارە و بێ خانە و لانە دەکرێن. دژی ئایینە بە هەموو فۆرمە کۆن و نوێیەکانییەوە. بەمجۆرە ئەدەبی پرۆلیتاریی دژ بە سەرجەم دەرد و نەگبەتییەکانی بۆرژوازی لە جەنگیکی نەبڕاوە دایە. ئەدەبی**

**پرۆلیتاریی ئەدەبی ڕاهێنانی ئینسان نییە لەسەر شوکرانەبژێری و ملکەچکردن لە ئاست نا عەدالەتییەکانی ژیان، بەڵکو ئەدەبی بارهێنانی ئینسانە لەسەر بەگژاچوونەوەی ستەم و دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگە. ئەدەبی پرۆلیتاریی، ئەدەبێک نییە مرۆڤ تەسلیمی قەدەر بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە قەدەر تەسلیمی ئینسانەکان دەکات. ئەدەبێکە هەوڵ دەدات ئینسان لە وەهمی ئایین و کۆت و بەندی کۆیلەتی دەرباز بکات و ئینسان وەک خۆی ببینێت. واتا ئینسان وەکو ئینسانێکی داهێنەر، خولقێنەر، لەدەرەوەی پەت و زنجیر. بینینی ئینسانی ئازاد و بەهرەمەند لە توانا، تەنها لە توانای بێئەندازەی ئەدەبی ئینسانیدایە. کۆیلە ناتوانێ داهێنەر بێت و ناشتوانێ تا ئاستی ئازادبوون بەرز بێتەوە، ئەگەر لەڕێگەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییەوە سیستەمی کۆیلەدارییەکەی تەفروتونا نەکات. سیستەمی چینایەتی کەلەسەر چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان دامەزراوە و بناغەکەی لە غەدر و ستەم و زۆر بنیاد نراوە، هەرگیز ڕێ بە ئینسانە ژێردەستەکان نادات ئازادانە ڕەفتار بکەن، بەڵکو لە چوارچێوەی کۆمەڵە یاسایەک بەندیان دەکات و دەیان کاتە دیلی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان. ئەدەبی پرۆلیتاریی ڕێک دژ بەم دۆخە دەجەنگێ و هەوڵ دەدات ئەو هەلومەرجە مەینەتبارەی ژیانی ژێردەستەکان لە دەقە ئەدەبییەکان نیشان بدات و گوزارشت بێت لە خەباتیان بۆ ئازادی. دەیەوێت وێنای ئازادی و ڕزگاری بکات، وێنای تەواوی ژیانی ئینسانەکان بکات بە هەموو جوانی و ناشرینییەکەوە".**(٧) ئەوەی شوناسی چینایەتی پرۆلیتاریی دەبەخشێتە دەقێکی ئەدەبی لایەنگری چینایەتی و ئەو هۆشیارییە کۆمەڵایەتییەیە کە لەناو دەقەکەدا بوونی هەیە نەک

شتێکی تر. واتا نە پیشە و نە ئەتمۆسفیری کارکردن ناتوانن کار لە وابەستەی چینایەتی دەق بکەن.

ئەدەبی پرۆلیتاریی ئەدەبی جیهەتگیری کرێکارییە. واتە مەرج نییە نووسەری دەقێکی پرۆلیتاریی خۆی کرێکار بێت. یان دەشێ کرێکارێک وەک نووسەری دەقێکی ئەدەبی، هەڵگری ئایدیۆلۆجی بورژوازی بێت. لەکاتێکدا دوور نییە نووسەری دەقێک کرێکار نەبێت بەڵام پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران بێت. بۆیە یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەدەبی پرۆلیتاریی بەگشتی ئەوەیە کە تا چ ئاستێک پەیوەستە بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و تا چ ئەندازەیەک پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارە لەدژی سەرمایەداران.ئەدەبی پرۆلیتاریی، ئەدەبی بەرەنگاربوونەوە و ڕەتکردنەوەیە. ئەدەبی نیشاندانی ڕووە دزێو و جوانەکانە، ئەدەبی هێرش و ستایشە. ئەدەبی پرۆلیتاریی لەگەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی چینی کرێکار و خەبات و تێکۆشانی ئەو چینە لە دژی چینی سەرمایەداری سەرهەڵدەدا و گەشە دەکا. واتە ئەدەەبی پرلیتاریا، ئەدەبی ژیان و خەباتی چینی کرێکارە، چیرۆکی نەبەردە چینایەتییەکانی کرێکارە لە دژی بورژوازی و دامودەزگاکانی سەرمایەداری. مۆتیڤی ئەدەبی پرۆلیتاریی لەگەڵ ڕەوتی خەباتی چینایەتی کرێکاران بەرز و نزم دەبێتەوە. باری ناهەمواری ژیانی کرێکاران، سەعات کاری زۆر، کرێی کەم، نەبوونی خزمەتگوازی کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان، نا ئەمنی شوێنی کار، ناڕیکخرابوونی کرێکاران، ئامرازەکانی خەبات لە چەشنی مانگرتن و ناڕەزایی بە تاک و بە کۆمەڵ، خۆپیشاندان، تا دەگاتە خەباتی چەکداری و شۆڕش، ئەمانە کۆی

بەدەنەیەکـی گەورەتـرن لە ئیرادەیەکـی تـۆکمە بـۆ دەرخسـتنی ئایدیێندتی ئەدەبی چینایەتی کرێکار. بەرهەمی ئەدەبی پرۆلیتاریی لێـرەوە پێناسـەی خـۆی دەکـات و سـنووربەندی لەگەڵ ڕەوت و ڕێبـازە ئەدەبییەکـانی بـورژوازی دەکـات بەتـایبەتیش ئەو ئەدەبە ڕیڤیژینیسـتەی کە زۆر جـار بەنـاوی کرێکـارەوە خـۆی نمـایش دەکـات. ئەدەبـی پرۆلیتـاریی پـارێزەری بەرژەوەنـدی کرێکـارە هەوڵـیش دەدات لەژێـر سـێبەری خەبـاتی کرێکـاری لەسـەر ئەو ئایکۆنـانە کـار بکـات کە ڕۆڵیـان هەیە لەبردنەپێشـەوەی خەبـاتی چینـایەتی. چینـی کرێکـار لە خەبـاتی ڕۆژانەی خۆیدا، سـەرباری پێداویسـتییە سیاسـییە – چینایەتییەکـانی لە چەشـنی ماتریـاڵ و ئەبزاری خەباتکارانەی وەکو حیـزب و ڕێکخـراو ..تـاد، پێویسـتی بە ئەدەب و هونەرێــک هەیە کە عەکــس کەرەوەی واقیعییەتــی خەبــاتی چینــایەتی بێــت. پێویســتی بەوە هەیە کە بەردەوام لە جـۆش و خرۆشـدا بێـت و هەمیشـە ئیحساسـاتە چینایەتییەکـان، داسـتانە نەبەردەکـانی خـۆی لە ڕابـردوو و ئێسـتادا بناسـێت و لێرەوە وەک پێویستی سـەردەم دەسـت و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکات.

**"بە بۆچـوونی مـن ئەدەبـی پرۆلیتـاریی بە چەنـد خەسـڵەت و تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە کە بەرچاوترینیان ئەمانەن:**

**یەک: ئەدەبـی پرۆلیتـاریی، هەڵقـوڵاوی نـاو جەرگەی ژیـان و خەبــاتی چینــایەتی چینــی کرێکــارە لە ململانێیــی لەگەڵ ســەرمایەداران و دام و دەزگــا ســەرکوتگەرەکانی. ئەدەبــی پرۆلیتاریی لە کێشمەکێش و پێکدادانە چینایەتییەکانەوە لە دایک**

دەبێت و ئاسۆیەک کە پێکدادانە کۆمەڵایەتییەکە هەیەتی، دەبێتە ئاسۆ و ئامانجی ئەدەبی پرۆلیتاریی.

دوو: ئەدەبی پرۆلیتاریی، جیهەتگیری تێکۆشانی چینی کرێکارە و پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی ئەو چینەیە. ئەدەبی پرۆلیتاریی گۆرانی خەباتی ژنانی کرێکار و حەسرەتی و سەختییەکانی خەبات و ئاهی پیرەمێردێک و نرکەی منداڵێکی ئیشکەر و سکاڵای دڵی کچێکی ماندووی دەستی کۆنەپەرست و شەکانەوەی ئاڵای ململانێی ناو کارگەکان و هەناسەی زیندانییەک و تاد. لە نیشاندانی هەموو ئەم دیمەنانە و ڕەنگ ڕێژکردنیان بە ئاسۆ و ئامانجی چینایەتی کرێکاریی ئەرکی ئەدەبی پرۆلیتارییە.

سێ: ئەدەبی پرۆلیتاریی، بە ئاسۆیەکی ئینسانییەوە دەڕوانێتە ژیان و تاک و کۆمەڵگە و ئینسانییەتی ئینسان وەک کرۆکی خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. ئەدەبی پرۆلیتاریی لە بەرامبەر ئاسۆی کۆنەپەرستی مەیل و ڕەوتە چالاکەکانی لیبراڵیزم و کۆنەخوازی و ئایینی و نەتەوەییدا دەوەستێتەوە و تێدەکۆشی دەقی ئەدەبیی لە جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆنەخوازیدا بە ئاسۆیەکی ئینسانی و ئەنتەرناسیونالی بارگاوی بکات.

چوار: ئەدەبی پرۆلیتاریی، ئەگەرچی لەڕووی تەکنیک و هونەرەوە ڕەنگە بەپێی پێویست نەیتوانی بێت تەکنیکێکی نوێ و ئاخرین دەسکەوتە هونەرییەکانی بەشەر سوود لێ ببینێت و بەدەستەوە بگرێ، بەڵام وەک یەک ڕەوتی ئەدەبی خاوەن تەکنیک لە ئاستی جیهاندا بوونی خۆی سەلماندووە. چینی کرێکار بە درێژایی مێژووی پڕ لە خەبات و فیداکاری خۆی،

خاوەنی جۆرێک لە فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری خۆی بووە. پێ بە پێی گەشە و بەرەوپێچوونی قۆناغەکانی خەباتی، ئەدەب و هونەرەکەشی گەشەی کردووە. بەڵام ئەگەر بەراوردی ئاستی تێکۆشـانی چینـایەتی کرێکـار و ئەدەبەکەی بکەیـن، دەبینـین بەردەوام لاوازی ئەدەبیی هەبـووە. واتە ئەدەبەکەی لە دوواوە بووە.

پێنج: سەرجەم دەزگا ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی و کارە ئەنسۆلۆژی و سـەرچاوەکانی ئینتەرنێتـیش کەم تـا زۆر بەپێـی پێویسـت ئاوڕیان لەم ڕەوتە ئەدەبییە جیهانییە نەداوەتەوە و بگرە ئاگایانە و هۆشـیارانە پشـت گوێیـان خسـتووە و لە خەڵـک و چینـی کرێکاریـان شـاردۆتەوە یـان کەمتـرین زانیاریـان خسـتۆتە بەردەست.

شـەش: تەواوی ڕەوت و ڕێبـازە فیکـری و هـونەری و سیاسـییەکانی بـورژوازی دەهـۆڵی مەرگـی کۆمـۆنیزم و ئەدەبەکەی دەکوتن و ناوی ئەدەب و شیعری پرۆلیتاریی وەکو ئەدەبێکـی بـێ ئەرزش دەهێـنن و لە ئەدەبـی کـوردیش وەک ڕەوتێکی ئایدیۆلۆجی – مەزهەبی ناو دەبرێ و قسەکەرانی ناو کایەی رۆشنبیریی کوردیش هەمیشـە خۆیـان لە ناوهێنـانی ئەو ئەدەبە پاراستووە تا بە هیچ شێوەیەک زەینی خـوێنەری کورد بەلای ئەو ئەدەبەدا نەچێت. بورژوازی جیهـانیش بۆ تەحقیـر و تەخدیرکردنی کرێکاران بە سەدان ملیۆن دۆلار سـەرف دەکـات و سەدان ئۆرگان و ڕۆژنامە و گۆڤـار و کتێب بـڵاو دەکـاتەوە، ساڵانە سەدان فیسـتیڤاڵ و ئاهەنـگ و سـاز دەکـات و بە دەیـان هەزار نووسەر و شاعیر و ئەدیب و قەڵەم بەدەسـتی کڕیـوە و

**دەکرێـــت و کاریـــان پێـــدەکات، تـــا ڕووی دزێـــوی نیزامـــی چەوسێنەری سـەرمایەداری جوان نیشـان بدەن و خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش..**

**حەوت: بەڵام لەهەڵ هەموو ئەمانەشدا تا چینەکان و جیاوازی چینایەتی لەسەر ڕووی زەوی بمێنێ، ململانێی نێوان کرێکار و بۆرژوازی هەر دەمێنی و ئەدەبی چینایەتی پرۆلیتاریاش هەر دەمێنێ." (٨)**

## سەرەتا و سەرهەڵدانی ئەدەبی پرۆلیتاریی

ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی ئەدەبـــی پرۆلیتـــاریی بە ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی چینـــی کرێکـــارەوە گرێـــدراوە. مێـــژووی ئەدەبـــی پرۆلیتاریی مێژوویەکی دیاریکراو نییە تا بزانرێ لە چ سات و ساڵی دەستی پێکردووە و کەی کۆتایی دێ. لەگەڵ سـەرهەڵدان و پەیدابوونی بۆرژوازی لە کۆمەڵگەی چینایەتی سـەرمایەداری، کە ستەم و کۆیلەتی بەرهەم هێنا، خەباتیش بۆ ڕزگاربوون لەو چەوسـانەوە و کـۆیلەتییە دەسـتی پێکـردووە. ئینسـانەکانیش بە هـــونەر و ئەدەب گوزارشـــتیان لەو خەون و ئـــاواتەی خۆیـــان کردووە. هەر هەوڵدانێک، نووسینێک، دەقێک لەم گۆشـەنیگایەوە نووســـرابێت، دەچێـــتە ســـەر خەرمـــانی کلتـــووری ئەدەبـــی پرۆلیتـاریی. ئاسـتی گەشـەی ئەدەبـی پرۆلیتـاریش پـێ بەپێـی چوونەسەر و هاتنەخواری کێرڤی خەباتی چینایەتی بەرز و نزم دەبێـتەوە، بەڵام هەرگیـز گـڕی ئەو ئەدەبە خـامۆش نەبـووە و نابێت و ژیلەمۆکەی ناکوژێتەوە. تا کۆمەڵگەی چینایەتی هەبێت، ئەو ئەدەبەش هەر دەبێـت و بەپـێچەوانەی سـەرجەم ئیـدیعا و

پروپاگەندەکانی ئەدەبی چین و توێژەکانی تر، هەرگیز دووچاری تـوانەوە و فەنـا نـابێتەوە. بەکـورتی ئەدەبـی پرۆلیتـاریی لەگەڵ خەبات و ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سیسـتەم و یاسـا و نۆرمەکانی ژیان و کۆمەڵگە لە دایک بووە و تـا مـرۆڤ و ململانـێ و خەبـات مابێ، ئەو ئەدەبەش هەر دەمێنێ. ئەدەبی پرۆلیتـاریی سـەرەتا لە ئەورووپا سەریهەڵدا و ئینجا پەڕییەوە بۆ کیشـوەرەکانی ئەمریکـا و ئاسـیا و ئەفریقـا. ئەم پەڕیـنەوەیەش کـۆمەڵێ هۆکـار هەن کەلەسـەرووی هەموویـانەوە گەشـەی سـەرمایە و بـازاڕ وەک خواسـتێکی گرنگـی سـاغکردنەوەی کـاڵای بەرهەمهێنـراو، بـووە هـۆی فراوانترکـردنەوەی جوگرافیـای سـەرمایە کە سـنوورەکانی ڕامالّی و بەرژەوەندی و قازانج بوو بە پێوەری ژیانی سیستەمی سـەرمایەداری. لێـرەوە هەلـومەرجی ژیـان گـۆڕا و تەنـانەت تەواوی بەهاکـانی ژیـان ئاڵوگۆڕیـان بەسـەردا هـات بە کلتـوور و ئەدەبیشـەوە. پێش مـارکس و زۆر پێش جێگیربـوونی سیسـتەمی سەرمایەداری ، ئینسان هەوڵیداوە بە هونەر گوزارشت لە ژیـانی خـۆی بکـات."**ئەم هـونەرە ئینسـانییە وەک دەسـتکەوتی ئینسـان بـووە بەبەشـێک لە مێژووی مرۆڤـایەتی. ئەدەبـی پرۆلیتـاریش گەڕانەوەیە بۆ ئینسان، بۆیە دەتوانین بڵێین لە "بارێکی دیـکەوە، ئەم کلتـوورە، هـی ئەم یەک دوو سـەدەی دوایـیە و هـاوعومری خەباتی چینی کرێکارە! کلتووریک کە بە دوو بـاڵی هەسـتی بێ سنوور و زانستی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیسـتی ئەو چینـە، دەفڕێت؛ ئەم کلتـوورە، کە لە سـەرەتای مێژووی ئینسـانییەوە، خەریکـی بنج بەستن بووە، لەم دوو سـەدەی دواییدا گەشـەی کـردووە. کەسـانی وەک "هـاینریش هاینـە"، "ماکسـیم گـورکی"، "برتولـد برشــت"، "ئــاراگون" و "جەوهیــل" و "نــازم حیکمــت" چەنــد**

**ئەستێرەیەکی ئەم ئاسمانەن؛ ئیتر با، شەکسپیەر و حافز و هەزاران دووندی فەرهەنگی بەشەریش، بەمیراتی ئینسانی، پێش هەبوونی چینی کرێکار، دابنێین.**(٩) ئەگەر پێش مارکسیزم خەسڵەتی ئەم ئەدەبە خاڵی بووبێت لە شۆڕشگێڕیی، ئەوا بە سەرهەڵدانی مارکسیزم ئەو ئەدەبە وەک ئەدەبی شۆڕشگێڕ ، زیندووتر هاتە مەیدان. پاشان بەپێی گەشەی هەلومەرجی ماددی کۆمەڵگەکان، فراوانتربوونەوەی مەودای بازرگانی نێوان کیشوەرەکان، چوونەسەری قازانج و دۆزینەوەی بازاڕی تازە و گەشەکردنی مانفاکتۆرە و هاتنەمەیدانی چینێکی ئەرستۆکراتی خوێنمژ لەلایەک و پەرەسەندنی ئاوارەیی و کۆچی مرۆڤەکان لە چەند سەدەی ڕابردوو بەرەو سەرزەمینە جیاوازەکان لەلایەکی تر، بووە هۆی پەڕینەوەی ئەو کلتوورە ئەدەبییە شۆڕشگێڕەش لە ئەوروپاوە بۆ ئەمریکا و ڕۆژهەڵات. لەلایەکی تریشەوە ناکرێت ڕۆڵی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و پشتیوانی ئەو شۆڕشەش لە بڵاوکردنەوەی کلتوور و فەرهەنگی پرۆلیتاریی، لەبەر دیدە نەگرین. هەموو ئەمانە بوون بەهۆی ئەوەی کە ئەدەبی پرۆلیتاریی بەرینتر و فراوانتر لەسەر ئەم هەسارەیە بڵاو ببێتەوە.

## پەیوەندی نێوان ئەدەبی پرۆلیتاریی و ڕیالیزمی سۆشیالیستیی

سەرهەڵدانی ئەدەبی پرۆلیتاریی زۆر کۆنترە لە ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی. ئەگەر ئەدەبی پرۆلیتاریی لەگەڵ دروستبوون و هاتنەمەیدانی چینی کرێکاری پیشەسازیی لە

ئەوروپا هاتبێتە دەر، ئەوا ڕیالیزمی سۆشیالیستیی لە سەرەتای سەدەی بیست لە ڕوسیا وەک زاراوە داهێنرا. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن بەڕابەرایەتی لینین، بەلشەفیکەکان بایەخێکی گەورەیان بە ئەدەب و هونەر دا. .هەرچەندە مارکس و ئەنگڵس وردکاری تیئۆرییەکانی سۆشیالیزمی زانستیان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە خستەڕوو، بەڵام تیئوری ئەدەبی سۆشیالیستیی و ئیستاتیکای مارکسیستی تا سەرەتای سەدەی بیستەم تا رەخنەگرێکی وەک بلیخانۆف هەڵنەکەوت،سیستماتیک نەکرا و بەرۆشنی بەیان نەکرا. گەورەترین هەوڵدان لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیاوە هاتە ستانداردکردن و ڕێکخستنی ئەم ڕەوتە ڕەخنەییە نوێیە. مەکسیم گۆرکی کە بەباوکی ڕێبازی ئەدەبی سۆشیالیستی دادەنرێت،(١٠) ساڵی ١٩٣٣ بە ئامادەیی خۆی و خودی ستالین گەنگەشەی دەستەواژەکە دەکەن و پەسند دەکەن. بزووتنەوەی ڕیالیزمی لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ولاتی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران جێکەوت و گەشەی کرد و بوو بە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی ئەنتەرناسیونالی بەرفراوان. گەشەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی هەر تەنها یەکێتیی سۆڤیەتی نەگرتەوە، بەڵکو ئەو دەوڵەتانەشی گرتەوە کە بە دەوڵەتانی سۆشیالیست یان بلۆکی ڕۆژهەلات دەناسران. ئەم ستایلە لە بنچینەدا لەسەر کلتووری پرۆلیتاریاوە سەری هەڵداوە. کلتووری پرۆلیتاریاش لە هونەر و ئەدەب پێداگیری ئەدەبە لەسەر خەباتی چینایەتی و بەرژەوەندی کرێکاران دژ بە بورژوازی و سەرمایەداران. ئامانجی ئەم ئەدەبە هەوڵدانە بۆ وێناکردنی ژیان و خەباتی ئەو چینە لە پێناو ڕزگاری یەکجارەکی لە کۆت و بەندی کۆیلەتی بورژوازی. ڕێبازی

سۆشیالیستی لە ئەدەب لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و جیکسلۆڤاکیا و پۆڵەندە دامەزرا. ئەو نووسەرانەش کە ڕۆڵیان هەبوو لە بەرەوپێشبردنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بریتبوون لە لویس ئاراگۆن و جۆهانس بێچەرو پابلۆ نیرۆدا و ..تاد. حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت ساڵی ١٩٣٢ بڕیاری لەسەر ڕیالیزمی واقیعی لە ئەدەب و هونەر دا و ساڵی ١٩٣٤ ئەم شێوازە ئەدەبییە لە یەکەمین گۆنگرەی نووسەرانی سۆڤییەت کاتێ نوێنەری جۆزێف ستالین ئەندریە زدانۆڤ وتاریکی پێشکەش کرد و بە توندی جەختی لەوە کردەوە کە ڕیالیزمی سۆشیالیستی بە فەرمی بوو بە ڕێنمایی نیشتمانی کلتووری یەکێتیی سۆڤییەت. بەدەستەوەگرتنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بە کردەوە بووە هۆی پشتکردن و سەنگەرگرتن لە ڕێبازە باوەکانی جیهان لە چەشنی ئیرۆتیک، ئایین، تەجریدگەرایی، سوریالیزم و گوزارشتخوازی. وەک هاوپشتییەکی چینایەتی بەرامبەر بە یەکەمین گۆنگرەی نووسەرانی یەکێتیی سۆڤییەتیش، لە ٢٦ و ٢٧ ی نیسانی ١٩٣٥ لە شاری شیکاگۆ و بە پاڵپشتی جۆزیف ستالین، گرنگترین گۆنگرەی نووسەرانی چەپی ئەمریکا بەسترا، کە شاعیران و ڕۆماننووسان و ڕەخنەگران و ڕۆژنامەنووسان تێیدا بەشدار بوون. واڵدۆ دەیڤد فرانک بە پشتیوانی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا بوو بە یەکەمین سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی ئەمریکا. بەڵام ئەم ریالیزمە گۆڕانی بەسەردا هات و پێ بەپێی تێپەڕبوونی زەمەن، ئەمیش لە ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕانەکەی بەتاڵ کرایەوە و خرایە خزمەتی سیاسەتەکانی ستالین و یەکێتیی سۆڤییەت کە ئەوکات چەند هەنگاو لە ئەرکە

کۆمەڵایەتیەکانی خۆی دوور کەوتبۆوە. ئەرکەکانی ڕیالیزمی ستالینزمی بەناو سۆشیالیستی بەمجۆرە لە کۆنگرە دەستنشان کرا:

**یەک: پرۆلیتارییە؛هونەر پەیوەستە بە کرێکاران و لێشی حاڵی دەبن.**

**دوو: نموونەییە؛دیمەنی هەمووڕۆژەی ژیانی خەڵک**

**سێ: واقیعییە: بەدیمەنە نواندنەکەی**

**چوار حیزبییە؛ پاڵپشتی ئامانجی دەوڵەت و حیزب بێت.(١١)**

لێرەوە ڕووبەڕووی جیاوازییەکی بنەڕەتی دەبینەوە لەمەڕ حیزبییەتی ئەدەب. ئەو حیزبییەتەی لینین بانگەشەی بۆ دەکرد زۆر جیاوازە لەم حیزبییەتەی ستالین پێداگیری لەسەر دەکرد. دووو تێگەیشتنی جیاواز بۆ حیزبییەتی ئەدەب لە ناو هەمان ڕێڕەو ڕێبازی سیاسی چینایەتی مایەی بوونی پرسیارێکی گەورەیە. ئەوە ڕاستە هەریەک لە لینین و ستالین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یەک حیزب بوون و لەرابەرایەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا بوون، بەڵام دوو بەرژەوەندی چینایەتی جیاواز نوێنەرایەتی دەکەن. حیزبییەتی ئەدەب لە دیدی لینینەوە بریتییە لە جیهەتگیری ئەدەب بۆ خەباتی چینایەتی کرێکاران دژ بە بۆرژوازی. واتە ئەدەب ببێتە سەکۆی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار و خەڵکی بەشمەینەت لەدژی سەرمایەی چەوسێنەر. لینین دەڵێت " **ئەدەبی حیزبی ناکرێت بەنسبەت پرۆلیتاریای سۆشیالیستەوە هۆکارێکی قازانجی شەخسی بێت، یان هۆکار بێت بۆ قازانجی کۆمەڵی خەڵک. وە**

**ناشبێت بەشێوەیەکی گشتی کێشەی تاک بێت و سەربەخۆ لە کێشەی گشتی پرۆلیتاریا. بڕوخێن ئەدیبە ناحیزبییەکان! بڕوخێن ئەو ئەدیبانەی لەسەرووی خەڵکەوەن. پێویستە ئەدەب ببێتە بەشێک لەکێشەی گشتی پرۆلیتاریا.**"( ١٢) حیزبییەتی ئەدەب لە گۆشەنیگای لینینەوە دروست بەمانای جیهەگیری چینایەتی ئەدەبە لە ململانێی کۆمەڵایەتی نێوان کار و سەرمایە. بەڵام پرسی حیزبییەتی ئەدەب لەسەر دەستی جۆزیف ستالین مانایەکی تر پەیدا دەکات و بۆ ستالین و ستالینیزم حیزبییەتی ئەدەب بەواتای داکۆکیکردنی ئەدەب دێت لە حیزبی دەسەڵاتدار نەک چینی کرێکار. ئیتر لەو مێژووەوە ستالینیزم لەهەموو بوارەکاندا تەواوی دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری بۆخۆی چنییەوە بەئەدەب و هونەریشەوە. لێرەوە دەتوانین ماهیەتی ڕیالیزمی سۆشیالیستی کەلەبنچینەدا گوزارشت بوو لە ئەدەبی پرۆلیتاریی، دەگۆڕدرێت بە ڕەوتێکی ئەدەبی پانوپۆڕ و تێکەڵییەک لە ئەدەبی کرێکاریی و میللی و دژە ئیمپریالیزم و دواجاریش دژە ئەمریکا. گۆڕانی جەوهەری ئەدەب، گۆڕانی چینایەتییە و لە ئەدەبی دژی سەرمایەدارییەوە گۆڕدرا بە ئەدەبی دژی ئەمریکا. بۆیە دەبینین دوای هەرەسهێنانی بلۆکی بەناو سۆشیالیستی سۆڤییەت، بڵاوکردنەوە و پشتیوانی لەو ئەدەبەش کۆتایی پێهات. ئێمە کاتێک لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیەوە باس لەو دوو جۆرە ئەدەبە دەکەین، مەبەستمانە ڕووخسار و ناوەڕۆکی هەردوو ئەدەبەکە و هەروەها جیهەتگیریی چینایەتیان بدەینە بەر باس و شرۆڤە و خوێنەر ئەوەی لا ڕوون بێت کە ئەو ئەدەبی پرۆلیتارییەی ئێمە باسی دەکەین بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە ڕیالیزمی

سۆشیالیستییەکەی دەورانی یەکێتی سۆڤییەتەوە نییە.ئەو ئەدەبەی ئێمە مەبەستمانە و لێی دەدوێین، ئەدەبی شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریای هوشیارە، ئەدەبێکە دژ بە ستەم هەڵاواردنە، دژ بە بێبەهاکردنی ئینسانە، دژ بە جەنگە، دژ بەهەژاریی و نەخوێندەوارییە، دژ بەکاری منداڵانە، دژ بە ئاوارەیی و بێخانە و لانەییە، دژ بە هەر هەوڵێکی بۆرژوازییە کە دەیەوێت ئینسان وەک کاڵا تەماشا بکات. ئەدەبێکی بەرز و پایەکانی لەسەر بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران دامەزراوە.

## ئەدەبی پرۆلیتاریی کوردی

کاتێک باس لە ئەدەبی پرۆلیتاریی کوردی دەکەین، ناکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ تێگەیشتن لە گەشەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ناسینی هێزەکانی بەرهەمهێنان، ڕۆشناییەکی دروست بخەینە سەر هۆکارەکانی سەرهەڵدان و گەشەی ئەو ئەدەبە لەکوردستان. گەشەی مادیی کۆمەڵگەی کوردستان بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەهۆی کۆمەڵێ هۆکاریی سیاسیی و ئابوورییەوە، زەمینەی هاتنە مەیدان و سەرهەڵدانی چینێکی نوێی بوو کە چینی کرێکاری کورد بوو. دیارە گەشەی نیزامی سەرمایەداری خۆرئاوا و بەرهەمهێنانی کاڵا پێویستی بە بازاری نوێ هەبوو بۆ ساغکردنەوە.ئەم کاڵا ساغکردنەوەیە هەندێجار بە ئاشتی لەرێگەی دیپلۆماسییەوە و هەندێجاری تریش بە جەنگ چووەتە پێش. خۆرهەڵاتی ناوین هەر لە سەرەتای سەدەی چواردەوە، ١٣٠٠ی زایینیی، لەژێر هەژموونی ئیمپڕاتۆری عوسمانی بوو تا ساڵی ١٩١٨ کە جەنگی جیهانی

یەکەم کۆتایی هات و ئەو ئیمپراتۆرەش هەڵوەشایەوە. جەنگی جیهانی یەکەم لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا کۆتایی هات. بەریتانیا و فەرەنسا خۆرهەڵاتی ناوینیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد. هاتنی ئیپمریالیزمی بەریتانیا و فەرەنسا بۆ خۆرهەڵاتی ناوین جگە لە دووبارە کێشانەوەی نەخشەی ناوچەکە و دروستکردنی وڵاتانی عێراق و سوریا و تورکیا و هەروەها دانانی سیستەمی سیاسی نوێ بۆ ئەو وڵاتانە. ئیتر وردە وردە کۆمەڵگە ڕووبەڕووی ئاڵوگۆڕی تازە دەبۆوە. ئیمپریالیستان لەپێناو قازانجی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەی زیاتر بە ناچاری هەندێ کاریان کرد لەوانە ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر و کردنەوەی بەندەرە ئاوییەکان و لێدانی بیرە نەوتەکان و هێنانی چاپخانە و تاد. **بەمەش ئیپمریالیزمی بەریتانیا و فەرەنسا کەوتنە خستنەگەڕی هێزی کاری هەرزانی ئەو وڵاتانە و ئەمەش خۆی بووە هۆی سەرهەڵدانی چینێکی تازە (چینی کرێکار). گەرچی چینی کرێکاری عێراق کە لە ڕووی سەرهەڵدان و گەشەکردنەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ چینی کرێکاری وڵاتانی ناوچەکەدا نییە(١٣)** کە دەستپێکی بزووتنەوەکە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەوە دەست پێدەکات، پەیدابوونی چینێکی کۆمەڵایەتی نوێ لە هەناوی نیزامی دەرەبەگایەتیدا خۆی بەمانای ڕەتکردنەوە و نەفیکردنەوەی دەرەبەگایەتییە. هەرچەندەش لەدوای پەیدابوون و سەرهەڵدانی ئەو چینەش، دەرەبەگ و پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی هەر مابوون و مەسەلەی زەوی یەکلا نەبووبووەوە و جووتیارانیش لەژێر ستەمی دەرەبەگدا دەیان ناڵاند، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگە تا دەهات زیاتر بەرەو سەرمایەداری هەنگاوی

دەنا. جووتیاران و کرێکاران شانبەشانی یەکتر لە کۆمەڵگەکانی خــۆرهەڵاتی نــاوین و بەتــایبەتیش لە کوردســتان بــوون بەو واقــیعەی کە جووڵانەوەکانیــان مــۆرکی خۆیــان بە ڕووداوە سیاسی و ئابوورییەکانەوە دەنا. بەشێک لە ئەدیبانی کوردیش ئەوانەی لایەنگــر و بــزوێنەری بزاڤــی ڕۆشــنگەری بــوون لە کوردســتان، حــوجرە و دیوەخــان و مــزگەوت و خانەقاکانیــان جێهێشت و هـاتنە ناو کـۆمەڵگەوە، لە شـیعر و بەرهەمەکانیـان کەوتــنە گوزارشــت کــردن لەو واقــیعە تــاڵەی گــۆمەڵگەی کوردی.واقیعێک کە تەنهــا بە چــاویلکەی شــاعیرانی دەرەوەی ڕەوتـی بـاوی دەرەبەگـایەتی – سـەرمایەدارییەوە دەبینـرا. لێرە بەدواوە قۆنـاغێکی تـازە دەسـت پێدەکات و ئیتـر ئەدەب لە نێـو مزگەوت و حوجرە و خانەقا و دیوەخانەکان دەهێنرێتە دەرەوە و تـێکەڵ بە کـۆمەڵگە دەکرێـت. قۆنـاغێکی ڕۆشـنگەری لەنێـو بـزووتنەوەی ئەدەبـی کوردیـدا سـەرهەڵدەدا و ئەدیبـان دەکەونە دەرەوەی پــووڵ و ســەدەقەی دەرەبەگ و بە هەژاری بەڵام بە هەڵوێســتانە دەژیــن. ئەدیبــانی ئەو ســەردەمە شانبەشــانی سیاسـییەکانی کـورد لە هەوڵـی هۆشـیاکردنەوەی خەڵـک دەبـن. ڕۆژنـامە و گۆڤارەکـانی وەکـو (هەتـاو، ژیـن، ژیـان، گەلاوێـژ، یادگـاری لاوان و دیـاری لاوان، تێگەیشـتنی ڕاسـتی، هیـوا، زاری کرمانجی، ئازادی، ڕۆنـاهی، ...تـاد) ڕۆڵیـان گێراوە لە سـەپۆرتی ئەو بـزووتنەوە ڕۆشـنگەرییە و تـوانرا کـاریگەری بـاش بەسـەر کــۆمەڵگەی دواکەوتــووی کوردســتان دابنــێن. ئامــانج لەم بزووتنەوە ڕۆشنگەرییەش هەوڵدان بوو بۆ:

**یەک**: پەنجەخســتن بــۆ ســەر دەردە کۆمەڵایەتییەکــان و ســەرچاوەی دواکەوتــوویی کــۆمەڵگەی کــوردی و لەوێشــەوە

نیشاندانی چارەسەر کە هەر زانست و خوێندەواریی دەتوانێ کۆتایی بەم مەینەتییانە بێنێت.

**دوو**: بەرچاوخستنی داخوازییە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان و مەسەلەی ئازادی و تێکهەڵکیشکردنی ئەدەب و سیاسەت وەک دیاردەیەکی نوێ لە ئەدەبیات بە زمانی کوردیدا هاتە ئاراوە.

**سێ**: ڕزگاری ژنان و تەماشاکردنیان وەکو ئینسان و بانگەوازکردنیان بۆ مەیدانی خەبات.

ئەم دۆخە لەژێر کاریگەری هەردوو جۆری ئەدەب (ئەدەبی نەتەوەیی و ئەدەبی سۆشیالیستیی)دەچووە پێشەوە و هەریەکەشیان بە ئاسۆ و تێڕوانینی سیاسی چینایەتی خۆیان گوزارشتیان لە دۆخەکە و دیاردەکان کردووە. سیستەمی چینایەتی دەرەبەگایەتی نەیدەتوانی لەئاست گۆڕانەکان بێت و وەڵام بە کێشە جەوهەرییەکانی ژیانی ئینسانەکان بداتەوە، **ناکۆکییەک سەرتاپای سیستەمەکەی تەنیبووەوە، بۆیە بێهۆ نەبوو جووتیاران لە ئەنجامی ستەم و چەوسانەوەی بێئەوپەڕی دەرەبەگەکان، دەستیان دایە ڕاپەڕین و جوانترین مێژوویان بۆ خۆیان تۆمار کرد(١٤)**.تایبەتمەندی ئەو قۆناغە لەوەدایە لە کاتێکدا جووتیارانی بێبەش لە ژیان و زەوی لەژێر سێبەری سیستەمی دەرەبەگایەتی لە لادێکان لەوپەڕی چەوسانەوەدا بوون، جووتیارانیش سەرباری ئەرکی قورس و ژیانی پڕ لە مەینەتیان، دەبوایە تێبکۆشن دژ بە دەرەبەگایەتی.

گەشەسەندن و ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە و وردە وردە جێکەوتەبوونی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پێویستی بوونی هێزی زیاتری

کـــار لەپێنـــاو قـــازانجی زیـــاتر لەلایەک و لەلایەکـــی تـــرەوە نـــابوودبوونی پەیوەنـــدییەکانی بەرهەمهێنـــانی دەرەبەگـــایەتی و دابڕانـی زیـاتری جووتیـاران لە زەوی، ئەو چینـەی ناچـار کـرد کۆچ بکەن لەلادێوە بۆ شار. چونکە (ئەو زۆرانبازییە و ژیانی پڕ لە دەردی ســـــەری لادێ و جەور و ســـــتەمی مولْکـــــدارە لادێنشـــینەکان، لەگەڵ چەنـــدەها هـــۆی تـــر، چەنـــد دەســـتە و کۆمەڵێکی لە جووتیار و وەرزێر و سەپان و ڕەنجبەر و شـوان و گـاوان..**ناچـار کـرد لە لادێـوە بەرەو شـار کـۆچ بـکەن و بە ســـەدان و هەزاران خێزانیـــان لە شـــاردا نیشـــتەجێ بـــن و بەشێکیشـیان هەردەم کـۆچ و باریـان بەسـەر شـانیانەوە بـێ و تـامی دڵنیـایی و سـەقامگیری نەکەن(١٥)**. ئەم دۆخە هێزێکـی یەدەگی کاری هێنـایە ئـاراوە و چینـی کرێکـاری پـانوپۆڕتر کـرد. ئاڵوگۆڕ لە ژیانی پرۆلیتاریای شـار و فراوانکردنەوەی هـۆش و بیری ئەو چینە سەبارەت بە مانـای ژیـان و خەبـات و کـۆمەڵگە، کـاریگەری جیـددی لەســـەر ئاســـتی بیرکـردنەوەی ئەو تەیـفە لەجووتیـار و سـەپان و وەرزێـر و ڕەنجـبەر و شـوان و گـاوان دانـا.(**چـونکە تـێکەڵاو بـوون لەگەڵ هەزاران کرێکـاری تـر و پێوەنـدی بەسـتن لەتەک ئـامێر و کەرەســەی بەرهەمهێنــان و بنیاتنـانی نـوێ دا..کێشـەکە بەو بـارەدا دەخـاتەوە کە خۆیـان و هەزارانـــی وەکـــو خۆیـــان دەبیـــنن، نەک هەر پاشـــەڕۆژێکی مسۆگەریان نییە و بەس، بەڵکو بێ بازاڕی خۆی گەیاندۆتە تاکە سەرمایەکەیان، کە ئەویش هێزی کارکردنیـانە و سـەرجەم ئەم بـارە ئالۆزەشـیان، لە ئەنجـامی بـێ بەرییـانەوەیە لە هێزەکـانی بەرهەمهێنـــان(١٦)**. لەگەڵ تێپەڕبـــوونی کـــات و چوونەســـەری تەمـاحی سـەرمایەداران بـۆ قـازانجی زیـاتر و دەسـت و پەنـجە

نەرمکردنــی هەرچــی زیــاتری کرێکــاران لەگەڵ ئامرازەکــانی بەرهەمهێنـان و تێگەیشـتن لە خـۆ وەک چینێکـی سـەربەخۆ، ئەو چینە خەملاوتر و کاملتر دەکات. خەباتی سیاسی ئەو چینە جگە لە ڕێکخـراوە کرێکارییەکـانی خۆیـان، حیزبـی سیاسـیش دێنێـتە دەرەوە. لێــرەدا زۆر گــرنگە لەو ڕاســتییە بگەیــن کە حیــزبە کۆمۆنیسـتەکانی خـۆرهەلاتی نـاوین (حیزبـی شـیوعی عێراقـی، حیزبـی تـودەی ئێـران، حیزبـی کۆمۆنیسـتی تورکیـا و حیزبـی شیوعی سوریا) لەژێر سێبەری سیاسەتی سۆشیالیزمی ستالینی هاتوونەتە دامەزراندن. هەر بۆیەشـە سیاسـەتەکانیان دەرهەق بە چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی و مارکسـیزم و سۆشـیالیزم و ڕیفـۆرم و سـەندیکا تـا دەگـاتە ئەدەبـی ڕیـالیزمی سـتالینیی، سیاسـەتی کرێکـاریی و کۆمۆنیسـتیی نەبـووە. بەچاوخشـاندن بە ئەدەبیـاتی ئەو حیزبـانە دەردەکەوێ کە چەنـد دوورن لە چینـی کرێکار و تا چ ئاستێک دوورن لە مارکسیزمەکەی مارکس.

دوای کۆلۆنیـالیزەکردنی خـۆرهەلاتی نـاوین و هەروەهـا دوای خســتنە ژێــر هەژمــوونی ئەو نــاوچەیەلەلایەن ئیمپریــالیزمی ئینگلیزیی و فەرەنسییەوە بۆ دەسـەلات و بەرژەوەندی سیاسـی و ئـابووری خۆیـان، چەنـد هۆکارێـک بـوونە هـۆی جۆرێـک لە ئالوگۆڕ لە ناوکۆی کۆمەلگەی کوردیدا، لەوانە:

**یەک: کـردنەوە و بنیادنـانی ژمـارەیەک کـارگە و کارخـانە و پڕۆژەی بەرهەمێنـان و گواسـتنەوە و دروسـتکردنی بەنـدەر و ڕاکێشــانی هێلــی شــەمەندەفەر، ئەمەش بــووە هــۆی خســتنە سەرکاری ژمارەیەکی زیاتری کرێکاران و پێکهاتنی گۆڕان لە جۆری بیرکردنەوە و هۆشیاری کۆمەلایەتی کرێکاران.**

دوو: هێنانی چاپخانە بۆ کوردستان و دەرکردنی ژمارەیەک گۆڤار و ڕۆژنامە لەو سەردەمەدا وەکو بانگی حەق و ژین و ژیان و زاری کرمانجی و ڕۆناهی، یادگاری لاوان و دیاری لاوان و تاد، کە لەلایەکەوە بوونە هۆی بەهێزکردنی زمانی کوردی و لەلایەکی تریشەوە بوونە دەروازەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەوانەش دەقە ئەدەبییە پرۆلیتارییەکان.

سێ: دامەزراندنی کۆمەڵە و یانەی ئەدەبیی جۆراوجۆر وەکو یانەی سەرکەوتن و جەمعیەتی تەرەقی. ئەم یانە و جەمعیەتانە کاریان بەهێزکردنی بزاڤی ئەدەبی و سیاسیی کورد بووە لەو سەردەمەدا.

چوار: برەودان بە خوێندن و خوێندەواری و کردنەوەی قوتابخانە و دنەدانی خەڵک بۆ فێربوونی خوێندەواری و ڕزگاربوون لە تاریکی و جەهل و نەزانین.

پێنج: هاتنە مەیدانی بزووتنەوە سیاسییە نەتەوایەتی و چینایەتییەکان لە کوردستان. لەم نێوەشدا چەندین حیزبی سیاسی دروستبوون.

شەش: بە دنە و هاندانی بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستان، ئەدیبان و شاعیران کەوتنە نووسینی بەرهەمە ئەدەبییەکان و بڵاو کردنەوەیان. ئەم بەرهەمانەش ڕەنگدانەوەی ئاستی بیروبۆچوونی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکی کوردستانە. لێرەدا دوو جۆر لە ئەدەب دێتە ئاراوە و باڵادەستی خۆیان بەسەر سەرجەم بەدەنەی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا دەسەپێنن. دوو جۆر ئەدەب کە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە سەر بە

**دوو چینی جیاوازن. دوو بەرژەوەندی چینایەتی جیاوازیان هەیە، دوو ئاسۆ و تێڕوانینی چینایەتیان هەیە. یەکێکیان ئەدەبی کوردایەتی یان نەتەوەیی کە ئەدەبی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردیە و تا ئەمڕۆش هەناسە دەدا.دووەمیان  ئەدەبی چینایەتی کرێکاران و سۆشیالیستییە، کە لەژێر هەژموون و سێبەری ئەو مۆدیلە لە سۆشیالیزمی ستالینییە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕەواجی بوو.(١٧)**

لە سالانی ١٩١٧ ی زایینی کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن لە ڕوسیا هاتە بەرپابوون، سەدای ئەو شۆڕشە هەر بە زوویی گەیشتە گوێی دونیا. هەواڵی کۆمۆنیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر و خەباتی کرێکاران خۆی دەکرد بە هەموو جێگا وکون وکەلەبەرێکی جیهان. ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوینیش بێبەش نەبوو لەو هەواڵە خۆشەی ڕزگاری کرێکارانی ڕوسیا و گەیشتنیان بە ئازادی.ئەویش لەچەند ڕێگایەکەوە وەک:

**یەک: لێرە و لەوێ چ بە لایەنگر یان بە دژایەتی لە بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبیی و فارسیی و تورکییەکان باسی  شۆڕشی ئۆکتۆبەر و باوەڕی مارکسیزم کراوە. هەروەها نابێ ڕۆڵی یەکێتیی سۆڤییەت لەیاد بکەین لە دەرکردن و چاپکردنی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە  بە زمانە جیاجیاکان، ئەمە سەرباری وەرگێڕانی نووسراوەکانی مارکس و ئەنگڵس و لینین بۆ سەر زمانە جیاجیاکان و بڵاوکردنەوەیان لە ئاستێکی فراواندا.**

**دوو: ڕۆشنبیرانی میللەتانی سەردەستەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لە جەرگەی کۆمەڵگەی دەرەبەگی خۆیاندا**

**ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێش دەچوون و گەشەیان دەکرد، هەوڵیان دەدا لەگەڵ بیرۆکەی سۆشیالیزم ڕێک بێنەوە و ستراتیژییەتی کارکردنیان لەگەڵ ستراتیژیەتی سۆڤییەتدا کۆک و تەبا بکەن. سەرەنجامیش حیزبە شیوعییەکانی تورکیا و عێراق و سوریا و تودەی ئێران دێنە دامەزراندن. لێرەشەوە ڕۆشنبیرانی کورد شانبەشانی ڕۆشنبیرانی عەرەب و فارس و تورک ڕۆڵی گەورە و پۆزەتیڤیان گێڕاوە لە گەیاندنی بیروباوەڕی مارکسیزم بۆ ناو چینی کرێکار و کۆمەڵگەی کوردستان.**

**سێ: سەفەرکردنی قوتابیان و هەروەها دەستڕۆیشتووان بۆ دەرەوەی وڵات و دەستڕاگەیشتن بە زانیاری گونجاو و نەقلکردنی ئەو زانیارییانە بۆ نێو کۆڕ و دەستەکانی شۆڕشگێڕان و لەوێشەوە شۆڕبوونەوەی ئەو زانیارییانە بۆ نێو چینی هەژاری کۆمەڵگە.**

**چوار: ڕادیۆ و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی خۆیان دیوە لەم بوارەدائەم هۆکارانە گەرچی بەدەست ڕژێمە سەرکوتگەرەکانەوە بوون، بەڵام ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە لە وشیارکردنەوەی خەڵک و ئاگادار بوونی خەڵک لە هەواڵ و دەنگوباسی ناوچەکە و جیهان.(١٨)**

بەم جۆرە ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە بە تێگەیشتنی خۆیان و بەپێی ئەو زانیاری و سەرچاوانەی کە لەبەردەستیاندا بووە، مارکسیزمیان خوێندۆتەوە و هەر بەو جۆرەش لێی حاڵی بوون. ئەشکالاتێک(ئاریشەگەلێک) کە دەسەڵاتی سۆڤییەتی جاران هەیبووە و هەروەها سیاسەتێک کە سۆڤییەتی جاران گرتبوویە

بەر دەرهەق بە دروستکردنی حیزبە شیوعییەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر هەموو ئەو ئاریشانەی لەگەڵ خۆیدا گواستەوە نێو ئەو حیزبانە و ئەنجامیش ئەو حیزبانە هەر لە بناغەوە بە ناکۆمۆنیستبوونی هاتنە دامەزراندن و هەر بە ناکۆمۆنیستبوونیش هەناسەیان دا. دروشم و سیاسەتی ئەو حیزبانە غەیرە کۆمۆنیستی بوو و هەرچەندەش لەهەر وڵاتێک تا ئاستێک لە چینی کرێکارەوە نزیک بوون و تەنانەت لە چەندین وڵاتیشدا دەسەڵاتی سیاسییان گرتە دەست، بەڵام هەمیشە مەودایەکی بەرین لەنێوان ئەو حیزبانە و مارکسیزمدا هەبووە. ئەدیبانێکیش کە لەم حیزبانەدا ئەندام یان هەوادار یان لایەنگر بوونە و ویستویانە بە شیعر گوزارشت لە بیروباوەڕی خۆیان بکەن، هاتوون هەمان شیعار و سیاسەتی حیزبیان بەیان کردووە کە لە باشترین حاڵەتدا پشتیوانی کردنی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و سۆشیالیزمەکەی ستالین و تەنانەت ستایش و پیاهەڵگوتن بە ستالین بوو.

## نیولیبڕالیزم و ئەدەبی کوردی

ئەدەبی نیولیبڕاڵی کوردی بەو ئەدەبە دەوترێت کە ئەمڕۆ پانتاییەکی فراوانی لە بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی داگیر کردووە و بەشێک لە ناودارترین نووسەرانێک خەریکن برەوی پێدەدەن. ئەدەبی تا ڕادەیەک باوی ئەمڕۆی کوردیە کە میدیای کوردی سەپۆرتی دەکات و لە پشتییەوە وەستاوە. ئەو ئەدەبەیە کە سەرەتا گروپی ڕەهەند لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ئەنجامی ڕەخنەیەکی گشتی و هەمەلایەنەوە

ئیشی لەسەر کرد و وەک مۆدیلێک لەناو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی چەسپا. پایەی هەستانی کارەکانی ئەم مۆدێلە ئەدەبییە لە میتۆدی بونیادگەرییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم ڕەوتە ئەدەبییە هەوڵیدا لە ئەدەبی باوی کوردی دەیەی حەفتاکان و هەشتاکان جیاوازتر بێ. ئەو ڕەوتە لە دەیەی نەوەدەکان و سەرەتای هەزارەی سێهەم دەبێتە کاریگەرترین ڕەوتی ئەدەبیی کە کۆی پێکهاتەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی خستە ژێر هەژموونی خۆیەوە. لەم سیاقە مێژووییەوە ئەدەبی نیولیبڕاڵی کوردی توانی لەسەر پێی خۆی بوەستێ و نەک هەر ئەمەش بەڵکو توانی زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی ئەدەبی کوردیدا بکات و لەهەمان کاتیشدا کۆمەڵێ بنەما و پرەنسیپ، وەک کلتوور، بەڵام کلتوورێکی ناشیرین جێ بخەن. یەکێک لەو بنەمایانە خولّقاندنی کاریزما و برەودان بوو بە ئیشکردن لەسەر کاریزمای کەسێتی، ئەمەش جوان لە لێکدانەوە و نووسین و وتار و تەنانەت قسەکردنی پەیڕەوکەرانی ئەو ڕەوتە هەست پێدەکرێت. میدیای نووسراو و بینراو و بیستراوی کوردی دریغی نەکردووە لە پشتیوانی و سەپۆرتی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە بەڕادەیەک هەر نووسینێک بۆنی ڕەخنەی لەم ڕەوتە ئەدەبییەوە لێبێت، شانسی بڵاوبوونەوەی کەمترە. بنەمایەکی تر لای پەیڕەوکەرانی ئەم ڕەوتە بریتییە لە بەستنی پەیوەندی ژێربەژێر لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی ( **بوون بە نووسەری حیزبیی)** (١٩) و هەڵپەکردن بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ماددی لەهەر ڕێگەیەکەوە بێت. وەک پلە و پایە و زەوی وەرگرتن و مووچە برینەوە و لە هەمووشی قێزەوەنتر خانەنشین کردنی نووسەران ئەدیبان و ڕۆشنبیرانیان داهێنا. لێرەوە قاچ خلیسکاندن

نووســـەرانی ئەو ڕەوتە ئەدەبیـــیە دەســـت پێـــدەکات. ئەمەش شـــەرعیەتدانە بە جۆرێـــک لە گەنـــدەڵی کە هەر خـــودی ئەو نووســەرانە ســەردەمانێک لافــی بە هەڵوێســت بوونیــان لێدەدا. دوواجـار هەر ئێستا بەبەرچاومـانەوە دەگـوزەرێ و دەبینـین کە بەشێکی بەرچاوی ئەو نووسەرانە بوونەتە موبەلیغ و مرەویجی ئیســـلامی سیاســـی و بـــاڵی ڕاســـتی ناســـیونالیزمی کـــوردی. بنەمـایەکی تـر وەسـتانەوەیە لە دژی ئەو دەسـتەواژە و تێـرمە فکریـــی – سیاســـییانەیە کە نووســـەرانی ئەو ڕەوتە باســـیان کـردووە و ئیشـیان لەســەر کـردووە. بـۆ نمـوونە تێرمەکـانی لێبووردەیی و یەکتـر قەبـووڵکردن. لایەنگرانـی ئەم ڕەوتە لە زۆر بۆنە و نووسـیندا پێ لەسـەر نـاوەڕۆکی ئەم تێرمـانە دادەگرن و لە کردەوەشدا ئەوەی ڕەخنەیان لێبگرێت، دەکەوێتە بەر شـاڵاوی قسە پێوتن و تەشهیری بێمانای لەچەشنی بێفیکر و بێ مەعـریفە و زبـڵ نـووس و نـا ئەدیـب و نـا نووســەر ..تـاد. لەم پانتـایی نووســـین و بەرهەمهێنـــانی ئەدەبیـــاتەدا، هەنـــدێجار دەبیـــنم لایەنگرانـی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە خەریکـی ڕەتکـردنەوەی ئەوانـی تــرن. لەدیـدی ئەو نووســەرانەوە تەنهــا خۆیــان خوێنــدەوار و خاوەن زەخیرەی مەعریفی جوان و زمـانێکی مـرۆڤ دۆسـتین و هەرچـــی ئەوانـــی تریشـــن نەخوێنـــدەوار و کـــوردی نەزان و لاسـاییکەرەوەن. لەدیـدی ئەو بەڕێـزانەوە، تەنهـا ئەوان نـوێنەری داهێنـان و جـوانین و ئەوانـی تـریش سـوپایەکن خـاڵی لە فکـر و داهێنـان. ئەم نەخۆشـییە بە ئەنـدازەیەک لە چاوپێکەوتنەکانیانـدا خـۆی نمـایش دەکـات. مـن پێمـوایە ئەم کەسـانە پێویسـتیان بە دەســـتگرتن و بەرچـــاو ڕوونیـــی هەیە. ئەم قەڵەمبەدەســـتانەی دونیـای نووسـین لەو دۆخە حـاڵی نین کە دەشـێ شـاعیرانێک بە

پلەی جیاواز شیعر بنووسن و هەمووشیان شاعیر بن. ئەم مێرخاسانە جگە لەو وێنە و چوارچێوە تایبەتەی لە مێشک و زەینی ئەواندا هەیە، کەسی تر شاعیر نییە و کەس مافی شاعیربوونی نییە. ئەوە ڕوونە ئاستی داهێنانی شاعیرێک لەگەڵ شاعیرێکی تردا جیاوازە، دەشێ هەر شاعیرێک تام و چێژ و بۆنی شیعریی خۆی هەبێ. ئەم عەقڵیەتە دۆگمایەش بەرئەنجامی کاریگەری تەبلیغاتی دەیان ساڵەی گروپی ڕەهەندە لەسەر نەوەیەک کەوا بارهێنراون کە جگە لە خۆیان و موریدەکانیان بەرهەمی کەسی تر نەخوێننەوە و ئەمەش توخمێکی نێگەتیڤی ئەو پەروەردە نا تەندروستەیە. شایانی وتنە فەلسەفەی هاتنەمەیدان و سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە ڕزگارکردنی ئەدەبی سەردەستە و باوی کوردی بوو لە مەرگ. ئەم فریادڕەسە لە ڕۆژگارێکدا سەریهەڵدا کە ئەدەبی کرێکاریی و شۆڕشگێڕانە لە ئارادا نەبوو و کە نەک هەر لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش وەکو ئێستا پاشەکشەی پێکرابوو. ئەم ڕەوتە ئەدەبییە سەرباری ئەم بنەمانایانەی باسمان کرد، بە چەند خەسڵەتێک دەناسرێتەوە,منیش هەوڵ دەدم لە چەند خاڵێکدا بیانخەمە ڕوو.

**یەک: ئەم ئەدەبە گوایە بنەمای کارەکانی خەیاڵ و گومانە و وەدەرنانی یەقینە لە جیهانی دەقی ئەدەبیدا، لێرەدا دەکەوێتە بەرامبەرکێ لەگەڵ هاوکێشەی ئەدەب و سیاسەت. گومانی تێدا نییە کە پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت، پەیوەندییەکی مێژوویی قووڵە. ڕەتکردنەوەی بە سیاسەتکردنی ئەدەب لە ژێر هەر بڕوبیانوویەک بێت لە بنچینەدا ڕەتکردنەوەی بە سیاسەتکردنی ئەدەب نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی بە چینایەتی**

کردنی ئەدەبە یان ڕوونتر بڵێم ڕەتکردنەوەی بە پرۆلیتاریکردنی ئەدەبە. ئەم ڕەوتە ئەگەر چی ڕووکەشانە ڕەخنە لەم بۆچوونە دەگرێ و هاوکێشەی ئەدەب و سیاسەت ڕەت دەکاتەوە، کەچی لە بەرامبەر ئەدەبی شۆڕشگێڕانەی کرێکار یان بە چینایەتیکردنی ئەدەب، فشاری ڕقەبەرایەتی و سەنگەرگرتنی لە خەڵکی هەژار، بەرز و بەرزتر دەبێتەوە. ئەم دەموچاوانە بە هەر جۆرێک مکیاج بکەن ناتوانن جەوهەری دژە شۆڕش و دژە شۆڕشگێڕانەی خۆیان بشارنەوە.

دوو: پەیوەندی نێوان ئەدەب و واقیع لای ڕەوتی ئەدەبی نیولیبڕاڵیی کوردی لەسەر بنچینەی وێناکردنی واقیع و ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە دانەمەزراوە، بەڵکو داهێنانی ئەدەبیی پارچەیەکە لە خەیاڵ و لای ئەوان نە پەیوەندی بە واقیعەوە هەیە و نە واقیع عەکس دەکاتەوە، بەڵکو بە هونەر و زمان واقیعێکی تر لە خەیاڵ دروست دەکات و خوێنەریش دەکێشێتە نێو ئەو واقیعە تازەیەوە.

بەم پێیە باسکردن لە تیرۆری ڕۆژنامەنووسێک، ئاهی ناو دڵ و دەروونی دایکێکی جگەر سووتاو، ئازاری باوکێک لەبەر هەژاری و دەستەنگی لە دوو ڕۆژە نانی نەداوەتە منداڵەکانی، دەست یان پەنجە پەڕینی کرێکارێک لە کاتی کارکردندا بە هۆی ئامێرەکانی کارکردنەوە لە کاتی چاپکردنی کتێبێک یان ڕۆژنامەیەک، خۆکوژی گەنجێک لە ئەنجامی بێکاری، خۆ سوتاندنی ژنێک کە بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی یان بەهۆی دواکەوتوویی خێزانەکەیەوە کە بە زۆر دراوەتە شوو،کوشتنی ژنێک لەژێر پەردەی ناموس پەرستیدا..تاد، هەموو ئەمانە ئەدەبی نیولیبراڵیی

کـوردی خـۆی لێیـان لادەدا و پشـتیان تێـدەکا و ئاوڕیـان لـێ ناداتەوە و خۆشیان بە بەرەی خەڵک دەزانن و ئەمە جگە لەوەی خۆیان بە داهێنەر و پێشڕەو دادەنێن و چاوەڕوانی ئەوەشیان لە خوێنەر هەیە وەک پێغەمبەرێکی ئیلهامبەخش ناویـان بێنن. ئەم ڕەوتە ئەدەبییـە هەرچییـەک بکـات و هەر دەقێـک لە بەرگێکـی هونەری قەشەنگیش نمایش بکەن ئەو دەقە ناچێتە چوارچێوەی خزمەتکـردن بە مرۆڤـایەتی و مەسـەلە گرنگەکـانی. بـۆیە ئەو ئەدەبە بۆ خەڵک و ژیانی پڕ لە کۆیلەتی خەڵک، سەلکە تـورێکی قوڕاوی ناهێنێ.

سـێ: ئەم ڕەوتە وەک خۆشـیان ئیـدیعا دەکەن ئەدەبـی نـوخبە پەرە پێدەدەن. ئەدەبی فراوانی خەڵکی کرێکـار و زەحمەتکێش جێگایەکی نییە لە دیدگای چینـایەتی ئەوانـدا. هەر بۆیە ئەدەبی ئەم ڕەوتە ئەدەبی تاک و ئیندیڤیجواڵە و خەمی کۆمەڵگەیان نییە و دەقەکانیان چەند لا لەم تاکە گۆشەگیرە بکاتەوە، هێشتا پێیان کەمە.

چوار: کوشتنی کۆ و دەنگی کۆ و ڕەخنەبارانکردنی هەر دەقێک کە ڕووی لە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بێت. گەڕانەوە بۆ تاک وەک مەرجەعیەتی خوڵقاوی ئەدەبیی و دژیەتیکردنـی ئەو کلتوورەی کە بە فەرهەنگی شۆڕشگێرانە ناو دەبرێ.

پێـــنج: ئینکـــارکردنی ململانێـــی چینـــایەتی و دژایەتیکردنـــی کارەکتەری چینی کرێکار وەک هێزی ئاڵوگۆڕبەخشـی ژیـان و کـۆمەڵگە و لەبەرامـبەردا نیشـاندانی ئەزەلیـیەت و ئەبەدییەتـی نیزامی ستەمگەری بورژوازی.

شەش: ماهییەتی ڕەوتی نیولیبراڵیی ئەدەبی کوردی، کۆنەپەرستانەیە. ئەم ڕەوتە کێشەی لەگەڵ ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی ڕەوتە ئاینییەکان و خورافە و کلتوری دژی ئینسانیدا نییە. نووسەرانی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە لە چەندین بۆنەدا ستایشی ئیسلامی سیاسی و باڵی ڕاستی بزووتنەوەی کوردایەتیان کردووە و دەیکەن. ئەم ڕەوتە و پەیڕەوکەرانی خۆیان بە لایەنگری مافی مرۆڤ و دیموکراتییەت و ئازادی ڕووکەشانە دەزانن و هەموو ئەمانە دەکەن تەنها لەبەر خاتری داپۆشین و شاردنەوەی ڕوخساری دزێوی خۆیان و دەسەڵات.

حەوت: ئەم ڕەوتە ئەدەبییە ئەوەندەی ئیشی لەسەر کوشتنی ڕوحی بەرەنگاری و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک کردووە، نیو هێندە ئیشی لەسەر فراوانترکردنەوەی ئاسۆی بیرکردنەوەی خوێنەر و خەڵک نەکردووە. خوێنەر هەمیشە لە دوای خوێندنەوەی هەر کتێبێک کە بۆ ئینسان و جوانی ئینسانیەت نووسرابێ، شتێک فێر بووە. بەڵام دوای خوێندنەوەی کتێبەکانی نووسەرانی ئەم ڕەوتە (کە بە قسەی خۆیان پڕە لە مەعریفە!) خوێنەری وشیار جگە لە سەرەگێژە و سەفسەتەبازی هیچ هەڵناکڕینێ.

هەشت: دواجار ئەم ئەدەبە، ئەدەبی پارێزەر و پشتیوانی دەسەڵاتی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانن. نووسەرانی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە بەرگریکاری بێئەملاوئەولای بەرژەوەندییە مادییەکانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی کوردین. ئەو دەسەڵاتەی کە بەهەموو جۆرێک سەپۆرتی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە دەکات.(٢٠)

کاتێک باس لە ئەدیب و ڕۆشنبیری نیولیبڕاڵ دەکەین دەبێ پێش هەموو شتێک بزانین کە ئەدیب و ڕۆشنبیر پێغەمبەرێک نین و فەرمایشت بدەن و لەسەرووی خەڵک و لەسەر کورسی مەعریفە دابنیشن و فەتوای کوشتنی خەیاڵ و بەرهەمی نووسەران بدەن بەگوێی خوێنەر. ئەدیب کەسێکە یان هاوڵاتییەکی ئاساییە و مرۆڤێکە وەک هەر مرۆڤێکی تر. ئەوەی ئەدیب لە کەسێکی خاکی جیا دەکاتەوە ئەوەیە ئاستی ڕۆشنبیریی و ئاگاییەکەی لە بارودۆخ و دیاردەکان و کۆمەڵگە ناچار بە قسەکردنی دەکات. قسەکردنیش ئەگەر لایەکی ڕەخنە و چارەسەری کێشەکان بێت، ئەوا لایەکەی تری هەڵوێستە. ئەدیب زمان و خەیاڵ و هەڵوێستی لێ دەربکێشێت بەتاڵ دەمێنێتەوە. من سەیرم بەم ئەدیبانەی کورد دێت تەنها ئەو کاتە هەڵوێست وەردەگرن کە مەترسی جیدیی هەبێت لەسەر دەستکەوتە شەخسییەکانیان، وەکوتر گەر خەڵک بەقوڕی ڕەشدا بچێتە خوارێ، ئەم ئەدیبانە هەر خەریکی سەفسەتەبازی و گەمەکردنن لەگەڵ خوێنەر و خۆڵکردنە چاوی خەڵکەوەن. ئەدیبانی کورد،ڕۆشنبیرانی مۆدێلن و ئەمڕۆ جگە لە چەند نووسەر و ڕۆشنبیرێکی ئازاد، کەسیان ئەو جورئەتەیان نییە لەدەرەوەی لێکدانەوەی ڕەهەندییەکان و ڕەوتی نیولیبراڵ پێناسەی خۆیان بکەن. ئەدیبانی ئەم ڕەوتە ڕۆڵیان هەبوو لە گەورەکردنەوەی قەڵشتی نێوان خەڵک و ڕۆشنبیر و خەڵک و ئەدەب. ئەدیبی کورد خۆی لە جێگایەکی بڵندتر لە خەڵک دەبینێ و لەوێوە خەریکی خۆجوینەوەیەکی بێتامە. نەک هەر ڕۆشنبیر و ئەدیب، بەڵکو هەر تاکێکی کۆمەڵ پێویستە لەسەری بخوێنێتەوە و ئاگاداری بیر و بۆچوونی فەیلەسوفان و سیاسەتمەداران و

بیرمەندانی جیهان بێت و لەوێشەوە وەک مرۆڤێکی وشیار بە ئاگا، ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگەدا بگێرێت.

مۆدێلی ئەدیبانی نیولیبڕاڵ باسی دەردە قێزەوەنەکانی کۆمەڵگە ناکەن، خۆیان لە گەلیّ دیاردە دەبوێرن. باسی مارکسیزم و شۆشیالیزم تووشی هیستریا و سەرئێشەیان دەکات. مەسەلەی ژن و منداڵ و قوتابخانە و پەروەردە و بێکاری و..تاد بەکاری خۆیان نازانن. وەک ئەوەی ئەو نووسەرانە لە کۆمەڵگە نەژین. من وای دەبینم قسەکردن لە هەر جومگەیەکی ژیان و کۆمەڵگە،هەر لە سیستەمی بەرێوەبردنی دەسەڵاتەوە بگرە تا دەگاتە چارەسەرکردنی گرفتەکانی ژینگە ئەرکی نووسەران و ڕۆشنبیرانە. ڕەوتی نیولیبڕاڵیی کوردی جۆرە ڕۆشنبیرێکی سەقەت و ناکارا و نا ئاکتیڤی کۆمەڵایەتی وای بەرهەم هێناوە کە لەگەڵ مانای ڕۆشنبیری ڕادیکاڵ ناکۆکە و ناتوانیّ بچووکترین زەمینە بۆ ئاڵوگۆڕ بسازێنیّ. داهێنان و هزری ئازادیش لەلایەن ئەم مۆدیلە لە نووسەران و ڕۆشنبیران لەسەر جەستەی میدیای کوردی قۆرخکراوە بۆ ئەو ناوانەی کە لەلایەن سەرقافڵەی ئەم ڕەوتەوە گڵۆپیّ سەوزیان بۆ پێدەکریّ. بزووتنەوەی ئەدەبیی کوردی ئاخنراو بە کۆمەڵی ئایدیای وابەستەیی، کە تێیدا زەمینەی ئازاد و ڕزگاری نووسەر خۆی لە چوارچێوەیەکدا قەتیس کردووە کە کۆیلەبوونی نووسەر و ڕۆشنبیری کوردی بەرهەم هێناوە و بەرهەم دەهێنێتەوە. ڕەفزکردنەوەی ئەو قۆرخ سالارییەی نێو بزووتنەوەی ئەدەبی نیولیبڕاڵی کوردی لەلایەن نووسەری ئازادەوە هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ بە دەستهێنانی هزرێکی ئازاد کەلەتوانایدا بێت هەنگاوەکانی لە ئەرکە بیّ ئەملاوئەولاییەکانی خۆی دەست

نیشـان بکـات و ئەنجـامی بـدات. کـۆمەڵە ئەرکێـک کە تـا ئەم ساڵانەی دوایش جێی بایەخی جیددی نەبوونە بۆ نووسـەران. دەستڕاگەیشتن بە وردبوونەوە و ڕەخنەیەکی قووڵ لەو سـونەت و ڕێڕەوە پەیڕەوکراوانەی ناو جیهانی نووسین گرنگە، چونکە تا هـزری ئـازاد فەراهەم نەیەت، داهێنـان بەمانـای گشـتی وشـەکە دروست نابێت.

فەراهەمبوونی هزری ئازادیش لەلایەکەوە لەئەنجامی ئەو ڕەخنە قـووڵ و جەوهەریـیە لە کـۆی ڕێبـاز و ڕێـرەوە ئەدەبییەکـانی بــورژوازی جیهــان و هەروەهــا لەم تەیــفە لە ڕۆشــنبیران و نووسەرانی سەر بە مۆدیلی نیولیبڕاڵەوە سەرچاوە دەگرێ، کە بناغەکەی مل نەدان و نەچوونە سێبەری ئەو مۆدیلە ئەدەبییە و لەلایەکی تریشـەوە خـۆ چەکدارکردنە بە دونیـای مەعـریفە. ئەم پرۆســـەیە پێویســـتی بە خوێنـــدنەوەیەکی سۆســـیۆلۆژی و ئەپستمۆلۆژی هەمەلایەنە هەیە تـا کـاریگەریی ئەدەبی نیولیبڕاڵ کەمدەسـت و کەمڕەنـگ و کەم تەئسـیر بکـاتەوە و لە جێگایـدا، گەڕانەوە بـۆ ئینسـان و داهێنـان بـاڵا دەست بێ. ئیدیعای دەقی نیشـــتمانیش کە گـــوایە ئەویـــش ئینســـانی لا ســـەنتەرە، خـۆخەریکردنێکی تـری ئەو نووسـەرانەیە بـۆ ڕاکـردن لە واقیـع. ئەم ڕەخنەیە بە مانـای ڕەتکـردنەوە و ڕەفزکـردنەوەی کلتـور و کەلەپوری ئەدەبی کوردی نییە، بەڵکو بە مانـای خوێندنەوەیەکی چینــایەتی جیــدی تــرە بــۆ ئەو کلتــوورە و پێناســەکردنەوەی سەرلەنوێ و پرسیارکردنە بە مانایەکی دیکە. پێناسـەکردنەوەی تەواوی چەمک و دەستەواژە و مەفهومە مەعریفییەکان لەسایەی ئەو خوێندنەوە جیدییە چینایەتییەوە، تەکانێکە بـۆ فەراهەمکردنی بزووتنەوەیەکــی تەندروســت و جەســتەیەکی ســاغ و پــتەوی

ئەدەبیی و هونەریی کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیست و یەکدا ڕێک بێتەوە و بگونجێت و بتوانێت لە کێشمەکێشە چینایەتییەکاندا ڕۆڵی شۆڕشگێرانەی خۆی ببینێ. ئەم تێگەیشتنە لەلایەکەوە زامنی دەرهاویشتی تەیفێکی بەرین دەبێ لە نووسەران و داهێنەران کە بۆ ڕزگاری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەنووسن و لەلایەکی تریشەوە بارهێنانی تەیفێکی فراوان دەبێ لە خوێنەرانی جیدیی و بەسۆراخ، کە بەشداری چالاکانە دەکەن لە گەشتکردن لەگەڵ دەق و بوون بە کەسی دووەم لە پرۆسەی داهێنان. خوێنەرانێک کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێناکرێ فەرمانیان پێبکرێ، بەڵکو هوشیارانە دەقی جوان و بە پێز لەسەر بنچینەی جوانناسی ئینسانی هەڵدەسەنگێنن و چالاکانە لە بواری گەڕان بە شوێن مەبەست و جوانییەکانی دەق هەنگاو دەنێن.

## وەستانێک لەسەر ئەدەبی بێفکر!!

لەنێو پانتایی ئەدەبی کوردیدا لێرە و لەوێ دەستەواژەی ئەدەبی بێفکر یان ئەدەبی بەتاڵ و خاڵی لە فکر دەکەونە بەر دیدەی ئێمەی خوێنەر. ئامانجیش لە بەکاربردنی ئەم دەستەواژەیە، ئەوەندەی هێرش بووە بۆسەر ئەدەبی ڕادیکاڵ، نیو هێندە خەمی بێفکربوونی دەق و ئەدەب نەبووە. لێرە بە ئەرکی خۆم دەزانم هەڵوەستەیەک لەسەر ئەم دەستەواژەیە و نیەتێک کە لەپشت خستنەڕوویەتی، بکەم. ئەدەبی بێفکر چییە و ئایا دەقی بێفکر بوونی هەیە و ئایا سەرچاوەی ئەم دەستەواژەیە کوێیە و چییە؟. شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی،

کـۆمەڵگەی چینـایەتییە کە پایەکـانی لەسـەر بنچینـەی ململانێـی نێـوان کـاریکرێگرتە و سـەرمایە وەسـتاوە. تەواوی دیاردەکـانی کۆمەڵگەی چینایەتی سـەرمایەداری هەڵقوڵاو و بەرئەنجامی ئەو کێشمەکێشـە چینـایەتییەن. هـونەر و ئەدەبـیش لەم ململانێـیەوە جـێگە و ڕێیـان لە کـۆمەڵگە دیـاری دەکرێـت. ئەم دوو چیـنە عـیملاقەی کۆمەڵگە هەریەک دەیەوێت جێ بەویتر لەق بکات و پاشەکشـە بەیەکتـر بـکەن. چینەکـان، شـەڕە چینایەتییەکانیـان لەڕێگەی حیزبی سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و ئەدەب و هونەرەوە دەکەن و هەمیشە بەهێز پاشەکشە بە بێهێز دەکات و مۆری خۆی لەسەر ڕووداوەکان و دیاردەکان دائەنێت. ئەدەب و هـونەریش وەک دیـاردەیەکی نیزامـی چینـایەتی سـەرمایەداری ناکەونە دەرەوەی ململانێی چینەکانەوە. هەردوو چین (کرێکار و سـەرمایەدار) ئەدەب و هـونەری خۆیـان هەیە کە بەرگـری لە بەرژەوەنـدی چینایەتیـان دەکەن و لەو ململانێـی کـۆمەڵایەتییە ڕۆڵ دەگێڕن. سـەرباری ئەمەش بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، ئەدەب و هونەری بۆرژوازی شـێواز و ئارایشـتی جیاجیایـان بەخۆیـان داوە و دەیـدەن. سـەرەتا بێـپەردە بەنـاوی خۆیـانەوە هـاتنە مەیـدان و دواتـریش لەگەڵ گەشـەی ئەدەبیـاتی چینی کرێکار ئەمانیش کەوتنە سوود وەرگرتن لە نـاوی کرێکـار و سۆشـیالیزم و ئەدەبێکـی ڕیڤیژینیسـتییان هێنـایە ئـاراوە بـۆ فریودانی کرێکاران لە خەباتیـان دژ بە بۆرژوازی. بەڵام ئەدەبی بۆرژوازی وەستاو بەڕووی ڕەوتی گەشەی ئەدەبیاتی کرێکاریی پـاراو بە فیکـری ڕزگـاری بەشـەرییەت لە سـتەم و چەوسـانەوە، هەمیشـە ویسـتوویەتی و دەیەوێـت ئەو گەشـەکردنەی خەبـاتی کرێکاران سست و لاواز بکات و بەلاڕێیدا بەرێت، یـانیش ئەگەر

بۆی بکرێ بەتەواوەتی دەستەمۆی بکات. بۆیە بۆرژوازی نەک هەر نایەوێت لەڕەوتی ڕووداوەکانی کۆمەڵگە دوابکەوێت، بەڵکو هەمیشە هەوڵ ئەدات کۆمەک بە قەیران و وەستانە کاتییەکانی بزووتنەوە ئەدەبییەکەشی بکات. بۆیە جارێ بەناوی دژی فیودالی و جارێ بەناوی خاک و نیشتمان و نەتەوە و جارێکی تر بە ناوی ئایین، تا دەگاتە هێنانە دەرەوەی ڕەوت و ڕێبازی هونەری و ئەدەبی لەچەشنی سروشتخوازی و ئایندەخوازی و پووچگەرایی و بونیادخوازی تا ڕەوتی زاڵی ئەمڕۆی جیهان کە ڕەوتی نیولیبراڵە، هەوڵەکانی خۆی پیادە دەکات. بۆرژوازی چونکە لە دەسەڵاتەو  هێز و پارەی لەبەردەستدایە هەمیشە ئەو ڕەوت و ڕێبازانەی ڕەواج پێداوە و پارەی لە دەیان و سەدان نووسەر و هونەرمەند و فەیلەسوف و وتارخوێن و بیرمەند سەرف کردووە و ئەم سوپایەی لە نووسەران خستۆتە ناو کۆمەڵگەوە تەنها و تەنها بۆ بەلارێدابردنی خەباتی چینی کرێکار و دوورکەوتنەوەیانە لە ئامانجی بەرزی سۆشیالیزم. ڕەخنەگری مارکسیستی جۆرج لۆکاش پێیوایە " **نووسەرانی مۆدێرن دەبێت کارێک بکەن زیاد لە نواندنەوەی ڕووتی بێهیوایی و دڵمردوویی کۆمەڵگەی بۆرژوازی دەبێت هەوڵ بدەن لە هەمبەر ئەم پووچی بێهوودییەدا بۆچوونێکی ڕەخنەیی هەڵبژێرن و ئەو ئەگەرە پۆزەتیڤانە دەربخەن کە کەوتوونەتە ئەودیوی ئەم دۆخەوە.**"(٢١) کاتێکیش ئاستی گەشەی ئەدەبیاتی کرێکاریی و مارکسیستی لەئاستی پێویستدا نییە، دەبینین ئایدیا و خوێنەرانی ئەدەبیاتی بۆرژوازی برەو دەستێنن و دەبنە قارەمانی گۆرەپانی ئەدەبیی و دەستەواژەی (ئەدەبیاتی بێفکر یان ئەدەبی بەتاڵ) فڕێ دەدەنە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکانیان.

خـــوێنەرانێکیش کە لەم کـــۆمەڵگەیە دەخـــوێننەوە و لەژێـــر کـــاریگەری ئەم نووســـەرانەی ئەدەبیـــاتی بـــۆرژوازی، وەک کەرەســـتەیەکی خـــاوی ئیشـــکردن دێـــن و ڕەواج بەو ئایـــدیا کۆنەپەرســـتە دەدەن و جـــورئەتی ئەوە دەکەن بە فرێـــدانی دەســـتەواژەی (ئەدەبـــی خـــاڵی و بێفکـــر) ســـووکایەتی بەهونەرەجوانەکـان بـکەن. بـۆیە سـەیر نیـیە لە بـزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا کە بەمانـای وشـەکە ئەدەبی نیـولیبراڵە، کاتێک نووســـینێک دەخـــوێنینەوە گەر ئامـــاژە بە بیرمەنـــدە کۆنەپەرستەکانی بۆرژوازی نەکات و ڕەخنەیەک لەسـەر دەقێک بەو ئاقـارەدا نەڕوا کە بیرمەنـدان و نووسـەرانی بـۆرژوازی مەبەسـتیانە، ئەو نووسـینە یـان ئەو دەقە بە دەقی بێفکر نـاوزەد دەکەن و ڕەتی دەکەنەوە و تەنانەت بێئاگایی و نەشـارەزایی ئەو خـوێنەرانەش لە ئاسـتێکدایە کە دەقەکـانی گەورە نووسـەرانی وەک مەکسیم گۆرکی و نازم حیکمەت و پابلۆ نیرۆدا و لۆرکا و نیرۆدا و لۆناشارسکی و بۆگدانۆف و بلیخانۆف و تاد، یـان هەر نووسـەرانێکی تـر کە دڵیـان بـۆ ئینسـانییەت و ئـازادی و دادپەروەری کـۆمەڵایەتی لێـی دابێـت و لێبـدات، بە دەقـی بێفکـر ببینن. تۆزی ئەم نەزانینە سەختە بەئاسـانی لەسـەر ڕووخسـاری بزووتنەوەی ئەدەبی لاناچێت و ئەرک و خەبـاتی دەوێـت تـا ئەو عەقڵیەتە پڕ لە تراژیدییە ڕاست بکرێتەوە و بهێنرێتەوە شـوێنی خۆی. ئەوان نازانن کە بێفکرترین دەق هەڵگری فیکرێکـی تـایبەتە و هیچ دەقێکی ئەدەبیی یـان هـونەریی نییە بێ ئامـانج و بێفیکـر بێت. ئەوان لەو تێگەیشتنە چینایەتییە شۆڕشگێرانەیە بەهرەمەند نـین کە ئەدەبـی چینـایەتی کرێکـاران و ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیسـتی خسـتۆتییە بەردەم خـوێنەران کە وەک ئـامڕازێکی

کـارا فەراهەمـی کـردوون لەپێنـاو ناسـینەوەی دەقـی جـوان و پێشکەوتوو و ئینسانیی.

ئەدەبـی شۆڕشـگێرانەی چینـی کرێکـار هەڵگـری میتـۆدێکی شۆڕشـگێرانەیە کە واقیـع و جیهـان بە ئـاوەژوو دەبینێـت و دەیەوێت ڕاسـتی بکـاتەوە و ئەم دونیـا ژێـرەوژوورە ئـاوەژوو بکاتەوە. ئەم هۆشیارییەی لەڕێگەی ئەم ئەدەبەوە بڵاو دەبێتەوە، وەک هێزێکـی مـاددی لەنـاو کـۆمەڵگە بـنج دادەکـوتێ. مـارکس دەڵێ" **تیۆر کە لەناو جەماوەردا بڵاوبۆوە و بنجی داکوتا ئەبێتە هێزێکـی مـاددی**"(٢٢) ئیتـر ئەم هێـزە مـاددییەش کە هوشـیاری کۆمەڵایەتییە، دەتوانێ بەشداری کارا بکات لە پرۆسـەی گۆڕینی کۆمەڵگە و ژیانی ئینسانەکان. دەقی ئەدەبی پرۆلیتـاریی تەژی بە هۆشیاری کۆمەڵایەتی ڕۆڵـی فێرکەرێکیش دەبینێ و نووسـەر و ئەدیب لەڕێگەی ئەو دەقانەوە دەتوانن کاریگەری خۆیـان بەسـەر تەواوی سەرخانی کۆمەڵگەوە هەبێت. ئەنگڵس دەڵێت" **ئەوەندەی لە بـالزاکەو فێـر بووم،ئەوەنـدە لەمێـژووی ئـابووری و خەڵکـی پسـپۆڕەوە فێـر نەبـووم**"(٢٣) هـیچ هێزێـک لە مێـژووی واقیعـی کـۆمەڵگە ناتوانێـت حاشـا لە ئەو ڕاسـتییە بکـات کە بیـری شۆڕشگێڕانە بەر لەهەر شتێک پێویستی بە چینی شۆڕشگێڕە ، پێویستی بە نووسـەر و ئەدیب و هونەرمەند و زانا و پسپۆڕی خۆی هەیە کە لە هەنـاوی چینەکەوە لەدایـک دەبـن، تـا بتوانێت شۆڕشـی کـۆمەڵایەتی خـۆی بەئەکـام بگەیێنێـت. ئەدەبیـاتی پرۆلیتاریی هەڵگری ئایدیا و دیدی ڕەخنەگرانەی چینی کرێکارە دژ بە وەحشـیگەری سـەرمایەداری. ئەم دیـد و تێـروانینە جێـی بایەخی ئەو چینە شۆڕشگێڕەن و لەهەمـان کاتیشـدا جێی تـانە و تەشـەری ئەدەبیاتی بۆرژوازی و کۆنەپەرستانەن. ئەوە ئەدەبی

نیـو لیبڕاڵـی کـوردیە پێـیْ وایە ئەدەبیـاتی شۆڕشـگێری کـاتی بەســـەر چـــووە و بە ئەرکـــی خـــۆی دەزانێـــت دژ بەو ئەدەبە شۆڕشگێرە بوەستێتەوە. سی ساڵی ڕابردوو لە تەمەنی ئەدەبی نیو لیبڕاڵی کورد و قەڵەم بەدەستەکانی بەم ئەرکە چینایەتییە بۆ بـــۆرژوازی کـــورد، هەســـتاون و ســـوپایەک لە خـــوێنەر و ڕۆشـنبیری یەدەگیـان سـازمان داوە کە لە بـۆنەی جیاجیـا ئەو ژەهـرە هێرشـە دژ بە خەبـاتی چینـایەتی کرێکـاران دەڕژێـنن کە بێتامترین و بێماناترینیان ئەو بۆچوونەیە کە ئەدەبی پرۆلیتاریی بە ئەدەبیْ بێفکر ناو زەد دەکەن. ئەم لەشکرە کۆنەپەرستە ڕێک وەکـو کۆنەپەرسـتەکانی ئەوروپـا شـانازی بەو فەیلەسـووف و بیرمەنـدانە دەکەن کە هـیچ خێرێکیـان بـۆ مرۆڤـایەتی نەبـووە لە چەشنی فریدریک نیتشە و مارتین هایدگەر و میشیل فۆکۆ، نەک هەر ئەوەش بەڵکـو بەجـۆرێ لە جۆرەکـان بـوونەتە سـیمبۆلی کۆنەپەرســـــتی. دەرخـــــواردانی ئەم کۆنەپەرســـــتییەش بە خـوێنەرێکی کوردزمـانی خـاوەن کەمتـرین ئاگـایی سیاســی و چینایەتی، ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە بەناو و کاریزما بوونی خۆی وەک نووســەری داهێـنەر و ئینجـا بـوون بە لەمـپەر لەبەردەم بـزووتنەوە شۆڕشـگێرەکانی نـاو هەنـاوی کـۆمەڵگەی کـوردی. ئەدەب لە پەیوەندییەکی بە تینە لەگەڵ فکر. ئەدەبی خاڵی لە فکر بـوونی نیـیە. ئەوەی پێـی وایە ئەدەبـی ڕادیکـاڵ و پرۆلیتـاریی خـاڵییە لە فکـر و فیکـریش تەنهـا لە تێـڕوانین و دنیـابینی چەنـد بیرمەندێکەوە ببینیْ، پێی بزانیْ یان نـا، لە هەژارییەکـی فیکریـی قووڵــدا دەژێــت. ئەوەشـــی ئەم عەقڵیـــیەتەی بەخشـــیوەتە ئەم خوێنەرە سـەیر و سـەمەرانە هەر ئەو پەروەردەکەرانەی ڕەوتـی نیولیبڕاڵن کە بوونەهۆی ئەوەی سوپایەک لە خـوێنەری ئیفلیجـی

فیکریی پەروەردە بکەن کە بەبەغا ئاسا هەر خەریکی وتنەوەی قسەی چەند بیرمەندێکن. بۆ ئەوەی بتوانین بەرامبەر بەم هێرشە نادیار و بەڕواڵەت ڕادیکاڵ و مەعریفییە و بەناوەڕۆک کۆنەپەرستانەیە بوەستینەوە، پێویستە لەسەرمان،

یەک: تا دەتوانین ماهیەتی دژە شۆڕش و دژە گۆران و دژە پێشکەوتنخوازی ئەو ڕەوت و نووسەرانە بۆ خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان ڕۆشن بکەینەوە.

دوو: بڕەو بە نووسین و بەرهەمە ڕەخنەییەکانمان بدەین لەبواری فیکریی و ئەدەبیی تا بتوانین دەقەکانمان، نووسینەکانمان بە ناوەڕۆکێکی مارکسیستی شۆڕشگێرانە سەرەتا وەک ئەلتەرناتیڤ و دواتریش وەک ڕەوتی مەعریفی زاڵ لە کۆمەڵگە بچەسپێنین.

## ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و ئیستاتیکای ئەدەب

کۆمەڵگەی ئەمڕۆ، کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە. واقیعییەتی چینایەتیبوون لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆتە کلیلی شوناسی سەرجەم دیاردەکان و ژیان بە ئەدەب و هونەریشەوە. ئەدەب وهونەر لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا دەبنە ئاوێنەی سیاسی و ئەخلاقی و ئیستاتیکی چینێکی دیاریکراو.چونکە " **ئەو چینەی دەست بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا دەگرێ، لەهەمان کاتدا هۆیەکانی بەرهەمهێنانی دەخاتە ژێر دەسەڵات و کۆنتڕۆڵی خۆیەوە.**"(٢٤) لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا هیچ شتێک نییە بەفلتەری بەرژەوەندی چینایەتیدا تێنەپەڕێت. سەرمایەداری لەپێناو

قازانجی زیاتردا ئامادەیی هەموو کارێکە. لەبەرامبەریشدا چینی کرێکار بەرگری لە خۆی بەها ئینسانییەکانی خۆی دەکات. تیئوری ڕەخنەی ئەدەبی پرۆلیتاریی، کە تیئورییەکی بارگاوییە بە مارکسیزم. توانانی خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقە ئەدەبییەکانی نێو ئەم کێشمەکێشە کۆمەڵایەتییەی هەیە. توانای خوێندنەوەیەکی کۆمەڵایەتی - چینایەتی دەق و ئاراستەی فیکریی نووسەر و کۆمەڵگەی هەیە و لەهەمان کاتیشدا دەق و نووسەر دەخاتە ژێر شرۆڤە و هەڵسەنگاندنەکانی. لەڕێی ڕەخنەی ئەدەبی کرێکاریی یان مارکسیستیەوە دەتوانرێ سەنگەری ئەدەبی پرۆلیتاریی پتەو و بەهێز بکرێ و لەهەمان کاتیشدا ماهییەتی ئەدەبی بۆرژوازیی دەربخرێ و هەروەها نووسەرانی کۆنەپەرستی بۆرژوازیش بخرێنە بەر نەشتەرگەری ڕەخنەییەوە. بایەخی چینایەتی ئەم ڕەخنەیە لەوەدایە کە بە ڕوئیا و جیهانبینی ماتریالیزمی مێژووییەوە دونیا و دیاردەکان و کۆمەڵگە و مرۆڤ شیدەکاتەوە و ئاوڕ لە کەلەپووری چینایەتی ئینسانەکان دەداتەوە، هەوڵیش دەدات ئاماژە بە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و ژیانی ئینسانەکان بدات. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی هەمیشە لە دەرەوەی مەعمەعەی سیاسیی و سەفسەتەبازەکانی نێو دونیای ڕەخنەی ئەدەبییەوە لە هەوڵی ئەوەدا دەبێ بە قسەی ڕۆشن و بە فاکتی واقیعی ئارگیومێنتی خۆی بخاتە بەردەم و وەڵامی خۆی بە ئاریشە و کێشە بنەڕەتییەکانی بەرەوپێشچوونی ئەدەبی شۆڕشگێرانە بداتەوە، بێئەوەی بکەوێتە ناو فەزای کۆنتامینەیتی بورژوازییەوە. فەزای کۆنتامینەیتی وا کە دەیان ناو و ناولێنانی جیاجیا لە قەیرانەکانی خۆی دەنێن تا بە خەڵکی ستەمدیدە بڵێن ئەها ئەوە ئێمەش

ڕێگاچارەمان هەیە و ئاسۆی کارکردنمان ڕوونە. خودی قەیرانی ئەدەبی بورژوازیی بەگشتی لە ئەنجامی نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوونی کارکردن و داهێنانەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەدەبی پرۆلیتاریی تێدەکۆشێ بۆ زیاتر نابوودکردنی ئەو ئاسۆ تاریکەی ئەدەبی بۆرژوازی و خستنەڕووی ئاسۆ و شۆڕشگێڕانەی کرێکاریی لە میانی دەق و نووسینەکانیدا.

ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی خوێندنەوەیەکی ورد و ڕۆچوونە بۆ نێو دەق و شیکاری دەقە بەپشت بەستن بە تیئوری مارکسیزم، بۆ لێکدانەوەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەدەب لە خەباتی چینایەتیدا. پایەی سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لەسەر بنەمای واقیعبوونی ئەدەب و وابەستەبوونی دەقی ئەدەبییە بە ئینسان و خەمەکانی ئینسان، بەو ئاسۆ و ئامانجە چینایەتییەیە کە دەق دەیخاتە بەردەم خوێنەر. بۆیە لە ململانێ نێوان کار و سەرمایە، بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران لە دەقی ئەدەبی خاڵی چاوتێبڕینی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیە. ئەمە لەڕووی میتۆد و بیرکردنەوەی نووسەر لەنێو دەقدا، بەڵام ڕەخنەی ئەدەبی هەر لەسەر ئایدیۆلۆژیا ناوەستێت، بەڵکو هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکای دەقەکەش دەکات. واتە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی وەکچۆن ناوەڕۆکی بۆ گرنگە، بەو ئەندازەیەش بایەخ بە فۆرم و شێوازی دەق دەدات. فۆرم و ناوەڕۆک لە پەیوەندییەکی دیالەکتیکیدان. فەرامۆشکردنی فۆرم و بەها ئیستاتیکییەکانی دەق لەلایەن ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیەوە دەبێتە خاڵی لاوازی ئەو خوێندنەوە و لێکدانەوەیە.

گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی گوتارێکی چینایەتییە بۆ سۆراخکردنی کۆمەڵگەکان و دەقەکانیان سەبارەت بە هەندێ مەسەلەی دیاریکراو لەوانە ڕەگەز و چین و هەڵوێستە چوون یەکەکانیان لە کلتوورێکی دیاریکراودا.ڕەخنەگری مارکسیستی ڕەنگە لەو شرۆڤەیەوە دەست پێبکات بە نیشاندانی چۆن دەقی نووسەرەکە ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژییە لە خیلالی تاقیکردنەوەی جیهانی خەیاڵی کارەکتەرەکان، شوێنکات، کۆمەڵگە، یان هەر ڕەگەزێکی تری دەقەکە. ئەوسا ڕەخنەگر دەست دەکات بە سۆراخ و گەڕان بەشوێن چینی کۆمەڵایەتی نووسەر و جێوشوێنی نووسەر لە ململانێی چینایەتیدا و پاشانیش کاریگەری بەسەر کۆمەڵگە و تاقیکردنەوەی مێژوو و کلتووری زەمەن و ڕەنگدانەوەی ئەم ئەلەمێنتانە لە دەقدا.ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی گەڕانە بەشوێن ئەوەی چۆن نووسەر بە دروست یان نادروست وێنای ئەو بڕگە مێژووییە دەکات، چۆن هۆشیارانە لە باری مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە دەق دەخاتە ژێر تیشکی لێکدانەوە و هێنانە دەرەوەی ئەو پرسیارانەی کە فەرامۆشکردنیان مەحاڵە. پرسیارگەلێک کە کە دەبنە بەردی بناغەی ساختمانی ڕەخنە و دەستپێکی هەنگاوی شێلگیرانەی ڕەخنەگر لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەقی ئەدەبیدا.ئەو پرسیارانەی کە ڕەخنەی مارکسیستی دەیوروژێنێت لەچەشنی ئایا کارە ئەدەبییەکە پشتیوانی یان سەپۆرتی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی مەوجود دەکات یان لەگەڵ ڕەوتی گۆران و بەرەوپێشچووندا دێتەوە؟ سیستەمی چینەکان چ ڕۆڵێک لە دەقەکەدا دەگێڕن؟ کارەکتەرەکان چۆن بەسەر چەوساوە و چەوسێنەر دابەش دەبن؟کارە ئەدەبییەکە چی دەربارەی

سەرکوتی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی دەڵێ؟ ئایا کارە ئەدەبییەکە پێشنیاری شێوە تێڕوانینی تۆباوی یان ڕیفۆرمیستی دەکات بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی کە ژیان دەرگیرییەتی، یانیش پێشنیاری ئاکتی شۆڕشگێڕانە دەکات بۆ کۆتایی هێنان بە ستەم؟.ئایا ڕەگەزەکانی زمان و خەیاڵ و ئیستاتیکا چۆن خراونەتە خزمەت ناوەڕۆکەوە.

ڕەخنەگری مارکسیستی لە ڕوویەکی تریشەوە دەڕوانێتە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی کەلەڕووی فیکرییەوە دەتوانن یارمەتیدەری خوێنەر بن بۆ گەیشتن بە پەیامی دەق. ڕیسواکردنی ململانێی چینایەتی و چینی باڵا دەست کە چۆن بیروباوەڕیان بەسەر کەسانی تردا دەسەپێنن؟خستنەڕووی چۆنیەتی بە تەڵەبوونی چینی کرێکار نیشاندانی چۆنیەتی چەوسانەوەی چینی کرێکار لەلایەن سەرمایەدارییەوە و خستنەڕووی ئەوەی چۆن چینی کرێکار دەتوانێ کۆتایی بە چەوسانەوە بهێنێت؟ بەمجۆرە دەقی ئەدەبی کاتێک کە بەچاویلکەی مارکسیزمەوە دەخوێنرێتەوە، دووچاری جۆرە شیتەڵی و شیکردنەوەیەکی ورد دەبێت. واتە دەقەکە ورد دەکرێتەوە و لە خیلالی عەدەسەی مارکسیزمەوە ئەو وردکراوەیە دەخرێتە بەر نەشتەری پرسیاری تر وەک ئەوەی ئایا ئێمەی خوێنەر بووینەتە بابەتی کۆمەڵایەتی بیناکراو یان نا؟

ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی ڕەخنەگر دەخاتە بەردەم ئەرکگەلێکەوە کە بتوانێت چێژی فیکریی ببەخشێتە خوێنەر. چونکە ( **ئەو چێژە فیکرییەی کەلە لێکۆڵینەوەیەکدا دەیبینی، لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە هیچی کەمتر نییە لەو چێژە**

**ئیستاتیکییەی کەلەخوێندنەوەی شاکارە ئەدەبییەکاندا دەبینین.).**
(٢٥)ئەو نووسەرانەی لەژێر کاریگەریی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی بوون وەک ڕیچارد ڕایت، کلاود مەککەی، جان پۆل سارتەر، سیمۆن دی بۆڤار،برتۆڵد بریخت پێیان وا بووە کە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی تاقیکردنەوەی مێژوو و کلتووری زەمەنە، کە لە دەقدا ڕەنگ دەداتەوە.چونکە هەر دەقێک ڕەنگدانەوەی برگەیەکی زەمەنی دیاریکراوە. ئەو بڕگە زەمەنییەش ئاوێتەیەکی دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری کۆمەڵگەیە. ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی گەڕانە بەشوێن ئەوەی چۆن نووسەر ڕاست یان ناڕاست وێنای ئەو قۆناغە یان سەردەمە مێژووییەی دەکات و لەهەمان کاتیشدا فۆکس دەکاتە سەر نوێنەرایەتی چینەکان لە ململانێی چینایەتیدا. ئەمە وێڕای جەغدی زیاتر کردنە سەر ڕەگەزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دەق وەک ڕەگەزەکانی ئیستاتیکا. ئیستاتیکاش وەک تەزووی جوانی لە هونەر و دەقی ئەدەبیی بریتییە لە ئاوێزانبوونی دەق بە مەسەلە ئینسانییەکانەوە. **ئەدەبی پرۆلیتاریی خاڵی نییە لە تەکنیک و ئیستاتیکا، بەڵکو هەڵگری جۆرێک لە ئیستاتیکایە کە خاڵی لێوە هەستانی لەسەر بنەمای ململانێی و بەرەنگاری وەستاوە. ئیستاتیکای ئەدەبی پرلیتاریی لەو جیهەتگیرییەوە ئاو دەخواتەوە کە ئەدەبی شۆڕشگێرانە ئاوێتەی واقیعی ژیان و خەباتی ئینسانەکانە لەپێناو ئازادیدا. جوانییەک کە ئەدەبی پرۆلیتاریی لێی بەهرەمەندە و ئەدەبیاتی بۆرژوازی لاوازە تیایدا، بریتییە لە ئومێد. ئومێد بە ئینسان، بە ژیان، ئومێد بە خەبات لەپێناو ژیانێکی ئینسانیی باشتر. ئەم ئومێدە، وزەبەخش و**

**ئیلهامبەخشی ئینسانە لە خەبات. لەدەستدانی ئومێد لە دەقە ئەدەبییەکان چ ڕۆمان، یان شیعر، یان کورتەچیرۆک، یان شانۆنامە..تاد بێ، لەدەستدانی ئەڵقەیەکە لە ئەڵقەکانی زنجیرەی پرۆسەی نووسینی دەقی خەباتکارانەیە. لە دووتوێی لاپەڕەکانی مێژوودا گەلێ دەق هەن کە لە خەبات و تێکۆشانی چینایەتیدا بوونە بە ڕوحی سەردەم و وێردی سەرزاری ملیۆنان ئینسان کە لێوڕێژن لە ئومێد بە داهاتوو لەوانە سروودی ئەنتەرناسیونالی ئۆجین پۆتیە، یانیش کاریگەرییان لەسەر زەینی ئینسانەکان بەئاسانی کاڵ نابنەوە لەوانە ڕۆمانی دایکی مەکسیم گۆرکی و ڕۆمانی جەرمینالی ئەمیل زۆلا و ..تاد.(٢٦)**ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی، ڕەخنەگرتن لە تەواوی ئەدەبییاتی بورژوازی بەهەموو لق و ڕێباز و جۆرەکانییەوە. لەمسەری ئەدەبییاتی ناسیونالیستییەوە تا دەگاتە دوای پۆستمۆدێرنە، بەئەرکی خۆی دەزانێت. لەهەمان کاتیشدا بەرگریکەری ئەدەبی پرۆلیتاریی و شۆڕشگێڕانەیە و هەوڵی ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای ئەو ئەدەبە دەدات و ئەو لەمپەر و ئاستەنگانەش دەناسێنێ و هەوڵ دەدات وەلایان بنێ کە ڕێگرن لەبەردەم چوونەپێشەوەی ئەدەبی ئینسانیی. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی بە ئەندازەی ناوەڕۆک و ئیستاتیکای دەقی ئەدەبی، نووسەری دەقەکەشی بۆ گرنگە. ڕەخنەی ئەدەبی پرۆلیتاریی کار لەسەر نووسەر دەکات و باکگراوندی مێژوویی – کۆمەڵایەتی چینایەتی نووسەر دەستنیشان دەکات کە شوێنێکی گرنگ لە پانتایی ڕەخنەکە داگیر دەکات. میتۆدێک کە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە شیکارییەکانیدا پشتی پێ دەبەستێ و بەدەستییەوە دەگرێ و گرتووە، بریتییە لە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران. ئاسۆ و

ئامانجێک کە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە شرۆڤەکردن و خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا هەیەتی، ئاسۆیەکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەیە. ئەمە ئەو تایبەتمەندییەیە کە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە هەر جۆرە ڕەخنەیەکی تر جیا دەکاتەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:


(١)ئەدەبی پرۆلیتاریی یان ئەدەبی کرێکاریی یان ئەدەبی سۆشیالیستیی یان ئەدەبی مارکسیستی و هەندێکجاریش بە ئەدەبی شۆڕشگێرانە ناوزەد دەکرێت، ئەم ناو و چەمکانە هەرهەموویان گوزارشتن لەو ئەدەبەی کە ڕەنگدانەوەی ژیان و خەباتی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریایە دژ بە سیستەمی سەرمایەداری. بۆیە ئێمە کاتێک ئەدەبی پرۆلیتاریی بەکار دەهێنین مەبەستمان ئەدەبی کرێکاریی، ماکسیستیی و سۆشیالیستیشە.

(٢)سایتی ویکیپیدیا دەربارەی ئەدەبی پرۆلیتاریی

https://en.wikipedia.org/wiki/Proletarian_literature

(٣) plolitarian Litrature in Canada Ruth I.Mckenzie
Dalhousie Review Volume 19, Number 1, 1939 page 49.

(٤) Bill Mullan Prolitarian Literature
https://www.oxfordbibliographies.com/view/document

(٥) Matthew Beeber, What is working class Literature, Against the current a socialist journal
https://againstthecurrent.org/atc202/working-class-literature/

(٦)سلێمان قاسمیانی، شاعیر، کرێکار و شیعری کرێکاریی، ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کورد عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی هانا، ٢٠١٢، لاپەڕە ١٣.

(٧)و (٨)عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، مانیفێستی ئەدەبی کرێکاریی، گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی، ژمارە ٨، ساڵی ٢٠١٨، لاپەڕەکانی ٩٠ و ١٠٤.

(٩)موسلیح شێخولئیسلامی(ڕێبوار)، ڕیبازی ئەم ڕێبوارە، ڕۆژنامەی ڕەوت، ژمارە ١٠، ٢٠٢١، لاپەڕە ٧.

(١٠)ئێمە هەموو دەزانین کە مەکسیم گۆرکی یەکەم کەس بووە دەستەواژەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی داهێناوە و بەکار بردووە. بەڵام بەپێی

ئەنسکلۆپیئدیای ڕووسیای مەزن یەکەمین جار ئەم دەستەواژەیە لەلایەن ئیڤان چرونسکی بەرپرسی باڵا لە یەکێتیی نووسەرانی سۆڤییەتەوە لە گۆڤاری لیتراتۆرنایا لە ٢٣ی ئایاری ساڵی ١٩٣٢ نووسراوە و بەکار هێنراوە. ساڵی دواتر واتە ١٩٣٣ مەکسیم گۆرکی وتارێکی نووسی بەناوی (ڕیالیزمی سۆشیالیستی). بۆزانیاری زیاتر بروانە ئینسکلۆپیدیای رووسیای مەزن.

(١١)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی ویکیپیدیا
https://en.wikipedia.org/wiki/Socialist_realism

(١٢)ف، آ. لينين، في الادب و الفن، ترجمة يوسف حلاق، الجزء الآول، دمشق، ١٩٧٢، ص ٥٢.

(١٣)سالم محسن، الحركة العمالية في العراق..نشآتها و تطورها، موقع الرئيسي للحزب الشيوعي العراقي، ١٣ كانوون الاول ٢٠١٥

(١٤)ڕاپەڕینەکەی جوتیارانی دەشتی هەولێرلە ساڵی ١٩٥٣، ئەوڕاپەڕینەی کە بە گەورەترین سەرهەڵدانی جووتیارانی دەشتی هەولێر دادەنرێت کە جووتیاران بەیەک دەنگ و یەک ڕێز بڕیاریان دا چیتر ملکەچی ئاغا و دەرەبەگ نەبن، هەرئەم ڕاپەڕینە بووە سەرەتایەک بۆ نەهێشتنی سام و هەیبەتی ئاغا ودەربەگ کە چیتر نەیانتوانی وەکو جاران سوخرە بە جووتیاران بکەن. تەنانەت لەو سەردەمەش واتە ساڵی ١٩٥٣ حیزبی شیوعی عێراقی بۆ پاراستنی گیان و ماڵی جووتیاران دووهێزی چەکداری دروست کرد بۆ بەرگری کردن لە چینی جووتیار و پشتگیری کردنیان، کەهێزی یەکەم بەناوی هێزی (قەرەچۆغ)پێک هات بە سەرپەرشتی (مەحموود عەدۆ) و هێزی دووەم بەناوی هێزی (بێستانە) بوو بە ڕابەری (جەماڵ شێخ تاهیر و حەمە عەلی و ئۆمەر مەلا نووری) کەئەرکی پاراستنی جووتیاران و سزای ئەوکەسانەیان دەدا کە ببوونە نۆکەری ئاغاو دەرەبەگەکان. بۆ زانیاری خوێنەری هێژا ئەم چەند دێرەی سەرەوەم لە نووسینێکی بەڕێز شەماڵ عادیل سەلیم بەناوی نامەیەکی کراوە بۆ سەید کاکە کە لە سایتی ڕێگای کوردستاندا بلاو کراوەتەوە، وەرگرتووە.

(١٥)و(١٦)ڕەئوف حەسەن، کرێکار و چیرۆکی کوردی،چاپخانەی عەلا، چاپی یەکەم، بەغدا، لاپەڕەکانی ٣٧و ٣٩.

(١٧)و(١٨)عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ)، وردبوونەوەیەک لە ڕەوتی شیعری کرێکاریی و سۆشیالیستی لە کوردستان ،ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردی، لە بلاوکراوەکانی ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی هانا ٢٠١٢ لاپەڕەکانی ٣٥ و ٣٦.

(١٩)نووسەرانی ڕەهەند ئاگایانە دژایەتی ئەم دەستەواژەیەیان ئەکرد و نووسەرانی حیزبییان بە جۆرێک لە وابەستەیی و نائازاد دەبینی. من ناوەڕۆکی ئەم دژایەتیکردنی ئەم دەستەواژەیە زیاتر بۆ پەیوەندی نووسەرانی کوردستان و بزووتنەوە ڕادیکاڵەکان، بە تایبەتی مارکسیزم،دەگەڕێنمەوە کە پایەی لێوە هەستانی ئەم گروپەیە.

(٢٠)عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ)، وردبوونەوەیەک لە ئەدەبی ئیندیڤیجواڵ – لیبڕالی کوردی،ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە ١٦٥٢، ساڵی ٢٠١٥، لاپەڕە ١٨.

(٢١)تێری ئیگلتن، مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێرانی هاوڕێ یوسفی، لە بلاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، ٢٠١٧، لاپەڕە ١٧٥.

(٢٢)و (٢٣)جان فریفیل، تێزەکانی مارکس – ئەنگڵس لەبارەی ئەدەب و هونەر، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە فوئاد مەجید میسری، ناوەندی توێژینەوەی هزری شەهید ئارام، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، ٢٠١٩، لاپەڕەکانی ٦٢ و ٧٩.

(٢٤)هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ٩٠.

(٢٥)جورج بليخانوف، الفن و التصور المادي للتآريخ، ترجمە جورج طرابيشي، دار الطليعة بيروت لبنان، الطبعة الآولى، ١٩٧٧، ص١٢٦.

(٢٦)عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، مانیفێستی ئەدەبی کرێکاریی، گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی، ژمارە ٨، ساڵی ٢٠١٨، لاپەڕە ١٠٠.

تێبینی: ئەم نووسینە وەکو نامیلکەی پڕۆژەی ڕێگە و دەزگای ڕۆسا لەساڵی ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە.

# خوێندنەوەیەک بۆ ئیستاتیکا

# بەرەو ئاراستەی بەهێزکردنی ئیستاتیکای مارکسیزم

ئازار و نیسانی ٢٠٢٢

## ئیستاتیکا چییە؟

مانای بنەڕەتی ئیستاتیکا لە یۆنانییە کۆنەکانەوە وەرگێراوە و مەبەست لێی زانستی پەیوەست بە هەستەکانە، دواتریش وەک لقێکی تایبەت بە هەست و ویژدان بینیویانە. زانستی ئیستاتیکا، زانستێکی نوێیە بەڵام مێژوویەکی دوور و درێژی لەڕامانی فەلسەفی دەربارەی جوانی و هونەر لەپشتەوە وەستاوە. (ئیستاتیکا بەکۆی ئەو شتە هەبووهەست پێکراوە چێژ بەخشانە دەگوترێ کە دیمەنی شتە جوانەکان پێکی دەهێنن،کە جوانی دوو چەشن لەخۆ دەگرێت لەوانە(جوانی سروشت،جوانی کاری هونەری(١) هەر لە کۆنەوە فەیلەسوفان باسیان لە جوانی کردووە و جوانی جێی بایەخ و سەرنجیان بووە. هەر بۆیەش ( ئیستاتیکا لقێک و بەشێکی گرنگی فەلسەفەیە. ئەم وشەیە واتا ئیستاتیکا،لەبنچەدا بەواتای هەست وسۆز دێت کە لەناوەڕۆکدا باسی جوانی و بەهاکانی جوانی و چێژ و پێوەرەکانی جوانی و ڕێژەکەی دەکات، بەهۆی ئەو بایەخ و گرنگە زۆرەی کە هەیەتی لەکایەی ژیانی مرۆڤدا ،بەردەوام فەیلەسوفان وبیرمەندان

لەقۆناغە جیا جیاکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا گفتوگۆوبۆچوون ورەئـــی جیـــاوازی لەســـەر گوتـــوە و بـــاس و شـــرۆڤە کراوە.)(٢)ئیستاتیکا بوارێکی تیئوری پڕ بایەخە کە بەرۆڵی خۆی بـایەخ بە سروشـتی جـوانی و هـونەر و چێـژ و داهێنـان و خەملاندنی جـوانی دەدات. ئەفلاتـون (٤٢٧ پ ز – ٣٤٧ پ ز) چـونکە پێیوابـوو هـونەر لاسـایی سروشـت دەکـاتەوە، بـۆیە هەڵوێسـتی ئەفلاتـون سـەبارەت بە ئیسـتاتیکا نەرێتـی بـووە. بەبۆچـوونی ئەفلاتـۆن دەبێـت جـوانی لەسـەر بنەمـای خۆشەویسـتییەک بێـت کە هەسـتی بەرژەوەنـدیخوازانەیی تێـدا باڵادەست نەبێت. بۆ نموونە خۆشەویستی پیاو بۆ ژن ناکرێت نـاوی لێبنـێ خۆشەویسـتیکی جـوان وراسـتەقینە ئەگەر لەسـەر بنچینەی چێژی سێکسی بنیات نرابێت،کەلە جوانێکی کاتی خۆی وێنادەکـات،بەتێڕوانینی ئەفلاتـۆن و تەنـانەت ڤیساغۆرسـیش (موزیـک)بەجوانترین بـابەتی ئیسـتاتیکا دادەنریـت. هەرچـی ئەرسـتۆیە (٣٨٤ پـز – ٣٢٢ پ ز ) بەگرنگـی دەزانـی جیـاوازی بکرێـت لەنێـوان جـوانی ڕاسـتەقینە و جـوانی کـاتیی، کەپێـوایە جـوانی کـاتیی شـتێکی سـنووردارانەیە،ئەگەر لەسـەر بنەمـای هەستی بەرژەوەندی خوازانەبێت.(٣)

کەچـی هیگـڵ (١٧٧٠ – ١٨٣١) کە یەکێـک بـوو لە گەورە فەیلەسـوفەکانی مێـژوو تێکۆشـاوە دیـاردە کۆمەڵایەتییەکـان بە هونەریشـەوە لە میـانی میتـۆدی دیـالەکتیکی بێـئەوەی تـوخمە کۆمەڵایەتییەکـان لەیەکتـر جیـا بکـاتەوە، شـیبکاتەوە.(٤) چەمکـی زانستی ئیستاتیکا وەک لقێکی فەلسەفە بۆ یەکەمین جار لەلایەن فەیلەسـوفی ئەڵمـانی ئەلکسـەندەر بومگـارتن (١٧١٤ – ١٧٦٢) لەسـەدەی هەژدەهەم بەکارهـاتووە. ئیسـتاتیکا بەگشـتی

سـەروكاری لەگەڵ سروشـت وجـوانی و چێـژ و هـونەر هەیە. زۆربەی لێکـۆڵەرەوانیش کـۆکن لەسـەر ئەوەی کە ئیسـتاتیکا خوێنـدنەوەیەکی ڕەخنەگـرانەیە بـۆ سروشـت و ڕۆشـنبیری و هونەر. بەوپێیەی هەمیشە تێکەڵییەک لەنێوان هونەر و جوانیدا دەکرێت، هەرچەندەش زۆر نـزیکن لەیەکەوە، بەڵام جیاوازیشـن بەتـایبەتی لە بـوارە هەسـتیی و ویژدانییەکـان. ئیسـتاتیکا هەسـت نییە بەڵام زیاتر پەیوەستە بە کارە ویژدانـی و هەستەوەرەکانی مـرۆڤ. هەرچـی هـونەرە خوڵقانـدن و دووبـارە خولقانـدنەوەی مادە هەستپێکراوەکانە وەک تابلۆی هونەری یان پەیکەرێک، یان شیعر و پارچە مۆسیقایەک.(٥). بەڵام دیارە ئیستاتیکا نەک هەر وەکو چەمک نامێنێتەوە، بەڵکو لە کۆمەڵگە چینایەتییەکان ئەویش وەکو ئەدەب و هـونەر و زانسـت و هەر چـالاکییەکی ئینسـانیی نـاکەوێتە ئەودیـو کێشـە چینایەتیەکـانەوە. بـۆیە لەکـۆمەڵگە چینایەتییەکان ، چینی فەرمانڕەوا مۆرکی بەرژەوەندی چینـایەتی خـۆی دەدات لەهەمـوو ڕووداو و دیـاردەیەک لە کـۆمەڵگە. بەوپێیەی زانسـت و فەلسـەفە تـا کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەهەم لە لێکـدانەوە و خوێندنەوەکانیانـدا چەمکـی ئیسـتاتیکایان لەبەرژەوەنـدی بـۆرژوازی لێکـداوەتەوە. لەگەڵ هاتنەمەیـدانی مارکسیزم وەک زانستی ڕزگاریبەخشی چینی کرێکار لەستەمی سەرمایەداری، ئیتر مێژووی لێکدانەوە و خوێندنەوەی چینـایەتی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری گۆرانی بەسەردا هات. خوێندنەوەی مارکسیستانە بۆ ئەدەب و هونەر و ئیستاتیکا شـوێنێکی گرنگـی لە مێـژووی خوێنـدنەوەکان گـرت. بەڵام تـا سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم ئەم زانسـتە نەیتـوانی شـکڵ و شـێوە بەخـۆی بـدات و بنەماکانی خۆی دیاری بکات و بچەسپێت.

## ئیستاتیکا لەڕوانگەی مارکسیزمەوە

مێـژووی سـەرهەڵدانی ئیسـتاتیکا دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەرەتای پەیدابوون و پەرەسـەندنی فەلسـەفە و هـونەر. گەرچی مێژووی هونەر لە مێژووی فەلسـەفە کۆنترە، بەڵام فەلسـەفە توانی ببێتە سـەرزەمینی قسـەکردن لەسـەر جوانناسـی. وەک دەزانرێـت بەرهەمە ئەدەبیـی و هونەرییەکـانیش زادەی هەلـومەرجێکی کـۆمەڵایەتی و ئـابووری دیـاریکراون لە کـۆمەڵگەدا. واتە ئەو بەرهەمـانە ڕووداوگەلـێکن لەپەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانەوە لەدایک دەبن. ئەم بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییانە گوزارشـتن لە هەست و سۆزی ئینسانەکان کە نەک بەشێوەیەکی ئەبستراکتانە، بەڵکو کۆمەڵایەتییانە و هونەرییانە داڕێژراون و نمایش دەکرێن. جوانناسی مارکسیستی یان ئیستاتیکای مارکسیزم وەک یەکێک لە ڕەهەنـدە ڕەخنەییەکـانی ئەدەبـی مارکسیسـتی بنـاغەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ تێگەیشـتنی مارکسیسـتانە بـۆ دەق و کـۆمەڵگە. چـونکە ئیسـتاتیکای مارکسـیزم لەسـەر بنەمـای مێژوویـی شـێوازەکانی موڵکـایەتی و چینەکـان و ئایـدیۆژۆژییەکانیان دەجـووڵێ و مـارکس وای دەبینـێ کە هـونەر شـێوەیەکە لەشـێوەکانی نـوێنەرایەتی جیهـان. ئەمەش واتە هـونەر دەروازەیەکە، هۆکـارێکی مەعریفییە،پەیوەنـدییەکی کـۆمەڵایەتییە، چەکێکـی چینـایەتییە، دەوڵەمەنـدکردنی ئینسـانییەتە، کـارێکی هۆشیارییە و لەکۆتایشدا ئاوێنەی کۆمەڵگەیە. (٦)هەورەها وەک بلیخـانۆف ئامـاژەی پێـدەدا مـارکس (١٨١٨ – ١٨٨٣) پێیوابـوو ئیسـتاتیکای هیگڵیـی، هەنگـاوێکی گەورە بـوو بـۆ پێشـەوە بـۆ تێگەیشتن لە ماهیەتی هونەر و مێژووەکەی. هەرچەندە مارکس

هەرگیز وەک بابەتیکی سەربەخۆ باسی لە ئیستاتیکا نەکردووە، بەڵام لێکۆڵەرەوان و ڕەخنەگرانی مارکسیست هەر زوو سەرنجیان چۆتە سەر ئەم مەسەلەیە و دواتریش لەسەر دەستی گیورگی بلیخانۆف و بلینیسکی و تشیرنیفیسکی و برتۆڵد بریشت و لۆکاش و هێربێرت مارکۆزە و واڵتەر بنیامین و ئەنتۆنی گرامشی و تێری ئیگڵتن و لویس ئاڵتوسێر تا دەگات بە ڕۆلان بارت و زۆر ئەدیب و هونەرمەندی تر ئەو زانستە بناغەکەی دارێژرا و پەرەی پێدرا. بلیخانۆف لە ساڵی ١٩١٢ لە کتێبی ( هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی) کەوتە ڕەتکردنەوەی هەر بیروبۆچوونێک سەبارەت بە دابڕانی هونەر و ژیان. بلیخانۆف دەڵێت( هەرئەوەندە بەس نییە بڵێین ئەدەب و هونەروێنای ژیان دەکەن، بەڵکو دەبێت بزانین هونەر چۆن گوزارشت لە ژیان دەکات و چۆن لە جووڵەی دیالەکتیکی ژیان تێدەگات.)(٧) ئیستاتیکای مارکسیزم و تیئۆرییەکەی پشتبەستوو بە تێڕوانینەکانی کارڵ مارکس دارێژراوە و کاری ئەو خوێندنەوەی دەق و هونەرە لەسەر بنەمای ماتریالیزمی دیالەکتیک. بەتایبەتیش ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە چێژ و جوانی و هونەر. تێگەیشتن لە ئیستاتیکای مارکسیزم تێگەیشتنە لە ئاستی گەشەی کۆمەڵگە و هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەستکردنەوەی ئەو تێگەیشتنە بە دەق و کارە هونەرییەکان و لەوێشەوە خوێندنەوەی دەق و نووسەر و ئیلتزامی چینایەتییە .مارکس و ئەنگڵس پێیانوابوو کە هەموو چالاکییەکی کردەیی ماددی ئینسانی، دیوێکی ئیستاتیکای هەیە. پەیوەندی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و ئیستاتیکای مارکسیزم، پەیوەندییەکی توون و تۆڵە و ڕەخنە مارکسیستی بەبێ ئەم چەکە مەعریفییە

کاریگەرە ناتوانێت زۆر بەباشی بچێتە پێشەوە و ئامانجەکانی بپێکێت. جەوهەری زانستی ئیستاتیکای مارکسیزم خولانەوەیە بەدەوری ئەو ناوەندە مەزنەی کە ناوەڕۆکی دەقە ئەدەبییەکەی لەسەر بنیاد نراوە کە ئەویش ئینسانە. دەق لە فیکری ئینسانی پێکدێت. دەق بێ فکری ئینسانی، وەک بلینسکی دەڵێت دەقێکی بێ گیان و مردووە. پێچەوانەی تێڕوانینی ئەدەبی بۆرژوازی بۆ ئیستاتیکا کە فۆکس لەسەر فۆرم و شێوە دەکاتەوە، ئیستاتیکای مارکسیزم جەغد لەسەر ئیلتزامی چینایەتی دەکاتەوە و تەوەری سەرەکی ئیشکردنی، دیاریکردنی ڕۆڵی ئینسانە لە ململانێی چینایەتییەکان.

ئیستاتیکای مارکسیزم تیئۆرییەکە لە جوانناسی لەسەر تیئۆرییەکانی کارل مارکس بنیادنراوە. ئەم زانستە پشت بە میتۆدی ماتریالیزمی دیالەکتیک دەبەستێت بۆ چەسپاندنی مارکسیزم لە بواری ڕۆشنبیری و بەتایبەتیش لە بوارەکانی پەیوست بە هونەری و جوانی. هەلومەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتیش پەیوەندییە چینایەتییەکان گاریگەرییان هەیە بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی تاک لە کۆمەڵگە. لێکۆڵینەوەی ئیستاتیکیی لەڕوانگەی ماتریالیزمی مێژووییەوە لەهەر بەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەری سەرەتا بەبێ تێگەیشتن لە مارکسیزم ناتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێت. بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی ئیستاتیکی مارکسیستی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، دەبێت  نووسەر دەق وردبکاتەوە بەسەر چێژ و خەیاڵ و زمان و فۆرم و پەیوەندی دەق بە کۆمەڵگە و هەورەها جێوشوێنی دەق لە ململانێی چینایەتیدا. بەمجۆرە زانستی ئیستاتیکای مارکسیزم (زانستێکە لەو  یاسا و

پەیوەندییە ئیستاتیکییانە دەکۆڵێتەوە کە ئینسان بە جیهانی دەوروبەرەوە دەبەستێتەوە.)(٨)

## ئیستاتیکای مارکسیزم و ئەدەبی کوردیدا

ئەدەبی کوردی گەلێ بایەخی بە ئیستایکا و مەسەلە جوانییەکانی دەق و داهێنان داوە. بەڵام بایەخی بە ئیستاتیکای مارکسیزم نەک بەپێی پێویست نەداوە، بەڵکوو لە چوار دەیەی ڕابردوودا سەرباری هەوڵەکانی بزووتنەوەی ئەدەب و هونەری پێشکەوتووخوازی و کرێکاریی لە کوردستان، کەچی بەتەواوەتی هەست بە کاڵبوونەوەی دەکەین. (٩) چێژ و چەشەی ئەدەبی و جوانناسی و ئیستاتیکا و گەلێ تایتڵی تر دەبنە چەتری دەیان نووسین و وتار بەزمانی کوردی کە سەرجەمیان لەدیدگای ئەدەبی ناسیونالیستی کوردیەوە نووسراون،(١٠) لەکاتێکدا دەبوایە ئیستاتیکای مارکسیزم بەتایبەت لەلای نووسەران و ئەدیبانی کرێکاریی و مارکسیستی بێی بایەخ و بوایە و دیان وتار و سەدان ڕەخنەی ئەدەبییان لێهەڵبهێنجایە. بەهەرحاڵ واقیعی ئەم دۆخە و لاوازی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە پەیوەستە بە ئاستی گەشەی ململانێ چینایەتییەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان. ئێستا لە واقیعێکەوە دەست پێدەکەین، کە بایەخدان بەم پرسە خەمی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی نییە. ئەو خەمە، خەمی لێکۆڵەرەوان و ڕەخنەگرانی مارکسیستیە تا بتوانن لەسەر هەمان ڕێچکەی بیرمەندانی مارکسیستی برەو بەو پرسە بدەن.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئاوڕنەدانەوە لەم بزواتە و ئیشنەکردن لەسەری بریتییە لە پاشەکشەی کۆمۆنیزم و مارکسیزم و هەروەها چینی کرێکاری کوردستان لە گۆرەپانی ململانێیە چینایەتییەکان. کاریگەری ئەم پاشەکشێیە نە تەنها بەسەر ئەدەبیاتی کرێکارییەوە دیارە، بەڵکو زۆر سەخت و گورجکبڕانە بەسەر واقیعی ژیانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانەوە شکاوەتەوە. خەڵکی کوردستان بەهۆی ئەم پاشەکشێیە و هەم لەڕووی ئابوورییە و لەدۆخێکی سەختدا ژیان بەسەر دەبەن و هەمیش لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە چەند دەیە گەڕێنراوەتە دواوە. ئەم دواکەوتنە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە بەسەر زەوق و چەشە و هەستە چینایەتییەکان. ئەو جوانییەی کە ئینسانێک لە دۆخێکی ئاسایی و ژیاریدا دەیبینێت، جوانتر و ئیستاتیکیترە لە هەمان جوانی کە هەر هەمان ئینسان لەدۆخێکی دژواردا دەیبینێت. خەڵکی کوردستان قوربانی سیاسەت و ستەمی چینایەتی بۆرژوازی کورد و جیهانییە بەو ئەدەب و هونەر و کلتوورەشی ک بەرگری لە لیبڕالیزم و ستەمکاران دەکەن. چەشەی ئینسانی زەحمەتکێشی کورد هیچی کەمتر نییە لە چەشە و هەستە مرۆییەکانی هەر ئینسانێک جا لەهەر گۆشەیەکی دنیادا بێت. دەبێت و ئەرکمانە کە خەڵکی ستەمیدە و بەشمەینەتی کورد جاریکی تر ئاشنا بکەینەوە بە دەق و کارە هونەرەییە ناوازە و بە سەلیقەکان تا جوانناسی خۆیان واتە ئیستاتیکای ئینسانیی خۆیان شوێنی بەرزی شیاوی خۆی وەربگرێت و چێژ لەو ژیانە بکەن کە تیایدا

دەژێـــن و شـــایانیانە، نەک جەهەنەمـــی بـــۆرژوازی و سەرمایەداری.

## ئەنجام

ئیستاتیکای مارکسیزم وەک زانستێک پەیوەستە بە هەستەکان کە مێژوویەکی درێژی لە ڕامانی فەلسەفە دەربارەی هونەر و ئەدەب لەپشـــتدا هەیە. لەوەتەی هـــونەر و ئەدەب هەیە ئەم جوانناسییەش هەبووە و بەڵام درەنگ وەک زاراوە جێگیر کرا. مارکســیزمیش بێبەش نییە لەم زانســتە و بـایەخی داوەتـیّ. هەرچەندە مارکس و ئەنگڵس بە وردی و سەربەخۆ باسی ئەم زانســتەیان نەکــردووە، بەڵام دوای ئەوان لەســەر دەســتی بیرمەندان و فەیلەسوفان و ئەدیبانی مارکسیست بایەخی پێدرا. لە ئەدەبی کوردیشدا ئیستاتیکای مارکسیزم پشتگویّ خراوە و گرنگــی پێنادرێــت، بەڵام ئەرکــی ئەدیبــان و هونەرمنــدان و نووسەرانی مارکسیستیە ئەو پرس و بابەتە بوروژێنن و لای لێــبکەنەوە و بــیکەنە بەردی بنــاغەی وتــار و نووســینە ڕەخنەییەکانیان.

## ژێدەر و سەرچاوە:

(١)و(٢)و(٣) کورتە نووسینی فەلسەفەی ئیستاتیکا چییە، سایتی فەلسەفە. پۆستی ١٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨؛

(٤)علم الجمال عند لوكاش ص ٦-٧

(٥)فلسفة الجمال/https://ar.wikipedia.org/wiki

هەروەها بڕوانە فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بلاوکردنەوە چاپی یەکەم تاران ٢٠١٥، لاپەڕە ٧٦.

(٦)https://en.wikipedia.org/wiki/Marxist_aesthetics

(٧)فؤاد الكنجي، الفن و علم الجمال الماركسي، موقع الحوار المتمدن

(٨)المفهوم الماركسي اللينيني لعلم الجمال موقع العالم الجديد

https://al-aalem.com/news

(٩)لێرەدا بە تایبەتی ڕۆڵی کانوونی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی کوردستان و حەلــقەی ئەدیبــانی کۆمۆنیســت نابێــت نادیــدە بگــرین کە ســەرباری کەموکوڕییەکان و ئاستەنگەکانی بەردەمیان توانیویانە لایەک لەم مەسەلەیە بکەنەوە و کاریگەری خۆشیان دابنێن.

(١٠)لەئەدەبی کوردیدا هەر لە هەوڵە سەرەتاکەی کەمال میراودەلییەوە( فەلسەفەی جوانی و هونەر) وە بگرە تا دەگاتە وەرگێرانەکانی عەزیز گەردی و فوئادی مەجید میسری و تا دەگاتە سمکۆ محەمەد (ئیستاتیکا) و چێژی گێڕانەوەی شاخەوان سدیق و چەشە و چەشنە ئەدەبییەکانی د.حەمە منتک کە دەربارەی ئیستاتیکا دواون، بەڵام بەپێی پێویست تــوێنێتی خوێنەری کورد ناشکێنن.

*تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری وانەر ژمارە ١١سالّی ٢٠٢٣ بڵاوبۆتەوە.*

# زمان لەڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیدا

کەنەدا نیوەی دووەمی ٢٠٢١

## بەرایی

زمان وەک خۆی، کە لە وشە و ئاماژە پێک دێت و بەشێوازی دەربڕین و بونیادییەکەی جا بە قسەکردن بێت یان بە نووسین یان بە هێما، میتۆدی بنەڕەتی سیستەمی کۆمینیکەیشنی ئینسانەکانە. جگە لەهۆکاری تێگەیشتن و زانیاری گۆڕینەوە، دەروازەیەکیشە بۆ گوزارشتکردن لە ناخ و دڵ و بیر و باوەڕ. زمان جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ سەرخانی کۆمەڵگە و بەرهەمی سەرتاپای مێژووی کۆمەڵگە و هەروەها بەرهەمی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە نییە، بەڵکوو بەرهەمی سەرتاپای کۆمەڵگەیە، بەرهەمی هەموو چینەکانە کە بە هەوڵ و کۆششی سەدان نەوە هاتۆتە بوون(١)زمان دەتوانێت ئاراستە ببەخشێتە کایەکانی پەروەدرە و فێرکردن و ئەدەب و ڕۆشنبیریی. لەوێشەوە بەهۆی بیر و ئایدیۆلۆژیا جیاجیاکانەوە ئاراستەکردنی تەواوی کۆمەڵگە ڕووەو داهاتوو ڕێنوێنی بکات. ئەوەی زمانیش ئاراستە دەکات بریتییە لە هۆش و تێگەیشتن لە ئاریشەکانی ژیان و کۆمەڵگە. ئەگەر زمان لە کۆمەڵگە

دەربکێشیت، لەوانەیە ئیتر ژیان شێوازێکی تر وەربگرێت. واتە زمان کۆدی بەرزی ژیانی ئینسانە لەم سەردەمە پڕ لە کێشمەکێشەدا. شوناسی زمان و ئەرکەکانی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئەمڕۆ، سنوورەکانی نەتەوە و ئایین و کلتوور و فەرهەنگ تێدەپەڕێنیت و دەتوانێت وەک ئامرازێکی یونیڤێرساڵ بجەنگێت. زمان هەروەک ئاماژە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت لە کار و پرۆسەی کاردا. ئەمڕۆ زمانی کۆمیونیکەشن خەریکە تەواوی بازاڕی ڕیکلام و پرۆسەی بەرهەمهێنانی بازرگانی دەخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە. لەم نێوەشدا زمان نەک لە ئەرکە سروشتییەکەی خۆی دوورخراوەتەوە، بەڵکو لەلایەن سیستەمی سەرمایەداری چاوچنۆکەوە دووچاری ستەم بۆتەوە. هەرچەند ئەم پرسە فرە ڕەهەند و فرە ئاراستەیە و پەلوپۆ دەهاوێت بۆ زۆر قوژبن و کەلێن، کە ئاوڕلێدانەوەی لەتوانای ئەم کورتە وتارەی مندا نییە. بەڵام ئەوەی من دەمەوێت فۆکسی لەسەر بکەم ئەرکی بونیادی زمانە لە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیدا.

## بونیادی نووسین و کارگەریی زمان

ڕەخنەگری بەناوبانگی مارکسیستی بلیخانۆڤ پێی وایە کە زمانی دەقی ئەدەبی و شێوازەکەی و پێکهاتەکەی و شێوە ئیستاتیکییەکەی، ناوەڕۆکی دەقەکە دیارییان دەکات، واتە بەو تێڕوانینەی کە نووسەر بۆ واقیع دەستەبەری دەکات، بەو ئەزموونەی کە هەیەتی و بەو ئایدیۆلۆژیایەی کە گوزارشتی لێوە دەکات. (٢) ئەمەش واتا زمانی دەق ناکەوێتە دەرەوەی

پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان شێوە و ناوەڕۆکەوە. ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی لەلێکدانەوە و شرۆڤەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی ڕۆڵی دزاینکەر دەبینێت، بەوشەیەکی تر جێوڕێی نووسەر لە ململانێی خەباتی چینایەتی و هەروەها ئینتمای نووسەر بۆ ئەو ململانێیە دەتوانێت ڕۆڵی یەکلاکەرەوە ببینێت لە دیاریکردنی زمانی نووسین. کاتێک باس لە زمانی نووسینی دەقی ئەدەبی دەکەین، واتا ئێمە قسە لەسەر ڕۆڵی کۆمەڵایەتی نووسین دەکەین. ئەم ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەش ئایدیێندتی خۆی لە ئینتمای نووسەر بۆ خەباتی چینایەتییەوە وەردەگرێت. واتا بەوپێیەی کە زمان ئامڕازێکی گوزارشتی هەست و تێڕوانینە چینایەتییەکانە، بەو ئەندازەیەش ئەرکێکی سۆسیۆلۆژیانە لەئەستۆ دەگرێت لەدیاریکردنی شوناسی دەق و جێوڕێی نووسەر و ئەدیب لە خەباتی چینایەتی. لێرەدا نموونەیەک دەهێنمەوە: وەکچۆن باسکردنی پایز و سەفەر و ئێوارە و کۆڵان هیچ شیعرنووسێک ناکات بە شاعیر، ئەگەر خەیاڵ و زمانی نووسەر نەتوانێت شیعرییەت لەوشەکان بەرجەستە بکاتەوە، ئاواش بەکاربردنی وشەگەلی وەکوو زەحمەتکێش و کرێکار و ئایار و سەرمایەدار ناتوانێت بیکات بە شاعیری کرێکاریی بێ ئینتمای شاعیر بۆ خەباتی چینایەتی و پەیوەستبوون بە ململانێی نێوان کار و سەرمایە. زمانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لەناسینەوەی چینەکان و ململانێیە کۆمەڵایەتییە — چینایەتییەکاندا پێویستە باڵادەستی خۆی بنوێنێت. زمانی ڕەخنەی ئەدەبی بۆرژوازی کە زمانێکی بەناوەڕۆک کۆنەپەرستانەیە ئیشی پاراستنی بەرژەوەندی چینایەتی سەرمایەدارانە بۆیە زماننناسان و زانایانی بۆرژوازی دڵنیایی

دەدەن بەوەی کە بیردۆزەکانیـان و نووسـینە زمانەوانییەکانیـان هـیچ مەترسـییەکیان نە بـۆ خـوا و نە بـۆ سـەرمایەداری نیـیە. هەرچـی زمـانی شۆڕشـگێرانەی ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیسـتیە بەپـێچەوانەوە ئـیش لەسـەر بەتـاڵکردنەوەی سـیحری بەهـا بۆرژوازییەکـانی نێـو دەق دەکـات و هەوڵ دەدات خـوێنەر لەو وەهمـانە دەربـاز بکـات. ئەگەر لەزمـانی ڕەخـنەدا هەمیشـە دەسـتێکی نادیـار وەسـفی خـۆی بکـات، ئەوا لەزمـانی ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیسـتیدا دەسـتە نادیـارەکە بەرژەوەنـدییە چینایەتییەکانی پرۆلیتاریایە دژ بە سەرمایەداران.

لەلایەکی تریشەوە کاریگەری زمان لەسەر خوێنەر و هەروەها ڕەنگـدانەوەی ئەو کـاریگەرییە لەسـەر پانتـایی زەیـن و بیرکردنەوەی ئینسانەکانی کۆمەڵگە بەئاسانی هەست پێدەکرێت، بەتایبەتی ئەوکاتەی زمان دەبێتە بەشێکی دانەپچراو لە پرۆسەی بەرهەمهێنـان و بازرگـانی. ئەم پرۆسـەیەش لەم سـەردەمی جیهانگیرییە و گەشە خێرایەی تەکنەلۆجیا چەند بەرابەر بۆتەوە و سنوورەکانی زمانی لۆکاڵی و جیهانی کاڵ کردۆتەوە. زمان تواناکانی ئێمە لەسەر تێگەیشتنی جیهان و بیرکردنەوە لە جیهان سنووردار ناکات، بەڵکوو هۆش و بیرکردنەوەمان لەسەر لایەنە دیاریکراوەکانی جیهـان چـڕ دەکـاتەوە. چەنـدین نمـوونە هەیە دەربـارەی چـۆنیەتی کـارگەری زمـان لەسـەر هۆشـمەندی.(٣) چونکە هەر زمانێک نەک هەر بە تەنها زمانی ئینگلیزی، بەڵکوو تەنانەت زمانی کوردیش کە زمانێکی لۆکاڵە و پێشکەوتوو نییە، ڕەنگدانەوەی بەهاکـان و ئەوتێـڕوانینەیە کە ئـێمەی کوردزمـان بڕوامان پێیەتی.

## ئەرکەکانی زمان لە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی

زمانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی، زمانی جنێو و تەشهیر و سووکایەتی پێکردن نییە و لەهەمان کاتیشدا زمانی ستایش و پیاهەڵدان و نازکێشانی نووسەران و ئەدیبان نییە. بەڵکو زمانێکە ئیش لەسەر دۆزینەوەی کۆدەکانی دەق دەکات لەپەیوەند بەجیهانە بەرفراوانەکەی ململانێی چینایەتی و ئاریشە ئیستاتیکییەکان. ئیش لەسەر کەشفکردن و نیشاندانی ئاماژە چینایەتییەکانی نێو دەق دەکات. ئەو ڕایەڵە هەستییانە دەبینێتەوە و نیشان دەدا کە دەقێک نادیارانە و ناڕاستەوخۆیانە لەخۆیدا بەرجەستەی کردوونەتەوە و ڕەگیان بەنێو ڕستە و پەرەگرافەکاندا ڕۆچووەتە خوارێ.

ئەم زمانە زمانێکی تێکچڕژاو و ئاڵۆز و ناڕوون نییە، بەڵکو بەوپەڕی سادە و توونـدتۆڵ و تۆکمەییەوە پشت بەستوو بەو باوەڕەی کە دەبێت بۆ خوێنەرانی کرێکار (کرێکارێکی هۆشیار) بنووسرێت. بابەتی خۆی بۆ ئارگیومێنت دەخاتە بەر دیدەی خوێنەرانی. زمانێکە دوور لە درێژدادڕی و بگرەوبەردەی بێسوود و بێبەها، دەقی ئەدەبی دەخوێنێتەوە و ئەوەی پێویست بێت لەبارەیەوە نیشانی دەدات. بێڕتووش و بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ پرەنسیپێکی ڕەخنەیی تەقلیدی بۆرژوازی، ئەرکەکانی خۆی ، ئەرکە ئیستاتیکییەکانی خۆی ڕایی دەکات.

زمانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی هەڵگری کۆمەڵێ کۆد و ئاماژە و ئاماژە پێدراوە کە لە کۆی خۆیدا میتۆدێکی زانستی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەیە و لە دووتوێی دەقی ئەدەبیدا وەک پشکنەری کارەبا، پشکنین بۆ تەزووی هەستە چینایەتییەکانی

یەکە بە یەکەی وشەکانی نێو دەقە ئەدەبییەکە دەکات و هەڵیان دەسەنگێنی و دۆخی چینایەتی و ئیستاتیکییەکانیان دەستنیشان دەکات.

ئەرکێکی تری زمانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی خۆپاڵاوتنە لە وشە و گوزارشت و فرەیزە فیئودالی و بۆرژوازییەکان و بەکاربردن و جێخستنی ئەو وشە و گوزارشتانەیە لە ئەدەب. لەهەمان کاتیشدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ لە ڕەخنە لە ناواخنی زمان و دەربڕینە فیئودالی و بۆرژوازییەکان کەپڕە لە وشەگەلی لێوڕێژ لە سووکایەتی و بێحورمەتی بە ئینسان و زیندەوەرانی تر. ڕەخنەگرتن لە شوبهاندنی ئینسان بە سەگ و کەر و چەقەڵ و ڕێوی و گورگ و نێونانی مرۆڤ بە ناو و ناتۆرەی کۆمەڵایەتی ناپەسند و لکاندنی سیفەتی بێمانا بە مرۆڤەکانەوە تا دەگات بەوەی لە دەربڕینەکاندا ئینسان زەلیلی زمان دەکەن. زمانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی دەبێت بکەوێتە ئەودیو سنوورەکانی سووکایەتی و ئەم سووکایەتییەش لەهەر دەقێکی ئەدەبیدا بوونی هەبێت بکوتێتەوە، بەمەش زمانی خۆی لە خڵتە چینایەتییەکانی بۆرژوازی پاک دەکاتەوە و بە وشەگەلی پڕ لە هەستی ئینسانیی وەک پێدانی ئۆکسجین بە کەسێکی نیمچەخنکاو جوان دەگەشێتەوە و باڵا دەکات.

زمانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی زمانێکە نامۆ نییە بە زمانی دەق و تەنانەت بە زمانی نووسینی وتاری سیاسی و تەحریزی. ئەم زمانە پشت بە ئەو هاوکێشە ئیستاتیکیانە دەبەستێت کە ڕەخنەگر وەک مەبنای ئیش لەسەر کردن دێتە ئەژمار. ڕەخنەگری ئەدەبی مارکسیستی دەبێت خاوەن زمانێک بێت لە

نووسین، توانای قەناعەت پێکردنی خوێنەری لەئاستێکی بەرزدا بێت. زمانێک توانای شیتەڵکردن و ئینجا لێکگرێدانەوەی هاوکێشەکانی نێو دەقی ئەدەبی هەبێت بەو ئاراستەیەی کە خزمەت بە بزووتنەوەی ئەدەبی مارکسیستی بکات. زمانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی بەچەندین ڕایەڵە بە زمانی سیاسەت و نووسینی وتاری سیاسی نییە. بەوپێیەی کە ئەدەب وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەرهەمی پێویستی ململانێی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەیە، ئەو زمانە خۆی لەقەرەی گەلێ مەسەلە و ئاریشە و بابەت دەکات کە سیاسین. بەواتایەکی تر لەجیهانی واقیعدا سنوورێک بوونی نییە لەنێوان زمانی ئەدەبی و زمانی سیاسی. ئەم دوو زمانە لێکهەڵپێکراون و لەزۆربەی قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگە وەک یەک زمان دەردەکەون. هەر بۆیەشە گەلێ سیاسەتمەدار هەیە ئەدیبن و گەلێ ئەدیب هەن سیاسەتیش دەکەن و وتاری سیاسیش دەنووسن.

وەکچۆن ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی لەگۆشەنیگای هەڵسەنگاندنی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیەوە گرنگە و گرنگترین شوێنی نەشتەرگەری ڕەخنەیە، ئاواش فۆرمی ئەدەبی کە زمان خۆی بەشێکە لەو فۆرمە، شوێنی ئیشی ڕەخنەیە. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی ئەرکییەتی زمانی دەق و نووسین بەردەوام لە بەردەم شیتەڵکردندا دابنێت و بایەخی زۆر جیدیی پێبدات. ئەوکاتیش ئەرکی ڕەخنەگری مارکسیست لەوانەیە زۆر ئاڵۆزتر بێت کاتێ لە هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکەوە بەرەو هەڵسەنگاندنی شێوە وەردەچەرخێ.(٤) چونکە پانتایی ئیشکردنەکەی ڕەخنە دەگۆڕێت.

## ڕۆڵی کلتوور لە ئاراستەکردنی زماندا

زمان و کلتوور لە کارلێکەری بەردەوامدان لەگەڵ یەکتر. کلتوور زمان بەڕێڕەوێکدا دەبات کە بەپێی پێویستی گەشەی خۆی لەقالبی دەدات. بۆیە گوزارشتە زمانەوانییەکان، فرەیزەکان و تەنانەت وشەکانیش گوزارشتن لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری وسیاسی دیاریکراو. گومانی تێدا نییە کە مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەکان پەیوەستن بە کلتووری کۆمەڵایەتی و ئاستی ژیاریی ئەو کۆمەڵگەیە و هەروەها بە ململانێی نێوان کار و سەرمایە لەو کۆمەڵگەیەدا. بۆیە دەبینین کلتوور بەتۆخی کاریگەری هەیە بەسەر ژیان و نووسین و زماندا. هەر لەناونانی مرۆڤ و شتەکانەوە بگرە تا دەگاتە بڕوا هێنان بە وەهم و خورافە و ئەفسانە دروستکراوەکان. کاریگەری کلتوور لەسەر زمان یەک لایەنانەیە و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی دەبێت ئەو کاریگەرییە تاک لایەنییە ئاوەژوو بکاتەوە و بەزمانی خۆی واتە بەزمانی ڕەخنەی مارکسیستی ئەو هەژموونی ئەو کاریگەرییە کاڵ بکاتەوە و تەنانەت هەڵیگێڕێتەوە و بتوانێت کلتوور بەرەو ئاراستەیەکی تر ببات. دیارە ئەم ئەرکە تەنها بە زمان جێبەجێ ناکرێت و گەلێ هۆکاری تر هەن کە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لەم پرۆسەیەدا کە ڕەنگە باسکردنیان لەم کورتە نووسینەدا پێویست نەبێت. وەکچۆن لەنێو هەناوی زماندا بەتایبەتی لە نووسینی دەقی ئەدەبیدا لێکچواندن و میتافۆر و ..تاد هەن. ئاواش زمان ڕەنگڕێژە لە ئیدیۆم و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق کە ئاوێنەی ڕووی کۆمەڵن بەباری چاک و خراپییەوە. زمانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی زمانێکی کلتووری کۆنسەرڤەتیڤ

نییە، بەڵکو زمانێکە پشت بەستوو بە لەکەپوورێکی گەورە و فراوان لە وتزا و فرەیز، کە ڕۆڵی کلتوور دەنەخشێنن لە ئاراستەکردنی زماندا. زمانی دەربڕینی کلتوور ئینسانیی و دەستکەوتە زانستییەکان و گەشەی تەکەنەلۆجیا کەم تا زۆر ئاشنا و تەبان بە زمانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی. لە فەلسەفەی مارکسیزمدا، بالادەستی فەرهەنگی بالا دەستی چینی دەسەلاتدارە بەسەر کۆمەڵگەوە، بالادەستییە بەسەر بیروباوەڕ و لێکدانەوەکان و بۆچوونەکان و بەها و نەریتەکان.(٥) ئەم بالادەستییە، هەیمەنەیە بەسەر کلتوور کەزمان ئاراستە دەکات. نابێت ئەوشمان لەبیر بچێت کە بەوپێیەی کۆمەڵگە چینایەتییە و چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە ململانێدان، بەوجۆرەش زمان لە پرۆسەی پاراستنی بەرژەوەندییەکان بەشدارە و تەنانەت زمانیش هەرچەندە زمانی سەرجەم کۆمەڵگەیە، بەلام بەرژەوەندی چینایەتی چینە کۆمەلایەتییەکانی پێ دەناسرێتەوە. زمانێک کە گوزارشت لە خەبات و تێکۆشانی کرێکاران دەکات لە کۆمەڵێ دەبڕیندا جیاوازترە لە دەربڕینی زمانێک کە بەرگری لە بەرژەوەندی بۆرژوازی دەکات. چونکە تەمەنی زمان بەقەد تەمەنی هۆشیارییە. زمان وەکو هۆشیاری تەنها لەپێداویستییەوە دێتە ئاراوە. بەوپێیەی هۆشیاری هەر لە سەرەتاوە بەرهەمی کۆمەلایەتییە(٦) زمانیش بەرهەمی ئاتکی کۆمەلایەتی ئینسانەکانە لە کۆمەڵگە. جگە لە ئەمانەش زمان گرنگترین هۆکاری پەیوەندی مرۆڤەکانە بەیەکترەوە. یەکێتیی زمان و شکڵگرتنی بەرەوپێشچوونی بێ هیچ بەربەستێک گرنگترین هۆکاری بازرگانی ئازادی ڕاستەقینە و بەرفراوانی گونجاوە بۆ

سەرمایەداری نویَ، لەپێناو کۆکردنەوەی ئازادانە و بەرفراوانی خەڵک.(٧)ئەم پەیوەندییەی نێوان زمان و کلتوور، زمان و ئەفسانە، زمان و کەلەپوور، زمان و فەرهەنگ درێژ دەبێتەوە تا زمان و سیاسەت بەسەر یەک راستەڕیَ دەبنە شوێنی کاری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە ئەدەبی و سۆسیۆلۆژییەکان.

## ئەنجام

زمان وەک ئامرازێکی کۆمیونیکەیشنی نێوان ئینسانەکان لە کۆمەڵگە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە ڕووەو داهاتوو. زمانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی جیاواز لە زمانی دەربڕینی ئاسایی و نووسین، دەتوانێت کاریگەری هەبێت بەسەر بزووتنەوەی ئەدەبی و کلتوورییەکان و وەڵامدانەوە بە ئاریشەکانی بەردەم گەشە و بەرەوپێشچوون. زمانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی گوزارشتە لە ئاستی خەبات و تێکۆشانی چینایەتی و گەشەی کۆمەڵگە، لەهەمان کاتیشدا دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ بگێڕێت لە بردنەپێشەوەی ئەو تێکۆشانە لەڕێگەی بەتاڵکردنەوەی سیحری بەها بۆرژوازییەکان. زمانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی زمانی جنێو وناونەاتۆرە و تۆمەتبەخشینەوە نییە، بەڵکو زمانی خوێندنەوەی دەق و دیاریکردنی ئاریشەکان و شیتەڵکردن و لێکگرێدانەوەی کۆدەکانی دقە. ئەم زمانە لەئاستێکی بەرزی بەرپرسیارێتیدا ئەرکەکانی جێبەجیَ دەکات. زمانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی زمانێک نییە لەئاسمانەوە دابەزیبێتە خوارەوە، بەڵکوو هەمان زمانی بەکارهاتووی ناو کۆمەڵگەیە بەڵام بە دەربڕینی جیاواز و

بە بەرجەستەکردنەوەی بەرژەوەندی چینایەتی جیاوازەوە گوزارشت لە پەیوەندییەکانی نێوان ئینسانەکانی ئەم کۆمەڵگە چینایەتییە دەکات.

# سەرچاوەکان:

1-Marxsim and Problems of Linguistics J.V. Stalin

Published in the June 20, July 4, and August 2, 1950 issues of *Pravda*

Transcription/HTML Markup: M. And Charles Farrell Online Version: Stalin Reference Archive (marxists.org) 2000

(٢)جورج بليخانوف، الفن و التصور المادي للتاريخ، ترجمة جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٧٧، ص ٤١.

3- Marielle Zagada More than words: how language affects the way we think

https://www.gofluent.com/blog/how-language-affects-the-way-we-think

(٤)ئەناتۆلی ڤاسیلیڤیچ لۆناشارسکی، دەربارەی ئەدەب و هونەری پێشکەوتووخواز، چەند تێزێک دەربارەی گرفتەکانی ڕەخنەی مارکسیستی. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

Thesese on the Problems of Marxist Criticism

A.V. Lunacharsky 1928

https://www.marxists.org/archive/lunachar/1928/criticism.htm

5-https://en.wikipedia.org/wiki/Marxist_cultural_analysis

6- Holborow Marnie,studies in language and Capitalism University of Dublin page 5

7-V. I. Lenin, "The Right of Nations to Self-Determination " *Selected Works* in Two Volumes, Eng. Ed., Moscow, 1952, Vol. I, Part 2 pp. 318-19.

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری وانەر ژمارە ٥ ی ساڵی ٢٠٢٠ بڵاوبۆتەوە.

# ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە کوردستان

## سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبی کوردی

مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و هەوڵەکانی ڕەخنەگرانی کورد لەم بوارەدا بەتایبەت نووسین و هەوڵەکانی شاعیران و نووسەران کە لە دەیەی بیستەکانەوە لە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستییەوە(١٩٨١-١٩١٨) دەست پێدەکات و تا دەگات بە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ.. ئەم بزووتنەوەیە لە دەیەی بیستەکانەوە دێتە مەیدان بەڵام بە بەگشتی کاڵوکرچ و نازانستی بووە. بەڵام لە دەیەی سییەکاندا زیاتر دەردەکەوێت و ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەڕوویدا دەکرێتەوە. گۆڤاری گەلاوێژ ( ١٩٣٩ – ١٩٤٩) ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە پەرەدان بەم ژانرەی ئەدەب. زۆربەی نووسینە ڕەخنەییەکان لەسەر ژانری شیعر و ململانێی نێوان شیعری کۆن و نوێ بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەپاڵ قسەکردن لەسەر شیعر؛ نووسەرێکی وەک (ع و نوری عەبدولواحید نووری) ش بە بیروباوەڕە مارکسییە پێشکەوتووخوازەکەیەوە لە نووسینەکانیدا تەئکیدی لەسەر ئەرکی ئەدەب لە چاککردنی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگە دەکرد. (١)عەبدولواحید نوری یان (ع و نوری ١٩٠٤ - ١٩٤٤) ڕەنگە یەکەم ڕەخنەگری ئەدەبی مارکسیستی کورد بووبێت کە هەوڵیداوە لە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و دەقی ئەدەبی بدوێت. لەدەی سییەکان ڕەخنەگرانی وەک حامد فەرەج و تۆفیق وەهبی باسیان لە گرنگی ڕەخنەی ئەدەبی کردووە. ڕەخنەی ئەدەبی لەم

دەیەیەش وەکــو دەیەی بیســـتەکان نەیتوانیــوە بە شــێوازێکی زانســـتییانە بنووســـرێت و دوور بێــت لە زمــانی زبــر. دەیەی چلەکــان، دەیەی پاشەکشـــەی ڕەخـــنەی ئەدەبیـــیە و گۆڤــاری گەلاوێژ لاپەڕەکانی بەڕووی ڕەخنەدا دادەخات. لەو دەیەیە جگە لە کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) ڕەفیق حیلمی شتێکی وا نــابینین کە شــایانی باســکردن بێــت. بەڵام لە دەیەی پەنجاکــان ڕەخنەی ئەدەبی جارێکی بە گوڕ و تینەوە دێتە مەیدان و گۆڤار و ڕۆژنامەکــانی ئەو ســەردەمە وەکــو ڕۆژنــامەی ژیــن(١٩٣٩ – ١٩٦٣) و هیــوا (١٩٥٧ – ١٩٦٣) و شــەفەق ( ١٩٥٨ – ١٩٦١) و بلێسـە و هەتـاو و پێشـکەوتن(١٩٢٠ – ١٩٢٢) ڕۆڵـی سـەرەکیان گێــرا لەبــرەودان بەم ژانــرە ئەدەبیــیە. لەم دەیەیەدا دەبینـــین زۆربەی ڕەخنەگران باس لە ئەدەب و ژیان و ئەدەب و کۆمەڵگە و ئەدەب و خەڵـک و ڕۆڵـی کـۆمەڵایەتی ئەدەب دەکەن، دیــارە ئەمەش بە کاریگەری ئەدەبیاتی ڕیالیزمی سۆشیالیستی کە ئەو سەردەمە لەبرەودا بوو. نووسەرانی وەک نوری ئەمین مەحمود و مارف خەزنەدار و ئیحسان فوئاد و شێخ مەحەمەدی خاڵ و مــارف بەرزنجـی و عەلائەدیـن سـەجادی و حوسـێن عـارف و موحەڕەم محەمەد ئەمین و مەحمود زێوەر و ساجد ئاوارە و ڕەفیـق حیلمـی و دکتـۆر عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـوڵ و دکتـۆر بەدرخـــان ســـندی زۆر زانســـتییانە تـــر و بە مەعریفەیەکـــی فراوانترەوە دەست و پەنجەیان لەگەڵ ئەم ژانرەدا نەرمکردووە. هەرچی دەیەی شەستەکانە سەرباری چالاکییەکانی ڕەخنەگران و نووســـین و کتێبەکانیــان، دەتــوانین بلێــین بەگشــتی دەیەی متبوون و سستی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا دوو بۆچوون دەربارەی ڕەخنەی ئەدەبی لە دەیەی شەستەکان

دەکەونە بەرچاو ؛ یەکێکیان ئەوەیە کە ڕەخنەی ئەدەبی زیاتر مۆرکی کەسیی پێوەیە و ئەویتریان ئەوەیە کە ڕەخنەی ئەدەبیمان هەر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا هەم نووسینە ڕەخنەییەکان و هەم کتێبە چاپکراوەکان بەروونی کاریگەری ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستییان بەسەرەوە دیارە. لێرەدا نابێت ڕۆڵی ئەو قوتابیانە لەیاد بکەین کە دەچوونە یەکێتیی سۆڤییەتی جاران بۆ خوێندن و لەگەڕانەوەیان پیادەکردنی ئەو ڕێبازەیان لە نووسینەکانیاندا دەگرتە بەر (٢) هەرچی دەیەی حەفتاکانە بە دەیەی زێڕێنی گەشە و بەرەوپێشچوونی ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەژمێردرێت. بانگەوازی ڕوانگە لە ٢٤-٤-١٩٧٠ و بوونی ڕۆژنامەی هاوکاری؛ ئەمە جگە لە گۆڤاری ڕوانگە ( ١٩٧٠ - ١٩٧٢) و نووسەری کورد و بڵاوکراوەکانی تر کە هەر هەموو پێکەوە ڕۆڵیان گرنگیان بینی لە هەستانەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. دیارە لەنێو ئەم هەستانەوەیەدا نووسەران و ڕەخنەگرانی دابەش بووبوونە سەر دوو بەرەوە. بەرەیەکیان پشتیوان و پاڵپشتی ڕوانگە و بەرەی نەیاریش بریتیبوون لە ( فوئاد وەرەداغی و فازیلی مەلا مەحموود و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی و کەمال میراودەلی و فوئاد مەجید میسری و محەمەدی مەلا کەریم)بوون کە زیاتر بە میتۆدی مارکسیستیەوە بەرهەمە ڕەخنەییەکانیان بڵاوکردۆتەوە. لێرەدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەگەر لە دەیەی چلەکان و پەنجاکان ڕەخنەی ئەدەبی مۆرکێکی ڕیالیستی هەبوو و باسی پەیوەندی نێوان دەق و ژیانی دەکرد، ئەوا لە دەیەی حەفتاکان و لەبەرامبەر ئەدەبی ناسیونالیستی کوردیدا کە تەواوی بزووتنەوەی سیاسی کوردی سەپۆرتی دەکرد ڕەخنەیەکی

ئەدەبی جییدی و مارکسیستی هاتە ئاراوە و شکلی گرت و وردە وردە گەشەی بەخۆیدا. (٣) دەیەی حەفتاکان و هەشتاکان لەڕێگەی گۆڤارەکانی وەکو نووسەری کورد و بەیان و ڕۆژی کوردستان و رۆشنبیری نوێ و بیری نوێ و پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق و ..تاد، ئەم بزاوتە وردە وردە هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە و هەناسەیدەدا، بەڵام ئەم بزاوتە ڕەخنە مارکسیستە ڕادیکاڵەکە بەهۆی هەلومەرجی سیاسی دەیەی هەشتاکان و سەرکوتی سیاسی حیزبی بەعس لە باشوور، تا دەهات کز و کزتر دەبوو. لە دەیەی هەشتاکان دوو ڕووداو دێنە پێشەوە کە کاریگەرییان بەسەر ڕەوتی ئەدەبی کوردیەوە هەبووە. یەکەمیان لە سەرەتای دەیەی هەشتاکان کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان لەلایەن نووسەران و ئەدیبانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە دێتە دامەزراندن و گۆڤاری (پێشەنگ) چاپ و بڵاو دەکەنەوە. دووەمیان لە نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکان بە تایبەتیش لە ساڵی ١٩٨٧ حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە شاری هەولێر دادەمەزرێت و گۆڤاری (ڕابەر) بڵاودەکەنەوە. ئەم دوو ڕێکخراوە ئەدەبییە مارکسیستیە لەڕووی مێژووییەوە یەکەمین ڕێکخراوی ئەدەبی مارکسیستین و دووەمیش لەسەر دەستی ئەو دوو ڕێکخراوە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی دوور لە کاریگەری ناسیونالیزم و لیبرالیزم و ..تاد هاتە مەیدانی تیۆری و پراکتیکەوە و کە تا ئێستاش درێژەیان هەیە.(٤)

بەدرێژایی ئەو مێژووەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، دوو بۆچوون و تێڕوانینی چینایەتی جیاواز لەبواری توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بوونیان هەبووە و قسەی خۆیان کردووە.

تێڕوانینی ناسیونالیستی و تێڕوانینی مارکسیستی. زۆر قسە دەربارەی بزووتنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ( مەبەست ڕەخنەی ئەدەبی ناسیونالیستییە) کراوە و توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجامدراوە، بەڵام لەسەر بزاوتی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی تا ئەو جێگایەی من ئاگادار بم، هیچ کارێکی بەرچاوی وا نەکراوە. بۆیە من وای دەبینم تا درەنگتر نەکەوتووە، ئێمەی ڕەخنەگرانی مارکسیست دەبێت لەڕێگەی هەوڵەکانمانەوە، هەم قسەی چینایەتی خۆمان بکەین و هەمیش وەڵامگۆی کێشە و ئاریشەکانی ئەم سەردەمە بین.

## بونیاد و میتۆدەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی کوردی

لێکۆڵینەوە لە بونیاد و میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی نەک هەر گرنگە، بەڵکو پێویستییەکی هەنووکەییە و فەرامۆشکردن و پشت گوێخستنی زیان بە ئەدەبی پێشکەوتووخوازی و مارکسیستی دەگەێنێت و خزمەت بە ئەدەبی بۆرژوازی دەکات. گەرچی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە سێ دەیەی ڕابردوو لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا نەیتوانیوە ئامادەییەکی بەرچاوی هەبێت، بەڵام بەیەکجاریش ون نەبووە و تا بۆی لوا بێت قسەی خۆی کردووە و گۆڕەپانی ڕەخنەی کوردی چۆڵ نەکردووە. ڕەخنەگرانی مارکسیستی جیهانیی هەر لە (جۆرجی بلیخانۆڤ و بیلینسکییەوە بگرە تا دەگاتە جۆرج لۆکاش و هێربێت مارکوزە و ئەنتۆنی گرامشی و برتۆڵد برێشت و فریدریک جەیمسن و تێری ئەنگڵتن) ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و هەیە لە ناسینی ئاستەنگەکان و لێکدانەوە

و شـــڕۆڤەی دۆخـــی بـــزووتنەوەی ڕەخـــنەی ئەدەبـــی و وەڵامـدانەوەی کێشـەکان. لە کوردستانیشـدا ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیستی؛ هەمیشە خاوەن قەڵەم و نووسەری خۆی بووە و گەلێ نووسەری جیدی وەک (عەبدولواحێد نوری و فازیلی مەلا مەحموود و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی و کەمال میراودەلی فوئاد قەرەداغی و فوئاد مەجید میسری و حەمەسەعید حەسەن و یوسف دەرگەڵەیی محەمەدی مەلا کەریم و جەماڵ کۆشش و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و سلێمانی قاسمیانی و سەعیدی ئەمانی و ..تاد)کەم تا زۆر بە نووسینەکانیان هەوڵیان داوە ئەو لایەنەی ژانری ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی گەشە پێبدەن و هەناسـە بـدات. سـەرباری هەر ئاسـتەنگ و ڕێگـرییەکیش کە هاتۆتە ڕێیان. چونکە پێمان خۆش بێت یان نا؛ ئەدەبی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردی هەروا بە ئاسانی بوار بە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی نادات لە مینبەرەکانیانەوە( گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن) چالاکییەکانیان نمایش بکەن و دەقەکانیان بڵاو بکەنەوە. ئەدەبی ناسیونالیستی کوردی کە ئەدەبی باڵا دەسـتی بـزووتنەوەی ئەدەبـی کـوردیە لە کوردسـتان، لە سـەپۆرتێکی مـادیی و مەعـنەوی دەسـەڵاتدارانی بـۆرژوازی کوردسـتان بەهرەمەنـدە و بەپـێچەوانەی ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیستی کە لە هیچ سەپۆرتێک بەهرەمەند نییە. ئەمەش وای کردووە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی نەتوانێت لێبراوانە چالاکی ئەدەبـی و ڕەخنەیـی خـۆی بەرەوپـێش ببـات و ئاسـتەنگەکانی بەردەم هەنگاوەکانی وەلا بنێت. ڕەخـنەی ئەدەبی مارکسیستی ڕەخنەیەکـی گۆشـەگیر و بێـئەرک نیـیە، بەڵکـو بەشـداری کـارا دەکـات لە ئاراسـتەکردنی ئەدەب بەرەو ڕێگـای شۆڕشـگێڕانە.

ئــامرێ ســـێزمان ســـبارەت بە ئەرکـــی ڕەخـــنەی ئەدەبـــی مارکسیستی دەپرسێت کە ئایا( مارکسیزم چ بەشدارییەکی لە ڕەخـنەی ئەدەبیـدا کـردووە؟ بەریەککەوتنـی لەگەڵ ئەدەب لە سەدەی بیستەمدا چۆنە و هەروەها ئەو ئاراستانە چین کە ڕەنگە ڕەخنەی مارکسیستی لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەبێت بیانگرێتەبەر؟)(٥) ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێ پرسیاری تر کە ڕووبەڕووی توێژەران و لێکۆڵەرەوان دەبنەوە پێویستە لەڕووی تیـۆری و ئینجـا کردەییەوە(پـراکتیکەوە) وەڵام وەربگـرنەوە. ڕەخنەگرانی ئەدەبی مارکسیستی کوردیش پێویستە بەشدارییەک بکەن با بەپێی پێویستیش نەبێت، تا لەئاستانەی بردنە پێشەوەی بزووتنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی ڕادیکاڵەنە و هاورچەرخ بتوانێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.

کـۆمەڵگەی ســـەرمایەداری؛ وەک کـۆمەڵگەیەکی چینـایەتی کە لەسەر بنچینەی ململانێی نێوان کار و سەرمایە بەرێوە دەچێت، بونیـادی مـاددی خـۆی لەسـەر پایەکـانی موڵکـایەتی تـایبەت و خێزان و نیشتمان و ئایین بونیاد ناوە. کۆمەڵگەیەکە هیچ ڕۆژێک بەبێ ستەم و سەرکوت ناتوانێت بژێت و یەک ساتیش بەبێ قازانج و مەرگی ئینسان ناتوانێت هەناسە بدات. ئەم کۆمەڵگە پڕ لە ئاشووب و شەڕ و ماڵوێرانییە یەک لایەنی جوانی تێدا نییە تا نیشـانی ئینسـانی بـدەین، سـەرتاپای ناشـرینی و مەرگەسـاتە. بۆرژوازی بۆ شاردنەوەی ئەو مەرگەساتەی کە ناوی ناوە ژیان و بەجـوان نیشـاندانی ئەو مـاڵوێرانییە پێویسـتی بە ئەدەب و هونەرێک هەیە تـا ئەو ئەرکەی بۆ ڕاپەڕێنێت. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و ئەدەب و هونەری کرێکاریی ڕێک پێچەوانەی ئەو ئەرکە کۆنەپەرسـتەی هـونەری بـۆرژوازی؛ مـاهییەتی دژە

ئینسـانی ئەو کـۆمەڵگەیە نیشـان دەدات. ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیسـتی پێویسـتییەکی گرنگـی قۆنـاغی خەبـاتی چینـایەتی کرێکارانە دژ بە سـەرمایەداران و بۆرژوازی. بونیادی ڕەخنەی ئەدەبـی مارکسیسـتی؛ بونیـادێکە لەسـەر بنەمـای تیـۆروانینە چینایەتییەکـان وەسـتاوە. واتە لە گۆشـەنیگای ململانێـی چینـایەتییەوە دەڕوانێـتە دەق و ئەدەب. ئەم ژانـرە ڕەخـنەی کـۆمەڵایەتی و ئیسـتاتیکی ئینسـانی سۆشیالیسـتە لە تەواوی سـەرخان و هەروەهـا لە پراکتیکـی دژە ئینسـانی دەسـەڵاتە سـتەمکارەکانی بـۆرژوازی. دیـارە نابێـت بیرمـان بچێـت کە ڕەخـنەی ئەدەبی مارکسیسـتی هەر تەنهـا تـاک ڕەهەنـدانە کـار ناکـات. واتـا هەر تەنهـا دژ بە واقیعییەتـی کـۆمەڵگەی سـەرمایەداری ناوەسـتێتەوە، بەڵکـو دژ بەو ئەدەبەش دەوەستێتەوە کە بەرگـری لەو واقیعـیەتە تـاڵە و لەو مـاڵوێرانییە دەکـات.( بـۆ ڕەخنەگرانـی مارکسیسـت، ئەدەب ئامـاژەی گەشەسـەندنی هۆشـیاری کـۆمەڵایەتییە و هەروەهـا ئـامرازێکی بەهێـزە بـۆ کـاریگەری لەسـەر بیـری گشـتی بـۆ جـوڵەکردن بە ئاراسـتە نوێکـان.)(٦)ڕەخنەگری مارکسیسـت بـۆ ئەوەی بتوانێت هەمیشە لە ڕەخنەکانیدا ئامانج بپێکێت، دەبێت ئاگاداری گەشـەی ئەدەب و هـونەر و زانسـتەکان و زانسـتەکانی کۆمەڵناسـی و دەروونشـیکاریی و ...تـاد بێت. دەبێت پەیوەنـدی دەق و کۆمەڵ، نووسـەر و چـین، دەق و نووسـەر و ئایـدیۆلۆژیا لە دیـدگای مارکسـیزمەوە بەجـوانی بناسـێت و ئەم گۆشـەنیگایە بکـات بەبونیادی بابەتەکانی. واتە باری کۆمەڵناسی و تیستاتیکی دەقی ئەدەبی و زمان بۆ ڕەخنەگری مارکسیستی گرنگن و بەشێکن لە بونیـادی ڕەخـنە. ئەدەب بەشـێکە لە وشـیاری کـۆمەڵایەتی و

ناکرێت تەماشای دەق و ئەدەب بکەین وەک ئەبستراکتێک، بەڵکو دەبێــت وەکــو خولقاوێــک لەپەیوەنــد بە کــۆمەڵگە و ژیــانی کۆمەڵایەتییەوە ببینرێت.

بەو پێـیەی مارکســیزم ڕەخنەیەکـی هەمەلایەنەتە لە کـۆمەڵگەی ســەرمایەداری، ڕەخـنەی ئەدەبــی مارکسیســتیش ڕەخـنەیە لە تەواوی دنیـای ئەدەب و هـونەری بـۆرژوازی. میتـۆدی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی، میتۆدی سۆشیالیزمی زانستییە و هەمان ئەو میتــۆدەیە کە مــارکس دانتــی پــێ خوێنــدۆتەوە و لینــین تۆلسـتۆی پـێ هەڵسـەنگاندووە. ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیسـتی تەنهـا ڕەخنەیەکـی ئایـدیۆلۆژییانە نیـیە لە دەق، بەڵکـو زیـاتر هەڵسەنگاندنێکی چینایەتی دەقی ئەدەبی و هونەرییە لە پەیوەندی بە چین و کۆمەڵگە و ژیان و ئینسـانەکان دەدوێت. خوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵگە و ئەدەب؛ ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیە و ڕەخنەگران پشت ئەستوور بەو خوێندنەوە واقیعییە دەتوانن پەرە بە ئەدەب و هونەری ئینسانیی بدەن و دژ بە کۆنەپەرستی ئەدەبـی بـۆرژوازی بوەسـتنەوە. ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیسـتی ڕەخــــنەی ڕەتکـــردنەوە و داهێنـــانە. واتە کۆنەپەرســـتی ڕەت دەکــاتەوە و پێشــکەوتووخوازی پەرە پێــدەدات. ئــێمە دەزانــین مارکسـیزم کـاریگەرییەکی یەکجـار زۆری لەسـەر تـوێژینەوەی ئەدەبـی و کلتـووری هەبـووە و هەمـوو ئەوانەی ئـارەزووی ئەو بوارەیان هەیە پێویستە ئاگاداری ئەو کاریگەرییە جەوهەرییەی مارکسـیزم بـن لەسـەر ئەدەب و هـونەر و کلتـوور . دەسـتکەوتە زانســـتییەکانی توێژینەوەکـــانی مارکســـیزم لەبـــواری ئەدەب و کلتوور دیار و بەرچاون. بۆیە بەبێ ئاگاداری ئەو دەستکەوتانە و بەبـێ خوێنـدنەوەی ئەو هەوڵانە، ڕەخنەگـران ڕەنـگە نەتـوانن

بەپێی پێویست خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێن. وەک دەزانین ئایدیۆلۆژیای زاڵ لە کۆمەڵگە؛ ئایدیۆلۆژی دەسەڵاتداران و ستەمکارانی چەوسێنەرە. ئەدەب و هونەری بۆرژوازیش وەک بەشێک لە سەرخانی کۆمەڵ و ئایدیۆلۆژیای زاڵ؛ ڕۆڵی نیگەتیڤ دەگێڕێت لە پەردەپۆشکردنی واقیعییەتی کۆمەڵگە. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی بەدوای هەژموونی دەقەوە نییە و ئەو نایەوێت نووسەر کۆنترۆڵ بکات و ئازادی بەمانا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی لێ زەوت بکات. بەڵکو دەیهەوێت شرۆڤەی دەق بکات و خوێندنەوەیەکی پراکتیکی چینایەتی بۆ پرۆسەی نووسین و دەق بکات و لەوێشەوە لەڕوانگەی بەرژەوەندی کرێکارانەوە هەڵسەنگاندنی خۆی ئەنجام بدات.

## گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و ئاریشەکان

ڕەخنەی ئەدەبی کوردی وەکو بەشێک لە سیستەمێکی ڕەخنەیی کلتووری هەمەلایەن لە واقیعییەتی بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی، ئەرکییەتی وەڵامگۆی ئەم ئاستی گەشە و نەشونمای بزووتنەوەی ئەدەبی و فەرهەنگی کوردی ئەم سەردەم و قۆناغە هەستیارە بێت و قسەی خۆی لەسەر کیشە بناغەییەکانی ڕەخنە و ئەدەب و هونەری کوردی بکات. لەجەرگەی ئەم ململانێ ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە، هەردوو ئاراستەی جیاوازی ڕەخنە ئەدەبی کوردی لەسەریانە قسەی خۆیان بکەن و ئاسۆی چارەسەرکردنی ئاریشەکان بخەنە بەردەم بزووتنەوەکە. ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی

ئەدەبی مارکسیستی دەبێت هەوڵەکانی خۆیان بەئاراستەی وەڵامدانەوە بە کێشەکانی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی بەرن.

.ململانی کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگە هەر لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە لەبڵاوکراوە سیاسی و ئەدەبییەکاندا دوو بۆچوون و تێڕوانینی چینایەتی جیاواز لەبواری تویژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بوونیان هەبووە و قسەی خۆیان کردووە. ئەمڕۆ لە جیهانی بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی کوردی و هەروەها پانتایی میدیای بیستراو و بینراودا هەوڵە ئینیدیقجواڵەکان لەئارادان و بەڵام زۆر بەکەمی هەوڵی سیستیماتیک و بەکۆمەڵ دەبینین کە ئیش لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری بکات.(٧) گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، گوتارێکە تا ئێستا نەیتوانیوە بەپێی پێویست پابەند بێت بە پرنسیپەکانی ڕەخنەوە، هەنگاوی پراکتیکی ڕوو لە ناسینی خۆی و ئەدەب و هونەر بێت. لەبەر ئەوەی هەڵگری بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە کۆی سیستەمی مەعریفی کۆمەڵگە نەبووە، بۆیە دەبینین تا هاتووە لە ئەرکەکانی خۆی دوور کەوتۆتەوە و خۆی لە قسەی جیددی بەدوور گرتووە و نەبۆتە بەشێک لە پرۆسەی خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە. بەڵکو هەر بەمەشەوە نەوەستاوە و خۆی تا ئاستێکی زۆر نزم هێناوەتە خوارەوە و لە ژانر و هونەرەوە بۆتە کاسبی و هاوکێشەی نووسین بە نووسین و دەعوەت و شتی بێمانای لەمجۆرە کە مەگەر هەر لە قووتووی عەتاری بۆرژوازیدا بوونی هەبێت، دیارە ئەمەش جگە لە بێماناکردنی ڕەخنە و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی هیچی تر نییە. هێنانەخوارەوەی بەهای ئەدەبی و مەعریفی ڕەخنە ناتوانێت بچووکترین خزمەت بە بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری

بگەیێنێت. ئەو نووسەرانەی لەژێر ناوی ڕەخنەی ئەدەبی ئەم کارانە ئەنجام دەدەن، سەلمێنەری ئەوەن کە یەکەم هیچ لە مانای ڕەخنە و بەهای کۆمەڵایەتی و مەعریفی ڕەخنە نەگەیشتوون و دووەمیش بێئاگایی و دەستوپێ سپێتی خۆیان نیشان دەدەن. ئاریشەیەکی تری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کە دەتوانین بەڕوونی ببینین و بیخوێنینەوە بریتییە لە ناوەندە ئەکادیمییەکان. ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان و زانکۆکان و دامەزراوە فەرهەنگییەکان و کۆڕی زانیاری کوردستان و بڵاوکراوکانی ئەو ناوەندانە وەکو گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب کە نەک هەر ئیشیان بەپێی پێویست لەسەر ڕەخنە نەکردووە، بەڵکو بەهای ڕەخنەشیان لەجێی شیاوی خۆی دانەناوە. ڕەنگە کەسێک بپرسێت ئەی بۆ بزاوتی ڕەخنەی ئەدەبی لەدەیەی حەفتاکان و هەشتاکان بەمجۆرە نەبوو، دەتوانین بڵێین کە ئەوکات ڕەخنەی ئەدەبی لەپێناو مەعریفەدا بوو و ئێستاش لە سێ دەیەی ڕابردوو لەپێناو مەرامە حیزبی و غەیرە مەعریفییەکان دەنووسرێت. هەلومەرجی سیاسی کوردستان و شەری نێوان باڵەکانی ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار بەجۆرێک کەوتەوە کە دوو ئیدارەیی بەدوادا هات و نووسەران و هونەرمەندانیش بوون بە دوو بەرەوە. نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان کەوتنە بەردەم بەرداشێکەوە کە یان دەبێت ئەم باڵ بن یان ئەو باڵ. لێرەشەوە مەسەلەی حیزبی بوون و خەساندن و کڕینی نووسەران و ...تاد هاتەگۆڕێ. نووسەران و ڕەخنەگران ئەوندەی خەمی ڕازیکردنی باڵەکەی خۆیان بوون و ڕەخنەیان لە نووسەرانی باڵەکەی تر دەگرت، ئەوەندە خەمی مەعریفە و بەرەوپێشچوونیان نەبوو.

ئەوان لەژێــر نــاوی دژایەتیکردنــی ئایــدیۆلۆژیا بەرگرییــان لە ئایدیۆلۆژیا دەکرد. کێشـەی ئەو ڕەخنەیە کێشـەیەکی چیانـایەتی نەبـوو ئەوەنـدەی کێشــەی نـاو یەک سیســتەمی ئایـدیۆلۆژیای ناسیونالیستی بوو.

گوتـاری ڕەخنەی ئەدەبی کـوردی کە لە سـەد سـاڵی ڕابـردوودا هەڵگری بووە، گوتـارێکی زیـاتر ناسیونالیسـتی بووە گەرچی لە هەندێ قۆناغدا نەیتوانیوە هەڵگری ئەو پەیـامەش بێت. گوتارێک زیـاتر بە دەروی شـیعردا خـوولاوەتەوە و جارێـک زمـانی زبـر و خـارێکی دی نکـووڵی کـردن لە بـوونی ڕەخـنە و ڕوون نەبـوونی ســـیمای ڕەخــــنە بەگشـــتی لای ڕەخنەگـــران تـــا دەگـــات بە ڕیالیســـتبوونی ڕەخــنە و پەیوەنــدی نێــوان دەق و کــۆمەڵگە و جەمـــــاوەر و ئینجـــــا هاتنەمەیـــــدانی بزاوتێکـــــی ڕەخنەیـــــی پێشـــکەوتووخواز ، دەتوانێـــت کـــورتەیەک بێـــت لە ســـیما و جەوهەری بزووتنەوەی ڕەەخنەی ئەدەبی کوردی کە سەد سـاڵە لەئارادایە و هێشتاش نەیتوانیوە لە ئامانجە مێژوویی و مەعریفی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی نزیک ببێتەوە.(٨)

## دواجار

دواجار من پێموایە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی وەک نەریتێکی ڕەخنەیی و ژانرێکی ئەدەبی ئاڵوگۆڕێکی وای بەسەردا نەهـاتووە بەبەراورد بە گەشــــەی کــــۆمەڵگەی ســــەرمایەداری. چــــونکە ســــەرمایەداری گەرچــی لە شــێوە و فۆرمــدا گــۆڕاوە بەڵام لە جەوهەردا هەر هەمـــــــــان ئەو جەوهەرەیە کە ڕابەرانـــــــــی سۆشیالیزمی زانستی کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگڵس و لینین

پێناسەیان کردووە و ناساندوویانە بە خوێنەر و چینی کرێکار. بەم پێیە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی؛ وەکچۆن پایەکانی لەسەر واقیع و زانست بنیادنراوە، ئاواش لەهەر سەردەم و قۆناغێکدا واقیعبینانە و زانستییانە بە ئەرکە چینایەتییەکانی خۆی هەڵدەستێت و ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لە پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە، لە کوردستانیش ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی گەرچی خاوەن مێژوویەکە، بەڵام ئەو مێژووە بەپێی پێویست نەخوێنراوەتەوە و بەردەست نییە بۆ لێکۆڵەرەوانان و ڕەخنەگران تا بەڕۆشنی ڕەوتی گەشەکردنی ئەو ڕەوتە لە ڕەخنەی شۆڕشگێڕانە دیاری بکەن. ئەرکی توێژەرانی ئەدەبی مارکسیستیە لە کوردستان ئەو مێژووەی ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەخنەگرانە بخوێننەوە و هەنگاو بە هەنگاو لەڕەوتی گەشە و بەرەوپێشچوونی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە کوردستان هەر لە سەرەتای دەیەی بیستەمی سەدەی ڕابردووە تا ئەمڕۆ بکۆڵنەوە. ڕەخنەگری ئەدەبی مارکسیستی کوردیش ئەرکییەتی بەهەمان میتۆد و بەهەمان گۆشەنیگای مارکسەوە لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا تێبکۆشێت، ببێتە بزوێنەری سەرەکی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی و تەواوی بزووتنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە ناسیونالیزم و  مارکسیزمەوە، (کە ئەمەی دواییان دوو جۆر بوون و سەر بە دوو ئاراستەی جیاواز بوون کە ئەوانیش ماویزم و ستالینیزمن)، بخوێنێتەوە و هەژموونی پێشکەوتووخوازی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بکات بە بیرکردنەوەی زاڵی نێو بزاوتی ئەدەب و هونەری کوردی لەم سەدەی بیست یەکەمینەدا.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- هەندێک لە زانیارییەکانی نێو ئەم نووسینەم لە کتێبی ڕەخنەی ئەدەبی کـوردی و مەسـەلەکانی نـوێکردنەوەی شـیعر دکتـۆر پەرێـز سـابیر لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٦ لاپەڕەکانی ١٩ تا ١٠٠، وەرگرتووە.

٢-عەزەدین مستەفا ڕەسوڵ و شوکریە ڕەسوڵ و کوردستان موکریانی و جەمـاڵ خەزنەدار و کـاوس قەفتـان و نەسـرین فەخری..تـاد لەو قوتابیـانە بـوون کە لە دەیەی شەسـتەکانی سـەدەی رابـردوو لە یەکێتیـی سـۆڤییەت خوێندویانە و بڕوانامەیان بەدەست هێناوە.

٣-مـن وای دەبیـنم کە بەر لە دەیەی حەفتاکـانیش ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیسـتی بـوونی هەبـوو بێـت و لانـی کەم لە بڵاوکـراوە و گۆڤـار و ڕۆژنامەکانی (حشع)دا ئەگەر بە شێوە سەرەتایی و سادەکەشی بێت ڕەنگە هەبووبێـت، بەڵام بەداخەوە تـا سـاتی نووسـینی ئەم بـابەتە زانیـاری پێویستمان لەبەردەستدا نییە.

٤-بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بزاوتی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی دەیەی هەشـتاکان بـڕوانە کتێبی ( دەربـارەی کـار و تێکۆشـانی حەلـقەی ئەدیبـانی کۆمۆنیسـت و گۆڤـاری ڕابەر ١٩٨٧ – ١٩٩١) نووسـینی عەبـدوڵا سلێمان(مەشـخەڵ) لە بڵاوکراوەکـانی ڕێکخـراوی بەدیلـی کۆمۆنیسـتی لە عێراق چاپی یەکەم ٢٠٢٢.

5-Marxist Criticism, Then and Now

https://link.springer.com/chapter/10.1057/9781137339959_3

https://philpapers.org/rec/SZEMLC

6-Preface to Revolution: Russian Marxist Literary Critisim 1883 – 1917

Yale University publishing 1972 page 2.

Pro Quest website Lucid, Daniel Peri

https://www.proquest.com/openview/a9d6093ba03e3035f81c2316e99f1319/1?pq-origsite=gscholar&cbl=18750&diss=y

٧- ئێمە دەزانین لەگەڵ سەرهەڵدان و هاتنە مەیدانی چینی کرێکاری عێراق، خەباتی ئەو چینە دژ بە چەوسانەوەی سەرمایەداران دەستی پێکردووە و ئەدەبیش بەشداری ئەو خەباتەی کردووە. ڕەخنەی ئەدەبیش کەم تا زۆر بوونی خۆی هەبووە و ڕۆڵی خۆی گێڕاوە. بەڵام لە ئۆرگان و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە حیزبی و غەیرە حیزبییەکاندا و هەروەها لەناوەندە ڕۆشنبیرییەکانیش بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا کۆتایی دەیەی شەستەکان هیچ توێژینەوەیەک یان لێکۆڵینەوەیەکمان لەبەردەستدا نییە سەبارەت بە بزووتنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی کوردی و هیچ توێژەرێکیش خۆی لەقەرەی ئەو باسە نەداوە و تەنانەت سەرچاوەکانیشمان لەبەردەستدا نییە تا بەو ئەرکە مێژووییە گرنگە هەڵبستین.

٨-نابێت لێرەدا ڕۆڵی گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە ٦ خوولی دووەم لەیاد بکەین کە تایبەت بوو بە ڕەخنەی ئەدەبی و هەردوو ڕەوتەکە ( ناسیونالیزم و مارکسیزم) بەشدارییان تێدا کرد و هەروەها دیداری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی (دیداری شێخ نووری شێخ ساڵح) بە کەم وەربگرین کە لە ١٥ی مانگی شوباتی ئەمساڵ لەشاری سلێمانی بەڕێوە چوو کە بە

سپانسۆری ڕێکخراوی کەریمی عەلەکە؛ نۆ توێژەر و ڕەخنەگر نۆ بابەتیان پێشکەشکرد و بابەتەکانیش لە کتێبێکدا چاپ کران و لە یەکەم ڕۆژی دیدارەکە بڵاوکرایەوە. هەرچەندە من ئەم دیدارە بە کارێکی باش و هەنگاوێکی پۆزەتیڤ دەزانم، بەڵام بە دڵنیاییەوە خاڵی لاوازی دیدارەکە بریتییە لە نائامادەیی یان لالێنەکردنەوە لە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و جێگەنەکردنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیە لەو دیدارەدا.

تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٢٨ ساڵی ٢٠٢٤ بڵاوبۆتەوە.

# زمان و ئەرکەکانی زمان لەدەقی ئەدەبیدا

## زمان وەک پرۆسەیەک بۆ داهێنان

هیچ گومانی تێدا نییە کە زمان کە دەتوانێت خاڵی یەکلاکەرەوە بێت لە گەیاندنی دەق و بەخشینی چێژ و ئیستاتیکا بە خوێنەر، هەروەها پرۆسەی بیرکردنەوە لەڕێگەی زمانەوە دەتوانیت خۆی وەک داهێنـان نمـایش بکـات و پاشـان خـۆی لەگەڵ تەواوی کـرداری نووسـیندا بگونجێنێـت. ئەوەی وا دەکـات پرۆسـەی داهێنان بەرجەستە و بەڕوونی دەرکەوێت زمانە. زمانی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە لە دەقی ئەدەبیدا. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هەمـوو ئەدیبێـک یـان نووسـەرێک زمـانی تـایبەت بەخـۆی هەبێت. دەگمەنن ئەو نووسەرانەی کە زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە و شێوازی نووسینیان وەک شوناس بە بەرهەمەکانیانەوە دیار بێت. بۆیە (**زمان بە کۆمەڵێک شێوەی جیاواز پێناسە کراوە: وەک ئۆرگـانێکی دەروونـی، توانـایەکی مەعریفـی، حـاڵەتێکی دەروون، وەک سیسـتەمی نیشـانە، ڕێکـارێکی حیسـاباتی، وەک ئامڕازی پەیوەندیکردن، یان ئامڕازی وەسفکردنی ئەزموون و چەندانی تر. هەموو ئەم جۆرە پێناسانە تایبەتمەندییە گرنگەکانی زمـان دەگرن، بەڵام هیچیـان تەواو نـین.** (١) بەڵام کاتێک دێتە سەر دەقی ئەدەبی و شیکردنەوەی ئەو دەقانەی کە لە خەیاڵی ئازادانەی ئینسـان بەرهەمهێنـراون، ئەرکەکـانی زمـان بـریتین لە

خۆخستنە بەردەست و نمایش، بەرجەستەکردنەوەی پەیام یان ناوەڕۆک، نیشاندانی چێژ و جوانی. هەرچی کایە کۆمەڵایەتی و زانستی و ئەکادیمییەکانیشە زمان ئەرکی تایبەتتر لە ئەستۆ دەگرێت. ئامانجیش ئەوەیە زمان بتوانێت پرۆسەیەک وەگەڕ بخات تا بەکارهێنەرانی زمان بتوانن داهێنانی نوێ پێشکەش بکەن. داهێنانێک ئازادانە لەچوارچێوەی زمان و کە نووسەر یان ئەدیب گوزارشت لەخۆی یان لە ئامانجێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی دیاریکراو بکات. کارلێکی زمان و ژیان و کۆمەڵگە دوو سەرەیە و هەم زمان کاریگەری بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و هەمیش ژیان و کلتوور و دیاردەکان کار لە زمان دەکەن و ناهێڵن زمان لە شوێنێک چەقبەستوو بێت. زمان لە کردەی نووسیندا دەکەوێتە نێو پرۆسەیەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاو. دەقی ئەدەبی جوان و سەرکەوتوو ، بەوە جوان و سەرکەوتووە کە زمان تیایدا لەئاستێکی بالادا چالاکانە لەو پرۆسە ئاڵۆزەدا هەڵبسوڕێت.

## زمان وەک شانۆی نمایشی پەیامی کۆمەڵایەتی ئەدەب

زمان وەکوو بەشێکی دانەبڕاو لە ژیان دیمەنێکی شێوازە مێژووییەکانی پەیوەندی نێوان ئینسانەکانە. لەبەرەبەیانی مێژووەوە مرۆڤ لەڕێگەی زمان و کۆدەکانی گفتوگۆوە توانیویەتی پەیوەندی نێوان خۆی و هاوچەشنەکەی دروست بکات. چونکە زمان تاکە جیاوازی زیرەکی هۆشمەندەکانە. جوانی زمانیش لە جوانی جیهانی ئەو دەقە ئەدەبییە دایە کە بەر خوێنەر دەکەوێت، بۆیە کاتێک نووسەرێک لەڕێگەی دەقێکەوە و

بەهۆی زمانەوە جیهانت لێ وێران دەکات، زمان دەبێت جارێکی تر بێت و بەهۆی ڕەخنەوە گوزارشت لەو وێرانکارییە بکات. لەم گۆشـەنیگایەوە بـوو کە ڕەخنەگـری بەناوبـانگی مارکسیسـتی ڕەیمەنـد ولـیەم لە سـاڵی ١٩٧٧ لەوتـاری مارکسـیزم و ئەدەبـدا تێبینی کرد کە مارکسـیزم زۆر بە کەمـی بیـری لە خـودی زمـان کردۆتەوە.**(زمان دیارترین بوارە کە تیایدا جۆری ڕەمز و پە یوە نـدی کۆمـە ڵایـە تـی بـە ردە وام و هــە مـە لایـە نـە ڕۆڵێکـی بڕیاردەرانەیـان هەیە. وشــە جـگە لە دیـاردەیەکی ئایـدیۆلۆژی هیچی تر نییە کە بە تەواوی لەناو ئەرکی خۆیدا وەک نیشاندەر ئیسـتیعاب دەکرێـت. وشــە و ئەم حــاڵەتە لە ئەرکەکەی وەک نیشاندەرێک جیا ناکرێنەوە و جگە لەم ئەرکە هیچی لێ شـین نابێـت، کە وشــە دەکــاتە پــاکترین و هەسـتیارترین ئـامرازی پەیوەنـدی کـۆمەڵایەتی.)**(٢) یەکێـک لە ئەرکە هەرە گرنگەکـانی زمـان بـریتییە لە بنیاتنـانی "هۆمـۆفیلی" یـان هاوهۆشـمەندی یـان هەستکردن بە هاوبەشی لەگەڵ مرۆڤی تر. زمانێک کە نامۆیە و بـۆ خـوێنەر نـامۆ بێـت، مەیلـی ئەوەی هەیە کە جەخـت لەسـەر جیاوازی نێوان نووسـەر و خـوێنەر بکاتەوە و ناتوانێت پەیـامی دەقەکە بەئاسـانی بگـات بە خـوێنەر. بەلای چۆمسـکییەوە زمـان تەنیا وشە نییە. کولتوورێکە، نەریتێکە، یەکخسـتنی کۆمەڵگەیەکە، تەواوی مێژوویەکە کە کۆمەڵگە دروست دەکات. هەمـوو ئەمـانە لە زمانێکــدا بەرجەســتە بــووە. ئەو دەڵێــت **(مــن نامەوێــت زیادەڕەوی لە ڕۆڵی لێکۆڵینەوە لە زماندا بکەم، وەک گومانیشم نییە کە زمان بەرهەمی زیرەکی مـرۆڤە کە بۆ ئێسـتا زۆرتـرین دەستڕاگەیشتنە بۆ لێکۆڵینەوە. ترادیسیۆنێکی دەوڵەمەند زمـانی وەک ئاوێنەی عەقڵ ڕاگرتووە.)(٣)**. لەلایەکی تریشەوە زمان هەر

به تەنهـا دەرەنجـامی گەشـەکردنی هۆشـیاریی نیـیە و بەس، بەڵکوو هۆکاری گەشەپێدانیشیەتی. بەلای کارڵ مارکس جەخت لەسـەر زمـان وەک کـاراکتەری کـۆمەڵایەتی پەیوەنـدیکردن دەکـرێتەوە و دەڵێـت (**زمـان واقیعـی ڕاسـتەوخۆی فیکـرە و هۆشـیاری واقیعـی عەمەلیشـە نەک تەنهـا بـۆ مـن بەڵکـو بـۆ سـەرجەم خەڵکـی تـریش.) (٤)** مێـژووی زمـان بە ئەنـدازەی مێـژووی هۆشـیاری مـرۆڤ دێـرینە. لەو ڕۆژەوەی زمـان وەک پێداویستییەکی ژیـان هـاتە ئـاراوە، ڕۆڵـی ئامرازێکی کۆمەڵایەتی دەبینێـت. لە سیاسـەتی زمانـدا پێویسـتە هەر کەسـێک سەرمایەداری جیهانی بۆ مەبەستە، بیری لێبکاتەوە. بیر لە زمـان و ڕەگەزەکـانی زمـان بکـاتەوە. چـونکە ڕەگەزەکـانی مـۆدیلە جیاوازەکـانی زمـان گەرچـی لێـک جیـاوازن، بەڵام نزیکیشـن لەیەکەوە. تەواوی ئەم ئەرک و کـارانەی زمـان لە نـاوەوەی تەوەرەی پەیامی دەق و زماندا دەخولێتەوە. واتە دەق و خوێنەر لە گۆشەگیریی و تەنیایی وەدەرنێ و لەنێو جیهانی کۆمەڵایەتیدا وەک توخمێکی کارا و بەرهەمدار و داهێنەر بەرجەستە ببێتەوە. زمـان وەک نەشـتەرگەرێک وایە کە لەڕێـگەی ئـامراز و هۆکـارە بەردەسـتییەکانییەوە دەتوانێـت تـوخمە نادروسـت و ناڕێکەکـانی دەق ببینێت و ڕاڤە و چارەسەری بکات. دەتوانێت ورد لە ڕێگەی ڕەخنەوە لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی ئەدەب بکۆڵێتەوە و لەوێوە بڕیـار لەسـەر دەق بـدات و پەیوەسـتبوونی چینـایەتی دەق دەستنیشان بکات.

## زمان وەک نیشاندانی چێژ و جوانی

زمان کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی ئەندیشە و جوانی و چێژە لە دەقی ئەدەبیدا. لەڕێگەی زمانەوەیە وەک خوێنەر دەتوانین پەی بە خۆشی و چێژ و ئیستاتیکا و ڕەنگ و دەنگ و جووڵە و تەنانەت مانا شاراوەکانی پشت و شە و دەستەواژەکانیش ببینین. زمان ئیشییەتی هەڵسێت بە ئەرکی کۆنترۆڵکردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و مۆتیڤ و بەخشینی زانیاری تا بتوانێت گوزارشتکردن و زانیاری بەخشین و ڕێنماییکردن و ڕێگەچارەی دەربازبوون فەراهەم بکات. تا ئاستی نیشاندانی چێژ و ئیستاتیکا لە دەقی ئەدەبیدا بالاَ بێت، خوێنەر زیاتر بە دەق ئەدەبییەوە پەیوەست دەبێت و ئەو دەقەش زیاتر دەتوانێت لە یادگەی خوێنەردا بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە. نووسینی دەق لەڕێگەی کردەی زمانەوانییەوە بە ئەنجام دەگات و هەر زمانیشە ئەو کردە زمانەوانییە شیدەکاتەوە و لایەنی جوانی و ناشرینی دەق دەستنیشان دەکات. هەر زمانە باس لە خەیاڵ دەکات و خەیاڵ بەرجەستە دەکات. هەر زمانە وێنە ئەدەبییەکان بەرجەستە دەکاتەوە و هەر زمانیشە ناوەڕۆکی دەق دەگەیێنێتە خوێنەر.

سەرچاوەکان:

(١)

A Marxist Philosophy of Language by Jean-Jacques Lecercle

Marxism Critico site published on 3-11-2012

.(https://marxismocritico.com

(٢)مقال بعنوان الماركسية و فلسفة اللغة فالنتين نيكولوفيتش فولوشينوف (ميخائيل باختين)موقع الحوار المتمدن ترجمها الى العربية عماد خالد الحطبة

https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=425811

(٣) Noam Chomsky, Language and freedom

Literature in Revolution Edited by George Abbott White and Charles Newman

First Edition 1972 page 31.

(٤)ف. گيبلى و م. گوفالزون، المادية التاريخية اسس الآشتراكية العلمية، نقله من الروسية احمد داود، اصدار دار الجماهير ، دمشق ١٩٦٧ ص ٨٩. و كذلك ماركس و انجلس ، الموءلفات . الجزء ٣ ، ص ٢٩.


تێبینی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٢٤ ی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاوبۆتەوە.

# گرێژنەکان و چەند کورتە بابەتێکی تر

ئەم بـــابەتە کورتـــانە؛ ئەو پـــرس و بابەتـــانەن کە لەگۆشـــەی (گرێژنە) لەڕۆژنامەی (ڕەوت) نووسیومن و بڵاوم کردنەتەوە و لەگەڵ چەنـد بـابەتێکی تـر کە لە گۆشـەی یەک دوو ڕۆژنـامە و گۆڤاری تر بڵاوبوونەتەوە. ئەمە جگە لە دوو سێ بابەتی تر کە هەر بڵاونەکراونەتەوە.

# ئەدەبی بەرز

نووسین هونەرە، بەڵام هەموو نووسینێک هونەر نییە. ئەدەبیش سەرباری ئەوەی چەند لق و پۆپی لێدەبێتەوە و چەند ناو و ناو و نیشانی جیاجیا هەڵدەگرێ، بەڵام دواجار ئەدەب لەبەردەم شوناسدا دووچاری پۆلیبەندییەک دەبێت کە ڕەنگە دوور لە خواستی نووسەر و خوێنەر بخرێتە سەر نەخشە و ڕێچکەیەک کە دەیەها پرسیار بەدوای خۆیدا بورووژێنێت.شوناسی ئەدەبی مۆدێرن توانەوە و تەسلیمبوون نییە بە ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییە نوێیەکان، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ بنەماکانی ئیستاتیکای بەرز. ئەو ئیستاتیکایەی کە هەر ئەدەبی بەرز لێی بەهرەمەندە. هەرچەندە دەستەواژەی ئەدەبی بەرز و نزم نوێیە و لە سەر رووپەڕی نووسینی کوردیدا نەبۆتە شوێنی سەرنج و قسەباس، بەڵام هەر دەقێکی نوێ لەگەڵ گەیشتنی نووسەر بە دوا خاڵی پێگەیشتنی دەقەکە،خۆی لەبەردەم پرسیارە شوناسییە گەورەکاندا دەبینێتەوە. وەک ئەوەی ئەم دەقە تا چەند ئینتمای بۆ ئینسان و ئینسانییەت هەیە؟ تا چەند بۆتە پانتاییەک لەبەردەم دەرخستنی جوانییەکانی ناوەوەی خۆی؟ تا چەند توانیویەتی ببێتە بانیژەیەک بۆ دەربڕینە ئەنگێزدارەکانی جیهانی بیرکردنەوە گەورەکان؟ ئەم پرسیارانە ئەو ڕۆڵە دەگێڕن دەق لەئاستە جیاوازەکاندا دووچاری پۆلینبەندییەکی تر ببێتەوە. تا بەرپرسیارێتی دەق زۆرتر بێت، تا مەودای نێوان دەق و ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵگە کەمتر بێت، ئەوەندە دەق شانسی

بەریەککەوتنـی زیـاتری هەیە لەگەڵ شوناسـی بەرز.ئەو دەقەی شوناسی بەرزی ئینسانیی دەبێتە بناغە و دەربیچەی ڕوانین و بینینی جیهان و ژیان،دەقێکە بەرز.دەقێکە بەرزی تیایدا شـەپۆڵ دەدات. بەپێچەوانەشەوە ئەو دەقەی ئیستاتیکا تیایدا لە گیانەڵڵادا بێـت و نەتوانێـت مەقـامی بەرزی ئینسـان و ئینسـانییەت بخـوێنێتەوە و دەستەووەسـتان لەئاسـت ڕووداو و پێشـهاتەکاندا هەر خەریکی خۆ دۆزینەوەیەکی ساختە بێت لەپێناو پشتکردن لە کۆمەڵگە، ئەدەبێکە نـزم و ناتوانێت جێی سـەرنج و دیققەتـی خـوێنەرانێکی شـێلگیر و بەسـەلیقەی هـونەری بەرز بێت.ئەدەبی بەرز نەک هەر ڕێزگـرتن لە ئیـرادەی ئینسـان و بەشـداری چالاکـانەی کـۆمەڵایەتی ئەدەب لە کـۆمەڵگە وێنـا دەکـات، بەڵکـو ئیش لەسەر بنەماکانی ئاکتیڤکردنی خوێنەریش دەکات و دواجار ڕێک بە پێچەوانەی ئەدەبی نـزم، خـوێنەرێکی پرسیارکەر و چێژ وەرگرتـوو لە ئەدەبـی ئینسـانیی بەهێـز دروسـت دەکـات و جێوشـوێنی ئەدەب و هـونەریش لە ململانێـیە کۆمەڵایەتییەکـانی نێو ژیان بەرزتر و پۆزەتیڤانەتر دەنەخشێنێت.

تێبینـی: لە ڕۆژنـامەی ڕەوت ژمـارە ٦ ی سـاڵی ٢٠٢٠ بـڵاو بۆتەوە.

## ئەفسانە و ئەدەب

هەرلە بەرەبەیانی مێژووەوە لێکهەڵپێکرانێکی سەیر بەڵام نادڵگیر لەنێوان ئەدەب و ئەفسانەدا هەیە، نادڵگیرە چونکە ئەو لێکهەڵپێکرانە بە ڕێڕەوی سروشتی خۆی نەهاتۆتە بوون.بەڵکو بەپێی گەشەی ئاستی هێزەکانی بەرهەمهێنان و هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی ئینسانیی دەستکاری ئەو لێکهەڵپێکرانە کراوە.لە قۆناغە بەراییەکاندا ئەفسانە توانایەکی جادوویی مەزنی هەبوو کە دەیتوانی ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە هێشتنەوەی سێبەرەکانی خواوەندە جیاجیاکانی نێو میسۆدلۆییە جیاوازە دەقگرتووەکانی نێو مێژوو. خودی کارەکتەر و بە پاڵەوان نیشاندانی خواوەند ئەرکێک بوو لە ئەرکە دەستبەجێکانی ئەفسانە. لە ئەفسانەکانی یۆنان و ڕۆمای کۆن و هیند و چین و تەنانەت ئەمریکای لاتینیش چوونیەکییەک هەست پێدەکرێت لە ئیلتزامە ئەخلاقییەکانیان دەرهەق بە خواوەندەکان و سێبەرەکانیان لەسەر ئەرزی واقیع. بوونی کارەکتەری سەیر و نامۆ و بەتوانا و خاوەن تواناییەکی لەڕادەبەدەر و زاڵبوونی ئەو کارەکتەرە بەسەر ژیانی مرۆڤەکان و پاشان پەیدابوونی قارەمانێک کە توانای بەزاندنی ئەو کارەکتەرە نامۆیە (دێو و درنج، ئەژدیها، ماری حەوت سەر و تاد)و گێرانەوەی ژیان بۆ دۆخی ئاسایی هەیە. ڕەگەزی ئەفسانە لە ئەدەب هەم لە ڕووی مێژووییەوە و هەم لەڕووی ئەپستمۆلۆژییەوە پەنابردنێکی جادووکارانەی ئەدەب بوو بۆ میتافیزقایەکی ڕووت کەدواجار هیگڵ کۆدەکانی کردەوە و سیحرەکەی بەتاڵ کردەوە. بەڵام

لەمرۆی سەردەمی مۆدێرنەدا ئەفسانە چ جێوشوێنێکی هەیە لە ئەدەب؟ ئایا ئەدەبی نویێ پەنا بۆ ئەفسانە دەبات؟ یان لەبری ئەفسانە دەست بۆ کۆدە زیرەکەکانی نووسین نابات؟ ئەدەبی سەردەم خاڵی نییە لە ئەفسانە، بەڵکو جۆرێک ئەفسانەی تیایە لەبری جوانکردنی ڕووی خواوەندەکان، خەریکی مکیاجکردنی ڕووخساری دزێوی فیرعەونەکانی ئەم سیستەمە چینایەتییە بێڕەحمەیە. خەریکی بەڕەوا لە قەڵەمدانی ئەو هەموو ناهەقییەیە کە دەرهەق بە خەڵک دەکرێت، خەریکی وێناکردنی ئەو هەموو نابەرابەرییەیە و نیشاندانیەتی وەک هەق و ئەزەلیی ئەبەدی. ئەمڕۆ ئەدەبی سەردەم پێویستی بە ماری حەوت سەر و ئەژدیها و دێو نییە، چونکە سەرمایەداری لەڕێگەی تەکنەلۆجیاری سەردەم و دەستکەوتە زانستەکانەوە، ئەژدیهایەکی نەبینراوی لەبەردەم داناوین و ئەدەبیش هەوڵ دەدات ئەو ئەژدیهایە جوان و ئێسک سووک نیشان بدات و تەنانەت هەوڵ دەدات ئەژدیهاکەی وەک پێداویستییەکی ژیان وێنا بکات و کارێک بکات لەبری لەنێوبردنی ئەژدیها، ئەژدیها لەنێومان ببات. بەڵێ ئەمە ئەو ئەرکەیە کە ئەدەبی بۆرژوازی سەردەم ڕایدەپەڕێنێ. بێگومان ئەوەی ئەم سیحرە تازەیە و کۆدەکانی بەتاڵ دەکاتەوە ئەمجارە نە قارەمانێکی باسک بەهێزە و نە هیگڵە بەڵکو پرۆلیتاریایە کە ئەم جادووە مێژووییەی سەرمایەداری بۆ هەمیشە بەتاڵ دەکاتەوە.

تێبینی: لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٧ ی ساڵی ٢٠٢٠ بڵاو بۆتەوە.

## ڕۆشنگەری کرێکاریی

ڕۆشنگەری کرێکاریی هۆشیارکردنەوەی سەرتاپاگیری چینی کرێکار و خەڵکی بەشمەینەتە لەبوارە جیاجیاکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی. شۆڕشێکە بەمانای دووبارە ژیاندنەوەی تەواوی جومگەکانی ژیان و کۆمەڵگە و ڕەونەقدانە بە مەسەلەکانی جوانناسی و بەها ئینسانییەکان .ئەدەب و فیکر، ئیستاتیکا و هونەرە جوانەکان، دەستکەوتە زانستییەکان و لایەنە پڕشنگدارەکانی کلتووری ئینسانیی، کرۆکی ئەم ئەم بزاڤە ڕۆشنگەرییە پێک دێنن. گوتارێک کە ڕۆشنگەری کرێکاریی ئاراستەی دەکات تەریبە لەگەڵ ئەو میتۆدەی کە ئیش لەسەر گێرانەوەی ئیرادە بۆ ئینسانی تێکشکاوی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و زیندووکردنەوەی گیانی تێکۆشان و خەبات لەپێناو ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان و دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا دەکات. ئاراستەیەک کە ڕۆشنبیری باوی کۆمەڵگە، وەک ڕۆشنبیری لیبڕالیزمی نوێ ڕای گەیاندووە و بەرگری سەرسەختیشی لێدەکات، خۆی لەبەردەم نوێبوونەوەدا نامۆ دەبینێت. لە هەلومەرجی ئەمڕۆی ململانێی چینایەتی، دەکرێت جووڵانەوەیەکی ڕۆشنگەریی بە چ ماهییەتێک ولەسەر چ پانتاییەک وەگەڕبخرێ و کێن ئەوانەی ئەو جووڵانەوەیە وەڕێدەخەن و بەرەوپێشی دەبەن و خۆیان لە بەردەم ئەم ئەرکە مێژووییەدا بە بەرپرسیار دەزانن؟ کێن ئەوانەی دەتوانن لە حەقیقەتی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی چینایەتی سەرمایەدارییەوە ببنەوە

توخمێکی چالاک و کاریگەر و ببنە ڕەگەزێکی بنەڕەتی گۆڕینی ئەو کۆمەڵگەیە. ببنە توخمی گۆڕینی جەوهەری ئەو سیستەمەی کە مرۆڤایەتییان دووچاری کۆیلایەتی کردووە؟ کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی چینایەتیی سەرمایەدارییە بە سەرخانێکی سیاسی دواکەوتووانەوە. پایەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی تا دێت پتەوتر دەبێت و ئاسۆی ژیانی ئینسانەکان تاریکتر خۆی دەنوێنێ. جیهان بە جەنگ و بێکاری و تەنگەژەی ئابووری و بازاڕی ئازاد ئارایشتی خۆی داوە و مەینەتی و نەهامەتی لەناو جەستەی ژیان هەڵتۆقیون و مۆرانەئاسا کەوتوونەتە وێزەی جوانییەکانی ژیان. ئەدەبی نیولیبراڵییش جگە لە جوان نیشاندانی ڕووی دزێوی ئەم سیستەمە نا ئینسانییە کارێکی تری نییە و نایکات. گرەنتی مانەوە و درێژەکێشانی ئەم چارەنووسە تاریکە، بەندە بە هیمەت و چالاکییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەی ئینسان. بزووتنەوەی ڕۆشنگەری ئەم سەدەیە دەبێت دژ بە تەواوی ڕووخسارە قێزەوەنەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی بەرپا بکرێت. وەکچۆن ڕۆشنگەری ئەوروپا، جیهانی فیوداڵی مەسیحییەتی خستە ژێر پرسیارەوە و توانی ڕەخنەی جیددی لە تەواوی کۆمەڵگە بگرێت، هەر لە مافی مرۆڤ و دادگاکان و سیستەمی پەروەردەو فێربوون و ئازادییەکان و ژنان و چاپەمەنی و میدیا تا دەگات بە ئایین، ئەوا ڕۆشنگەری کرێکاریی ئەرکییەتی جووڵانەوەیەکی گورجکبڕ لەبوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دژ بەم هەمەجییەتەی سەرمایەداری بەرپا بکات. بۆ بەرپاکردنی ئەو بزاڤەش دەبێت چەندین مایکڵ ئەنجلۆ و لیۆناردۆ داڤنشی قۆڵی کارکردنی لێ هەڵماڵن و تا بتوانن کاروانی ئەم بزاڤە مەزنە بگەیێنن بە مەنزڵی خۆی.

ڕۆشنگەری کرێکاریی بە پشت بەستن بە بەها مرۆییەکان و گەشە کلتوورییەکان، دەبێت گەوهەری کارەکەی لە هۆشیاری چینایەتیدا چڕ ببێتەوە و بنەمای سۆشیالیزم و ڕزگاری بەشەرییەت بکاتە هەوێنی هەنگاوەکانی. دەقە ئەدەبییەکان، پەیکەر و تابلۆ هونەرییەکان، شانۆکان و تەنانەت سروود و مۆسیقاش بچنە ئەو بوارەوە و بەرەو ئەو ئامانجە هەنگاو هەڵبگرن. ئەگەر نا ئەوا نەزانیی و کۆنەپەرستیی بۆ هەمیشە دەبنە هەوری ئاسمانی ژیانی ئینسان.

*تەمووزی ٢٠٢٠*

*تێبینی: لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٢٠ بڵاو بۆتەوە.*

## نەفرەتە گەورەکەی ئایدیۆلۆجیا

کەم نین ئەوانەی لە نووسین و وتارەکانیان، لە چاوپێکەوتن و دیدارە بینراوەکانیان، بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە، کە دەقی ئەدەبیی و کاری هونەریی دەبێت خاڵی بێت لە ئایدیۆلۆجیا. وەک ئەوەی ئایدیۆلۆجیا مۆتەکەیەک بێت لەسەر سینگی دەق و داهێنان. برەوپێدەرانی ئەم ڕەوتە، کە نیولیبرالیزم پێشڕەوایەتیان دەکات، دەیانەوێت ئەو ئامانجە بپێکن کە گەشەی سەرمایەداری پێویستی پێیەتی. ئەویش خۆی لە خامۆشکردنی نارەزایەتییە ڕادیکاڵەکانی کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە. پارێزەرانی ڕەوتی نیولیبرالیزم چاک دەزانن کە ئەدەبی بۆرژوازی نەک هەر خاڵی نییە لە ئایدیۆلۆجیا، بەڵکو هەڵگری ئایدیۆلۆجیایە. چونکە سەرخانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی گوزارشتە لە بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتداری کۆمەڵگە. واتە ئایدیۆلۆجیای چینی سەرمایەدار ئایدیۆلۆجیای زاڵە بەسەر کۆمەڵگەدا. بەڵام نادیدەکردن لەم ڕاستییە و خۆڵکردنە چاوی خەڵک و خوێنەر ئەو ئەرکەیە کە ئەدەبی نیولیبرالیزم ئەنجامی دەدات. پەیڕەوکەرانی ئەو ڕەوتە ئەدەبییە بۆرژوازییە لەڕاستیدا دەیانەوێت ئەو دەقانەی دەنووسرێن باسی ژیان و خەباتی چینی کرێکار نەکەن، باسی بەرگری و نارەزایەتی و مانگرتن و شۆڕش نەکەن، باسی شۆڕشگێڕێتی نەکەن. لە جیهانبینی ئەم پارێزەرانەی کۆمەڵگەی بۆرژوازییەوە، باسکردی لە مارکسیزم و چینی کرێکار، باسکردنە لە شۆڕشگێڕێتی و باسکردنیش لە شۆڕشگێڕێتی ئایدیۆلۆجیایە. کاتێکیش دەڵێن دەقی ئەدەبی نابێت دەقێکی ئایدیۆلۆجی بێت، مەبەستیان ئەوەیە نابێت باسی خەباتی چینی

کرێکــــار  و مارکســــیزم بکـــات. ئەمە کرۆکـــی ئەو پەیـــامە کۆنەپەرســتەی ڕەوتــی ئەدەبــی نیــولیبڕالیزمە، کە نــوێنەران و قسـەکەرانی لە کوردسـتان نەک هەر بواریـان بـۆ ڕەخسـێنراوە، بەڵکو فەرشی سووریان لەبەردەم میدیای بینراو بیستراودا بۆ ڕاخـراوە کە تـا بتـوانن بەچـاکترین شـێوە ئەم ژەهـرە بـڕژێنن و خوڵ بکەنە چاوی خەڵک و خوێنەر، تا سوپایەک لە خوێنەری هانـدیکاپی فیکریـی دروسـت بـکەن و بەم لەشـکرەوە بـکەونە دژایەتـی شۆڕشـگێڕێتی و خەبـاتی چینـی کرێکـار دژ بە سـتەمی ســەرمایەداری. نەفرەتــی گەورەی ئەم ڕەوتەی نیــولیبرالیزم لە ئایدیۆلۆجیا، ترسە لە گەشەی خەباتی چینایەتی کرێکاران. تـرس لە ئایــدیۆلۆجیا، ترســە لە شۆڕشــی شۆشیالیســتی کرێکــاران. پێــداگری لەســـەر دەقـــی خـــاڵی لە ئایــدیۆلۆجیا، پێــداگرییە لە دژایەتیکردنــی جیهەتگیریــی سیاســی- چینــایەتی نووســەر بــۆ خەباتی چینایەتی و شۆڕشی سۆشیالیستیی. فۆبیای درۆزنـانەی پەیڕەوکەرانـی ئەدەبـی نیـولیبڕاڵیزم، دژایەتیکردنـی دووژمنـانەی ئەو نووسـەرە خزمەتکـارانەی بـۆرژوازییە، بـۆ چینـی کرێکـار و خەباتە ڕەواکەی. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم خەونەی بۆرژوازی و نووسـەرە کۆنەپەرسـتەکانی، ئەرکـی نووسـەرانی کرێکـاریی و ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیسـتیە کە وەڵامگـۆی ئەم هێرشـە دژە ئینســـانییە ببـــنەوە و بە نووســـین و دەقە چینایەتییەکانیـــان، جیهەتگیریـی کرێکـاریی دەق بـکەنە بە مـۆتەکەی سـەر سـینگی بۆرژوازی و ئەدەبە کۆنەپەرستەکەی.

*تێبینـــی: لە ڕۆژنـــامەی ڕەوت ژمـــارە ٩ ی ســـاڵی ٢٠٢٠ بـــڵاو بۆتەوە.*

## گرێی لیبڕالیست بوون!

لیبرالیزم ئایدۆلۆژیای ئەمڕۆی سەردەمی جیهانگیریی سەرمایەداری و بەگوندکردنی هەسارەی زەوییە. وەک تاکە ئەلتەرناتیڤ لەکۆی سەرجەم هەوڵەکانی بۆرژوازی لەمەیداندا بێڕکابەر توانیویەتی پاشەکشەی بەرچاو بە خەباتی سۆشیالیستیی بکات. کاڵایەکە پڕ بەباڵای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازی لە ململانێی چینایەتیدا لەدژی چینی کرێکار دووراوە. هەژموون و باڵادەستی ئەم ئایدیۆلۆژیایە و کاریگەری لەسەر تەواوی کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، بەئەدەب و هونەریشەوە، بەندە بە پاشەکشە و ململانێ کۆمەڵایەتییەکانی کرێکاران و سەرمایەداران. ئەدیبان و هونەرمەندان و بیرمەندان و نووسەران لێرەوە شوناسی خۆیان وەردەگرن و زانکۆ و ئەنستیتۆکانیش لەم دەربیچەیەوە هەناسە دەدەن. گەشە و ئاستی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگە جیاجیاکان کاریگەری هەیە بەسەر هەژموونی ئەو ئایدیۆلۆژیایە. چەند ئاستی گەشەی خەباتی سۆشیالیستیی کرێکاران لەسەر بێت، ئەوەندە ئەم هەژموونە کاڵ دەنوێنێت. بەپێچەوانەشەوە پاشەکشەی چینی کرێکار لەبەرامبەر سەرمایەداری،

هەژموونەکە تۆختر و زەقتر دەکاتەوە. لە کوردستان لە هەردوو دەیەی هەشـــتاکان و نەوەدەکـــان،بەهۆی گەشـــەی خەبـــاتی سۆشیالیستی، جگە لە کرێکاران و کۆمۆنیستەکان، ژمارەیەکی زۆریش لە وردەبۆرژوای ناڕازی خزابوونە سەنگەری چینی کرێگار و لەوێوە قەڵەمەکانیان خستبۆوە گڕ و خۆیان وەک نووسەر و دڵسۆزی خەباتی چینایەتی کرێکاران دەناساند. ببوونە قسەکەری ئەدەبیاتی کرێکاریی و لەزۆر حاڵەتدا وەکو واریسی ئەو ئەدەبیاتە دەدوان. بەڵام لەگەڵ پاشەکشەی خەباتی کرێکاران بەتایبەتی لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە، واتە لە دوو دەیەی ڕابردوو، ئەم توێژە وردەبۆرژوا ناڕازییەش نەک هەر پاشەکشەیان کرد، بەڵکو کەوتنە هەڵپەی خۆ بە لیبڕالزان و خۆ هەڵواسین بەم ئایدیۆلۆژییە دژە ئینسانییە. هەندێکیان ناوەکانیان گۆڕی و هەندێکی تریان سەنگەریان لە کرێکاران و خەباتی چیانیەتی کرێکاران گرت و بەشێکیشیان بوون بە داکۆکیکەری لیبڕالیـــزم و گـــاڵتەپێکەری ئەو کەلەپـــوورەی کە پێشـــتر پڕۆپاگەندەیان بۆ دەکرد. ئیتر ڕادەی ئۆپۆرتۆنیست بوونی ئەم توێژە بەجۆرێک بوو لەلای کۆمۆنیستەکان، کۆمۆنیست بوون و لەلای نووسەرانی لیبڕالیزمیش، لیبڕالیزم و ئەنتی کرێکاریی خۆیان نەدەشاردەوە و وەک نە بایان دیبێ و نە باران، لە لیبڕاڵیستێک لیبڕاڵتر دەرچوون. ئەمانە ئەگەر دوێنێ لەژێر هەر ناوێکەوە توانیبێتیان مەعدەنی ئەسڵی خۆیان بشارنەوە و ڕیاکارانە وەک نووسەری کرێکاریی دەربکەون، ئەوا ئەمڕۆ دەمامکەکانیان کەوتووە و ناواخنیان ئاشکرا بووە. بەچاوگێران بە مێژووی نوێی نووسەران و ئەدیبانی بەناو چەپ و کرێکاریی دەتوانین لیستێک لەو نووسەرە ناڕازییە وردەبۆرژوازییانە

ببینــین کە دەمــامکی ڕارایــی و ئۆپۆرتۆنیســتییان بەســتووە. دەمامکێک نەک بۆ خۆپاراستن لە پەتای کۆڤیدی ١٩، بەڵکو بۆ خۆپاراستن لە بچووکترین بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران دژ بە سەرمایەداران.

*تێبینــی: لە ڕۆژنــامەی ڕەوت ژمــارە ١٠ ی ســاڵی ٢٠٢١ بــڵاو بۆتەوە.*

## گەردوونگەرایی، وەک جادوویەکی مۆدێرن

ئینسان وەک توخمێکی ئۆرگانیکیی هەڵگری سروشتی نا گەردوونگەرایییە، چونکە ناکەوێتە دەرەوەی شوێنکاتەوە.

گەردوونگەرایی وەک تەجریدی ئینسان و ماتریاڵەکانی ژیان لە واقیع و ئێستا، سەرەتا وەک کۆنسێپتی فەلسەفی کەوتە نێو بواری نووسینەکانی زانستی لاهوت و دوواتریش پەڕییەوە بۆ نێو جیهانی هونەر و ئەدەب. گەردوونگەرایی بەپێی بۆچوونی ڕەخنەگران، بەو توخم و ڕەگەزانە دەوترێت کە دەکەونە ئەودیو سنوورەکانی کات و شوێنەوە، ئەودیو کلتوور و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە. ئەم چەمکە لەناو زۆربەی فەلسەفەکاندا گەرای ناوەتەوە. لە ئەدەبدا لەگۆشە و کەنارەکانی لێکۆڵینەوەکاندا دەبینرێت و بەرچاو دەکەوێت. ئەو دەقەی گوایە دەکەوێتە سەرووی کلتوورەکان و زەمەن و شوێن تیایدا بەکاڵی نەخشێنراوە، هەڵگری شوناسی گەردوونگەراییە. بە وشەیەکی تر ئەو دەقەی خۆی کەمترین پابەندیبوونی خۆی بۆ واقیعی ژیان ڕابگەێنێ، کەمترین پەیوەستبوونی خۆی بۆ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لە خۆیدا نیشان دابێت، مرۆڤی لەخەیاڵ بەشێوەیەکی ئەبستراکت وەرگرتبێت و ژیانی ڕووت کردبێتەوە

لە ڕایەڵەی پەیوەنـــــدییە ئـــــابووری و کۆمەڵایەتییەکــــــان، بەشـانازییەوە خـۆی لەژێـر کـاتەگۆری گەردوونگەراییـدا پـۆلین دەکـات. زۆرجـاریش ڕەخنەگرانێـک دێـن ئەم گەردوونگەرایـیە بە ئەبەدییەتەوە گـرێ دەدەن و دەیانەوێت شوناسـێکی داتاشـراوی تری بۆ بخولقێنن و سـیفەتی نەمـری بە دەق ببەخشـن. لەکاتێکدا تەواوی ڕایەڵەکانی ژیـان لەژێـر کـاریگەری یاسـا ئابوورییەکـانی کۆمەڵی بۆرژوازیدان و بنەمای ململانێی نێوان کـار و سـەرمایە، دیـارخەر و ڕەنگڕێـژکەری ژیـانی ئینسـانەکانە بە سـەرخان و ئەدەب و هونەرەکەشـییەوە. بـۆیە گەردوونگەرایـی جـادوویەکی تـری ئەدیبـان و نووسـەرانی بـۆرژوازییە لەپێنـاو پشـتکردن لە واقیعی ژیانی ئینسانەکان و فێڵکردنێکی نوێیە لە خەڵکی کرێکـار و زەحمەتکـــێش و دوورخســـتنەوەی زەینـــی ئەو هێـــزە ستەملێکراوانەی کۆمەڵگەیە لە هۆشیاربوونەوە و ناسینی ڕێگـای خەبـات بـۆ دەربـازبوون لە دۆزەخـی ئەم کـۆمەڵگە چینـایەتییە. گەردوونگەرایی جادوویەکی مـۆدێرنی تـرە بەدەست نووسـەران و ئەدیبـــانی نـــا کرێکـــاریی، تـــا ئینســـان لە مەوقیعیەتـــی شۆڕشـــگێڕانەی خـــۆی هەڵتەکێنـــێ و دوور بخـــاتەوە. ئەگەر گەردوونگەرایـی لە زانسـتی لاهـوت و زانسـتی فیزیـای کـۆن و نـــوێ جێگەیەکـــی هەبێـــت و لە هاوکێشـــە زانســـتییەکان و فەلسەفەییەکاندا شـایانی خوێندنەوە و وردبـوونەوە بێت لەپێنـاو خزمەتکردنـــی ئینســـانییەت و فراوانترکـــردنەوەی ئاســـۆی بیرکردنەوەی ئینسان، ئەوا لە دونیـای ئەدەب و هـونەری لێـوڕێژ لە خەیاڵ و جوانی، ڕۆڵێکی ناشـیرین دەگێڕێت دژ بەو خەون و ئـارەزووەی ئینسـان بـۆ ڕزگـاربوون لە سـتەم و چەوسـانەوە و بنیادنـانی جیهـانێکی پڕاوپڕ لە ڕزگـاریی و بەختەوەریـی. ئەدەب

ناتوانێت گەردوونیی بێت، تەنها و تەنها ئەو کاتەی ئینسانەکان ژیان لەژێر ستە و جەوری سەرمایەداری ڕزگاری دەبێت و کۆمەڵگەی کۆمۆنیزم بنیاد دەنێت. ئەوکات ئەدەب و هونەر ئینسانیی بۆ هەمیشە گەردوونیی دەبن.

تێبینی: *لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاو بۆتەوە.*

# ئەدەب و خۆتەنگەتاوکردن

لە دوو سێ ساڵی ڕابردوو، ئێمە شاهیدی هاتنە مەیدانی ئەدەبێکی کرێکاریی و شۆڕشگێرانەین لە کوردستان، کە قورسایی و کاریگەرییەکەی بە ڕوونی هەست پێدەکرێت. دیارە ئەم پارووەش بەئاسانی لەلایەن نووسەران و پارێزەرانی ئەدەبی نیولیبڕالیزم قووت نادرێت. بۆیە لێرە و لەوێ دەکەونە خۆ و هیچ دەرفەتێک لەدەست نادەن کە ژەهری دژە شۆڕشگێریی و دژە مارکسیستی خۆیان نەڕێژن. بە چاوگێڕانێکی خێرا لەپانتایی هێرشکردنە سەر ئەدەبی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێرانەی کرێکاریی، گەلێ وشە و دەستەواژەی بێبنەما و داتاشروای دەستی ئەدیبان و نووسەرانی بۆرژوازی دەبینین کە ئامانج لە بەکارهێنانیان، لێدانە لە ئەدەبی کرێکاریی و کۆمۆنیستیی. ( باوی ئەمجۆرە ئەدەبە نەماوە، ئەدەب کرێکاریی بوونی نییە، ئەدەبی شۆڕشگێڕانە کوشتنی ڕوحی جوانییە) و دوواترینیشیان (تەشبیهی گۆڕینی کۆمەڵگە و دونیا بە خۆتەنگەتاوکردن). لەتێڕوانیینی قسەکەران و پارێزەرانی لیبڕالیزم و ئەدەبی نیولیبڕاڵ و نووسەرە دژە کرێکاریی و کۆنەپەرستەکانی، ئەو ئەدەبەی کە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و بەتایبەتیش چینی کرێکار دەدات بۆ گۆڕینی جیهانی

پڕ لە ستەم و نادادپەروەری و نایەکسانی بۆرژوازی، ئەدەبێکە خۆی تەنگەتاوکردووە و پانتایی ئازادیی وەهمییەکەی لەخۆیدا بچووککردۆتەوە. ئەم هێرشەی پارێزەرانی کۆنەخوازانی نیو لیبرالیزم بۆ سەر ئەدەبی کرێکاریی گەرچی نویێ نییە، بەڵام دووبارە لێدانەوەی ئەم قەوانەی سواوانەی نیولیبڕالیزم دوو ئاماژەمان نیشان دەدات:

یەک: گەشە و بەرەوپێشچوونی ئەدەبی ڕادیکاڵی کرێکاریی لە کوردستان و ترس لە چوونە سەری زیاتری ئەم ئەدەبە.

دوو: تەنگەتاوبوونی نوێنەرانی کۆنەپەرستی نیولیبرالیزم لەبەرامبەر ئەم بەرەوپێشچوونە.

لێرەدا پرسیارە گرنگەکە دێتە پێشەوە: کێ تەنگەتاو بووە ؟ ئەو نووسەر و ئەدیبە لیبڕاڵانەی کە بە بەرهەمەکانیان تانەی سەرچاوی هۆشیاربوونەوەی ئینسانن بۆ ڕزگاری لە ستەمی بۆرژوازی، یان ئەو نووسەر رادیکاڵ و سۆشیالیستانەی کە بە بەرهەمەکانیان، ئینسانیان کردۆتە سەنتراڵ و لەڕێگەی نووسینەکانیانەوە دەیانەوێ بەشداری لەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەی کرێکار بکەن، کە دەبێتە هۆی پسانی زنجیری کۆیلەتی ئینسان؟ ئەدیبان و نووسەرانی ڕادیکاڵ و سۆشیالیست لە ڕێگەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیەوە لێبڕاوانە تێدەکۆشێت یەکە یەکە دەمامکەکانی سەر نووسینەکانی کۆنەخوازانی نیولیبڕالیزم لا ببات، ئەو نووسەر و ئەدیبانەی کە تا دوێنێ لە تەڕیان دەخوارد و لە وشک دەنووستن ئیتر خۆری تەڕاتێنی نێوان سەنگەرە چینایەتییەکانیان ئاوا بوو. تازە ناتوانن جارێکی تر بە نووسینی دەقێک، سەرنجی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاری

کوردستان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و ئەم مێژووە ناشیرین و هەڵوێستە کۆنەپەرستەی خۆیان بشارنەوە.رەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لەمڕۆ بەدوا دروست پۆترەیتی ئەم کۆنەخوازانەی نیولیبڕالیزم دەکێشێت و لەپێشانگای مێژوودا نمایشیان دەکات.

*تێبینی: لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ١٣ ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاو بۆتەوە.*

## ئێمە لەکوێی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا وەستاوین؟

ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هەمیشە لەبەردەم پرسیارێکی گرنگ و مێژوویی دابووە، ئایا ڕەخنەی ئەدەبیمان هەیە؟ ئەگەر هەمانە لەکوێی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا وەستاوین؟کێ خۆی بەخاوەنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەزانێت و خاوەندارێتی لێدەکات؟ ئایا ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە پانتایی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی چ جێگا و ڕێگایەکی هەیە؟ گومانی تێدا نییە کە ژانری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە گەلێ تەنگەژە و هەوراز و نشێودا گوزەری کردووە و گوزەر دەکات. هۆکارەکانیش هەرچییەک بن، بەشێکیان لە ئەستۆی نووسەران و ڕەخنەگرانن و بەشێکی تریشیان پەیوەستە بە هەلومەرجی مادیی کۆمەڵگەوە. وەکچۆن لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوریدا دوو جۆر بۆچوون و دوو ئاسۆ و تێڕوانینی جیاواز هەیە، ئاواش لەپانتایی ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەو دوو ئاسۆ جیاوازە بەدیار دەکەون و هەریەکەیان دەیەوێت ڕۆڵی پێشڕەوی بگێڕێت. نووسەران و ئەدیبانی بۆرژوا ناسیونال لیبراڵی کورد نەک هەر نەیانتوانیوە وەڵام بە پێداویستییە گرنگەکانی سەر ڕێی بەرەوپێشچونی ڕەخنەی

ئەدەبی کوردی بدەنەوە، بەڵکو بەهۆی زیاد لە هۆکارێک هەر خۆیان بوونەتە بار بەسەر ئەو ژانرە هەستیارە. دۆخی ڕەخنەی ئەدەبیی پڕە لە شکست و بەرەو پاش گەڕانەوە. ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە ئامرازی خوێندنەوە و تاوتوێکردنی دەقەوە بۆتە شێوازێکی زەلیلانەی موجامەلە و پیاهەڵدان ، یان جنێو تۆمەت بەخشینەوە. دەق و خوێندنەوەی دەق نەیتوانیوە ببێتە کاری لەپێشینەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. دەیەی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکانیش دەیەی نەشونما و بەرەوپێشچوونی ژانری ڕەخنە بوو لە ئەدەبی کوردیدا. لەبەرامبەر ئەم دۆخەشدا تیڕوانینی سۆشیالیستانەی ڕەخنەی ئەدەبی گەرچی بەهۆی دۆخی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگەی کوردستان لاواز و بێ توانا دەردەکەون، بەڵام گەلێ نووسین و دەقی جوانیان هێنایە ئاراوە و توانیان لەسەرزەمینی ئەم ژانرەوە پەیامی ئینسانی ڕەخنەی سۆشیالیستی بدەن بەگوێی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی. فوئاد مەجید میسری و یوسف دەرگەڵەیی و ڕەئوف حەسەن و تاحەدێکیش نووسینە ڕەخنەییە بەرابیەکانی دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ و تەنانەت زۆربەی قەڵەمبەدەستانی کۆتایی دەیەی شەستەکان و سەرەتای دەیەی حەفتاکان لەژێر سێبەری ڕیالیزمی سۆشیالیستیدا تووخنی ڕەخنە کەوتوون.پێشگوێخستن و فەرامۆشکردنی ئەو ڕەوتە رەخنەییە جیدییە لە وتارو نووسینی لێکۆڕەوانی بۆرژوا لیبڕالی کورد، جگە لە ترس لە سۆسیالیزم و گەشەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی، لێکدانەوەیەکی تر هەڵناگرێت. نووسەرانی مارکسیست و ئەدیبانی سۆشیالیست نە خۆیان بە واریسی ئەدەبی بۆرژوازی و نە خۆشیان بە خاوەنی ڕەخنەی

ئەدەبی کوردی زاڵ دەزانن. ئەوان خۆیان بە بەشێکی دانەبڕاو لە بزووتنەوەیەکی ئەدەبیی بەرفراوان و ئینسانیی دەزانن، بزووتنەوەیەکی پێشڕەو و پێشکەوتووخواز کەسەنگەری لە بۆرژوازی و ئەدەبەکەی گرتووە و بەهەموو توانایەکەوە هەوڵ دەدات تێڕوانینی ئینسانیی و ئیستاتیکای سۆشیالیستانەی ئەدەب بکاتە هەوێنی دەق و نووسینەکانی. لێرەشەوە ڕەخنەگرانی ئەدەبی مارکسیستی هەوڵ دەدەن وەڵامگۆی کێشە و بەربەستەکانی بەردەم بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی ئەدەبی پرۆلیتاریا بن و ڕۆڵ بگێڕن لە هۆشیارکردنەوەی کرێکاران لە خەباتی چینایەتیاندا دژ بە سەرمایەداری و بنیادنانی کۆمەڵگەی بێ چینایەتی، نەک ئەدەبی ناسیونال-لیبڕاڵی کوردی.

تێبینی: لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ١٤ ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاو بۆتەوە.

# ڕیاڵەتی ئەدەبی کوردی و گرێی نوخبەوییەت

ڕیاڵەتی بزوتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی لە سێ دەیەی ڕابردوو لە کوردستانی عێراق بەجۆرێک بوو، کە ئەو بزووتنەوەیە شانبەشانی بزووتنەوەی سیاسی کۆنەپەرستی کوردایەتی، توانی گاپێکی گەورە بخاتە نێو دڵی ئەو ڕایەڵ و پەیوەندییەی نێوان خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان و کتێب و مەعریفەوە. بوونی ئەم گاپە کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات گەورەتر و بەرینتر بۆتەوە، بۆتە هۆی کارتێکردنی نێگەتیڤ لەسەر هاوکێشەی نێوان دەق و خوێنەر و خوێنەر و خوێندنەوە. کاتێک بەوردی تەماشای ئەم ڕیاڵەتەی کایەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی دەکەین، دەبینین کە ئیشی وردی لەسەر ئەدیب و ڕۆشنبیر و نووسەر کردووە و بەناوی نوخبە و نوخبەوییەتەوە جۆرە مۆدیلێکی ناوازە و سەیری هێناوەتە ئاراوە کە ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیری کوردی لە کائینێکی کۆمەڵایەتی خاوەن پەیامەوە گۆڕی بۆ بازرگانێکی بەتاڵ لە مۆتیڤی داهێنان. ئەم مۆدێلە سەیرەی نوخبەی ئەدیب و ڕۆشنبیری کوردی بەچەند ڕیتواڵێک دەناسرێتەوە وەک؛

یەک: پێیــوایە جیۆشــوێنی ئەو لەنــاو کــۆمەڵگە بەرتەســکە و دەبووایە مەقامی ئەو بەرزتر بێت و وەک پەیامبەرێکی ئاسمانی لەخــۆی دەڕوانێــت. جێــی ئەو لەشــان خەڵکــی چەوســاوە و ستەمدیدەی کوردستان، بەکەم دەزانێ بۆخۆی.

دوو: هـــیچ کارێـــک نـــاکەن بـــێ بەرامـــبەر. هەر کـــاغەز ڕەشکردنەوەیەک یان کیبۆرد بەکارهێنانێک دەبێت پاداشتەکەی ئامـادە بیت. خۆبەشـی و کـاری خۆبەخشـانە لە فەرهەنگـی ئەم کائینە ناوازەیە کاڵ بۆتەوە یان هەر بوونی نەماوە.

ســـێ: تـــایتڵی وەک بەرپـــرس و سەرنووســـەر و دەســـتەی نووسـەران و ئۆفیس و مولحەقاتەکانی تـا دەگـاتە زێدەڕۆیی لە دەبڵ و تەنانەت سێ و چوار مووچە.

چـوار: مـۆدیلی خانەنشـینبوون بەپلە سـەربازییەکان کە ئەمەیـان لەداهێنانی ڕەهەندییەکان بوو، بە کۆمەکی بزووتنەوەی سیاسـی ناسیونالیسـتی کوردی،سـێبەری خسـتە سـەر تەواوی جەسـتەی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی.

بەمجـۆرە، نووسـین و داهێنـان لە پرۆسـەیەکی بەریەککەوتنـی نێوان واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگە و نووسەرەوە بوو بە بەریەککەوتنی نێوان بەخشیش و پاداشتت دەسەڵات و دەزگـا ڕۆشـنبیرییەکان و نووسـەرانێکی بێئاگـا لە ژیـانی ئینسـانەکان. ئەمە ســـیحری بەتـــاڵکردنەوەی داهێنـــان و خـــاکیبوون و هاوســـەنگەرییە لەگەڵ خەڵکـــی چەوســـاوە و ســـتەمدیدەی کوردســـتان. ئەمە ئەو پەیـامە دژی ئینسـانییەی بـزووتنەوەی ئەدەبـی نیـولیبڕاڵی کـوردیە کە تـوێژی نـوخبەی کـوردی لەژێـر چەتـــری ئەدەب و ڕۆشـــنبیرییەوە وەفـــادارانە ئیشـــیان

لەسـەرکردووە و وەک ئەجنـدایەکی دژە ئینسـانی بـزووتنەوەی بـــۆرژوا کـــوردایەتی خاڵبەخاڵیـــان جێبەجێکـــردووە. هەڵوەشاندنەوەی ئەم هاوکێشـەیە و هەڵگێڕانەوەی ئەم ڕیاڵەتەی دنیای نووسینی کوردی وەک ئەرکێکی گرنگ بەڵام زەحمەت و پڕ لە دەردەسـەریی کەوتۆتە سـەر شانی ڕەخنەگرانی ئەدەبی مارکسیستی و نووسەرانی خاوەن پەیامی ئینسانی لەم کۆمەڵگە نیمچە بێخاوەنەدا.

تێبینی: لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ١٥ و ١٦ ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاو بۆتەوە.

## خوێندنەوە و کتێب

زۆرجار لە نووسین و دیداری گۆڤار و ڕۆژنامە و تیڤییەکان یانیش لە سۆشیالمیدیا هەندێ ستەیتمێنتمان بەرچاو دەکەوێت کە هەموویان لەنێو بازنەی خوێندنەوە و کتێبدا دەسوڕێنەوە؛ وەک "با خوێنەر و کتێب ئاشت ببنەوە، دەبێ کلتووری خوێندنەوە بچێتە ئاستێکی تر، یان خەڵک ناخوێنێتەوە". ئەگەر بێ ڕەچاوکردنی کێ ئەم قسانە دەکات و کێ خەمی ئەم پرسە کلتوورییە هەڵدەگرێ؛ دەتوانین بڵێین کە ئەم ستەیتمێنتانە گشتین و تایبەت نین بە کۆمەڵگەیەک یان ناوچەیەک یان وڵاتێکی دیاریکراو، بەڵکو ئەم دیاردەیە ڕەهەندێکی جیهانی هەیە و پێویستیشە وەک دیاردەیەکی جیهانیی گشتیگر لێی بڕوانین و ئەگەر قسەیەکمان هەبێت لەوێوە بیکەین. ئێمە ئەمڕۆ لەسەردەمێکدا دەژین کە تەکنەلۆجیا گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز،جیهان لەبچوکبوونەوە و تێکەڵبوونێکی سەیر دایە و تەنانەت تەکنەلۆجیا بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لەژیانی ئینسانەکان. ئەمەش وایکردووە خوێنەر و بینەر و بیسەر خوازیاری بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاری بن لە کەمترین کاتدا. ئەمەش مرۆڤەکان دەخاتە بەردەم ئەو ڕاستییەی کە گەڕان بەدوای زانیاری لە دوو توێی کتێبەکان ببێت بە کاری تایبەتی توێژێک لە خەڵک. لەلایەکی تریشەوە کواڵێتی و جۆری پێشکەشکردنی نووسین و کتێب لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبیدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت. پێشکەشکردنی بابەتگەلی فیکری و سیاسی و ئەدەبی و

فەرهەنگــی ئەمــڕۆی جیهــان کە لیبڕالیــزم لەغیــابی لەمەیــدان نەبــوونی ئەدەب و هــونەری پێشــرەوانەی چینــایەتی کرێکــاران، پێشڕەوایەتی دەکات، کە هەڵگری هیچ ئاسۆیەکی خۆشتربوون و گۆڕانگــاری لە ژیــانی ئینســـانەکاندا نیــیە، ناتوانێــت ئەو ڕۆڵە مێـژووییە بگێڕێـت لە هێنـانە دەرەوەی ئەو دەرفەتە گـرنگەی تـا مرۆڤەکـان لەســایەی ئەو ئاســۆ گەش و ئینســانییە کـۆببنەوە و بتـوانن هەنگـاو هەڵبگـرن بەرەو جـوانترکردن و ڕەنگینترکردنـی ژیـان. مـرۆڤ کە کـاری نەبـوو، کە هەژار بـوو، کە خەونەکـانی کوژران، کە بێبەش بوو لە سادەترین مـاف، ئیتـر چـی لە قسـەی قەبە و بریقەداری نێو کتێبە جیرە درێژەکانی ئەدەبی لیبراڵیـزم بکات. ئینسان کاتێک دەتوانێت هاوڕێیەکی جیددی کتێب بێت، کە خەمـی نـانی سـبەینێی نەبێـت، کە مـافە سیاسـی و مـدەنییەکانی دەسـتەبەر کـرابن، کە ترسـی لە ئاسایشـی خـواردن و سـبەینێی مـاڵ و منـداڵی نەبێـت. پرسـیارکەران و خەمخـۆرانی ئەم پرسـە ڕۆشنبیرییە – کلتوورییەش لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوریدا تا دەسـت نەخەنە سـەر زامەکـان و کـار نەکەن بەئاراسـتەکردنی کـۆمەڵگە بەرەو گۆڕانکـاری و وەرچەرخـانی مێـژووی گرنـگ لە ڕووی ئـابووری و سیاسـی و کـۆمەڵایەتییەوە، نـاتوانن هەرگیـز وەڵامێکـی دروسـت و گونجـاو بەم پرسـە بـدەنەوە کە خەریـکە زۆر لێـــدانەوەی ئەو قەوانە دەبێـــتە دیـــاریکردنی شوناســـی ئەنتلجســـیای هەلپەرســـت و بێکــرۆک کە جــگە لە گەرمکردنـــی بازاڕی سات و سەودای وشـەکانیان، خەمێکی تریـان لەهەگبەدا نییە.

*تێبینـــی: لە ڕۆژنـــامەی ڕەوت ژمـــارە ١٧ ی ســـاڵی ٢٠٢٢ بـــڵاو بۆتەوە.*

## ڕەسەنایەتی و گەڕان بەدوای شوناسدا

چەمکی ڕەسەنایەتی؛ چەمکێکی ئەپستمۆلۆژییە و دەکرێت لە دیدی چینەکانەوە پێناسە و خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت. نووسەرانی بۆرژوازی خۆیان زۆر بەم چەمکەوە بەستۆتەوە. ڕەسەنایەتی لەکایەکانی ئەدەب و هونەر و فەرهەنگدا سنوورەکانی دیار نین و دەکرێت هەر چینێک ڕەسەنایەتی لەهەر بابەتێکی دیاریکراو بەپێوانە و تەرازووی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆی بپێوێت. ڕەسەنایەتی یانی وەرگرتنی شوناسی شتەکان لە پێوانە لەسەر ڕێککەوتووەکانی پێشووتر بەپێودانگی کۆمەڵێ بەرژەوەندی دیاریکراو. بەڵام نووسەرانی سۆشیالیستی لەبری ڕەسەنایەتی پێ لەسەر شوناسی مارکسیستبوون دادەگرن. لە مەعریفەی سۆشیالیستی پێداگری لەسەر مارکسیزم و وابەستەبوون بە ململانێی چینایەتی لەسەنگەری کرێکارانەوە و وەستانەوە دژ بە کۆنەپەرستی، شوناسی ئەدەب و فەرهەنگی سۆشیالیستییە. خۆبەستنەوە بە ڕەسەنایەتی لەژێر هەر ناوێکدا بێت جگە لە وابەستەبوون بە ڕابردوو مانایەکی تری نییە. وابەستەبوونیش بە ڕابردوو، دوورکەوتنەوەیە لە ئێستا و ئاوخواردنەوەیە لە کانیاوی زەمەنە

بەسەرچووەکان. بەوتەیەکی تر دوورکەوتنەوەیە لە جەوهەری ململانە کۆمەڵایەتییەکان. لەئەدەبیاتی کوردیدا ڕەسەنایەتی پەیدابوونی رایەڵەی ئەو ئەدەبیاتەیە بە پیرۆزییەکانی ناسیونالیزم و کلتوور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی کورد. لە کۆمەڵگە چینایەتییەکاندا نە چینی ڕەسەن هەیە و نە ناڕەسەن. ئەوەی هەیە دو چینن بەرانبەر بەیەک کە لە ململانێیەکی توندی کۆمەڵایەتیدان و هەر چینە دەیەوێت مۆری خۆی لە دیاردە و ئاڵوگۆڕەکاندا بدات. ئەدەبی سۆشیالیستی چینایەتی کرێکاران ئەدەبی ڕەسەن نییە و هیچ ڕەسەنایەتییەک لە ئەدەبیاتی سۆشیالیستیدا بوونی نییە. خۆ ئەگەر ناچار بین ئەوا جیهەتگیری چینایەتی کرێکاران کە خۆی شوناسە، دەکەینە پێوەر بۆ ڕەسەنایەتی. بەڵام تا ئەو جێگەیەی کە ئەو چەمکە ئەوەندەی بۆ کلتوورە دواکەوتووەکان حەیاتییە، بایەخێکی مەعریفی ئەوتۆی بۆ ئەدەب و فەرهەنگی چینایەتی سۆشیالیستی نییە. پۆلینکردنی ئەدەبی و هونەری ڕەسەن و ناڕەسەن لەڕاستیدا خۆدزینەوەیە لە پۆلینکردنی مارکسیستانەی ئەدەب و ژانراوەکان و ئاریشە ڕەخنەییەکان. پێوانە ڕەخنەییەکانی کلتوور و فەرهەنگی باو بۆ ئێمەی نووسەرانی سۆشیالیست لە بەکارهێنانی چەمکی ڕەسەنایەتی دووچاری لێکدانەوەی نادروستمان دەکات. ئێمە نابێت لەیەککاتدا هەم سۆشیالیست بین و هەمیش لەڕابردوو لەسەر پیرۆزییەکانی کلتووری دواکەوتوویی بژیین. نووسەری مارکسیستی دەبێت زۆر ڕاشکاوانە بیر و بۆچوونی خۆی بەیان بکات و بەوپەڕی وردبینییەوە چەمکە فەرهەنگی و کلتوورییەکان بەکار بهێنێت و هەوڵ بدات دەقەکەی یان نووسینەکەی نەبێتە گۆڕەپانی

پێخلسـیکانی بـۆ نێـو بۆچـوونە غەیـرە سۆشیالیسـتییەکان و دواجاریش دەبێت وریا بێت نەکەوێتە نێو گۆمی بەرگریکردن لە بۆژوازی و کۆنەپەرستیی.

*تێبینـی: لە رۆژنـامەی رەوت ژمـارە ١٨ ی سـاڵی ٢٠٢٢ بـڵاو بۆتەوە.*

# کایەی ڕۆشنبیری کوردی و فریادڕەسانی

ئەگەر ئەمڕۆ بەچاوی کلتووری ڕەخنەوە بڕوانینە کایەی ڕۆشنبیری کوردی، دەبینین پانتاییەکەی زۆر فراوانترە لەوەی کە هەرکەسێک بەئارەزووی خۆی و بەپێی میزاج و ئاوەزی خۆی سنوورەکەی دەکێشێ. هەڵبەت ئەم کایەش جگە لە دوو فاقییەکەی، کەم تا زۆر لەسەر کۆمەڵێ چەمکی فیکریی و ئەدەبیی و هونەریی ئیش دەکات، بێئەوەی لەدەرگای پرس و بابەتە گرنگ و هەستیارەکان بدات و تەنانەت بێئەوەی خۆی بکات بەخاوەنی ئەوپرسانەی کە پەیوەندی گرنگیان بە ژیانی ئینسان و کۆمەڵگەوە هەیە. دوو فاقییە چونکە لەلایەکەوە خۆی وەک مۆدێرن نمایش دەکات و لەلایکی تریشەوە دژ بە سەرجەم هەوڵە جوان و مۆدێرنەکانی کۆمەڵگە دوەستێتەوە لەپێناو پاراستنی جێوشوێنی خۆی و دەسەڵاتی ستەمکار. لەکایەی رۆشنبیری کوردیدا، ئەوەی هەستیارە و ئەوەی جێی بایەخە هەر ئەو پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەن کە بۆرژوازی کوردی کاری پێیانە و ئیشیان لەسەر دەکات. نەک چەند گۆمەڵگە و ژیانی ئینسانەکان پێویستییان پێیەتی، چەشنی (ئایین، کوشتنی ژنان، مووچە، بەریەککەوتنی چەکداری..تاد). ئەم کایەی ڕۆشنبیرییە لەلایەن بۆرژوا لیبڕاڵی کوردەوە ئاراستە

دەکرێ و ئەرک و ئەولەویاتەکانی بۆ دیاری دەکرێ. بۆیە پلەی هەڵچــوون و داچوونیشـــی بەنـــدە بە هەڵکشـــان و داکشـــانی بارۆمەتری بەرژەوەندی دەسەڵاتی کوردی لەم سەرزەمینەی کە ناویـان لێنـاوە هەرێم. هەرکـاتێکیش ئاماژەکـانی ئەو بـارۆمەترە جێـی مەترسـی بـن بـۆ دەسـەڵات، ئەوا ڕۆشـنبیر و نووسـەر و ئەدیب و چـاودێرانی سیاسـی و شـارەزایانی بـوارە جیاجیاکـان لەڕێگەی میدیاکانەوە دەکەونە خۆئامادەکردن. جارێک بە پلان و نەخشەدانان و جارێکی تریش بە سیناریۆ و درۆ هەڵبەستن و خۆڵکردنە چـاوی خەڵک ، پرسـە زینـدووەکان دێزە بە دەرخـۆنە دەکەن و کـۆمەڵێ بـابەتی نابـابەتی دەکەنە تەوەرەی سـەرەکی چالاکییەکانیـان لە میدیاکانـدا. فریادڕەسـەکانی دەسـەڵات وەک کاری هەمیشەییان لەژێر ناوی جیاجیا ( ئەدیب و هونەرمەند و ڕۆژنـامەنووس و میدیاکار و چاودێری سیاسیی و ڕاوێژکـار و شـارەزای بـوارە جیاوازەکـان) دەکەونە شـیکردنەوە و شـرۆڤە کردنـی دۆخەکە وپشـت بەسـتن بە تێـز و بۆچـوونی ژمـارەیەک بیرمەنـــد و فەیلەســـوفی دواکەوتـــوو و درەوەی بـــازنەی شۆڕشــگێڕیی، هەروەهــا پێشــنیارکردن بــۆ دەســەڵات تــا لەو تەنگەژەیە ڕزگاری بکەن. هەرچی بابەتە بایەخدارەکانی ژیانیشـە دەسپێرن بە نادیار و ئاڵۆزی سیاسیی و ..تاد. لای ئەم تەیفە لە فریادڕەسان، شۆڕش و خەبات بۆ ڕزگاری ئاڵۆگۆڕیان بەسەردا هــاتووە و لە دونیــای پۆســتمۆدێرنەی ئەوانــدا ئەگەر جێشــیان بێــتەوە، ئەوا مانــایەکی تــر و ڕەهەنــدێکی کــۆمەڵایەتی تــر وەردەگرن. وەک ئەوەی باشـترە ئینسـان بگەڕێتەوە بۆ خـودی خۆی و لە قاوغی خۆی بمێنێتەوە. ئەم لەشکرە لە فریادڕەسانی دەسەڵات کە قۆرخی کایەی ڕۆشنبیریی کوردیان کردووە، جگە

له قەڵەمبەدەستگەلێکی تا سەر ئێسک کۆنەپەرست لە مەسەلە ئینسانییەکان هیچی تر نین و کۆششی بەردەوامی ئەم فریادڕەسانەش هێشتنەوەی دۆخەکەیە بەم ئەتمۆسفێرە بارگاوییە بە کۆنەپەرستیی و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگەیە بەرەو چەقبەستن لە نزمترین ئاستی دیبەیت و دیالۆگ و گۆرانکاری پۆزەتیڤ.

*تێبینی: لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ١٩ ی ساڵی ٢٠٢٢ بڵاو بۆتەوە.*

## ناساندنی کتێب یان نائامادەیی ڕەخنەی ئەدەبی

دیاردەی ناساندنی کتێبی تازە چاپکراو لەلایەن نووسەرەکەی یان وەرگێڕەکەی و سازکردنی کۆڕی تایبەت بۆی و فرۆشتنی یان بەخشینی کتێبەکە بە واژووی نووسەرەکە یان وەرگێڕەکە، بۆتە دیاردەیەکی بەربڵاو لەنێوەندی کایەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی. ئامانج لەم کۆڕانە لەلایەکەوە ئاشناکردنی ئامادەبووانە بە ناوەڕۆکی کتێبەکان و لەلایەکی تریشەوە پەیداکردنی کڕیارە بۆ بەرهەمەکە. واتە نووسەر یان وەرگێڕ لەڕێگەی کۆڕەکەیەوە هەڵدەستێت بە گەرمکردنی بازاڕ بۆ فرۆشتنی کتێبەکە. ئەمەش ئاماژەی هیچ شتێک نەبێت، ئاماژەی نیشاندانی ئەو دۆخە ترسناکەیە کە خوێنەری کوردزمان پیایدا تێدەپەڕێت. واتە ئاماژەی دۆخی نائامادەیی خوێنەری ڕژد و ڕەخنەی ئەدەبی جیددییە. دیارە من ئەو ڕاستییەش دەبینیم کە بازاڕی کتێب بەبەراورد بە چەند دەیەی ڕابردوو ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە. نە خوێنەر دەتوانێت ئەو هەموو کتێبانە بخوێنێتەوە و نەدەشتوانێت ئەو لێشاوە لە چاپەمەنی بکڕێت و نەلایەکیش لەو بەناو خوێندنەوانە دەکاتەوە کە بەناوی ڕانان و ڕەخنەوە فڕێ دەدرێنە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤار و سایت و سۆشیال میدیاوە. ئەوەی ئەو دۆخە نەخوازراوەی ڕاگرتووە ئەو لەشکرە لە خوێنەرانن کە کاریان بەسەر ڕەخنەی ئەدەبی جیدییەوە نییە و ئەوەندەی خەریکی چەپڵەلێدانن، نیو هێندە خۆیان سەرقاڵ ناکەن بە ناسینەوەی کرۆک و تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەی

ئەدەبی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەو ڕەخنەیە لە ئاوەژووکردنەوەی ئەو واقــیعە نەخــوازراوەی بــزووتنەوەی ئەدەبــی کــوردی. خـوێنەران وەکچـۆن ئەرکییـانە دەقـی جـوان و ناشـیرین، دەقـی بـاش و خـراپ لێکجیـابکەنەوە، ئـاواش ئەرکییـانە ئەو ڕەخـنە ئەدەبیـیە جیـددییە بناسـنەوە و لەپەنـجەرەی ئەو ڕەخـنەیەوە دەقەکـان بخـوێننەوە و هەڵبسـەنگێنن و هەر لەوێشـەوە بەدوای شوناسـێکی تـری جیـاوازتر لەوەی ئێسـتایانەوە بـن. بەمەش خوێنەر لە دۆخی نائامادەیی یان لەقالب بەندکراوەییەوە بگۆڕێت بـۆ تـوخمێکی چـالاک و پڕ لە ئینێـرژی و وزەدار کە کـاریگەری بەسـەر ئەدەبـی کـوردیەوە هەبێـت. ئەم ئـاڵوگۆڕەش بە ڕۆڵـی خـۆی تەواوی دۆخە چەقبەسـتووەکەی ئەدەب و ڕەخـنە دەخـاتە ژێر پرسـیار و نەشـتەرگەری لێکدانەوە ڕەخنەییەکـانییەوە. ئەمە ئەو ئامــانجەیە کە بـۆی تێدەکۆشــین. هەر ئەو ئامانجەشــە کە ڕەخـنەی ئەدەبـی مارکسیسـتی وەک ئەرکێـک لەبەردەم خۆیـدا دانیـاوە. جیـاکردنەوەی گەرمکردنـی بـازاڕی کتێـب لەژێـر نـاوی ناسـاندنی کتێبەکـان ناتوانێـت ڕۆڵێکـی پۆزەتیـڤ بگێڕێـت بـۆ نزیککردنەوەمـان لەو ئامـانجە ڕۆشـنبیرییە. رەخـنەی ئەدەبـی مارکسیســتی دەبێــت هەمــوو توانـاییەکــانی بخــاتە گەڕ بــۆ شـڵەقاندنی ئەم گـۆمە مەنـگەی کە ئەدەبـی کـوردی نەزانـانە خەریکە مەلەی تێدا دەکات.

تێبینــی: لە ڕۆژنـامەی ڕەوت ژمـارە ٢٠ ی سـاڵی ٢٠٢٢ بـڵاو بۆتەوە.

# میدیای کۆمۆنیستی و ئەدەب

شتێکی تازە نییە کە دەبینین هەر هەفتەنامە یان ڕۆژنامە یان مانگنامەیەکی سیاسیی کە لەلایەن هەر ئۆرگانێک یان لایەنێک یان حیزبێکەوە دەست بە دەرچوون دەکات، لاپەڕەیەک یان دوو لاپەڕە یان تەنانەت گۆشەیەکی تایبەت بۆ ئەدەب و هونەر تەرخان دەکات. میدیای کوردی ئەم ستایڵەی کە لە ڕۆژئاواوە وەرگرتووە، ئامانج لێی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە لە بواری ئەدەبی و هونەریدا هەیە. لە کوردستان، میدیای کوردی بۆئەم مەبەستە بودجە و کادیری تایبەتی بۆ تەرخان دەکات. بەڵام پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە ئەو ئۆرگان و حیزب و لایەنانەی کوردستان کە خۆیان دەسەڵاتن و یانیش گەورەترین ڕۆڵیان لە دامەزراوە ئیداریی و حکومییەکاندا هەیە، بۆچی هێشتوویانە ئەو بۆشاییە ئەدەبییە دروست بێت؟ ئایا کەمی پارەیە؟ یان کەمی کادیری بەتوانایە؟ ئایا نەبوونی دەزگا و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانە؟ نەخێر هیچیان نییە. ئەوەی هەیە ڕەنگدانەوەی جیاوازی و دووبەرەکییە لەپانتایی بزووتنەوەی میدیایی و ڕۆژنامەگەرییدا جا چ بۆرژوازی بێت یان پرۆلیتاریی. میدیای کوردی باڵا دەست، میدیای ناسیونال-ئیسلامیە و میدیا چەپ و کۆمۆنیستی لەچاو توانایی مرۆیی و داراییەوە ناکرێت بەراورد بکرێت بە میدیای بۆرژوازی کوردی. ئێمە لە ڕۆژگارێکدا دەژین کە سەدای کۆمۆنیستی لە کۆمەڵگەی پڕ لە

خەفەقانی کوردیدا بە زەحمەت دەبیستریێت. ئەدەبەکەشی تا بڵێی لە پاشە نەک لە ئاستێکی نزم. چونکە ئەدەبی کرێکاریی خاوەن ئیستاتیکای بەرزی خۆیەتی و چەندین ساڵە بە هەوڵی ئەدیبان و نووســـــەرانی کرێکـــــاریی تـــــوانراوە ئەو ئەدەبە نەک هەر لە هەناســەدان بەردەوام بێــت، بەڵکــو تــوانراوە لە چۆنــایەتییەکی پۆزەتیڤی جوانیش بەهرەمەند بێت. بۆیە وەک تەقلید چاولێبکرێت یان نا،بوونی بەش و گۆشەی ئەدەبی و هونەری لە بڵاوکراوە و ڕۆژنــامە کرێکــاری و کۆمۆنیستییەکان،پێویســتییەکی ناچــاری خەباتکـــــارانەیە و وەڵامێکیشـــــە بەو بۆشـــاییە گەورەیەی کە لەبواری میدیای ئەدەبی کۆمۆنیستیدا هەیە. وەکچۆن بۆرژوازی هونەر و ئەدەبی پێویستە و ئیش لەســەر برەودان بەو ستایڵ و ڕێبازانە دەکات کە خۆڵ دەکەنە چاوی خەڵک و خوێنەر، ئاواش کرێکــار و خەبــاتی چینــایەتی کرێکــار پێویســتیان بە ئەدەب و هونەرێکە بتوانێت بەرچاولێڵییەکانی ئینسانی کرێکار لە خەبات دژ بە ســتەم و نــا یەکســانییەکانی کــۆمەڵگە لابــدات و ڕۆڵــی کــۆمەڵایەتی بەڵام شۆڕشــگێرانەی خــۆی بگێرێــت لەو خەبــاتە چینـــایەتییەی کە جـــگە لەو هـــیچ بـــوار و ئومێـــدێکی ترمـــان لەبەردەمـــدا نیـــیە بـــۆ ڕزگـــار بـــوون. لەگۆشـــەنیگای خەبـــاتی چینایەتییەوە، ئەوەی میدیای کۆمۆنیستی دەیکات جگە لە لایەنە پۆزەتیڤەکەی، بریتییە لە نیشاندانی دیمەنی واقیعییەتی پرش و بڵاوی و نامونسەجیمی و بێبەرنامەیی ئەو میدیایە کە کاریگەری نێگەتیڤی هەیە و دەبێت بۆسەر خەباتی چینایەتی کرێکاران. گرد و کۆیی و یەک بەرنامەیی و یەک ڕیزی میدیا و ڕۆژنامەگەری کۆمۆنیســـــتی لە ڕێکخراوێکدا،پێویســـــتییەکی هەنـــــووکەییە و بەقازانجی خەباتی سۆشیالیستانەی کرێکار.

## ئیلتزام کردن لە ئەدەب؛ شوناسە!

بەوپێیەی کۆمەڵگە چینایەتییە و ململانێی کۆمەڵایەتی چینەکان، بەکرێکار و سەرمایەدارییەوە، ململانێیەکی تووند و پڕ کێشمەکێش لە ئارادایە کە نووسەران بێ ویستی خۆیان لە جەرگەی ئەو کێشمەکێشەوە بەرهەمەکانیان دەنووسن و دەقەکانیان دادەهێنن. ئەوە نەزانی یان خۆگێلکردنێکی لەڕادەبەدەرە کە دەڵێن نووسەر دەبێت لەدەرەوەی کێشمەکێشەکانەوە خەریک و سەرقاڵی داهێنانی خۆی بێت. ئەدەب وەک بەشێک لە سەرخانی کۆمەڵگە ناتوانێت بێلایەن بێت و نەبێتە بەشێک لەو کێشمەکێشە کۆمەڵایەتییەی کە مەحاڵە هیچ نووسەرێک بتوانێت خۆی لێ ببوێرێت. ڕەخنەگران و نووسەرانی سەر بە چینی دەسەڵات، لافی ئازادبوون و بێلایەنی و نا ئیلتزامبوون و نا ئایدیۆلۆژی بوونی دەق و تەنانەت ناسیاسی بوونی نووسینیش لێدەدەن، بێئەوەی زەڕڕەیەک لەو ڕاستییە کەم ببێتەوە کە ئەوەی ئەوان دەیڵێن و دەیکەن جگە لە خزمەتکردن بە ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی هیچی دی نییە. نووسەرانی بۆرژوازی وەلائی خۆیان بۆ چینی دەسەڵات لەم تەبلیغ و هاتوهاوارەوە دەبیننەوە کە ئیلتزام نووسەر و خەیاڵی نووسەر لە قاڵب دەدات و ئازادی نووسەر بەرتەسک دەکاتەوە.

لەکاتێکدا ڕێک بەپێچەوانەوە؛ نووسەری ڕیالیستی و پابەند بە بنەماکانی ئیستاتیکای زانستی و ڕەوتی گەشەی مێژوویی کۆمەڵگە، بێ دوودڵی و سڵەمینەوە، ئیلتزامبوونی خۆیان وەک شوناس لە جەرگەی ململانێی کۆمەڵایەتی و لایەنگیری چینێکی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێر کە ئەرکی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانەی لەسەر شانە، وەردەگرن. پابەندبوون بە تەرەفداری چینایەتی و هاتنەوە لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگە لەسەر دەستی ئەو چینە شۆڕشگێڕە، مەرجی سەرەکی ئیلتزامبوون و ئینجا شوناسی دەق و نووسەرە. نووسەری مولتەزیم هەمیشە لێوانلێوە لە ئومێد و هیوا، پڕاوپڕە لە گەشبینی و لەڕێگەی زمانەوە جەنگاوەرێکە دژ بە ڕەشبینی و پڕووپووچی بۆرژوازی و تەواوی ڕێباز و ڕەوتە کۆنەخوازەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری. نووسەری مولتەزیم سڵ ناکاتەوە و بوێرانە لەنێو هەناوی ئەم کۆمەڵگە تاریکەوە دەق و نووسینە ئاوێزانبووەکانی بە ئیلتزام و تەرەفداری چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان، دەکاتە چرا و تاریکایی ئەم ژیان و کۆمەڵگەیەی پێ ڕووناک دەکاتەوە. نووسەری مولتەزیم سەر بە بەرەی ئەدەبی کرێکارانە و بەشوناسی مارکسیستبوونەوە لەپرۆسەی بەرهەم نووسین و دەق داهێناندا ڕاشکاوانە بێ ئەوەی بیروباوەڕی خۆی بشارێتەوە هەم ئیلتزامبوونەکەی و هەم شوناسە چینایەتییەکەی بۆ خوێنەر و بیسەری بەرهەمەکانی دیار و ئاشکران. ئیلتزامکردن لە ئەدەب، ئیلتزامکردنە بە ستراتیژییەتی خەباتی چینایەتی کرێکاران بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و فەراهەمکردنی جیهان و

ژیــانێکی بــێ ســتەم و چەوســانەوە و لێــوڕێژ لە یەکســانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

تێبینــی: لە ڕۆژنــامەی ڕەوت ژمــارە ٢١ ی ســاڵی٢٠٢٢ بــڵاو بۆتەوە.

## ئەدەب و فۆبیای تەحەزوب

ئەدەب وەک بەشێک لە جیهانی هونەر جگە لەوەی پانتاییەک لەسەرخانی سیاسی کۆمەڵگە پێکدێنێت، خۆشی بەرهەمی هەلومەرجی مادی و بابەتیی کۆمەڵگەیە. ئەدەب بەگشتی شێوەیەکە لەشێوەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی کە بە سێ هۆکاری بنچینەیی دەناسرێتەوە ئەوانیش هۆکارەکانی مەعریفی و ئایدیۆلۆژی و ئیستاتیکین. بەوپێیەی ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعە، بۆیە بۆ ئێمەی نووسەران و ئەدیبانی مارکسیستی پەیوەندی نێوان ئەدەب و واقیع زۆر گرنگ و جێی بایەخە. واقیعی کۆمەڵایەتی و گەشەی ململانێی نێوان هێزەکان یان چینە کۆمەڵایەتییەکان و جێوشوێنی ئەو چینانە لە واقیع و ڕەنگدانەوەیان لە دەقی ئەدەبی، شوناسی چینایەتی ئەدەبە. مادام کۆمەڵگەی ئەمڕۆی سەرمایەدارییە و ململانێی نێوان کار و سەرمایە بناغەی ململانێی چینایەتییە، بۆیە دەبێت ئێمەی نووسەران لەم جەنگە چینایەتییەدا لایەنگری لە خەباتی ڕەوای کرێکاران و زەحمەتکێشان بکەین لەدژی بۆرژوازی. ئەم لایەنگرییەی ئەدەب و هونەر لە خەباتی سۆشیالیستی کرێکاران؛ جەوهەری تەحزوبی ئەدەب و هونەرە. ئەدەب دەبێت حیزبیی بێت بەواتای لەسەنگەری کرێکارانەوە دژ بە ستەم و

چەوسانەوەی بۆرژوازی بوەستێتەوە. حیزبی بوونی ئەدەب وەک لینین دەڵێت بەدەستەوەگرتنی بیرۆکەی سۆشیالیزمە، ناحیزبیبوونی ئەدەبیش لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری بیرۆکەیەکی تەواو بۆرژوازییانەیە. بۆیە بێهۆ نییە نووسەران و ئەدیبانی بۆرژوازی کوردی لە چەند دەیەی ڕابردوودا و تا ئێستاش بێوچان جارێک گاڵتەئامێزانە و هەندێکجاری تریش بەترسەوە دژ بە سیاسیبوونی نووسەر و بەئایدیۆلۆژیاکردنی دەق و دژ بە حیزبیبوونی ئەدەب نووسیویانە و دەنووسن. ئەو نووسەرانەی ئەدەبی بۆرژوازی چاک لە جەوهەری تەحەزوبی ئەدەب حاڵیبوونە و دەترسن لەوەی نووسەران لەململانێی خەباتی چینایەتیدا لایەنگیریی کرێکاران بکەن لەدژی سەرمایەداری. فۆبیایەک کە ئەم نووسەرانەی بۆرژوازی لە تەحەزوبی ئەدەبی هەیانە، فۆبیایە لە شۆڕشی سۆشیالیستی و سۆشیالیزم. هەوڵێک کە ئەم نووسەرە کۆنەپەرستانە داویانە، توانیویانە تا ئاستێک بەهۆی ئەو پاڵپشتییە ماددی و مەعنەوییەی دەسەڵاتی بۆرژوازییەوە و بەهۆی سەپۆرتی میدیای بۆرژوازی کوردیەوە ماددی بکەنەوە و بیکەنە فۆبیای توێژێک لە خوێنەران و نووسەرانی ناحاڵی و سادەی کوردزمان و لێرەشەوە هێرش بکەنە سەر ئەدیبانی سۆشیالیستی بەوەی بەرهەمەکانیان خاڵیین لە فکر و داهێنان. نووسەرانی کرێکاریی و سۆشیالیستی و ڕەخنەگرانی ئەدەبی مارکسیستی دەبێت بوێرانە و بەوپەڕی ڕوون و ڕاشکاوییەوە لە دەقەکان و نوسین و توێژینەوەکانیاندا، لەلایەکەوە بەرامبەر بەم هەوڵە دژە مەعریفییەی بۆرژوازی بوەستنەوە و لەلایەکی تریشەوە مەسەلەی تەحەزوبی ئەدەب و هونەر پەرە پێبدەن و تێبکۆشن

لەنێوەندە ئەدەبیی و هونەرییەکانی کۆمەڵگەدا نەک وەک فۆبیا بەڵکوو وەک پێویستییەکی حەیاتی و فرە گرنگ بیخەنە بەرباس و هەوڵ بـــدەن نەک هەر خۆیـــان بەڵکـــو زۆربەی هەرە زۆری نوسەران و ئەدیبان لەدەوری ئەم بابەتە کۆبکەنەوە.

تێبینـــی: لە ڕۆژنـــامەی ڕەوت ژمـــارە ٢٢ ی ســـاڵی ٢٠٢٢ بـــڵاو بۆتەوە.

## ئەدەب و ڕێکخراوبوون

هەر ڕێکخراوێکی پیشەیی و جەماوەریی بۆ نووسەران و ئەدیبان، نەک هەر باشە هەبێت، بەڵکوو پێویستیشە. پێویستە تا نووسەران لەکەشێکی کۆمەڵایەتی بارگاوی بە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان، بتوانن تێڕوانین و هەنگاوی هاوبەش لەبەرامبەر ملهوڕییەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازی بەدەستبهێنن. قسە لەسەر پێویستی ڕێکخراوبوونی نووسەران و ئەدیبان دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی هۆشیاری ئەو توێژە سەبارەت بە خەباتی پیشەیی و جەماوەریی و ڕەخنەگرتن و فشار خستنە سەر دەسەلات ، نەک لە گوڵ کاڵتر بە دەسەڵات نەوترێت. لینین دەڵێت ( با ئەدیبە ناحیزبییەکان بڕۆخێن)، لینین ئەمە بە خاڵی لاوازی کاری شۆڕشگێرانە ئەدیبان و نووسەران دەزانێت. لەم سۆنگەیەوە دەبینین ئەوەی لینین مەبەستییەتی ئەوەیە کە نووسین وبەرهەمی ئەدیبان و نووسەران دەبێت پەیوەست بن بە بزووتنەوەی سیاسی - کۆمەڵایەتی شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریاوە. ئەدیبان و نووسەرانی کورد و تەنانەت عێراقیش دەبێت:

یەک: دەست بە ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان لە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێرانەدا بگرن.

دوو: بەرهەمەکان و داهێنانیان ڕەنگدانەوەی ئەو ئیرادەیە بێت.

سێ: ئازاد بن و دوور بن لەهەر وابەستەبوونێکی چینایەتی بە بۆرژوازی و بزووتنەوە کۆنەپەرستەکانی.

جا لەم خاڵەوە ئەدیبان و نووسەران بۆ ئەوەی بتوانن بەوپەڕی ئازادانەوە داهێنانەکانیان پێشکەشی کۆمەڵگە بکەن و ئاستی فەرهەنگی و مەعریفی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان و عێراق بەرنە ئاستێکی دڵخواز، دەبێت کۆتی ناحیزبیبوونی خۆیان بشکێنن. لە تێڕوانینی ئەدیبان و نووسەرانی مارکسیستیەوە بوونی هەر ڕێکخراوێک کە ببێتە هۆی پتەوبوون و لەشکان نەهاتووی ئیرادەی پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشان پێویستە. بەڵام هەر ڕێکخراوێکی تر لەدەرەوەی ئەو تێگەیشتنە چینایەتییە جگە لە ناوەندێکی گوێ لە مستی دەسەڵاتی سەرکوتگەری بۆرژوازی کوردی و عێراقی هیچی تر نابێت و نەبوونی بەنسبەت خەڵکی کوردستان و عێراق و خوێنەرانی زمانەکانی کوردی و عەرەبی هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێت. ئەگەر ئەدیبان و نووسەرانی شۆڕشگێر؛ یەکێتییەکی ئەدیبان و نووسەرانی سەربەخۆی و خاوەن بڕیار و ڕەخنەی شۆڕشگێڕانە لەڕێگەی کۆبوونەوە گشتییەکانی خۆیان بە بەرنامە و ئامانج و ئاسۆی شۆڕشگێرانە و چینایەتییەوە دابمەزرێنن، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو ڕێکخراوە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ڕەوت و باس و پرسە گرنگ و هەنووکەییەکان لەلایەک و داهێنان و ڕەخنەی شۆڕشگێرانە دابنێت. جیاکردنەوەی ڕیزی ئەدیبان و نووسەرانی شۆڕشگێڕ لە دەسەڵاتی ستەمگەرای کورد و عێراق ئەگەر ئێستاش هەنگاوی بۆ هەڵنەهێنرێتەوە، ئەوا لە داهاتوودا ئەو هەنگاو هەڵهێنانەوەیە و نیشاندانی ئەو جورئەتە چینایەتییە بە کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان، پێویستییەکی مێژوویی دەبێت.

# جەنگی کلتوورەکان

پێویستی دۆزینەوەی بازاڕ و ساغکردنەوەی کەلوپەلە بەرهەمهێنراوەکان و دەستگرتن بەسەر سامانە سروشتییەکان و هێزی کاری هەرزان لەسەرەتای سەدەی بیستدا جەوهەری کۆلۆنیالیزمی وەک بەرزترین قۆناغی سیستەمی سەرمایەداری پێکدەهێنا. دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان جگە لە جەنگی ئابووری، جەنگێکی کلتووری هەمەلایەنەشیان لە دژی وڵاتانی ژێردەستە بەرپا دەکرد. جەنگێک کە زمان و ئەدەب و هونەر و بەها کۆمەلایەتییەکانی وڵاتە ژێردەستەکانیان دەکردە ئامانج. ئەم جەنگەش زەمینەخۆشکەر بوو بۆ وەرگرتن و قەبووڵکردنی خۆرئاوا بەهەموو ناشیرینییەکانییەوە. دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان جگە لە سوپا و سەرکوتی خەڵک و چەوسانەوەیان، تێدەکۆشان شکۆی کلتووری داگیرکاری خۆیان زاڵ بکەن بەسەر کلتووری ئەو وڵاتانە. یەکەم هەنگاو لە زاڵکردنی زمانی داگیرکارییەکانی خۆیانەوە دەست پێدەکات و تا دەگات بە پۆشینی جلوبەرگ و مەسەلەکانی فێرکردن و پەروەردە و بەرجەستەکردنەوەی ئەتەکیەتە چینایەتییەکان و پیرۆزییە ئایینەکان. جەنگی شارستانییەکانی ئەمڕۆ بە دۆڕانی ڕۆژهەڵات بردنەوەی خۆرئاوا ناوزەد دەکرێت، کلتووری خۆرئاواش تا ئاستێکی زۆر

کلتوورەکـانی خـۆرهەڵاتی نـاوین و ئەفریقـا و ئاسـیای خسـتۆتە ژێر چنگی خۆیەوە. جەنگی کلتووری شارستانەکان یان بڵێین جەمســـەرە ئابوورییەکـــان، شـــێوە ململانـــێ کلاســـیکییەکەی تێپەڕانـدووە و گەیشـتووە بە قۆنـاغی دیجیتـاڵ و پلیشـانەوەی ئەوی دی. نە لێبـــــووردەیی و نە ئاشـــــتەوایی لە جەنگـــــی کلتوورەکـــان بـــوونی نیـــیە. ئەوەی بڕیـــار لەســـەر ئەو دۆخە کلتـــوورییە دەدات بەرژەوەنـــدی چینـــایەتی و ئـــابووری و سەربازییە. ئەگەر داگیرکارییەکانی کۆڵۆنیالیزم سـەرەتا جۆرێک لە هێنـانە نـاوەوەی پێداویسـتییە کلتوورییەکانیـان لەگەڵ خۆیانـدا وەک پێشـکەوتن و کـاری پۆزەتیـڤ ببینرێت،لەچەشـنی هێنـانی تەکنەلۆژیای سـەردەم، بەڵام لە دوا ئامـانجی خۆیدا بریتـی بـووە لە زەمیـنە خۆشـکردن بـۆ زاڵبـوونی کلتـووری ئیمپریالیسـتی. جەنگی کلتوورەکان لەڕاسـتیدا شـەڕی ئابووری و بەرژەوەنـدی چینـایەتی و شـەڕی مڵکەچکـردن و ملـکەچ پێکردنـی ئەوی دیـیە. ئەوەی لەم جەنـگەدا قوربـانییە زمـان و نەریـت و کەلەپـوورە دێـرین و بە بەهاکـانی کـۆمەڵگە دوواکەوتووەکـانە کە خـۆی تـا سەر لەبەردەم هێرشەکان و هەڵمەتەکانی ئەم جەنگە نـابەرابەرە ناگرێت و دوای ململانێیەک؛ سـەرەنجام کلتـووری بـاڵا، کلتـووری نـزم قـووت دەدات یـان کەمڕەنگـی دەکـات و کلتـووری وڵاتە داگیرکراوەکـــان لەم جەنـــگە کلتـــوورییەدا زیـــانی مەزنـــی بەردەکەوێت. لە کۆشـەنیگای ڕەخنەیـی و مەعـریفییەوە لەمـڕۆدا جەنگی کلتوورەکـان؛ جەنگێکـی مەعریفـی چینـایەتیی سـەپێنراوە لەدژی بەهـــا گرنگەکـــانی کـــۆمەڵگە نیمچەداخـــراو و دوواکەوتووەکان کە دەیانەوێت دەست بە ڕابردووەوە بگرن یان

ببنه لەمپەر لەبەردەم کرانەوە بەڕووی بازاڕی ئازادی نیولیبڕالیزم.

*تێبینی: لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٢٣ ی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاو بۆتەوە.*

# ژێریی دەستکرد و چارەنووسی ئەدەب

ئینسان هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە؛ لە ململانێیەکی سەخت دایە لەگەڵ سروشت و پێبەپێی کاتیش ئینسان قاڵتر بۆتەوە و بەئەزموونیتر بووە. مرۆڤایەتی لەم ململانێیەدا توانیویەتی تا ئاستێکی باش هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت، بەڵام تا ئێستاش نەیتوانیوە لەم ململانێیە ئاهەنگی سەرکەوتن بگێڕێت و بەسەر سروشتدا زاڵ بێت. گەشەی کۆمەڵگە و زانست و تەکنەلۆجیا کە سەرمایەداری وەک ئامرازگەلێک بەدەستییەوە گرتووە تا بڵێی چاوچنۆکانە لەپێناو قازانج و سەرمایەی زیاتردا و لەڕێگەی شێواندنی سروشت و ژینگە و تەنانەت نزیکبوونەوە لە دەستکاریکردنی یاساکانی سروشت، خەریکە کارەساتی مرۆیی و ژینگەیی گەورەی لێدەکەوێتەوە. ئاسۆکانی بیرکردنەوەی زانستی مرۆڤایەتی خەریکە سنوورەکان و گۆشە جیاجیاکانی هەسارەی زەوی تێدەپەڕێنێت و گەشتی سەر هەسارەکان و دروستکردنی کەمپی ژیان لەدەرەوەی هەسارەی زەوی و خۆئامادەکردن بۆ جەنگی بۆشایی، دەکات بە ئەمری واقیع. لێرەوە ئیتر سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان پێویستییان بە ئامرازی نوێتر هەیە بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکانیان و گەیشتن بە ئامانجەکانیان. ژیری دەستکرد یەکێکە لەو وەڵامەی کە بۆ ئەم نەخشەیە ئامادەکراوە و دەکرێت. دیارە لە هەنگاوی یەکەمدا بەکارهێنانی ئەم ژیری دەستکردە لە دژی مرۆڤە ئەویش بە

جێگرتنەوەی خودی مرۆڤ. هەروەها بۆ تاقیکردنەوە و ڕیکلامی زانستی و پاشان بۆ جەنگ لەپێناو داهاتوو.

ئەمڕۆ ژیری دەستکرد (AI) بەشێکی گرنگی بواری زانست و تەکنەلۆجیای داگیر کردووە و گەشەپێدانی ئەم ژیری دەستکردە گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار. چونکە هەندێکیان توانای بیرکردنەوە و خەیاڵکردنیان هەیە و ئەمەش وا دەکات کە لەڕێگەی پرۆگرامی تایبەتەوە بتوانێت لەجیاتی مرۆڤ کاروبارە گرنگ و هەستیارە مەعریفییەکان ڕاپەڕێنێت. بتوانێت خەیاڵ بکات و بەدوای داهێنانەوە بێت. بتوانێت لەڕێگەی زمانەوە کردەی نووسین ئەنجام بدات و دەق بخوڵقێنێت. ئەدەب و هونەر گەرچی تا ئێستا وەک دەرهاویشتی خەیاڵ و لەڕێگەی زمان و هۆکارەکانی ترەوە ( ڕەنگ و دەنگ و ..تاد)لەژێر سەروەری ئینساندا خۆیان بینیوەتەوە، هیچ دوور نییە مرۆڤ لەڕێگەی ژیری دەستکردەوە، ئەو چارەنووسەی لەدەست وەربگیرێتەوە. بۆیە هیچ بە خەیاڵی نازانم لە داهاتوویەکی نزیک یان دوور دیوانە شیعرێکی ژیری دەستکرد بخوێنینەوە و ڕەخنەی ئەدەبیش هەڵسەنگاندنی بۆ بکات. یانیش گەشەی بیرکردنەوە و خەیاڵکردن لەلای ژیری دەستکرد بگاتە ئاستێک کە بێ سڵەمینەوە، پێمان بڵێن ئێوەی مرۆڤ لە داهێنانی خەیاڵدا چەند دەست و پێ سپین!.

تێبینی: لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٢٤ ی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاو بۆتەوە.

## ئەدەب و ئازادی

لە پانتـــایی ئەدەبـــدا؛ هەردوو چەمکـــی ئەدەب و ئـــازادی لە لێکهەڵپیکرانێکی چڕ و تێکچڕژاودان. ڕۆشنبیران و نووسـەران و ئەدیبان بەپێی بەرژەوەندییە چینایەتیەکانیان هەم پێناسـە و هەم پەیوەندی ئەم دوو چەپکە دیاری دەکەن. بەهای سیاسی ئازادی زۆرتـرین پەیوەنـدی بە ئەدەبەوە هەیە. بەرهەمـی داهێـنەرانەی نووسـەران و ئەدیبـانی پرۆلیتاریـا، بەرهەمـی پرۆسـەیەکن لە بیرکـردنەوەی ئـازادانە. ئەگەر پەیـامی ئەدەب وەسـتانەوە بێـت بەڕووی ناشـــیرینی و شـــەڕانگێزییەکانی ژیـــان، ئەوا وزە شاراوەکانی ناو دەقی ئەدەبی دەتوانێت پانتایی ئازادی نووسـەر هەورەها ئازادی و تەنانەت جوانی دەقیش بپارێزێت. ئاشکراشـە ئەدەب جـگە لە پەیوەنـدییە ناوەکییەکـانی خـۆی، بەکـۆمەڵی پەیوەنـدی درەکـیش دەورە دراوە. ئـازادی بـۆ ئەدەب بەمانـای ئازادبوونی دەق نییە لە پەیامی کۆمەڵایەتی. ئازادی نووسـەر و ئەدیبـیش بەمانـای ئـازادبوون نیـیە لە شـێواندنی نـاوەڕۆک و پەیامی سیاسی و چینایەتی. لەمێژووی تـا ئێسـتای تۆمـارکراوی ئەدەب؛ ئازادی هەمیشـە لە هەر دەق و نووسـراوێکدا کە ڕوو بە جەمـاوەری سـتەمدیدە بێـت، ئامـادەیی هەبـووە. بەڵام تێـڕوانینە چینایەتییەکـانی نووسـەر؛ جـۆری ئـازادییەکە و پەیـامی دەقەکە

دەستنێشـــان دەکەن. بـــۆیە بێهـــۆ نیـــیە نەیـــارانی شۆڕشـــی سۆشیالیستیی پرۆلیتاریا پێیان وایە لایەنگیری سیاسی چینایەتی دەق بـــۆ ململانێـــی کـــۆمەڵایەتی و چینـــایەتی کـــۆمەڵگەی سەرمایەداری دەبێتە هۆی بەرتەسکبوونەوەی ئازادی نووسەر و تەنانەت ڕێکخراوبوونی نووسەران و ئەدیبانی شۆرشگێڕ و پرۆلیتاریی بە لەمپەر دەبینن لەبەردەم پرۆسەی داهێنانی دەقی ئەدەبی. باس کردن لە ئازادی بە بێ پێداگری لەسەر شوناسی چینـایەتی نووسـین و دەق، ناتوانێـت هەنگاوێـک لە لیبراڵیزمـی بـۆرژوازی واوەتـر بـڕوات. هێنـانە پێشـەوەی ئەدەبـی پابەنـد و ناپابەنـد و هـونەری ئـازاد و نائـازاد جگە لە دووبـارەکردنەوەی حیکایەتی مێشێی لیبڕالیزم هیچیتر نییە. لە دنیای واقیعدا شتێک نیـیە نـاوی هـونەری دەوڵەت بێـت، وەک ئەوەی لیبرالیێـزم و نوێنەرەکانیـان بانگەشـەی بـۆ دەکەن. ئەدەبـی دەوڵەتـی بـوونی نییە، بەڵکوو هونەر و ئەدەبی چینایەتی هەیە. کۆمەڵگەی ئەمڕۆ؛ کـۆمەڵگەی سـەرمایەدارییە لە دوو چـین پێکهـاتووە و ململانێـی نێوان ئەم دوو چینە مۆرکی خۆی لەهەموو دیاردە و ژیـان و کۆمەڵگە دەدات. پرۆلیاریـا و بۆرژوازی ئەو دوو چینەن کە لەم سیستەمە چینایەتییەی ئەمڕۆدا لە جەنگێکی چینـایەتی مەزندان. هەر چینێکـیش خـاوەن ئامـانج و بەرژەوەنـدی و سـەنگەر و ئـامرازی جەنگـی چینـایەتی خـۆیەتی. بـۆ کرێکـاران و خەڵکـی ستەمدیدە؛ هـونەری پڕۆلیتـاری، ئـامرازی خەبـاتی چینـایەتییە، هـونەری جەنـگ و جـوانی و ئینسـانییەتە. بـاوەڕ نەکـردن بە هـونەری پرۆلیتـاری و مـولتەزیم یـان پابەنـد بە جیهەتگیریـی پرۆلیتـاریی، پشـتیوانی کردنە لە هـونەر و ئەدەبی کۆنەخـواز کە ئەویـش هـونەری بـۆرژوازییە. بڕوابـوون بە ئەدەبـی پرۆلیتاریـا

هەرگیز بەمانای قەتیسبوونی ئازادی نییە. بۆیە تا گاپی نێوان نووسەر و ئەدیب و خەباتی پرۆلیتاریا کەمتر و بچووکتر بێتەوە، پانتایی ئازادی نووسەر فراوانتر دەبێتەوە و داهێنانیش بالاتر و بالاتر دەبێت.

تێبینی: لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٢٥ ی ساڵی ٢٠٢٣ بلاو بۆتەوە.

## زمان و شوناس

زمـان و شـوناس له پەیوەنـدییەکی بەهێـز دان لەگەڵ یەکتـر و زمـان ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێـت لە دیـاریکردنی شـوناس. زمـان کۆڵەکەی بوون و شوناسە. هەرچەندە زمان و شوناس یەک نین و جیان، بەڵام دەتوانین بڵێین کە زمان شوناسە بەڵام شـوناس بەتەنها زمان نییە. پەیوەندی نێوان ئەم دووانە وەکو پەیوەندی نێوان تـایبەت و گشـتە. زمـان تـایبەتە و شـوناس گشـتە. زمـان هەرچەنـدە یەکـێکە لە گرنگتـرین و بەپیتتـرین و قـووڵترین و ئـاڵۆزترین پێکهـاتەی شـوناس. شوناسـیش گشـتگیرترە لە زمـان. چـونکە شـوناس جـگە لە زمـان چەنـدین دەرکەوتەی تـری هەیە. شوناس بریتییە لە یەکانگیربوون و ڕێکەوتنی ژیـانی هاوبەشـی کـۆمەڵایەتی مرۆڤەکـان. بیروبـاوەڕ و ئایـدیۆلۆژیاکان و بەرژەوەنـدییە چینایەتییەکـان وەکچـۆن دەبـنە مـایەی بەرجەسـتەبوونەوەی شوناسـی کـۆمەڵایەتی چینـایەتی، بەوجۆرەش زمان لەو شکڵپێدان و بەرجەستەبوونەوەیە بێئەرک نییە. چونکە دروستبوونی شوناس بەشێکی گرنگە لە توێژینەوە و لێکـۆڵینەوەی عەمەلـی دەربـارەی زمـان و بیـردۆزی زمـان. گوتـاری پێکهـاتنی شـوناس لە کۆمەڵگەی چینـایەتی ، گوتـارێکی

سیاســی چینــایەتییە و لە ڕێــڕەوی ململانێــی نێــوان کــار و ســەرمایەوە شــکڵ دەگــرێ و زمــانیش هەر لەم پرۆســەیەوە بەڕۆڵـی کـۆمەڵایەتی خـۆی هەڵدەسـتێت. زمـان و شـوناس دوو خەسڵەتی ئینسانن چونکە ئەمە بەتەنها ئینسانە هۆشیاری هەیە و ئەمەش پەیوەستە بە عەقڵەوە. زمان ڕێگاکانی بیرکردنەوە و مێـژوو و هەسـت و ئیـرادە و حەز و خولیـا و پەیوەنـدی نێـوان ئینسـانەکانی لەخـۆدا بەرجەسـتە دەکـاتەوە و شوناسـیش ئەم ڕەگەزانەی لە کۆی پێکهاتەی خۆیدا هەڵگرتووە. بـۆیە ئینسـان لە جەوهەری خۆیدا هەم زمانە و هەم شوناسە. زمـان بیرکـردنەوە و ئاخـاوتن و لەهەمـان کاتیشـدا ئینتمـایە و هەر ئەم ڕەگەزانەش هەقیقەت و شوناسی ئینسـانە. زمـان و شـوناس دوو دیوی یەک پـارە بـن یـان سـنگ و پشـتی ئینسـان بـن، هـیچ لەو ڕاسـتییە ناگۆڕێت کە شـوناس لەگەڵ مـرۆڤ لەدایک نابێت و یەکجاریش پێکنایەت، بەڵکو پەیوەستە بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئــابووری کــۆمەڵگەوە. شوناســی ئینســانیش ڕەنگــدانەوەی شوناســی کــۆمەڵگەیە، یــان بەشــێکە لە شوناســی کــۆمەڵگە. کۆمەڵگەش هەمیشـە جۆرێک لە شارسـتانی لەخۆیدا بەرجەسـتە دەکــاتەوە. کەوابــوو زمــان شوناشــی شارســتانییەتە. گەشــەی زمـانی کۆمەڵگەی ئەمـڕۆش گوزارشـتە لە شارسـتانی مـۆدێرنی سەرمایەداری. کۆمەڵگەی چینـایەتی سـەرمایەداری مـۆری خـۆی لە زانســتە مرۆییەکــان و بــزاوتە ڕۆشــنبیرییەکان و ڕێبــازە ئەدەبیــی و هونەرییەکــان و تەنــانەت لە زمــان و شــوناس و پەیوندییەکانیشـیان دەدات. بەهێزبـوونی زمـان لە هەر بـزاوت و کـۆمەڵگەیەک ئامـاژەی بەهێزبـوونی شوناسـی شارسـتانی ئەو کۆمەڵگەیەیە. زاڵبـوونی هەر چینێکـی کۆمەڵایەتیش لە کـۆمەڵگە؛

گرەنتــــی ڕاپێچـــانی تەواوی بـــزووتنەوە مەعریفییەکـــانە لە بەرژەوەنــدی چینـــایەتی ئەو چیـــنە و بە زمـــان و شوناســـە چینایەتییەکەشییەوە.

*تێبینـــی: لە ڕۆژنـــامەی ڕەوت ژمـــارە ٢٦ ی ســـاڵی ٢٠٢٣ بـــڵاو بۆتەوە.*

## بەندبێژی و هونەری گۆرانی

هونەری گۆرانی کوردی؛ گەرچی بە ڕیتمێکی زۆر لەسەرخۆ هەنگاو دەنێت و هەناسە دەدات، بەڵام بە شێوازی جیاواز دووچاری جۆرێک لە شێواندن و لاوازی هاتووە کە ڕەخنەی هونەری ناتوانێت ئاوڕی لێنەداتەوە. لە سێ دەیەی ڕابردوودا ، گۆرانی کوردی لەلایەک لەنێو کلتووری باڵادەستی ڕۆژئاوا تووشی بچووکبوونەوە بووە، کە ئەمەش لە وێنەی ئەو گۆرانییانەی کە چ لەڕووی کوالیتی هونەریی و چ لە ئەدا و شیعر و مۆسیقادا بە دەست لاوازییەکی لەڕادەبەدەرەوە دەناڵێنن، هاتوون لەڕێگەی هێنان و بە کاڵاکردنی ژنان تێخزانی جۆرێک لە سەما و خۆبادان کە نەک هیچ پەیوەندییەکی بە ئینسانییەت و هونەری بەرزی مرۆییەوە نییە، بەڵکو زیاتر داپۆشینی لایەنە لاواز و نێگەتیڤەکانی کارە هونەرەییەکەیە. ئەم مۆدیلەش لەبری ئەوەی فازێک بە هونەری گرانی بدات، ئەوەندەی تر گۆرانی کوردی ئیفلیجتر کردووە و لە هونەری دوورخستۆتەوە. جۆرێکیتریش لەو پانتاییە ئەو بەندبێژانەن کە لە دانیشتنەکانی ناو ڤێلا و مەزرەعەکانی کوڕە بەرپرس و دەوڵەمەندەکان؛ خەریکن نەک هەر سووکایەتی بە هونەری گۆرانی دەکەن، بەڵکو سووکایەتیش بە هونەر و خۆیان و ژنان

و گوێگرەکانیشیان دەکەن. ئەم شێوازە لە بەندبێژیی جگە لەوەی کە شیعر ڕۆڵێکی وای تێدا ناگێڕێت، زیاتر بەندبێژان خەریکی وشە ڕیزکردنن و سەجع و قافیەش لە رستە و دەربڕینە بازاڕییەکانیان دەکەنە جێی سەرنج. ئەم بەندبێژییەش (کەسابەتەش) دیسانەوە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیان و کار و خەون و ئومێدەکانی ئینسانی ئەمڕۆوە نییە و زیاتر بۆ سەرگەرمکردن و پارە پەیداکردنە و لە کاولستانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و کوردستان ڕەواجی پەیدا کردووە. دەست و پێ بەستراني هونەری گۆرانی کوردی بەم بەناو هونەرمەندانە(موهەریجانە) کە لەپێناو چەند دۆلارێک هەرچی سووکایەتی هەیە دەریدەبڕن و بێباک لەوەی هونەری گۆرانی زیان دەکات یان نا، بێباک لەوەی خۆیان زیانمەند دەبن یان نا، بێباک لەوەی دژەکرداری کۆمەڵگە چ دەبێت. دەست لەپشتدانی ئەم جۆرە بەناو هونەر و هونەرمەندانە لەلایەن دەسەڵات، لەپێناو سەرگەمکردنی گەنجان و خەڵکە بە هەندێ شتی پڕووپووچی وەک ئەو دانیشتنانە و دوور کەوتنەوەی خەڵک و گەنجانە لە بیرکردنەوە لە مەسەلە گرنگەکانی ژیان و هەوڵدان بۆ گۆڕین و بەرەوپێشچوون. ئەمڕۆ هونەری گۆرانی کوردی پێویستی بە ئاوڕدانەوە و ڕەخنەی هونەری ڕادیکاڵ و جیددی هەیە، پێویستی بە دەستنیشانکردنی هونەرە لەگەڵ سووکایەتیکردن بە هونەر هەیە. سەردەمی زێڕینی پاراستنی بەهای هونەر خەریکە بەسەر دەچێت و لەبری ئەوە کۆمەڵە موهەریجێک لە سۆشیالمیدیاوە خەریکی قاڕەقاڕن و بەنیازن ئەو قاڕەقارە کە هیچ مەرجێکی هونەریی تیا نییە، لەجێی مۆسیقا

و هــــونەری ئینســــانی، بە خەڵکــــی ســــتەملێکراوی کــــوردی بفرۆشنەوە.

*تێبینــی: لە ڕۆژنــامەی ڕەوت ژمــارە ٢٧ ی ســاڵی ٢٠٢٣ بــڵاو بۆتەوە.*

## ئۆرسۆگرافی

کەنەدا - کانوونی یەکەمی ٢٠١٣

هەموو دەزانین کە شێوەزارەکانی زمانی کوردی بە شێوەزاری سۆرانییەوە دووچاری ئاڵۆزی و سەرلێشێواوییەکی (ئۆرسۆگرافی)ڕێنووسی گەورە بوونەتەوە. ئەم شێوەزارانەی کە زۆربەی جەستەی میدیای کوردی پێ دەنووسرێتەوە، لێوانلێوە لە هەڵە و نادروستی کە کاریگەریی هەیە بەسەر گەشەی زمان لە کۆمەڵگەی کوردیدا. وەک چۆن کۆمەڵگە لە گەشەکردندایە،زمانیش بەوجۆرە لە گەشەکردندایە. بەڵام چونکە کورد لەزمانی ستاندارد یان زمانی سەرتاسەری بێبەشە، بۆیە شێوەزارەکانیش لەشوێن - جوگرافیای جیاواز جیاوازی کوردستان وەک زمانی کوردی نەک (دیالێکت)ناو زەد دەکرێن. ئەم شێوەزارانە هەریەک بە ویست و ئارەزوو و ئاستی مەعریفی ئیمستپۆلۆژی ئەو کەسەی کە بەکاری دەهێنێت، ڕێنووس دەکرێن و دەنووسرێن بێ هیچ بەڵگە و بنەمایەکی زمانەوانی و زانستی. ئێمە لە شێوەزاری سۆرانیدا بەدەست ئەم دیاردە مەترسیدارەوە دەناڵێنین. نازانین بنووسین: ڕێ نووس یان ڕێنووس؟ بنووسین: ئەزانم یان دەزانم؟ بنووسین: بگرێ یان بگرێت؟ بنووسین: وشە یان ووشە؟ بنووسین: پەیوەندیەکان

یـان پەیوەنـدییەکان؟ بنووسـین: گـووتم یـان وتـم؟ بنووسـین: کۆمەڵگا یان کۆمەڵگە؟ بنووسین: گرێ دراو یان گرێدراو؟ و تاد. ئەم گـرفتە چـارەکەی لەدەسـتی نووسـەران و ڕۆشـنبیراندا نییە. چونکە هەر کەس بە جۆرێک دەنووسێ و بەشێوازێک ڕێنووسی دادەڕێژێ کە لە ڕێنووسی هیچ کەسێکیتر ناچێت و هەرکەسـەش خـۆی پـێ ڕاسـتترە لەوانـی تـر. ئێسـتا کێشـەی ئۆرسـۆگرافی لە شــێوەزارەکانی زمــانی کوردیــدا گــرفتێکە لەبەردەم کــرداری نووسـین، لە هەمـان کاتیشـدا ئاریشـەکە بێچارەسـەر مـاوەتەوە سـەرباری هەر هەوڵێکـی تاکەکەسـی کە لە ڕابـردوودا درابـێ. ئەمـڕۆ ئەرکـی زماننـاسـان و زمانزانـانی کـورد و لەنگویسـتیکە ئەکادیمیســـتەکان و خەمخـــۆرانی زمـــانی کـــوردی (نەک مەعاشـــخۆرانی زمـــانی کـــوریی)ە کە لەم پاشـــاگەردانییەی ڕێنووسی کوردی و ناستاندارد بوونەی زمان بێنە دەنگ و وەک خەمخـۆرێکی زمـانی کـوردی کـار بـکەن بـۆ دیبەیـت لەسـەر کێشـەکانی زمـان و ئۆرسـۆگرافی و فەراهەمکردنـی زەمینەیەکـی لەبـار بـۆ دانـانی ڕێنمـاییە گشـتییەکانی زمـان( Language Policy) و هەروەهـا سـازدانی گـۆنگرەیەک و بڕیـاردان لەسـەر چارەنووسـی زمـانی سـتاندارد و ئۆرسـۆگرافییەکی گونجـاو و شـــیاو دوور لەدەســـتوەردانی حیزبەکـــان و بەرژەوەنـــدییە جوگرافییەکان. ئۆرسۆگرافییەک هاوکـات بتوانێت وەڵامگۆی ئەم دۆخە نەخواسـتراوەی زمـانی کـوردی بێـت. ئەم پرۆسـەیەش بە پاڵپشــتی حکــومەت و هەروەهــا بە پشــتیوانی نووســەران و ڕۆشـنبیران و پەیڕەوکردنـی لەلایەن میـدیای بیسـتراو بینـراو و نووسراو و بە بڕیـارێکی بوێرانە ئەنجـام بـدرێت، بێتـرس لەوەی چ حیزبێــک بەدڵــی نیــیە و چ ڕۆشــنبیرێک نــیگەران دەبێــت.

پرۆسەیەک بێباک لەوەی دەسەڵاتی سیاسی پێی باشە یان نا، وەڵامگۆی ئەم بارودۆخە مێژووییەی کێشەی زمانی کوردی بێت کە خەریکە بەهای ناستانداردبوونی زمان، شوناسی زمانی کوردی کاڵتر و کاڵتر دەکاتەوە.

تێبینی: ئەم کورتە نووسینە لە گۆشەی دیدگەی هەفتەنامەی نسیۆ ژمارە ۷۲ی ساڵی ۲۰۱۳ بڵاو بۆتەوە. هەروەها یەک دوو وشەم دەستکاری کردووە.

## تەقینەوەیەکی تر، گلەییەکی کەرکوکیانە بەڵام خۆشەویستانە!!!

دوای ئەوەی شاعیری ناوداری کورد کاک شێرکۆ بێکەس بەنەخۆشییەک لە وڵاتی سوید لە چواری ئابی ٢٠١٣ لەتەمەنی ٧٣ ساڵیدا بۆ هەمیشە چاوی لێنا وماڵئاوایی کرد لە شیعر و خەم و ئازاری کورد، هەموو شیعردۆستان و شەیدایانی شیعریی کاک شێرکۆ تووشی خەمێکی قووڵ هاتن. کەرکووکییەکانیش بەلەدەستدانی کاک شێرکۆ ڕووبەڕووی تەقینەوەیەکی تر بوونەوە بەڵام ئەمجارە لەناو هەست و دڵیاندا، تەقینەوەیەک کەپرە لە هاوخەمی و هاو کەسەری بۆ ئەو کۆچە ناوادەیە... دواتریش پاش ئامادەکاری پێویست، تەرمی ئەم شاعیرە هەڵکەتووە گەیشتەوە شاری قەڵا و منارە و بۆ ڕۆژی دوایش بەکەژاوەیەکەوە بەرەو شارەکانی کۆیە و دوکان و لەوێشەوە بۆ زێدی خۆی، بۆ شاری سلێمانی بەڕێخرا. ئەگەر هەموو کورد بۆ ئەم کۆچە ناوادەیەی کاک شێرکۆ غەمبار بن، ئەوا کوردی کەرکووک و گەرمیان و خانەوادەی ئەنفالکراو بە کۆچی کاک شیرکۆ برینەکانیان کولانەوە و ئازارێکی بەسوێ هەست و یادەوەریانی تەنییەوە. ئاخر گەرمیان و کەرکووک بەردەوام خۆیان لەنێو شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا دەبینیەوە. ئەوان فرمێسکەکانی کاک شێرکۆیان دەبینی و دەیان زانی لە هەست و دڵێکی دڵسۆزەوە هەڵقوڵاوە و بەفرمێسکی خۆیانیان دەزانی. کچانی کەرکووک بسکی خاویان بە بۆنی و بەرامەی شیعری شێرکۆ تەڕ کردووە و منداڵانی شۆڕیجە و ڕەحیماوە و

ئازادی و تەپە و ئیمام قاسم دەیانزانی شیعری شێرکۆ نوقڵ و شیرینی ڕۆژانی نەبوونی و دەستکورتییان بووە و ڕەنگە دەیانجار دەمی یادەوەرییانی شیرین کردبێ! لە چەند دەیەی ڕابردوو کەرکووک پێشمەرگە بووە و شیعرەکانی لەتیف و شیرکۆ بێکەسیش سەنگەر بوونە. خەڵکی کوردستان شێرکۆیان لەسەر خۆیان ئەژمار کردووە چونکە لە دەیەها بۆنە ئەم شاعیرەیان بینیوە لە دژی کۆنەپەرستی هاتۆتە دەنگ. ئەی بۆچی سەرپەرشتیارانی کەژاوەی تەرمی کاک شێرکۆ بێئەوەی بچووکترین حیساب بۆ هەستی کەرکووک و خەڵکەکەی بکەن، ئەم هەموو خەم و فرمێسکەی کەرکووکیان خستە دەرەوەی ئەم مەراسیم و کاروانە مێژووییە؟ لێرەدا کەرکووکییەکان هەقیانە ئەو پرسیارە بکەن کە بۆچی تەرمی کاک شێرکۆ لە ڕێی کەرکووکەوە نەبردرایەوە بۆ سلێمانی؟ تۆ بڵێی ڕێی کەرکوک – سلێمانی دوورتر بێت و ڕێگای کۆیە و دوکان نزیکتر؟ یان تۆ بڵێی هێندە مەترسی لەئارادا بێت ئەو کەژاوەیە نەتوانێ بە سەلامەتی ڕێگای کەرکووک - سلێمانی ببڕێت و هێزە ئەمنییەکانی کەرکوکیش نەتوانن ئاسایشی ئەو کەژاوەیە بپارێزن؟ بەداخەوە منداڵانی کەرکووک و ڕەحیماوە لە گوڵبارانکردنی شاعیری خۆیان بێبەشکران؟ خۆ هەموو دەزانین و کاک شێرکۆ بێکەسیش بڕوای وا بوو کە شاعیری هەموو کوردستانە بە شاری کەرکووکیشەوە!!!

*تێبینی: ئەم کورتە نووسینە لەگۆشەی شەکری تاڵ لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٥٣٣ ساڵی ٢٠١٣ بڵاو کراوەتەوە.*

# ماسک و نووسین

له کــۆمەڵگەی کوردیــدا، خــوێنەر بــۆ خوێنــدنەوەی دەقێــک، نووسینێک، هەر تەنها پێویستی به پاشخانێکی مەعریفی نییه بۆ تێگەیشـتن له دەق و ناسـینەوەی کۆدەکـانی نووسـین، بەڵکـو له سـێ دەیەی ڕابـردوودا هەلومەرجێـک گـوزەراوه و دەسـەڵاتی کـــوردایەتی کـــایەی نووســـین و ئەدەبیـــاتی دووچـــاری پاشاگەردانییەک کردووه، که نووسەران لەڕاستەهێڵی نووسین و داهێنـان لابـدەن و جـۆره شـێوازێک له نووسـیندا بگـرنەبەر که بتوانن به ئاسانی بگەن به مەبەستەکانیان. کەئەویش گەیشتنه به ئامـــانجی نووســـین. ئامـــانجی نووســـینیش لای زۆربەی هەره زۆری نووسـەران و ئەدیبـان بریتـی  بووه له خستنه بەرچـاوی دەقێــک که لەلایەکەوه وا بنــوێنێ که نــوێیه و ئەفرێنــراوه و لەلایەکی تریشەوه خوێنەر چەند فرسـەخ له دەقنووس و واقیعـی نووسـەر دوور بخـاتەوه. ئەم شـێوازەش له نووسـین خـوێنەری تووشی سەرلێشێواویی کردووه بەوەی که دەق شتێک دەڵێ و واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی نووسـەری دەقەکەش شـتێکی تر. واتـا ئەوەی نووســـەر له دەقـدا دەیڵـێ پێشـێلکاری واقیعـی حـاڵ و بیرکـــــردنەوەی نووســـــەره. ئەم پارادۆکســـــه گەرچـــــی دیماگۆجییەتێکی نادیاری نووسـەره، لەهەمـان کاتیشـدا ماسکێکه و پــۆرترەیتی کــۆمەڵایەتی و کــانزا ئەسـڵییەکەی نووســـەر دەشـــارێتەوه. بـۆیه سـەیر نیـیه خـوێنەری زیرەکـی وا هەیه دەتوانێت دەیان نموونه بهێنێتەوه لەوەی که چۆن فڵانه نووسـەر که به دەربڕینــی پێشــکەوتووخوازییەوه ناســراوه و لەمــاڵەوه

ڕۆڵی جەلاد دەگێڕێت، یان فلانە ڕەخنەگر کە وا نیشان دەدات دونیای قەبووڵ نییە و هەموو شتێک ڕەت دەکاتەوە، چۆن لەژێرەوە لەگەڵ دەسەڵاتی کوردایەتی سازشی لەسەر گەلێک مەسەلەی گەوهەری کردووە، لەپێناو بەرژەوەندییە شەخسییەکانی. ئەوەی وای کردووە کە ئەو دۆخە بەوجۆرە بچێتە سەر سادەیی خوێنەرە؛ لەهەمبەر مەسەلە فیکریی و سیاسییەکان. برەودان بەو شێوازە لە موجامەلەی بێ گیان و ڕیاکاریی کە دەقنووسێکی ناکارامە و هیچ لەبارنەبوو، دەکاتە (ئوستاز) ێکی سەر سایت و میدیا حیزبیی و سێبەرەکانیانی، تینوویتی دەسەڵاتی کوردایەتییە بۆ ئەدیبان و نووسەرانی دەربار. بۆرژوازی کوردی ڕێک عەوداڵی ئەو دۆخە پڕ لە شکستەی نووسین بوو تا لەلایەک نووسەرانێک بهێنێتە پێشەوە کە وەفا و وەلائیان بۆ دەسەڵاتی شکسخواردووی کوردایەتی هەبێت و لەلایەکی تریشەوە سوپایەک لە خوێنەر وەک سەربازگە ڕابهێنێت لەسەر شکاندنی جەوهەری نووسین و ئیرادە و بەگەرخستنی کارگەی ماسکخوازیی لەتەواوی جومگە هەستیار و ناهەستیارەکانی کۆمەڵگە و ژیان بە ئەدەبیشەوە. دیارە قوربانی سەرەکیش لەم گەمە ماسکخوازییەدا خوێنەر و خەڵکی هەژار و ستەمدیدەی کوردستانن کە بە پلەی یەکەم دەبنە سووتەمەنی ئەم یارییە قێزەوەنەی دەسەڵات و نووسەرانی دەربار و ماسکخواز.

*تێبینی: لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ٢٨ ی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاو بۆتەوە.*

## ئەفسانەی پیرۆزکردن و بەتاڵکردنەوە

بە پانتایی مێژووی بزووتنەوەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی، کارەکتەری تاکی کورد هەمیشە لەبەردەم دەستکاریکردنێکی ناواقیعی دابووە. نووسەران و ڕۆشنبیرانی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد تێکۆشاون کارەکتەری کورد چ وەک تاک یان وەک کۆ بەپێی ئەو دۆخە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی تیا ژیاون، مکیاژ بکەن و لایەنە نێگەتیڤەکەی کەمڕەنگ بکەنەوە و ئەرێنییەکانی بخەنە پێشچاو. بۆیە بێهۆ نییە کە کارەکتەری کورد لەبری ئەوەی لەئەنجامی خوێندنەوەی دۆخ و هەلومەرجەکانی کۆمەڵگە خۆی پێناسە بکات، دێت جۆرێک لە پیرۆزکردن دەداتە پاڵ خۆی کە جگە لە زیان هیچ سوودێکی بۆی نییە. لاپەڕەکانی دیرۆکی کۆن و نوێی میللەتی کورد پڕە لە ستەتمێنتی وەک (کورد ئەوەندە هەزار ساڵەیە لەسەر ئەم خاکە دەژێت. کورد ئازایە، کورد داهێنەرە، کورد دووژمن بەزێنە، کورد لە زۆرشتدا بێوێنەیە و نەوەی سۆمەرییەکانە و ..تاد). پاشخانێک کە لەپشت ئەم میتۆدی دەستکاریکردنەی تاکی کوردەوە وەستاوە بریتییە لە بیرکردنەوەیەکی خێڵەکییانە کە تا ئێستاش بڕوای بە ماسوولکە و هێزی مەچەک هەیە. هەتا ئێستاش لەم سەردەمەی شەڕی تەکنەلۆژیا و هێرشی ڤایرۆسی کۆمپیوتەرییەی ئەمڕۆ، ئەوان خەریکی تۆڵە و کیشەکانی نامووس و باڵ فشکردنەوەن. هەڵگرانی ئەم میتۆدە لەبری زانست و مەعریفەی عەقڵی؛ پشت بە خورافە و نەریتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگە دەبەستن. ئەوان لەم سەردەمی بە دیجیتاڵ کردنەی ژیان و جیهاندا، خەریکی زیندووکردنەوەی عەشیرەت و کلتوورە دەرەبەگایەتییەکانن. خەسڵەتێکی تریان بە کەم گرتنی بەرامبەر و ڕەتکردنەوەی ئەویترە. لەکاتێکدا خۆیان شێری ماڵ و ڕێوی دەرەوەن.

پیرۆزکردنـی مـیللەت وەک گـروپ و کـۆمەڵ و پێناسـەکردنیان لەدەرەوەی هاوکێشـە ئـابوورییە چینایەتییەکـان، واتە لەدەرەوەی ململانێی نێوان کار و سەرمایە جگە لە فریودان شتێکی تر نییە. ئەو فریـودانەش هەم خۆیـان و هەم خەڵکەکەشیان پێوە گرفتـار کـــردووە و دەکەن. بـــزووتنەوە سیاســـییەکانی ئەم ڕەوت و ڕێبازە بۆرژواناسیونالیستە ئامادەن بەهەرشێوەیەک بووە کەڵک لەو ئەفسانەیە وەربگرن و نەهێڵێن بەتاڵ ببێتەوە. بەتاڵبوونەوەی ئەم ئەفســـانەیە، بەتـــاڵبوونەوەی خەونـــی بـــزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـــانی بـــۆرژوازی و بـــێ بـــازاڕبوونی کـــاڵا فیکرییەکـــانییەتی. مرۆڤـــی ڕۆشـــنبیری ســـەردەمی ئەمـــڕۆی ســـەرمایەداری و ژێـــری دەســـتکرد کاتێـــک لەدەرەوەی ئەم هاوکێشـە کۆنەپـارێزە خـۆی پێناسـە دەکـات، ئەوکـات بەهـای مەعریفە ڕەمزییەکەی خۆی وەک ئینسان هەست پێدەکات و هەر ئەوکـاتیش زەنگـی بەتـاڵبوونەوەی ئەو ئەفسـانەیە لێـدەدات، کە بـۆرژوازی بـانگەوازی بـۆ دەکـات. لەم نێوەشـدا بـزووتنەوە سیاسییەکان چەند خەتابارن لەم بەئەفسانەکردنەدا، ئەوا ئەدیبان و ڕۆشنبیران و نووسەرانیش بەو ئەندازەیە خەتابارن چونکە بە وشـە و دەقەکانیـان ئـاو دەکەنە هەمـان ئاشـی کۆنەپەرسـتی بۆرژوازییەوە.

*تێبینـی: لە ڕۆژنـامەی ڕەوت ژمـارە ٢٩ ی سـاڵی ٢٠٢٣ بـڵاو بۆتەوە.*

## پرسیارەکە ئەمەیە!

لەنێو لاپەڕەکانی مێژووی نوێی ئەدەبی کوردی و بەتایبەت لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو (واتە نزیک سەدەیەک لەمەوبەر) ەوە تا ئەمڕۆش ئاڕاستەیەک و ڕەوتێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی لەهەناوی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی بوونی هەبووە و هەیە. ئەم ئەدەبە نەلە ئەدەبی باوی کوردی دەچێت و نەبەشێکی دابڕوایشە لێی. ئەدەبێک هەڵگری دنیابینی و جوانناسی تایبەت بەخۆیەتی. ئەگەرچی ئەم ئاڕاستەیە نەیتوانیوە ئەدەب و ڕەخنەی کوردی بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، بەڵام توانیویەتی بوونی خۆی بسەلمێنێ و لەوەش زیاتر کاریگەری بەسەر ئەدەبی کوردی دابنێت. ئەم ڕەوتە کۆمەڵایەتییە خاڵەهاوبەشەکانی لەگەڵ ئەدەبی کوردیدا ئەوەیە کە بەزمانی کوردی نووسراوە و دەنووسرێت و لەسەر هەمان دراوی ژینگەی واقیعی و مەعریفی کۆمەڵگەی کوردی ئیشی کردووە و ئیش دەکات. بەڵام خاڵی جیاوازی لەگەڵ ئەدەبی کوردیدا لەوەدایە کە ئامانج و ئاسۆی ئینسانی و ڕادیکالانەی زاڵە بەسەردا و ئینسان چەقی دەق و بەرهەمەکانە و لەوێوە ئەو بەرهەم و دەقانە هەناسە دەدەن و تەژین لە ئومێد و هیوا بەدوواڕۆژی خەباتی نەپساوەی چینی کرێکار و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بۆ ڕزگاربوون لە ستەم و چەوسانەوەی چینایەتی. ئەم ڕەوتە بەدرێژایی سەد ساڵی رابردوودا بەپێی کاریگەرییە نێوخۆ و ناوچەیی و

نێونەتەوەییەکاندا هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە بینیوە. ئەم ڕەوتە ئەدەبییە کە (ئەدەبی پرۆلیتاری)یشی پێ دەوترێت، نەک هەر پۆلێک بەڵکوو ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و ئەدیب و شانۆنامەنووس و چیرۆکنووس و هونەرمەندی خستۆتە سەر سەکۆکانی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی و ئەوانیش بەنووسینەکانیان جوانیترین مێژوی پڕ لەشانازییان بۆ خۆیان و خەباتی فەرهەنگی چینی کرێکار تۆمار کردووە و تۆمار دەکەن. هەرچەند ئەدەبی کوردی باو و سەردەستە هەمیشە ئاستەنگی لەبەردەم گەشەی ئەدەبی پرۆلیتاریای کوردستان داناوە و پروپاگەندەی لەدژی ئەم ئەدەبە کردووە، بەڵام ئەمڕۆ لەهەرکاتێکی تر زیاتر ئەدەبی پرۆلیتاریی کوردی زیندووتر و چالاکتر لەهەناوی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی باو نمایشی دەق و بەرهەمەچینایەتییەکانی خۆی دەکات و هەروەها ئەم پرسیارە مێژووییەش دەخاتە بەردەم ئێمەی ئەدیبان و هونەرمەندانی پرۆلیتاریا کە ئایا ئەدەبی پرۆلیتاری چۆن و بە چ شێوەیەک دەتوانێت کێرڤی کاریگەرییەکانی بەسەر ئەدەبی کوردی ئەمڕۆ بەرێتە سەر و ببێتە پێشەنگی ئەدەبی کوردی؟. ئەمە هەر تەنها پرسیارێکی سادە نییە؛ بەڵکوو ئاماژەیە بە بەرپرسیارییەتێکی چینایەتی و مێژوویی گرنگ کە ئێمەی ئەدیبان و هونەرمەندای پرۆلیتاریا دەبێت وەڵامی بدەینەوە. ئەمە ئەو پرسیارە جەوهەرییەیە کە گرەوی وەڵامدانەوەی واقیعییانەی بەندە بە کۆمەڵێ هۆکار کە ئێمەی ئەدیبان و هونەرمەندان و چالاکی و بەرهەمەکانمان یەکێکە لەو هۆکارانە. تێگەیشتن لە جەوهەری پرسیارەکە زامنی دیاریکردنی هەنگاوەکانی ئێمەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە چینایەتییە.

## ترسی جوان

وەرگێـران؛ وەک کـایەیەکی مەعریفـی گرنـگ، ڕۆڵێکـی گرنگـی گێـراوە و دەگێڕێـت لە بردنەپێشــەوەی بـزووتنەوە ئەدەبـی و فیکرییەکانی قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤایەتی. وەرگێڕیش کە لە پرۆســەی وەرگێــرانەکەدا ڕۆڵــی یەکــلاکەرەوەی هەیە، بەتەواوی تایبەتمەندییەکانی وەکو زانینی زمان و شارەزایی لە کلتوور و فەرهەنگ و هەروەها ئەزموون کە وەک ئامرازگەلێک دەیـانگرێتە دەسـت بـۆ گەیشـتن بە ئامـانجەکەی. لەهەنـاوی ئەم پرۆســە بەڕواڵەت ســادە و بە نــاواخن ئــاڵۆزەدا کە تەژیــیە لە بەرپرسـیارێتی، وەرگێـڕی جیـددی لەپەیوەسـتبوونێکی روحـی و ئینجا ئەخلاقیدا بەڵێننامەی نێوان خۆی و دەق واژوو دەکات و لە ئەتمۆسـفیرێکی دەورەدراو بە تـرس و دڵەڕاوکێـوە شوناسـی خۆی وەک وەرگێڕ وەردەگرێت. ترسـێک کە لە وەرگێراندا بەدی دەکرێـت، هیچـی کەمتـر نییە لە ترسـی نووسـینی دقێکـی نـوێ. چـــونکە وەرگێـــران خولقانـــدنەوەی دەقە بە زمـــانێکی دی. گواسـتنەوەی بەهـا کلتـوور و مەعریفییەکـانی نێـوان مرۆڤەکـانی سەر ئەم هەسارەیەیە. بێنێتێدۆ کروس دەڵـێ: (وەرگێڕانـی چاک وەک بەرهەمێکی هـونەری بەهـای ڕەسـەنی خۆی هەیە.) بەهـای هـونەری وەرگێـرانیش بە بـێ ئەو ترسـە؛ نـاتەواو دەبێت. ئەوەی وا لە وەرگێڕێـک دەکـات کـارەکەی ئامـانج نەپێکێت، بێبـاکییە لەو ئەرکە مەعریفییەی کە دەستی داوەتێ. بێباکییە لە ترسێکی جوان کە بنـــاغەی شوناســـی وەرگێڕبـــوونە. ئەو ترســـەی کە لەو

پەیوەستبوونە ڕوحی و ئەخلاقییەوە سەرچاوە دەگرێت ترسێکە تا بلێی جوان؛ کە دەبێت ڕێزی لێبگیرێت. ڕێزگرتن لە ترسی جوان، نیشاندانی بەرجەستەکردنەوەی بەرپرسیارێتی وەرگێرە سەبارەت بە ئەرکە مێژووییەکەی. بەلای جۆرج گۆنزالێز موورەوە (وەرگێڕ شەریکی نووسەرە.) وەرگێر گەر بە هەمان پێودانگی نووسەر؛ لەهەمبەر ڕەگەزەکانی وەرگێران و بەرپرسیارێتییە مێژووییەکەی، ترسی جیددیبوون بەڕووخساری وەرگێرانەکەیەوە دیار نەبێت، ئەوا ئەو وەرگێڕە ناتوانێت بەسەر پەیژەی سەرکەوتندا سەربکەوێت. ئاوێزانبوونی ترسی جوان و کردەی وەرگێڕان، نزیککردنەوەی وەرگێرە لە گەیاندنی سەرکەوتوانەی پەیامە کۆمەڵایەتییەکەی. بۆ وەرگێڕی جیددی ترسی جوان دەبێتە هۆی نزیکبوونەوە لە داهێنان و خزمەتکردنی مرۆڤایەتی. ترسی جوانیش جیا لە دۆخە سایکۆلۆژییەکەی، دۆخێکی مەعریفییە و تەنها داهێنەران دەیناسن و سەروکاریان لەگەڵیدا هەیە.جا بۆ ئەوی داهێنەر بین، دەبێت ترسمان هەبێت، بەڵام ترسێکی جوان!

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری ڕامان لە گۆشەی (سووکەلەنگەر) بڵاوبووەتەوە.